# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات

ژمارە (١٤) ساڵی سێیەم، ئەیلولی ٢٠٢٢

- ئاسایشی کوردستانی لەبەردەم گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا
- هەڵئاوسانی نرخ و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان
- سیاسەتی دراو؛ ئامراز و ئامانجەکان
- ئایندەی ئابووریی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢دا
- بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان
- بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان
- کاریگەری جەنگی ئۆکرانیا لەسەر جموجووڵی ئابووریی جیهان
- هەڵئاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا لە تورکیا
- لاوازیی سیستمی دارایی و نەبوونی بانکی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان
- بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟
- مێژووی جێگرەوە

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات

CFS
Center for Future Studies

SCAN ME

# ئایندەناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٤) ساڵی سێیەم، ئەیلولی ٢٠٢٢

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری
عەدنان ئەحمەد

بۆردی ڕاوێژ
د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول

دیزاین: شێرکۆ خانزادی

هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد

شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی k، نهۆمی g, شووقەی ٤)
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

SCAN ME

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەترێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەترێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئامارییی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.


د. یوسف گۆران

ئاسایشی کوردستانی لەبەردەم گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا...6-7


بورهان عەلی محەممەد
نەبەرد عەبدوڵڵا شەریف

چەمکی هەڵئاوسان؛ شیکردنەوەی بەرزبوونەوەی نرخ و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان...10-23


د. کامەران قادر یەعقوب

بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان
...24-41


د. ئیدریس ڕەمەزان کۆچەر

سیاسەتی دراو؛ ئامراز و ئامانجەکان
...42-59

---


داریۆ کالدارا، سارا کۆنلیسک
ماتیۆ ئیاکۆڤیێلۆ، مادی پێن
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ژیلوان لەتیف

کاریگەری جەنگی ئۆکرانیا لەسەر جموجووڵی ئابووریی جیهانی و دیاردەی هەڵئاوسان...62-75


وەرگێڕان لە تورکییەوە: ڕەنجە عەبدوڵا

هەڵئاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا لە تورکیا
...76-92


وەرگێڕان: موجاهید وەهاب

ئایندەی ئابووریی ئێران لە ساڵی 2022-دا
...93-107


عومەر فەلاق
وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: یاسین عزەم

خوێندنەوەیەک لە بارەی ڕەوشی ناوەندەکانی هزر لە جیهاندا
...108-127

---


ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد

لاوازیی سیستمی دارایی و نەبوونی بانکی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان
...130-143


زانا کەریم

بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟
...146-153


هەردی مەهدی میکە

مێژووی جێگرەوە (بەدیل Allohis-tory – alternatehistory)
...156-159

CFS
Center for Future Studies

هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
...160-163

# ئاسایشی کوردستانی لەبەردەم گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا



د. یوسف گۆران

شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری جیهانی؛ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (سەرمایەداری و سۆسیالیستی) واقعێکی ناجێگیری لە زۆربەی جیهانی دەرەوەی ئەم دوو بلۆکە دروست کرد. جیهانی دەرەوەی هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، جگە لەوەی لە نێوخۆدا ناجێگیر، ئاڵۆز و دواکەوتو بوو، لە ڕوی دەرەکییەوە بەردەوام تووشی دەستێوەردانی ناڕاستەوخۆی سیاسی، سەربازی و ئەمنی دەبوویەوە. لە دۆخێکی وادا زۆر لە نەتەوەکان و گەلانی بندەست بە سوودوەرگرتن لە ململانێی هەژموونی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا توانییان خەباتی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی خۆیان پەرە پێ بدەن، تەنانەت هەندێکیان بەرەو ئازادی یان بە سەربەخۆیی سیاسی گەیشتن.

بەڵام بە دامرکانەوەی ململانێی نێوان بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و ڕوخانی جەمسەری سۆسیالیستی، واقعی دەستێوەردان و هاوکاری جیهانی زلهێزەکان بۆ جیهانی سێیەم، بزوتنەوە ڕزگارییخوازەکانی ئەم نێوچانە گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هات و تا ئاستێکی بەرچاو سنوردار کران. گۆڕانە دینامیکیەکانی ململانێکان زۆر بەڕونی لە بزوتنەوە ڕزگارییخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەت لای کورد و فەلەستینییەکان، وەدەرکەوت.

سەبارەت بە ململانێی عەرەب-ئیسرائیل بە نەمانی یەکێتیی سۆڤێت، وەك هێزێکی پشتیوانی گەلی فەلەستین و سەرجەم بەرەی عەرەبیی دژ بە ئیسرائیل و بەهێزبوونی سیاسی، ئابوری، سەربازی و تەکنۆلۆژیی ئیسرائیل، متمانەیەکی لای جووەکان دروست کرد کە چیتر عەرەب و فەلەستینیەکان ناتوانن هەڕەشەی جددی بۆ سەر وڵاتەکەیان دروست بکەن، بۆیە باشتر وایە ئاشتییان لەگەڵدا بکەن، هەرچی فەلەستینییەکانیشن بەهۆی نەبوونی پشتیوانی نێودەوڵەتی و کشانەوەی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لە پشتگیرییکردنیان، ناچار قبوڵی ئەو کەتووارەیان کرد کە پرۆسەی ئاشتی لەسەر بنەمای هەبوونی دوو دەوڵەت سەرپێ بخەن، کە دەمێك بوو نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ وە، پێشنیاری بۆ خستبوونەڕوو.

سەبارەت بە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کوردستانیش، هەرچەندە دۆخەکە لەسەر کوردیش کاریگەری دیاری هەبوو، بەڵام بە ئاراستە جیاواز و بەپێی کەتوواری دەوڵەتان جیاوازی هەبوو. لە عێراق بەهۆی لاوازی و گەمارۆی نێودەوڵەتیی دژ بە عێراق دوای پەلاماری ١٩٩١ی بۆ سەر کوێت، لەم پارچەیەی کوردستان، توانرا دەسەڵاتێکی نیمچەسەربەخۆ پێکبهێنرێت، هێزە هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان کە پێشتر

یارمەتیدەر و هاوکاری کوردستانی عێراق نەبوون، بوونە پارێزەری ئەم نێوچەیە، بەمەش باشووری کوردستان توانی خۆی بەرامبەر وڵاتانی دراوسێ خۆی ڕابگرێت و ئەم ئەزموونەش بوو بە بنەما بۆ ڕۆڵی ئێستای هەرێمی کوردستان لە عێراقی نوێدا. بەڵام بە لاوازبوونی ڕۆڵی مێژوویی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان و دەرکەوتنی بەهێزی ئێران و تورکیا لە نێوچەکە و لاوازی ڕۆلی عێراق لە پاراستنی سنورەکانی، هەنووکە شیرازەی پاراستنی سی ساڵەی هەرێمی کوردستان لاواز و کەم بەها بووە و پێویستی بە داڕشتنەوە و پیاچوونەوەی نیشتمانیی ڕاستەقینە هەیە.

دەربارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش (ئێران)، پێش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیێت، ڕوونتر دوای ڕاوەستانی شەڕی عێراق و ئێران، ئەم بزوتنەوەیە پاڵپشتی سەرەکی خۆی (کە عێراق بوو) لە دەست دا. کوردانی ڕۆژهەڵات جیاواز لە پارچەکانی دی زووتر لەو واقعە هەرێمی و نێودەوڵەتییە نوێیە تێگەیشتن و بەرچاوکردنی دۆخی ئەزموونی نوێی باشووری کوردستان (عێراق) هەموو جۆرە چالاکییەکی چەکدارانەیان ڕاگرت و دوورەپەرێزییان لە سنوورەکان کرد.

هەرچەندە بزوتنەوەی باکووری کوردستان لە سەرەتاکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بە سوودوەرگرتن لە پشتگیریی سوریا و نێوچە ئارامەکانیان لە سنووری تورکیا، هەرێمی کوردستان هەڵکشانی گەورەی بەخۆوە بینی، بەڵام ئەو کاتەش پێشبینیی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، هانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەنقەرەی دا، بە ناوبژیوانی سەرۆك مام جەلال، لە ساڵی ١٩٩٣دا گەرچی کوورتمەوداش بوو، ئاگر بڕێک ئەنجام بدەن و بەرەو ئاشتی هەنگاو هەڵگرن. هەرچەندە ئەم هەوڵە بە هۆکاری جیاواز شکستی پێ هێنرا، بەڵام ئەو ڕاستیەی سەلماند کە دۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی چیتر بۆ خەباتی چەکداریی درێژخایەنی کوردان گونجاو نابێت، بە تایبەت پاش گووشاری ئەنقەرە بۆ سەر دیمەشق (ساڵی ١٩٩٨) و دەرپەڕاندنی ئۆجەلان لە سوریا و پاشان دەستگیرکردنی لە کینیا.

بۆ دوو دەیەی دواتر، پاش لەدەستدانی پاڵپشتی هەرێمی بۆ پارتی کرێکاران و بەهێزبوونی زیاتری سەربازی و ئابووریی تورکیا، بزوتنەوەی چەکداری پەکەکە زیاتر بێهێز و کەمکاریگەر مایەوە و بەشی هەرە زۆری هێزە سەربازییەکەی بۆ دەرەوەی تورکیا کشاندەوە، بەمەش لای ئەنقەرە چیتر پەکەکە وەك هەڕەشەیەکی سەربازیی گەورە بۆ سەر تورکیا نەما و زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی لە سنوورەکانی تورکیا دورکەوتنەوە، بەم شێوەیە پەکەکە دوای نزیکەی ٤٠ ساڵ لە خەباتی چەکداریی بێوچان، کەوتە دۆخێکەوە کە هێزە چەکدارەکەی هەنووکە ئەوەندەی هەوڵی خۆپاراستن و مانەوە دەدات ئەوەندە توانای دەسپێشخەری سەربازی و کاریگەریی سیاسی و ستراتیژی نەماوە.

لەبەردەم ئەم واقعە ستراتیژییە نوێیەدا، وەك دەردەکەوێت کوردستانیان (چ لە کوردستانی عێڕاق یان ئێران یان تورکیا) پێویستیان بە داڕشتنەوەی بەرنامەی کاری سیاسی و ئەمنی خۆیانە، کە ڕەچاوی ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە، بکەن. گرنگە سنور و توانا و ئەرکی نوێ بۆ هێزی نیشتمانیی خۆیان دیاری بکەن، بڕیار لەسەر شێوەی خەباتی سیاسی وپاراستنی ئاسایشی کوردستانی لەسەر بنەمای پارسەنگی هێزی سیاسی و سەربازی نوێ و دروستکردنی هاوپەیمانیی نوێ و شێوەی نوێی تێکۆشانی خۆیان بدەن.

# ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# چەمکی هەڵئاوسان
## شیکردنەوەی بەرزبوونەوەی نرخ و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان



بورهان عەلی محەمەد
ماستەر لە ئابووری

نەبەرد عەبدوڵا شەریف
ماستەر لە ئابووری





**بەرایی**

لەمڕۆدا گەیشتن بە گەشەی ئابووری لەگەڵ سەقامگیریی نرخەکان، بەردەوام لە ئامانجی سەرەکیی سیاسەتە ئابوورییە گەورەکانە بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان. لەنێو هەموو هۆکارەکانی تردا، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر سەقامگیریی نرخەکان لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دراودا بە ئامانجی پێشخستنی گەشەی ئابووریی بەردەوام و هەروەها بەهێزکردنی هێزی کڕینی دراوی ناوخۆییە. لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، دیاردەی هەڵئاوسان بەرۆکی زۆرێک لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو و تازەگەشەسەندووی گرتووە. هەڵئاوسانیش بەگشتی خۆی لە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دەبینێتەوە. ئاسەوارە خراپەکانی هەڵئاوسان لەسەر کۆی سێکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتان، ترسی لای حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە دروست کردووە. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، کۆنترۆڵی هەڵئاوسان بووەتە ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی دراو لە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوادا. ئەم هەنگاوە لە دارشتنی سیاسەتی دراودا ڕەگوڕیشەی توندی لەو ڕووەوە هەیە کە زۆرێک لە ئابووریناسان و هەروەها سیاسەتمەداران هەمان بۆچوونیان هەیە کە تێچووی هەڵئاوسان زۆرە، بۆ ئەم مەبەستە پێیان وایە هێشتنەوەی هەڵئاوسان لەژێر کۆنترۆڵدا لە ڕووی بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر لە داهاتوودا سوودی دەبێت.

دیاردەی بەرزبوونەوەی لەناکاوی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، دیاردەیەکە لەم یەک دوو ساڵەی کۆتایی لای تاک بە تاکی هاوڵاتی هەستی پێ دەکرێت، ئەویش لەبەر خێرا بەرزبوونەوەی نرخ لە بازاڕ. کاریگەریی ئەم دیاردەیە زیاتر لەسەر هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە، بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری خودی و سروشتی و دەرەکی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ناساندنێکی گشتی کراوە بۆ هەڵئاوسان و هەوڵ دراوە پرەنسیپ و پێکهاتەکانی هەڵئاوسان شی بکرێتەوە و هۆکارەکانی ئەو هەڵئاوسانە بەرزەی لەم ساڵانەی کۆتایی بەتایبەت ڕووی داوە؛ دەستنیشان بکرێت، هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق و بەتایبەت هەرێمی کوردستان باس بکرێت.

**چەمکی هەڵئاوسان**

لە جیهانی سەرمایەداری، پارە (money) بناغەی کارکردنی هەر سیستمێکی ئابوورییە. پارە کاڵایەکی تایبەتە کە ڕۆڵی هاوتایەکی جیهانی دەگێڕێت لە ئاڵوگۆڕی کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا. جەوهەری کارکردی پارە وەک کۆگایەکی بەها وایە، وەك هێزی کڕین، واتە بڕی ئەو کاڵایانە کە دەتوانرێت بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو بکڕدرێت؛ هەمیشە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت. پرۆسەیەکی لەم جۆرە لە ئابووریدا پێی دەوترێت "هەڵئاوسان". هەڵئاوسان بە پرۆسەی بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخەکان و دابەزینی توانای کڕین پێناسە

دەکرێت. بە واتایەکی تر: بەرزبوونەوەی گشتی و بنکەفراوانی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە ماوەی درێژخایەندا. ئامانجی سەرەکیی بانکە ناوەندییەکان جێگیرکردنی نرخەکانە، پاراستنی یەکپارچەیی و توانای کڕینی پارەی خەڵکە. باوترین نیشاندەری هەڵئاوسان، تێکڕای گۆڕانکاری لە نرخی سەبەتەیەک لە کاڵا و خزمەتگوزارییە بەکاربەرەکاندا بە تێپەڕبوونی کات دەپێوێت. لەبەر ئەوەی بەکاربەر بەگشتی هەست بە بەرزی نرخەکان دەکات ڕۆژ دوای ڕۆژ کەواتە تێگەشتنی بۆ زاراوەی هەڵئاوسان ئاسانترە[1].

هەڵئاوسان بریتییە لە ڕێژەی بەرزبوونەوەی نرخەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا. هەڵئاوسان بە شێوەیەکی گشتی پێوەرێکی فراوانە، وەک بەرزبوونەوەی گشتیی نرخەکان، یان زیادبوونی تێچووی ژیان لە وڵاتێکدا[2]. ڕەنگە هەڵئاوسان بە "ڕەوتێکی بەرزبوونەوەی بەردەوام لە ئاستی گشتیی نرخەکاندا پێناسە بکرێت، نەک نرخی تەنها یەک یان دوو کاڵا". هەڵئاوسان وەک "بەرزبوونەوەی بەردەوام و بەرچاو لە ئاستی گشتی یان تێکڕای نرخەکان". بە واتایەکی تر: هەڵئاوسان دۆخێکە لە بەرزبوونەوەی نرخەکان، بەڵام نرخێکی بەرز نییە[3].

هەڵئاوسان دیاردەیەکی ئابووریی و کۆمەڵایەتییە کە هەمیشە جێگەیەکی گرنگی لە زانستی ئابووریدا داگیر کردووە و بەردەوام دەبێت، بەو پێیەی ئەم پرۆسەیە ڕەوتێکی بەردەوام تایبەتمەندە و لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ڕوو دەدات. ئاستەکەی پێوەرێکی تایبەتی ئابووریی گەورەیە بۆ هەر وڵاتێک و کاریگەریی هەڵئاوسان دیاری دەکات لەسەر خۆشگوزەرانیی هەر هاوڵاتییەک و کۆمەڵگا بەگشتی و هەروەها لەسەر گەشەی ئابووری. ئەگەر ڕێژەکەی لەنێوان 0 بۆ 10% لە ساڵێکدا بێت، ئەوا کاریگەرییەکەی ڕادەیەک ئاساییە و لەگەڵ هەر لادانێکدا کە زیاد بێت لەو ڕێژەیە؛ دەبێتە نەرێنی. بۆیە هۆکارەکانی ئەوەی کە ڕێژەی هەڵئاوسان لە مەودای گونجاو تێپەڕێت و شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە بەردەوام بووەتە هۆی گفتوگۆ و ناکۆکیی نێوان ئابووریناسە پێشەنگەکانی وڵاتان بۆ چەند سەد ساڵ. مەبەستی زانایان دامەزراندنی پلەی متمانەپێکراوی بنەما و گریمانە تیۆرییە جۆراوجۆرەکانە سەبارەت بەو ڕووداو و بارودۆخانەی کە دەبنە هۆی ڕێژەیەکی بەرزی دابەزینی توانای کڕینی پارە[4].

## هۆکارەکانی هەڵئاوسان

**یەکەم: هەڵئاوسان لە دەرئەنجامی قەبارەی خواست، یان ئەوەی پێی دەوترێت هەڵئاوسانی ڕاکێشانی خواست.**

ئەو هەڵئاوسانەیە کە لە دەرئەنجامی زیادبوونی قەبارەی خواستی نەختی لەبەرانبەر بەجێگیری خستنەڕووی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دەردەکەوێت، بە گوزارشتێکی تر: دەرئەنجامی زیادبوونی قەبارەی نەخت لای تاک و

دامەزراوەکان و جێگیریی قەبارەی کاڵا و خزمەتگوزارییە فەراهەمبووەکانی ناو کۆمەڵگە، ئەم جۆرە هەڵئاوسانە دەردەکەوێت، واتە بڕێکە زۆر نەخت لەبەرانبەر بڕێکی کەمی کاڵا لە بازاڕ، ئەمەش هەڵکشانی بەردەوام و ڕوو لەزیادبوونی نرخەکانی لێ دەکەوێتەوە.

**دووەم: هەڵئاوسانی تێچوون**

ئەم جۆرە هەڵئاوسانە لە دەرئەنجامی هەوڵەکانی هەندێک لە بەرهەمهێنەران یان سەندیکای کرێکاران، یان هەردوکیان پێکەوە دروست دەبێت، کاتێک نرخەکانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکەنەوە بۆ ئاستێک کە لە ئاستی کێبڕکێی ئاسایی زیاتر بێت. ئەو بەرهەمهێنەرانە بەدوای تێکڕای بەرزترین قازانجدا دەگەڕێن، وە کرێکارەکان ئارەزووی کرێیەکی بەرزتر دەکەن، هەردووکیان دەبنە هۆکاری بەرزبوونەوەی تێچووەکانی بەرهەمهێنان، بەدوایدا ئاستی گشتیی نرخەکان هەڵدەکشێت. ئەم جۆرە هەڵئاوسانە لە دەرئەنجامی هەڵکشانی تێچووەکان دەکەوێتەوە.

**سێیەم: هەڵئاوسانی هاوبەش**

ئەم هەڵئاوسانە دەرئەنجامی هەردوو هۆکاری خاڵی یەکەم و دووەم کە لە سەرەوە باس کراوە، پێکەوە بەدیار دەکەون. هەڵئاوسانی خواست و هەڵئاوسانی تێچوون، بە مانای زیادبوونی قەبارەی نەختی ئالۆێرکراوی دەستی تاک و دامەزراوەکان بەبێ گۆڕانی قەبارەی بەرهەمهێنان، واتە ئاستی بەرهەمهێنان جێگیرە و لە هەمان کاتیشدا پەیوەستە بە زیادبوونی تێچوونی هەندێک لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، وەک بەرزبوونەوەی کرێ یان هەڵکشانی نرخەکانی زەوی یان زیادبوونی نرخەکانی سوودی بانکی، یان گرانبوونی کەرەستەی خاو... هتد، هەموو ئەوانە دەبنە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.

**چوارەم: هەڵئاوسانی هاوردە**

ئەم جۆرە هەڵئاوسانە ناسراوە بەوەی کە زیادبوونی خێرا و بەردەوامی نرخەکانی کاڵا و خزمەتگوزارییە کۆتاکانە، وەک: جلوبەرگی ئامادە، خۆراکی ئامادەکراو، پێڵاوی هاوردەکراو لە دەرەوەی وڵات، واتە دەوڵەتان بەتایبەت دەوڵەتانی گەشەسەندوو ئەم هەڵئاوسانە وەک لە دەرەوە هەیە بۆ ناو ئابوورییەکەیان هاوردەی دەکەن، بۆ نموونە: نرخی نەوت بەرز بێتەوە، دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچوونی بەرهەمهێنانی وڵاتی بەرهەمهێن و پاشان ئەم کاڵایە بە نرخێکی بەرزتر دەچێتە وڵاتی هاوردە[5].

**جۆرەکانی هەڵئاوسان**

هەڵئاوسان لەسەر بنەمای ڕێژە جیاوازەکانی، پۆلێن کراوە بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:

١. هەڵئاوسانی خەزان: هەڵئاوسانی خەزان کە بە هەڵئاوسانی سووک یان هەڵئاوسانی نزم ناسراوە، ئاماژەیە بۆ ئەو جۆرە هەڵئاوسانە کاتێک بەرزبوونەوەی نرخەکان زۆر خاو دەبێت، وەک خشۆک یان خەزان. سووکترین جۆری هەڵئاوسانە کە ساڵانە کەمتر لە (٣٪)ە.

2. هەڵئاوسانی درێژخایەن: ئەگەر هەڵئاوسانی خەزان بۆ ماوەیەکی درێژتر بەردەوام بێت، ئەوا زۆر جار پێی دەوترێت هەڵئاوسانی درێژخایەن. بۆیە پێی دەوترێت درێژخایەن، چونکە ئەگەر ڕێژەی هەڵئاوسان بۆ ماوەیەکی درێژتر بەردەوام بێت لە گەشەکردن بەبێ هیچ دابەزینێک، لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵئاوسانی زیادە.

3. هەڵئاوسانی ڕۆیشتن یان خێرا: کاتێک نرخەکان بە شێوەیەکی مامناوەند بەرز دەبنەوە کە زیاترە لە 3%، بەڵام کەمتر لە 10% لە ساڵێکدا، پێی دەوترێت هەڵئاوسانی ڕۆیشتن یان خێرا.

4. هەڵئاوسانی ڕاکردن: خێرابوونی خێرا لە ڕێژەی بەرزبوونەوەی نرخەکان، بە هەڵئاوسانی ڕاکردن ناو دەبرێت. ئەم جۆرە هەڵئاوسانە کاتێک ڕوو دەدات کە نرخەکان بە ڕێژەی زیاتر لە 10% لە ساڵێکدا بەرز دەبنەوە.

5. هەڵئاوسانی خێرا: هەڵئاوسانی خێرا کە بە هەڵئاوسانی بازدان ناسراوە، کاتێک ڕوو دەدات کە نرخەکان بە ڕێژەی هەڵئاوسانی دوو ژمارەیی یان سێ ژمارەیی بەرز ببنەوە کە زیاتر لە (20%)ە، بەڵام کەمتر لە 1000% لە ساڵێکدا.

6. هەڵئاوسانی زیادە: کاتێک نرخەکان بە ڕێژەیەکی بەرزی مەترسیدار بەرز دەبنەوە بە ڕێژەی هەڵئاوسانی چوار هێندە یان چوار ژمارەیی لەسەرووی 1000% لە ساڵێکدا، ئەوا بە هەڵئاوسانی زیادە ناو دەبرێت[6]. لە کاتی خراپترین سیناریۆی هەڵئاوسانی زۆردا، بەهای دراوی نیشتمانیی وڵاتێکی زیانلێکەوتوو نزیکەی بۆ سفر کەم دەبێتەوە. پارەی کاغەزی بێبەها دەبێت و خەڵک دەست دەکەن بە بازرگانیکردن یان بە زێڕ و زیو، یان تەنانەت هەندێک جار سیستمی بازرگانیی ئاڵوگۆڕی کۆن بەکار دەهێنن. دوو خراپترین نموونەی هەڵئاوسانی زۆر کە لە مێژووی جیهاندا تۆمار کراون، ئەوانەن کە هەنگاریا لە ساڵی ١٩٤٦ و زیمبابۆی لە ماوەی (٢٠٠٤-٢٠٠٩) لە سەردەمی ڕژێمی ڕۆبەرت مۆگابیدا ئەزموونی کردووە[7].

لەسەر بنەمای هۆکارەکان: هەڵئاوسان لەسەر بنەمای هۆکارە جیاوازەکانی پۆلێن کراوە بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:

1. هەڵئاوسانی خواست-ڕاکێشان: هەڵئاوسانی داواکاری-ڕاکێشان کە بە هەڵئاوسانی داواکاریی زیادە ناسراوە، کاتێک ڕوو دەدات کە کۆی خواست لەسەر کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەک لە کۆی دابینکردن زیاتر بێت. بە واتایەکی تر: کاتێک خواستی کۆی گشتی بۆ هەموو مەبەستەکان -بەکاربردن، وەبەرهێنان و خەرجییەکانی حکومەت- لە دابینکردنی کاڵاکان بە نرخەکانی ئێستا زیاتر بێت، ئەوا پێی دەوترێت هەڵئاوسانی خواست-ڕاکێشان. هەڵئاوسانی خواست-ڕاکێشان، دۆخێک دروست دەکات کە زۆر جار ئابووریناسان بەم شێوەیە وەسفی دەکەن: پارەی زۆر بەدوای کاڵایەکی کەمدا دەگەڕێت.

2. هەڵئاوسانی پاڵنانی تێچوون: کاتێک نرخەکان بەرز دەبنەوە بە هۆی گەشەسەندنی تێچووی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، ئەوا بە هەڵئاوسانی پاڵنانی تێچوون ناسراوە. هەڵئاوسانی پاڵنانی تێچوون، هەروەها بە "هەڵئاوسانی نوێ"ش ناسراوە.

3. هەڵئاوسانی دەگمەنی: هەڵئاوسانی دەگمەنی بە هۆی شاردنەوە و کۆکردنەوە کاڵا لەلایەن بازرگانانی بێویژدان و بازرگانانی ڕەشەوە ڕوو دەدات، بە جۆرێک کە کەمیی دەستکرد لە کاڵا سەرەکییەکانی وەک دانەوێڵەی خۆراک، نەوتی سپی... هتد؛ دروست بکەن، بەنیازی فرۆشتنیان تەنها بە نرخێکی بەرزتر، بۆ ئەوەی قازانجی گەورە بەدەست بهێنێت.

4. هەڵئاوسانی پێکهاتەیی: هەڵئاوسانی پێکهاتەیی ئەو جۆرە هەڵئاوسانەیە کە زۆر جار لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا ئەزموون دەکرێت، کە بە هۆی پتەویی پێکهاتەکانی وەک کۆسپەکانی کشتوکاڵ، سنووردارbوونی سەرچاوەکان، کۆسپەکانی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی و... هتد؛ دروست دەبێت[8].

**ئاسەوارەکانی هەڵئاوسان لەسەر سێکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان:**

1- متمانەی تاک بە دراوی وڵاتەکەی لاواز دەبێت، بۆ نموونە ئێستا بەشێکی زۆری پاشەکەوتی داهاتی خێزانەکان زیاتر دراوە قورسەکانە تا دیناری عێراقی.

2- هاندان بۆ پاشەکەوت لاواز دەبێت، چونکە بەهای دراوی وڵات هێزی کڕینی دابەزیوە و ئەوەی جاران پاشەکەوت دەکرا ئێستا دەبێت بەرزیی نرخی کاڵای پێ پڕ بکەیتەوە.

3- زیادبوونی خەرجییەکانی حکومەت و هەروەها لاسەنگکردنی تەرازووپێدان (هەناردە و هاوردە)، خواست لەسەر هاوردە زیاد دەکات.

4- تێچووی بەرهەمی ناوخۆیی زیاد دەکات، ئەمەش هەناردەی وڵات لاواز دەکات، ئەنجامیش کێبڕکێی بازاڕی دەرەوە لاواز دەبێت.

5- هەڵئاوسان زیاتر خاوەن پارەکان بەرەو سەوداکاریی بازرگانی و کاڵای هاوردە و خانووبەرە دەبات و بەرەو کەرتە گرنگەکانی ئابووری خاو دەکاتەوە.

6- کێشە زۆر دروست دەکات بۆ کۆمپانیا و وەبەرهێنانی ئیشەکانیان کاتی زۆری دەوێت، چونکە هەڵئاوسان تێچوو لەسەریان زیاد دەکات، چونکە پێشتر خەمڵاندنیان بۆ تێچوونەکانیان کردووە.

7- زۆرترین کاریگەریی لەسەر داهاتە جێگیرەکان هەیە و ئەوانەشی داهاتیان فریای زیادبوونی نرخ ناکەوێت، بۆ نموونە مووچەخۆر داهاتی جێگیرە و ئەو داهاتەی هەیەتی، فریای زیادبوونی نرخەکانی بازاڕ ناکەوێ.

8- کاریگەریی لەسەر ڕێژەی سوود دەبێت، بە هۆی کاریگەریی بەرزبوونەوەی نرخەکان خواستی قەرزوەرگرەکان بۆ قەرزکردن زیاد دەکات، بەمەش خواست لەسەر پارەی قەرزکراو زیاد دەکات[9].

**سوودەکانی کەمکردنەوەی هەڵئاوسان:**

**یەکەم:** کەمیی هەڵئاوسان، نادڵنیایی کەم دەکاتەوە. ئیلهامبەخشە بۆ داهاتووی سەرمایە و وەبەرهێنانی درێژخایەن پەرە دەسەنێت. ئەم جۆرە وەبەرهێنانە دەتوانێت سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنان و گەشەی داهات بێت، بەتایبەت کاتێک تەکنەلۆژیا نوێیەکان لە وەبەرهێناندا بەرجەستە دەکرێن.

**دووەم:** هەڵئاوسانی نزم و جێگیر، بەڵام ئەرێنی، نرخێکی ڕێژەیی دروست دەکات و گۆڕانکاری شەفافتر دەکات. ئەمەش تێچوونی گەڕان بۆ زانیاری کەمتر دەکاتەوە، بەڵام هەڵئاوسانی بەرز تێچووی زانیاری زیاد دەکات.

**سێیەم:** هەڵئاوسانی نزم و جێگیر یارمەتیی پاراستنی بەهای ڕاستەقینەی داهاتی دوای باج دەدات، کە ئەمەش هاندەری باشی وەبەرهێنان و پاشەکەوتکردنە.

**چوارەم:** هەڵئاوسانی نزم و جێگیر زیاتر پەیوەندیی بە سەقامگیریی کەرتی داراییەوە هەیە، ئەمەش دڵنیایی و پشتگیرییەکی باشە بۆ سەقامگیریی ئابووریی وڵات. هەروەها هەڵئاوسانی جێگیر ئەو مەترسییانە کەم دەکاتەوە کە ڕووبەڕووی ناوەندە داراییەکان دەبنەوە کە خاوەنی سەروەت و سامانی زۆر و درێژخایەنن[10].

**بۆچی جیهان دووچاری هەڵئاوسانێکی گەورە بووەوە لەم کۆتاییانەدا؟**

جیهانی ئەمڕۆ بەگشتی تووشی هەڵئاوسان بووە و زۆربەی وڵاتان بەدەست ئەم کێشە ئابوورییەوە دەناڵێنن. زەبری بەهێزی هەڵئاوسان بۆ کۆمەڵەیەکی بەرفراوانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە سەبەتەی بەکاربەردا، بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەیەکی پێوانەیی هەڵئاوسان لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢، کە لە ٩.٦% لە یەکێتیی ئەورووپا و ٨.٦% لە ناوچەی یۆرۆ وەستا، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی نرخی وزە و خۆراکەوە بووە، کە وزە بە ڕێژەی 42% و خۆراک 8.9% بەرز بووەتەوە. پێشبینی دەکرێت هەڵئاوسان بۆ ماوەیەک بە شێوەیەکی بەرچاو بە بەرزی بمێنێتەوە.

لە چوار بۆ پێنج دەیەی ڕابردوودا، هەڵئاوسان لە سەرانسەری جیهاندا دابەزیوە، 16.6% لە ساڵی 1974 بۆ 2.6% لە ساڵی 2017 دابەزیوە. لە ساڵی ٢٠٠٠دا، هەڵئاوسانی جیهانی لە ئاستێکی نزم لە مێژوودا جێگیر بوو. ئەم باشتربوونی دەرئەنجامەکانی هەڵئاوسان بەشێکی زۆری لە گۆڕانکارییە ئابوورییە پێکهاتەییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، لەوانە: باشتربوونی چوارچێوەی سیاسەتی دراو و دارایی و هەروەها ئازادکردنی بازرگانیی نێودەوڵەتی و دارایی[11].

**بەگشتی هۆکارەکانی هەڵئاوسان لە جیهاندا لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:**

**یەکەم:** زیادبوونی خواست لە بازاڕەکانی جیهاندا لەپاش ئەو ئاسەوار و ڕێوشوێنانەی گیرانە بەر بۆ پەتای کۆرۆنا، کە خۆی لە سنووردارکردن و داخستنی کارگەکان و

کەمبوونەوەی بازرگانیی نێودەوڵەتی بینییەوە و سەرئەنجام گرانبوونی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی بەدوادا هات.

**دووەم:** بەرزبوونەوەی نرخی وزە بەکارهاتووەکان، وەک: غاز و نەوت...هتد، لە ئەنجامی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، نرخی نەوت سەروو 120 دۆلاری تێپەڕاند، بە هۆی ئەم گرانبوونەش ڕاستەوخۆ کرێی گواستنەوە زۆر بەرز بوونەوە بە جۆرێک لەنێوان ئاسیا و ئەورووپا نرخی یەک بارهەڵگر زیاتر لە 15 هەزار دۆلار چووەتە سەری، لە ئەنجامی ئەمەش نرخی کاڵاکانی بازاڕ زۆر بەرز بوونەوە.

**سێیەم:** بەشێکی زۆری هێزی کار لە کارگەکان لەدەست دران بە هۆی کۆرۆناوە، کارگەکان ناچار بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆ شاییەی دروست بووە کرێیەکی زیاتریان دەدا و بۆ پڕکردنەوە ئەو تێچوونەش نرخی کاڵاکانیان زیاد کرد.

**چوارەم:** پێگەی ئۆکرانیا و ڕووسیا لە ڕووی بەرهەمهێنانی دانەوێڵەکان بەگشتی، پێگەیەکی ئەوەندە کاریگەرە نرخی کاڵاکانی لە جیهاندا گرانتر کرد، چونکە بە هۆی ئەو شەڕەی نێوانیان هەناردەی گەنم و دانەوێڵەکانی تر زۆر کەم بووەوە کە ئەو دوو وڵاتە بە سەبەتەی بەرهەمهێنانی خۆراکی جیهان ناویان دەهێنرێت، هەروەها کاریگەریی لەسەر هەندێک وڵاتی بەرهەمهێنەری تری دانەوێڵە دانا، چونکە ترسیان هەبوو لەسەر داهاتووی وڵاتەکەیان و بەگشتی هەناردەیان سنووردار کرد.

**پێنجەم:** بەشێکی زۆری بودجەی وڵاتان لەسەر باجی سەر کاڵای هاوردەیە و زۆر جار زیادکرنی سەر باجی هاوردە ڕاستە ئامانجی ئابووریی لە پشتە و بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان و هەندێک جار پارێزگاری لە بەرهەمی ناوخۆیە، بەڵام دیوێکی تری هەیە، ئەویش نرخی کاڵا و شتومەکەکان بەرز دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی بەبیابانبوون و کەمیی باران، کە لە ئێستادا بەرۆکی بەشێک لە وڵاتانی گرتووە بووەتە هۆی کەمی بەرهەمهێنان و بە گشتی مادده خۆراکییەکانی کەم کردووەتەوە.

**شەشەم:** زیادبوونی بڕی پارە، یان زیادبوونی خەرجییەکان، یان ناهاوسەنگیی نێوان وەبەرهێنان و پاشەکەوتکردن، یان زیادبوونی تێچوونەکان؛ بەشدارن لە بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان.

**حەوتەم:** هەڵئاوسان هەر چەندە بە سروشتی خۆی دیاردەیەکی دراوییە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی ناهاوسەنگیی ئابوورییە. هەڵئاوسان ڕەنگدانەوەی ئەو ناهاوسەنگییەیە کە لەنێوان خواستی گشتی و خستنەڕووی گشتی (کاڵا و خزمەتگوزارییەکان) دێتە ئاراوە[12].

**هەشتەم:** کەمبوونەوەی بەشداریکردنی ئەو داهاتەی کە لە باجەوە دەست حکومەت دەکەوێت بۆ دابینکردنی دارایی خەرجییە گشتییەکان[13].

## چارەسەرەکان بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی هەڵئاوسان

چارەسەرکردنی هەڵئاوسان سادەوساکار نییە و زۆر جار ڕێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی خراپ لەسەر ئابووریی وڵات بەجێ دەهێڵێت و پێویستی بە وریاییەکی زۆر هەیە، ناتوانرێت بەتەواوی چارەسەر بکرێت، بەڵام ڕێوشوێنەکانی بۆ سنووردارکردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانیەتی لەسەر ئابووریی وڵات و هاوڵاتییان بەگشتی. بۆ سنووردارکردنی هەڵئاوسان، پێویستی بە چەند ڕێوشوێنی تایبەتە کە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەدەین:

**یەکەم:** یەکێک لەو ڕێگایانەی کە ئابووریناسان وەک چارەسەر دیخەنە ڕوو لە کاتی هەڵئاوساندا، پێویستە خەرجییەکانی حکومەت سنووردار بکرێن[14].

**دووەم:** لە هەندێک وڵاتدا بانکە ناوەندییەکان دراوە ناوخۆییەکانیان بە دراوی دیکەوە دەبەستنەوە، بۆ نموونە: وڵاتانی کەنداو دراوەکانیان بە دۆلاری ئەمەریکییەوە دەبەستنەوە و سیاسەتە دراوییەکانیان لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی بانکی ناوەندیی ئەمەریکادایە، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی هەڵئاوسان کەمتر بێت، چونکە دۆلار ئەمەریکای خاوەن گەورەترین ئابووریی جیهان خاوەنداریێتیی دەکات.

**سێیەم:** لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە حکومەت ڕاستەوخۆ خۆی نرخ دابنێت، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە هاوڵاتی لەوە زیاتر بەرگەی بەرزبوونەوەی نرخەکان نەگرێت[15].

**چوارەم:** یەکێکی تر لە چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی هەڵئاوسان و لاوازیی توانای کڕینی هاوڵاتییان، لەسەر دەوڵەت و کەرتی تایبەت پێویستە کە ئاستی کرێ و مووچە بەرز بکەنەوە بە ڕێژەیەکی بەرزتر لە ڕێژەی هەڵئاوسان.

**پێنجەم:** کەمکردنەوەی باج و ڕسوماتی گومرگی کە بەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا دەسەپێنرێت، بەتایبەتی هاوردەکراوەکان کە تێچوون کەم دەکاتەوە و بەمەش توانای کڕینی تاکەکان و خێزانەکان زیاد دەبێت.

**شەشەم:** کەمکردنەوەی ئەو قۆرخکارییەی کە لەلایەن هەندێک لە کۆمپانیاکانەوە پراکتیزە دەکرێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەڵئاوسان، ئەمەش لە ڕێگەی کردنەوەی دەرگای کەرتە ئابوورییەکان بە ڕووی کێبڕکێکاراندا و هاتنەناوەوەی بەرهەمهێنەرانی نوێ بۆ بازاڕەکان، ئەوەش ڕوونە زیادبوونی توانای کێبڕکێ، شوێنەواری ئەرێنیی دەبێت لە کەمکرنەوەی نرخی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکەن[16].

**حەوتەم:** تێکڕای سوودی بانکی. سوود ئەو بڕە زیادەیە کە بانکەکان وەریدەگرن لە قەرزوەرگر و دەیدەن بەو خاوەن پارانەی سپاردەکانیان لەلای ئەوان دادەنێن، عادەتەن بانکی ناوەندی نرخی سوودی بانکی دەسەپێنێت

بە پێی هەلومەرجی ئابووریی وڵات. لە کاتی هەڵئاوساندا پارەیەکی زۆر لە بازاڕدا هەیە، بۆ کەمکردنەوە و هەڵلووشینی ئەو پارە زۆرەی بازاڕ، حکومەت نرخی سوودی بانکی بەرز دەکاتەوە بە ئامانجی ئەوەی هانی خەڵک بدات پارەکانیان ببەن بۆ بانک و چارەسەری ئەو دۆخەی بازاڕ بکات.

**کاریگەرییەکانی هەڵئاوسان لەسەر کوردستان**

لەبەر ئەوەی کوردستان هێشتا هەرێمێکە لە عێراق و هەر جۆرە کێشەیەکی ئابووری ڕوو لە عێراق بکات، کوردستانیش ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکەی بەر دەکەوێت. عێراق لەبەر ئەوەی وڵاتێکی هاوردەکارە، بۆ زۆربەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان پشت بە دەرەوە دەبەستێت و تاکە سەرچاوەی ناردەنی کە زۆر دیارە و ئابووریی عێراقی لەسەر وەستاوە، بە ڕێژەی زیاد 90% بریتییە لە نەوت. وڵاتانی هاوردەش هەمیشە لەژێر ڕەحمی ئابووریی وڵاتی هەناردەکارە و هەندێک جۆری هەڵئاوسان بەئاسانی دەگوازرێتەوە بۆ ناوخۆی عێراق، بۆ نموونە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان، هەمان کاریگەرییش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان.

دابەزاندنی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر بە دراوەکانی تر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بە بیانووی پڕکردنەوەی کورتهێنان و ڕزگارکردنی ئابووریی عێراق، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی بەرز کردەوە لە عێراق و هەرێم، چونکە زۆربەی کاڵاکان لە دەرەوە هاوردە دەکرێن و نرخی کاڵای هاوردەش بەگشتی بە دۆلارە، ئەمەش نرخێکی زیاتر دەکەوێت لەسەر هاوڵاتی و سەرئەنجام هەڵئاوسانی نرخەکانی لێ کەوتەوە.

پلە بەرزکردنەوە حەق و مافێکی ئاسایی و یاسایی فەرمانبەرانی دەوڵەتە، ئەم پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانە باکگراوندێکی ئابووریی هەیە و ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی ئابووریی وڵات ساڵانە ڕێژەیەکی هەڵئاوسان تۆمار دەکات و سەرئەنجام بەپلەبەندی نرخی کاڵا و خزمەتگوزاری بەرز دەبێتەوە. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، پلە بەرزکردنەوە تا ڕادەیەک هاوکار و یارمەتدەرێکی باشە بۆ فەرمانبەرەکە. حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2017دا پلە بەرزکردنەوەی ڕاگرتووە و ژمارەی ئەوانەی مووچە لە حکومەتی هەرێم وەک کەرتی گشتی وەردەگرن، زۆر زیاترە لەو پێوەرە نێودەوڵەتییانەی دیاری کراوە، بە مانایەکی تر: بەشێکی باش لە هاوڵاتییان ژیانیان لەسەر ئەو مووچەیەیە مانگانە وەربدەگرن و داهاتیان دیاربکراوە، ئەوانەشی داهاتیان دیاریکراوە، هەڵئاوسان زیاتر کاریگەری دەکاتە سەریان.

کۆرۆنا وەک چۆن کاریگەریی کردە سەر زۆربەی وڵاتان بە نەرێنی، ئەم کاریگەرییە خراپتر لەسەر ئابووریی کوردستان کەوتووە، چونکە زۆربەی کاڵاکان لە دەرەوە هاوردە دەکات و بەئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو هەڵئاوسانەی لە ڕێگەی هاوردەوە

دەگوازرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لە گەورەترین گرفتەکانی کوردستان ئەوەیە زۆربەی کاڵاکانی هاوردەن و بەرزکردنەوەی نرخ زۆر جار بە هۆکاری دەرەکییە و حکومەتی کوردستان ناتوانێت پێش بە وەها کارێک بگرێت، بۆ نموونە: بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی لە جیهاندا، یان شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکۆانیا، دوو لەو هۆکارە دیارانە بوون نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییان لە جیهاندا گران کرد.


دیاردەی قۆرغکاری بۆ کاڵاکان یەکێکە لە دیاردە زەق و ئاشکراکان لە کوردستان، تایبەتکردنی هێنانی کاڵایەک بۆ کەسێکی بازرگان یان کۆمپانیایەک، ئەوانیش لەبەر نەبوونی کێبڕکێکار هەر نرخێکیان بوێ دەتوانن بیسەپێنن و بازاڕیش بۆ ئەو کاڵایە قۆرغ بکەن، سەرئەنجام بەرزبوونەوەی پێشبینینەکراو لە کاڵای قۆرغکاردا دێتە ئاراوە، چونکە لایەنی قۆرغکار ئامانجی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانجە و لە ڕێگەی سەپاندنی نرخی بەرز بە ئامانجەکەی دەگات.

لەم کارە زانستییەدا هەوڵ دراوە بە وەرگرتنی کۆمەڵێک داتا کە جیاوازیی نرخ لە ئێستا و لە پێشوو دەردەخات، کە ئاستی گشتیی نرخەکان بۆ هەر کاڵایەکی پێویست چۆن زیادی کردووە. ئەو کاڵایانەی وەک نموونە وەرگیراون، بە شێوەی مەیدانی بریتین لە: (ڕۆن، برنج، شەکر، چا، شیر، دۆشاوی تەماتە، پاککەرەوەکان، کلێنس، دایبی، قەیسی، هەڵووژە، ئاوی دەبەی سلێمانی لەگەڵ شەربەت). ئەگەر لە وێنەکە بڕوانین، نرخی ڕۆن 200% زیادی کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە نرخی ڕۆن دووقات زیادی کردووە بە بەراورد بە نرخی پێشووی. نرخی برنجیش هاوشێوەی کاڵاکانی تر زیادی کردووە بە ڕێژەی 40% لەچاو نرخی پێشووی و نرخی شەکریش نیوەی نرخی پێشووی زیادی کردووە کە (50%)یە. ئەوەی تێبینیی کراوە لەنێو هەموو کاڵاکان کە کەمترین بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە چایە، یەک کیسە چای کەپس لە 5 هەزارەوە بووە بە 5250 دیناری عێراقی.

شیری قوتووی منداڵ (ئەو شیرانەی کە بەزۆری لە کوردستان بەکار دەهێنرێن)، نرخیان لە 5 هەزارەوە زیادی کردووە بۆ ٧ هەزار دینار و بەنزیکەی 40% زیادی کردووە. نرخی دۆشاوی تەماتە بە ڕێژەی 100% زیادی کردووە، پاککەرەوەکان لە 50% و کلێنس 75% و دایبی 40%. تێبینییەکی گرنگ لەسەر نرخی قەیسی کە بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردووە لەچاو نرخی پێشووی، نرخی یەک کیلۆ قەیسی لە 2500 دینارەوە زیادی کردووە بۆ 8 هەزار دینار، ئایا هۆکارەکەی زۆریی خواست و کەمیی خستەڕووی ئەو کاڵایەیە، یان هۆکاری قۆرغکارییە، یان هۆکاری تر لەپشت ئەم فرینی نرخەوە هەیە؟ ئەوەیان نەزانراوە! نرخی هەڵووژەی وشک هاوشێوەی قەیسی بەرز بووەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر و نرخەکەی لە 1.5 بۆ ٤ هەزار دینار بەرز بووەتەوە. بۆ هەر کارتۆنێک ئاو، ٥٠٠ دینار چووەتە سەری. زۆر جار هۆکارەکەی بۆ زیادبوونی نرخی ماددە

سەرەتاییەکانی و گرانکردنی نرخی کارەبای شوێنی بەرهەمهێنانەکان دەگەڕێتەوە، لەگەڵ هۆکاری تریش وەک: (زیادبوونی نرخی کرێ، زیادبوونی نرخی گواستنەوە، زیادبوونی نرخی ئامێرەکان... هتد). کۆتا نرخی کاڵا وەرمانگرتووە، شەربەتی سەنکویک 20% زیادی کردووە، بە جۆرێک لە 5 هەزارەوە بووە بە 6 هەزار دینار.

لە کۆی زیادبوونی نرخی ئەو چەند کاڵا پێویستە، دەگەین بەم دەرئەنجامەی کە هەڵئاوسان بە شێوەیەکی مەترسیدار بەرز بووەتەوە لە کوردستان و پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستی خێرا هەیە، ئەویش ئەو کاڵایانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتن، هەوڵ بدرێت ڕێژەکەیان زیاتر بکرێت و هانی کێبڕکێکار بدرێت و ڕێگە خۆش بکرێت بۆ وەبەرهێنەران لە ناوخۆ بەرهەمی بهێنن، بۆ ئەوەی لە هەڵئاوسانی دەرەکی بپارێزرێین، ئەگەریش لە توانادا نییە لە ناوخۆ بەرهەم بهێنرێت، هەوڵ بدرێت یەک بازرگان یان یەک لایەن نەبێت و ڕێگە بۆ هەمووان خۆش بکرێت بە ئامانجی دروستکردنی کێبڕکێ و لانی کەم ڕاگرتنی نرخەکەی. بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی دەست پێ بکاتەوە، بە ئامانجی ئەوەی هەڵئاوسان لەسەر ئەو چینەی داهاتی دیاریکراوە کەم بکرێتەوە، یارمەتیدانی وەبەرهێنەری ناوخۆ و پشتیوانیکردنی، بە ئامانجی زیادکردنی بەرهەم و لە پێناو بەرەنگاریی ئەو خواستە بەرزەی هەیە بۆ ئەوەی هاوسنگی بگەڕێتەوە بۆ بازاڕ.




سەرچاوە: سلێمانی، هەرێمی کوردستان 2022

**دەرئەنجام**

هەڵئاوسان دیاردەیەکی ئابووریی جیهانییە و پەیوەندیی بە وڵاتێکی دیارکراوەوە نییە و لە زۆربەی وڵاتان هەیە و ڕێژەی کەم و زۆریی لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر جیاوازیی هەیە، ئەویش بە پێی پێگەی ئابووریی وڵاتەکە و چەند توانای بەرەنگاری هەڵئاوسانی هەیە بە کەمکردنەوەی ڕێژەکەی یان وەستاندنی. کۆمەڵێک هۆکاری دیاری ئابووری و کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و شەڕی نێوان وڵاتان، هاندەری بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانن. بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک لەم ماوانەی کۆتایی، بە پلەی یەکەم بۆ جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو دوو وڵاتە بە سەبەتەی خۆراکی جیهانی ناویان دەرکردووە، ئەویش بە هۆی زۆریی بەرهەمهێنانی بەروبوومە دانەوێڵەییەکان لەو دوو وڵاتە. بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی لە جیهاندا هۆکارێکی تری بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان بووە، چونکە کارگەکان بەگشتی بە وزە کار دەکەن، جا ئەم وزەیە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی لەسەر بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنان هەیە و کارگەکانیش بۆ ئەوەی ئەو تێچووەی لەسەریانە قەرەبووی بکەنەوە، نرخی کاڵاکانیان بەرز دەکەنەوە.

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهاندا، هۆکارێکی تری پشت ئەم بەرزبوونەوەی نرخی جیهانییەیە بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری، چونکە قەدەغەی هاتوچۆ و داخستنی هەندێک کارگە و سستبوونی بازرگانیی نێودەوڵەتی، بووە هۆی ئەوەی نرخی کاڵاکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز ببنەوە. هەروەها ترسی هاوڵاتی لە درێژەکێشانی قەدەغەی هاتوچۆ و هەڵپەیان بۆ کڕینی کاڵا، وای کرد خواستی گشتی بەرز بێتەوە و لە بەرانبەردا خستنەڕووش ڕووی لە کەمی دەکرد، ئەمەش دیسان نرخەکانی بەرەو بەرزبوونەوە برد.

هەر چەندە لە عێراقدا ڕێژەی هەڵئاوسانەکە بەو ڕادەش نییە زۆر جێگەی مەترسی بێت، بەڵام لە ئەگەری دوورمەودا و بەردەوامبوونی، لەوانەیە کاریگەرییەکە زۆر خراپ بشکێتەوە، چونکە وڵاتانی بەکاربەر هەمیشە لەژێر ڕەحمی وڵاتی بەرهەمهێنن لە زۆر ڕووەوە. ئەو هەڵئاوسانە گشتییەی لە جیهان هاتە پێش، بە هۆی ئەو هۆکارانەی بەکورتی ئاماژەمان پێ داوە لە سەرەوە، عێراق و لە نێویشیادا هەرێمی کوردستان بەتایبەت کاریگەریی زۆری لەسەری هەبووە. بەرزبوونەوەی نرخی کاڵایەک لەچاو کاڵایەکی تر جیاوازییان هەیە و هەندێک کاڵا نرخەکەی زۆر بەرز بووەتەوە و هەندێکیشی هێشتا پلەی هەڵئاوسانەکەی نەگەیشتووە بە ئاستێکی مەترسیدار.

دیاردەی قۆرغکاری بۆ کاڵاکان، لەو سیما دیارانەی ئابووریی هەرێمە کە دەست گیراوە بەسەر کاڵا پێویستەکان و سەپاندنی نرخی بەرز

لە سیماکانی دیاردەی قۆرغکارییە بۆ کاڵاکان. هەروەها شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دیسان کاریگەریی هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی نرخ لە هەرێم، هەروەها ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوە کە فەرمانبەر لە مافێکی خۆی بێبەش کراوە و ئەو پلە بەرزکردنەوەیە دەکرێ ڕووە ماددییەکەی هاوکارێکی باش بێت بۆ بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان.

## سەرچاوەکان:

(1) Martin Höflmayr, (2022). Inflation explained: What lies behind and what is ahead, EPRS | European Parliamentary Research Service, Inflation explained (europa.eu). (accessed: 4/8/2022)

(2) Oner, Ceyda (2010), What Is Inflation?, Finance & Development. https://www.imf.org/external/pubs/ft/fandd/2010/03/pdf/basics.pdf. (accessed: 4/8/2022)

(3) Salim, Arya., (2019)"INFLATION:-TYPES, CAUSES, AND EFFECTS." Impact Journals 7.1: 343-350.

(4) Kombarov Mikhail Anatolievich, 2020, THEORIES OF INFLATION: EVIDENCE AND REFUTATIONS ON THE EXAMPLES OF THE RUSSIAN AND FOREIGN ECONOMY, Russian State Library , electronic scientific journal № 1(10), e-FORUM. 2020 - Система онлайн-просмотра (rsl.ru). (accessed: 4/8/2022)

(5) پڕۆفیسۆر ئیسماعیل عەبدولڕەحمان، پڕۆفیسۆر حەربی محەمەد مووسا (2014)، چەمکە بنەڕەتییەکانی زانستی ئابووری، وەرگێڕان: فەیسەڵ عەلی، سلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، ل(146-149).

(6) jncollegeonline, (2020). https://jncollegeonline.co.in/attendence/classnotes/files/1621226785.pdf.

(7) Zukas, Lorna Lueker, 2015, "Zimbabwe: A case study in bipolar development." Development in Crisis. Routledge, 155-172.

(8) Shaikh, Parvez Ahmed, Fida Muhammad, and Shumaila Kamal Khan, (2022), "THE DYNAMIC THEORIES OF INFLATION." Pakistan Journal of International Affairs 5.2.

(9) الاستاذ المساعد الدكتورة اسماء خضير ياس، 2013، الكلية التقنيه الادرايه – بغداد، تحليل معدلات التضخم في العراق للفترة (2010-2000)، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة العدد السادس و الثلاثون، ص55.

(10) Balls, E. and O'Donnell, G., 2002, The Benefits of Maintaining Low and Stable Inflation. In Reforming Britain's Economic and Financial Policy (pp. 58-70). Palgrave Macmillan, London.

(11) Jongrim Ha, et al., Inflation: Concepts, Evolution, and Correlates, Inflation in Emerging and Developing Economies; Evolution, Drivers and Policies (worldbank.org). (accessed: 4/8/2022).

(12) أ. م. د. كمال عبد حامد محمد آل زيارة، أ. م. د. حكمت عبد الرزاق الدباغ، مجلة أهل البيت عليهم السلام العدد 12، ظاهرة التضخم النقدي في العراق وانعكاساتها الاقتصادية|جامعة أهل البيت عليهم السلام (abu.edu.iq). (متاح على: 10/8/2022)

(13) م. م. سيماء محسن علاوي، دور السياسة المالية في معالجة ظاهرة التضخم في الاقتصاد العراقي للمدة (-1996 2011)، كلية الادارة والاقتصاد/الجامعة العراقية، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة العدد الثامن والاربعون.

(14) د. كامل علاوي كاظم الفتلاوي، د. حسين لطيف الزبيدي، 2018، طرق معالجة التضخم، ص277-276، طرق معالجة التضخم (almerja.com). (متاح على: 10/8/2022)

(15) سبوتنيك عربي، 2021، التضخم الاقتصادي... ما أبرز أسبابه وطرق معالجته ومتى يكون مدمرا للدول؟،

التضخم الاقتصادي... ما أبرز أسبابه وطرق معالجته ومتى يكون مدمرا للدول؟ (sputniknews.com). (متاح على: 10/8/2022)

(16) د. عدلي قندح، 2021، خبراء: معالجة التضخم تتطلب سياسات اقتصادية حصيفة... إضافة أولى وأخيرة،

خبراء: معالجة التضخم تتطلب سياسات اقتصادية حصيفة... إضافة أولى وأخيرة (petra.gov.jo). (متاح على: 10/8/2022)

# بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان

## (هۆکار و دەرئەنجامەکانی لەدوای سەردەمی کۆرۆنا)



د. کامەران قادر یەعقوب

پسپۆڕی بواری دارایی و ئابووری



## بەرایی

بەرزبوونەوەی گشتیی نرخەکان (هەڵئاوسان)، یەکێکە لە کێشە ئابوورییەکان کە ڕووبەڕووی ئابووریی وڵاتێکی دیاریکراو یان ئابووریی جیهان دەبێتەوە. کاتێك باس لە هەڵئاوسان دەکرێت، تەنها مەبەستی بەرزبوونەوەی نرخی یەك شمەکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو واتاکەی ئەوەیە کە ئاستی گشتیی کۆی شتومەک و خزمەتگوزارییەکان بەرز دەبێتەوە، بە شێوەیەك کە زیاتر بێت لەو پێوەرەی کە لە زانستی ئابووریدا باس کراوە کە نابێت ڕێژەی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە ٢٪ تێپەڕێنێت. کەواتە بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان بۆ کەمتر لەو ڕێژەیە، لە ئابوورییەکی دیاریکراودا بە ڕێژەیەکی تەندروست هەژمار دەکرێت. لە لایەکی ترەوە، هۆکار و دەرئەنجامەکانی هەڵئاوسان لە ئابوورییەکەوە بۆ ئابوورییەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاترێکی تر جیاوازە، هەروەها هەڵئاوسانی گشتیی نرخەکان چەندین جۆری هەیە کە ڕووبەڕووی ئابوورییەکی دیاریکراو یان ئابووریی هەموو جیهان دەبێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا لێکۆڵینەوە لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی بەربوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین. هەروەها شیکاری بۆ داهاتووی ئاستی گشتیی نرخەکان دەکرێت، کە ئایا داهاتووی بەرزبوونەوەی نەرخەکان بۆ سێ ساڵی داهاتوو چۆن دەبێت.

## جۆرەکانی هەڵئاوسان

لە زانستی ئابووریدا هەر بەرزبوونەوەیەك لە ئاستی گشتیی نرخەکاندا یەک هۆکار و یەک دەرئەنجامیان نابێت، بەڵکوو چەندین هۆکار و دەرئەنجامی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها لێرەدا دەبێت ئاماژە بە جۆرەکانی هەڵئاوسانی نرخەکانمان بکرێت، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە ئایا ئەو هەڵئاوسانەی کە لە ئاستی گشتیی نرخەکاندا ڕووی داوە لە هەرێمی کوردستان، لە چ جۆرێکیان و دەرئەنجامەکەی چییە. ئەوەی جێی گرنگیپێدانە ئەوەیە کە هەندێك لەو جۆرە جیاوازانەی هەڵئاوسان لە چەند ئابوورییەکی دیاریکراودا ڕوو دەدات و هەندێکی تریشیان لە چوارچێوەی ئابوورییەکی دیاریکراوی تردا ڕوو دەدات. پێش ئەوەی شیکاریی تەواوەتی بکەین، وا باشترە لە سەرەتادا ئاماژە بە جۆرەکانی هەڵئاوسان بکرێت.

### 1. هەڵئاوسانی خشۆك (Creeping In-flation)

ئەم جۆرە لە هەڵئاوسان کاتێك ڕوو دەدات کە بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە ٢٪ زیاتر نەبێت. ئەم بەرزبوونەوەیە سوودێکی گەورەی هەیە بۆ ئابووریی دەوڵەتان، چونکە کاتێك نرخەکان بە ڕێژەی لە ٢٪ زیاد دەکەن، کەواتە بەرهەمهێنەر و بەکاربەریش زانیاریی تەواوەتیی هەیە کە ئاستی گشتیی نرخەکان ساڵانە بە ڕێژەی ٢٪ زیاد دەکەن[1]. کەواتە ئەم ڕێژەیە وا دەکات کە هەمیشە کڕیارەکان

خواستیان بۆ شمەک و خزمەتگوزاری لە زیادبووندا بێت. ئەمەش وا دەکات کە بەردەوام بەرهەمهێنان زیاد بکات و ڕێژەی سەرجەمی بەرهەمی ناوخۆیی لە زیادبووندا بێت. هەر بەرزبوونەوەیەکیش لە بەرهەمی ناوخۆیی، بە گەشەی ئابووری هەژمار دەکرێت. لە هەمان کاتدا، زیادبوونیش لە سەرجەمی بەرهەمی ناوخۆیی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، دواجار دراوێکی بەهێز بۆ وڵات دروست دەبێت. لە لایەکی ترەوە زیادبوونی نرخ بەو ڕێژە دیاریکراوە، دروستکردنی هەلی کار و بەردەوامی لە گەشەی ئابووری، دەبێتە هۆی فراژووبوونێکی بەردەوام لە ئابووریدا. کەواتە ئەم جۆرە لە هەڵاوسانی نرخەکان، فاکتەرێکی باش دەبێت بۆ بارودۆخی ئابووریی وڵات[2].

**2. هەڵئاوسانی کپکراو (suppressed inflation)**

جۆرێکی تر لە هەڵئاوسانی نرخەکان هەیە کە بە نادیاری دەمێنێتەوە، چونکە دەوڵەت لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی نرخەوە توانیویەتی ئاستی گشتیی نرخەکان بە نزمی بهێڵێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە هەڵئاوسانە بە کپکراوی دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی دەوڵەت دەستبەرداری پاڵپشتیکردنی نرخەکان دەبێت. نموونەی ئەم جۆرە هەڵئاوسانە لە عێراقدا بوونی هەبووە. بۆ نموونە: لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئاستی گشتیی نرخەکان بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی گونجاوی ئابووریدا بووە، سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕانکاریی گەورەی ئابووری لەدوای ساڵی ١٩٨٢ لە جیهاندا ڕووی دابوو، هەروەها حکومەتی ئەوسای عێراق لە شەڕێکی سەختدا بوو لەگەڵ ئێراندا. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە کۆی گشتیی داتاکانی ئەو سەردەمە، ڕێژەی هەڵئاوسان نەگەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیداری ئابووری، بەتایبەت بۆ نرخی خۆراک و وزە. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٠ گەمارۆی ئابووری خرایە سەر عێراق، نرخەکان بەخێرایی بەرز بوونەوە. هەر چەندە هۆکاری بەرزبوونەوەکە پەیوەست بوو بە گەمارۆکەوە، بەڵام بەشێکی ئەو نرخ بەرزبوونەوەیەش پەیوەست بوو بەو کپکردنەی نرخەکان لە ساڵانی هەشتاکاندا، کە ئەو نرخانە، ڕاستەقینە نەبوو، بەڵکوو دەوڵەت پاڵپشتیی دەکرد و لە ڕاستیدا نرخی ڕاستەقینەی شتومەکەکان لە ساڵانی هەشتا زیاتر بوو. کپکردنی نرخ زیاتر لەلایەن وڵاتانی تازەپێگەیشتووەوە پەیڕەو دەکرێت، هەر چەندە لە سەردەمی ئێستاماندا ئەو جۆرە سیاسەتە ئابوورییە لە زۆربەی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا پەیڕەو ناکرێت، چونکە لە سۆنگەی ئابوورییەوە بە سیاسەتێکی هەڵە ناوزەد دەکرێت. دەوڵەتان لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانن کۆنترۆڵی نرخ بکەن، دواجار دەبێت دەستبەرداری ببن.

**3. هەڵئاوسانی لەڕادەبەدەر (Hyper Inflation)**

ئەم جۆرە لە هەڵئاوسان، بە مەترسیدارترین جۆری هەڵئاوسان هەژمار دەکرێت، دەبێتە

هۆی هەرەسهێنانی سیستمی نەختینەیی لە وڵاتدا. هەر چەندە ئەم جۆرە هەڵئاوسانە نموونەی زۆرە، بەڵام لە سەردەمی ئێستاماندا ئەو دەوڵەتانەی کە تووشی ئەم جۆرە هەڵئاوسانە بوون، لەوانە: ئێران، تورکیا، فەنزوێلا، لوبنان؛ لە دیارترین ئەو دەوڵەتانەن کە لەم ساڵانەی دواییدا تووشی ئەم جۆرە لە هەڵئاوسانی ئاستی گشتیی نرخەکان بوونەتەوە.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هەڵئاوسان**

هەر چەندە لەنێوان ئەم جۆرانەی هەڵئاوساندا چەندین جۆری تری هەڵئاوسان هەیە، بەڵام لێرەدا باشتر وایە کە فۆکەس بخرێتە سەر هۆکارەکانی هەڵئاوسان کە لە زانستی ئابووریدا باس کراوە. سەرەڕای ئەوەی کە هەڵئاوسان هۆکارگەلێکی زۆری هەیە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا دابەشی دەکەین بۆ سێ هۆکاری سەرەکی.

**یەکەم: لەچاپدانی دراوی نوێ (دەرکردنی دراوی لەڕادەبەدەر)**

یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە دەبێتە هۆی هەڵئاوسان لە ئاستی گشتیی نرخەکان، لەچاپدانی دراوە لەسەروو توانای ئابووری (واتە دەرکردنی دراو زیاتر لەو ئاستەی کە پێویستە بۆ ئابوورییەکی دیاریکراو). لێرەدا پرسیارێك پێویستە بکرێت، ئەویش ئەوەیە: دەوڵەتان بۆچی پارەی زیاد لە پێویست چاپ دەکەن؟ لە ڕێگەی ئەم پرسیارەوە، دەتوانرێت شیکاریی تەواو بۆ هۆکار و دەرئەنجامەکانی چاپکردنی دراوی نوێ زیاد لە پێویست بکرێت(Chaud-hary & Li, 2018).

دەتوانرێت بوترێت کە هۆکاری سەرەکیی زیادکردنی دراوی نەختینەیی زیاد لە پێویست پەیوەستە بە کورتهێنانی بودجەی دەوڵەتەوە. کاتێک کە دەوڵەتەکان تووشی کورتهێنان دەبن لە بودجەی گشتی و هیچ ڕێگایەکی تریان بۆ نادۆزرێتەوە تا کورتهێنانەکەی پێ پڕ بکەنەوە، بەناچاری پەنا دەبەنە بەر لەچاپدانی دراو. پێش ئەوەی بچینە ناو ناوەڕۆکی لەچاپدانی دراو، پێویستە ئەوە بوترێت کە کێشەی پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە دەکرێت لە ڕێی قەرزی دەرەکی یاخود ناوخۆییەوە چارەسەر بکرێت، یان کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت، یاخود زیادکردنی باج کە دەبێتە هۆی زیادکردنی داهات، یان بەکارهێنانی هەرسێ ڕێگاکە بە مەبەستی کەمکردنەوەی کوردتهێنانی بوجە، یاخود نەهێشتنی ئەو کورتهێنانە بەتەواوەتی. بەڵام دەوڵەتان بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە، پەنا نابەنە بەر کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان، یاخود زیادکردنی باج، چونکە لە ڕووی سیاسییەوە بە گونجاوی نازانن. لەبەر ئەوە کاتێک کە کێشە ئابوورییەکان دەگەنە لوتکە، دەست دەکەن بە چاپکردنی دراوی نوێ، کە بارودۆخی ئابووری تووشی تەنگژەی ئابووری دەبێت. زیادکردنی خستنەڕووی دراو، دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی لەنێوان بڕی خراوەڕووی دراوی نیشتمانی و بڕی ئەو شتومەکانەی کە

لە بازاڕدا هەیە. لە لایەکی ترەوە زیادکردنی بڕی خراوەڕووی دراوی نیشتمانی بەرانبەر دراوی بیانی، دەبێتە هۆی شکانی بەهای دراوی نیشتمانی بەرانبەر بە دراوە قورسە جیهانییەکان، وەکوو دۆلاری ئەمەریکی و یۆرۆی ئەورووپی و پاوەنی بەریتانی... هتد.

**دووەم: زیادبوونی خواست**

زیادبوونی خواست لەسەر شمەک و خزمەتگوزاری، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاستی گشتیی نرخەکان بەرز بێتەوە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بۆ خواست بەرز دەبیتەوە؟ لە زانستی ئابووریدا ئاماژە بە چەند هۆکارێك دراوە، لەوانە: زیادبوونی داهاتی تاکەکەس، زیادبوونی گەشەی ئابووری، فراوانکردنی خەرجییەکانی دەوڵەت، زیادبوونی کرێ و مووچە... هتد. زیادبوونی داهاتی ڕاستەقینەی تاکەکەس دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر شمەک و خزمەتگوزاری. لێرەدا ناهاوسەنگی لەنێوان خواست و خستنەڕوودا ڕوو دەدات، بە لایەنی کەمەوە ئەم ناهاوسەنگییە بۆ ماوەی کورت ڕوو دەدات.

**سێیەم: هەڵئاوسان لە ئەنجامی زیادبوونی تێچووەوە**

ئەم هەڵئاوسانە لە ئەنجامی زیادبوونی تێچووی بەرهەمهێنانەوە ڕوو دەدات، بۆ نموونە: زیادبوونی نرخی وزە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی بەرهەمهێنان، چونکە وزە یەکێکە لەو هۆکارانەی بەرهەمهێنان کە بەشدارییەکی کارای هەیە لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا. هەر زیادبوونێک لە نرخی وزەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێچووی بەرهەمهێنان زیاد بکات. یان زیادبوونی نرخی مادده خاوەکان کە لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا بەشدارییەکی کارایان هەیە، وەك زیادبوونی نرخی ئاسن کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دروستکردنی ئۆتۆمبێلدا بەکار دەهێنرێت. هەر زیادبوونێک لە نرخی ئاسن، دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی ئۆتۆمبێل. لە لایەکی ترەوە تەنها زیادبوونی نرخی وزە و مادده خاوەکان نابنە هۆی زیادبوونی ئاستی گشتیی نرخەکان، بەڵکوو زیادکردنی نرخی سوودی بانکی و هەروەها زیادکردنی کرێ و مووچەش دەبنە هۆی زیادبوونی نرخەکان. هەندێك جار زیادبوونی تێچووی بەرهەمهێنان پەیوەست نییە بە بارودۆخی ناوخی وڵاتەوە، بەڵکوو لە دەوڵەتێکی ترەوە ئەم جۆرە هەڵئاوسانە دەگوازرێتەوە بۆ وڵاتانی تر. بۆ نموونە؛ زیادبوونی ئاستی گشتیی نرخەکان لە وڵاتانی پیشەسازیی وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا، دەبێتە هۆی گواستنەوەی ئەو هەڵئاوسانە بۆ دەوڵەتانی تر، چونکە هاوردەکردنی شتومەك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەورووپاوە، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی گواستنەوەی ئەو هەڵئاوسانە بۆ وڵاتانی هاوردەکار.

لە بەشەکانی سەرەوە باسی هۆکارەکانی هەڵئاوسانمان کرد کە لە تیۆری ئابووریدا شیکاریی بۆ کراوە. لە هەنگاوی داهاتوومان‌دا، شیکاری بۆ هۆکار و دەرئەنجامەکانی هەڵئاوسان دەکەین لە هەرێمی کوردستان و عێراق. باسکردنی هەڵئاوسان لە عێراق شانبەشانی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستە، چونکە کایە ئابوورییەکانی حکومەتی عێراق پەیوەندییەکی زۆر گەورەی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەم لە ڕووی سیاساتی نەختینەیی کە هەرێمی کوردستان لەژێر ڕکێفی سیاساتی نەختینەیی عێراقدایە و هەم هەرێمی کوردستان بەشێکی ئابووریی عێراق پێک دەهێنێت. هەروەها شیکارییەکی تەواوەتی و زانستییانە دەکرێت بۆ داهاتووی ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بە لایەنی کەمەوە تا ساڵی ٢٠٢٥ ئاستی گشتیی نرخەکان چیی لێ دێت.

**سەرەتایەك دەربارەی هەڵئاوسانی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق**

لە پێنج دەیەی ڕابردوودا ئابووریی عێراق بە چەندین قۆناغی بەرز و نزمی ئابووریدا تێپەڕ بووە. لەدوای ساڵی (١٩٧٢-١٩٧٣)، عێراق داهاتێکی یەکجار گەورەی دەست کەوت، ئەوەی بە هۆی دوو هۆکاری سەرەکییەوە بوو، یەکەمیان بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو لە ٢ دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ ٣٧ دۆلار لە ساڵی ١٩٧٩، هۆکاری دووەم ئەوەیە کە عێراق هانگاوی نا بەرەو خۆماڵیکردنی دامەزراوە نەوتییەکان و هەموو دامەزراوە و بیرە نەوتەکانی خستە ژێر ڕکێفی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی[3]. کەواتە عێراق هەم لە ڕووی نرخی نەوتی خاوەوە و هەم لە ڕووی بەرهەمهێنانی زیاتری نەوتەوە توانیی داهاتێکی زۆر بۆ خۆی کۆ بکاتەوە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو داهاتە زۆرەی نەوت چ پەیوەندییەکی هەیە بە ڕێژەی هەڵئاوسان لە عێراقدا (بە هەرێمی کوردستانیشەوە)؟

هەروەك لە بەشی یەکەم باسمان کرد کە زیادبوونی داهاتی تاکەکەس دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان، لەسەر ئەوەی لەگەڵ زیادبوونی داهاتی ڕاستەقینە، خواست لەسەر شمەک و خزمەتگوزاری زیاد دەکات. ئەوەی جێی گرنگیپێدانە ئەوەیە کە ئاستی گشتیی نرخەکان بۆ کەرتی خانووبەرە و خزمەتگوزاری (خزمەتگوزاریی کەرتی تایبەت نەک حکومەت) بە ڕێژەیەکی گەورەتر زیاد دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەرتی خانووبەرە و خزمەتگوزاری قابیلیەتی ئەوەی نییە کە لە دەرەوەی وڵات هاوردە بکرێت. لەبەر ئەوە کاتێك داهاتی تاکەکەس زیاد دەکات، ئەم دوو سێکتەرە بە شێوەیەکی زیاتر نرخەکانیان بەرز دەبێتەوە. ئەوەی جێی گرنگیپێدانە بانکی ناوەندی لە ساڵانی حەفتاکاندا توانیبووی نرخی گۆڕینەوەی دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی جێگیر بکات تا چەند ساڵێکی زۆر کە کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر سەقامگیریی

کۆی گشتیی ئابووری بە شێوەیەکی گشتی[4].

لە لایەکی ترەوە عێراق لە ساڵانی هەشتاکاندا بە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی و سەربازییەوە و دابەزینی گەورەی نرخی نەوتی خاو لە ساڵانی (١٩٨٢-١٩٨٦)، ڕێژەی هەڵئاوسان لە عێراقدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەوە، هۆکارە سەرەکییەکەشی ئەوە بوو کەمبوونەوەی دراوی قورس و دارِمانی ژێرخانی ئابووری و زیادکردنی خستنەڕووی دراوی نیشتمانی کە ناهاوسەنگیی لەنێوان بڕی خراوەڕووی شمەک و خزمەتگوزاری و دراوی نیشتمانی دروست کرد. سەرئەنجام ئاستی گشتیی نرخەکان بەرزبوونەوەیەکی مەترسیداری تۆمار کرد.

ڕێژەی هەڵئاوسان لە ساڵانی نەوەدەکاندا خراپتر بوو بەراورد بە دوو دەیەی پێشتر، چونکە گەمارۆیەکی توند خرایە سەر حکومەتی ئەو کاتەی عێراق لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە. قەدەغەکردنی هەناردەکردنی نەوتی خاو بۆ دەرەوەی وڵات، یەکێك بوو لەو گەمارۆ قورسانەی کە لەسەر عێراق بوو. هەروەک زانراوە کە ئابووریی عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە داهاتی هەناردەکردنی نەوتی خاو دەبەستێت بۆ دەستکەوتنی دراوە بەهێزەکانی وەکوو دۆلاری ئەمەریکی. لەبەر ئەوە ئەم گەمارۆ ئابوورییە دوو دەرهاویشتەی تری لێ کەوتەوە: یەکەمیان، عێراق تووشی کورتهێنانێکی زۆر توند بوو لە بودجەکەیدا، کە ناچار بوو بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانەکەی دراوی نوێ چاپ بکات (زۆربەت وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە تووشی کورتهێنانی بودجە دەبن، دراوی نوێی نیشتمانی چاپ دەکەن لە پێناو پڕکردنەوەی کورتهێنانەکە). دووەمیان، لەگەڵ زیادکردنی خستنەڕووی دراوی نیشتمانی (دیناری عێراقی)، دیناری عێراقی بەهاکەی لەبەرانبەر دراوە جیهانییەکان لەدەست دا بە ڕێژەیەکی زۆر گەورە، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی ڕێژەی هەڵئاوسان بە ڕێژەیەکی مەترسیدار کە لە زانستی ئابووریدا بە هەڵئاوسانی لەڕادەبەدەر ناسراوە[5].

لەدوای بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراك کە لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە بەکرداری دەست بەو پرۆسەیە کرا، ئاستی هەڵئاوسان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی، چونکە ئەو پرۆگرامە بوو بە هۆی ئەوەی کە بانکی ناوەندیی عێراق بتوانێت مانگانە بڕێك لە دراوی قورس بەدەست بێنێت، ئەمەش وای لە دراوی نیشتمانی کرد کە پاڵپشتییەکی گەورەی بۆ دروست ببێت و بەهاکەی تا ڕادەیەک بەرزبوونەوە بەخۆیەوە ببینێت. دواجار بەرزبوونەوەی بەهای دراوی نیشتمانی بوو بە هۆی دابەزینی نرخی ئەو شتومەکانەی کە هاوردە دەکران لە دەرەوەی وڵات.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، لە ساڵی ٢٠٠٣، لە هەمان کاتدا هەڵگرتنی تەواوەتیی گەمارۆ، وای لە حکومەتی نوێی عێراق کرد کە دەستکراوە بێت بۆ هەناردەکردنی بڕێکی

زۆرتری نەوتی خاو بۆ دەرەوەی وڵات، ئەمەش بوو بە هۆی زیادبوونێکی بەرچاو لە دراوی قورس لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە. دواجار توانرا تا ساڵی ٢٠١٩ کۆنترۆڵی هەڵئاوسان بکرێت، دوای ئەوەی لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانەوە هەتا ٢٠٠٣، عێراق کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکاندا هەبوو.

## پەتای کۆرۆنا و کێشەی بەرزیی ڕێژەی هەڵئاوسان (لەدوای ساڵی ٢٠٢٠)

پێش ئەوەی باسی هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان بکەین لە هەرێمی کوردستان لەدوای سەردەمی کۆرۆنا، پێویستە باس لە ڕێژەی هەڵئاوسانی ئاستی گشتیی نرخەکان بکەین لە وڵاتانی گەشەسەندوو (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وڵاتانی ئەورووپا و کەنەدا و ژاپۆن و ئوسترالیا و چین و کۆریای باشوور و هەندێك لە وڵاتانی تر).

لە پێناو پاراستنی ئابووری و بەردەوامیدان بە چالاکییە ئابوورییەکان، لە ماوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و داخستنی ئابووری لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠، وڵاتانی پیشەسازی و زۆرێك لە وڵاتانی تریش، سیاسەتە ئابوورییەکانیان بەکار هێنا (سیاسەتی دارایی و سیاسەتی نەختینەیی). بۆ نموونە: یەدەکی فیدراڵیی ئەمەریکا لە ڕێگەی سیاسەتی نەختینەییەوە هەوڵی دا کە هانی چالاکییە ئابوورییەکان بدات، ئەویش بە کەمکردنەوەی نرخی سوودی بانکی بە (٠.٢٥٪). کەمکردنەوەی نرخی سوودی بانکی، هانی پرۆژە و کارگەکانی ئەمەریکای دا کە بەردەوام بن لە کارکردن، چونکە نرخی سوودی بانکی بۆ وەبەرهێن دەبێت بە تێچوو بۆ پرۆژەکانی، کاتێک پەنا دەباتە بەر بانکەکان بۆ وەرگرتنی قەرز. لەم ڕێگەیەوە تا ڕادەیەك چالاکییە ئابوورییەکان هەر بەردەوامیی هەبوو، سەرەڕای ئەوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆرێك لە چالاکییە ئابوورییەکانی پەك خستبوو. لە لایەکی ترەوە حکومەتی ئەمەریکا چەندین هاندانی بۆ ئابووری ئەنجام دا (لێرەدا مانای هاندان بریتییە لە پێدانی بڕێک پارە بۆ کەسانی بێکار کە ئەوکات ژمارەیان زۆر بوو، هەروەها پێدانی بڕێك پارە وەك یارمەتی بۆ کارگەکان و پرۆژەکان لە پێناو بەردەوامبوونیان لە کارکردن). ئەم دوو هۆکارە لە ئەمەریکا و لە زۆربەی وڵاتانی تر پەیڕەو کرا لە پێناو بەردەوامبوونی چالاکییە ئابوورییەکان، بە نموونە: یەکێتیی ئەورووپا، بەریتانیا، کەنەدا، ئوسترالیا، ژاپۆن و چەندین دەوڵەتی[6].

لە لایەکی ترەوە لە ماوەی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە جیهاندا، زۆربەی دەوڵەتان ڕێژەی بەرهەمی ناوخۆییان کەم بووەوە و تەنانەت هەندێک دەوڵەت ڕێژەی گەشەی ئابووریی نێگەتیڤ بوو. کەواتە لێرەدا ئاماژە بوو دوو هۆکار دەکەین کە بووە هۆی ئەوەی کە دراوێکی زۆر خراوەتە بازاڕەوە لەلایەن بانکە مەرکەزییەکان لە ڕێگەی نزمکردنەوەی نرخی سوودی بانکی و زیادکردنی خەرجییەکانی دەوڵەت (بە هاندانی ئابووری ناو نراوە). دوای

کەمبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ساڵی ٢٠٢١دا، خواستێکی زۆر دروست بوو بۆ کڕینی شمەک و خزمەتگوزاری لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە، لە لایەکی ترەوە نزمیی سوودی بانکی بەردەوام بوو لە ساڵی ٢٠٢١دا، ئەمەش وای لە وەبەرهێنەران کرد کە قەرزێکی زۆر بکەن لە بانکەکان بۆ مەبەستی وەبەرهێنان، چونکە هەم خواست لەسەر شمەک و خزمەتگوزاری زۆر بوو، هەم تێچووی قەرزکردن کەم بوو، چونکە ڕێژەی سوودی بانکی زۆر کەم بوو، ئەمەش وای کرد کە ئاستی گشتیی نرخەکان بەرزبوونەوە بەخۆیەوە ببینێت.

لە لایەکی ترەوە ئەوەی زیاتر ئاستی گشتیی نرخەکانی بەرز کردەوە، ناجێگیرییە سیاسی و سەربازییەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیا بوو. لە کۆتایی مانگی دووی 2022، ڕووسیا هێرشی بەرفراوانی کردە سەر ئۆکرانیا بۆ داگیرکردنی، لەبەرانبەر ئەوەدا وڵاتانی پیشەسازی و هاوپەیمانەکانیان گەمارۆی ئابوورییان خستە سەر ڕووسیا، بەتایبەت لە کەرتی وزەدا، ئەمەش وای کرد کە نرخی نەوتی خاوی جیهانی و گازی سروشتی (غازی سروشتی) بەرزبوونەوەی گەورە تۆمار بکات. هەروەک دەزانرێت کە سەرچاوەکانی وزە یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، کەواتە هەر بەرزبوونەوەیەک لە سەرچاوەکانی وزە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە نرخی شتومەک و خزمەتگوزاری بەرز بێتەوە. کەواتە هۆکاری نائارامیی سیاسی و سەربازی، هۆکارێکی تری بەرزبوونەوەی ئاست گشتیی نرخەکان بوو لە جیهاندا. بەڵام لێرەدا پرسیارێك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە: ئایا بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە وڵاتانی پیشەسازی (گەشەکردوو)، چ پەیوەندییەکی بە ئاستی گشتیی نرخەکانەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان؟

لە کۆتا بەشی ئەم توێژینەوەیەدا، شیکاری بۆ هۆکار و دەرئەنجامەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەین، هەروەها پێشبینیی داهاتووی ڕێژەی هەڵئاوسان (بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان) چی بەسەر ردێت بۆ ساڵانی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و تەنانەت ساڵانی دواتریش.

## ڕێژەی هەڵئاوسان لە هەرێمی کوردستان و پێشبینی بۆ داهاتوو


هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی نیمچەسەربەخۆی هەیە و بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق. لە ڕووی سیاسەتی نەختینەییەوە، هەرێمی کوردستان بەشێکە لە سیاسەتی نەختینەیی بانکی ناوەندیی عێراق. دراوی فەرمیی بەکارهاتوو لە هەرێمی کوردستان دینارە کە دراوی فەرمیی عێراقە، بەڵام سیاسەتی دارایی (سیاسەتی داهاتەکان و خەرجییەکان) لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لە ڕووی خەرجییە گشتییەکان و داهاتە گشتییەکانەوە. لەم توێژینەوەیەدا باسی هۆکاری ئەو جیاوازییە ناکەین لە سیاسەتی دارایی، بەڵکوو باسکردنی ئەو جیاوازییە لەبەر

ئەوەیە کە خەرجییە گشتییەکان و داهاتە گشتییەکان کاریگەریی گەورەیان هەیە لەسەر ڕێژەی هەڵئاوسان. لێرەدا شیکاری بۆ هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان دەکەین. لەم بەشەدا شیکاری بۆ هۆکارە ناوخۆییەکان و هۆکارە دەرەکییەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان.

**1. هۆکارە دەرەکییەکان**

هەروەك ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە هاوردەکردنی کاڵا جۆراوجۆرەکان دەبەستێت. بە واتایەکی تر: ڕێژەی بەشداریکردنی هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ بۆ کۆی گشتیی بەرهەمی ناوخۆی، لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. کەواتە هەرێمی کوردستان (ناوەڕاست و باشووری عێراقیش هەمان شێوەیە)، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە وڵاتانی جیهان دەبەستێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆی. لەبەر ئەوە هەر بەرزبوونەوەیەك لە نرخی شمەك و خزمەتگوزاری ڕوو بدات لە وڵاتانی دەرەوە، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان. ئەم بابەتە لە تیۆری ئابووریدا پێی دەوترێت بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان، لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك و خزمەتگوزاری لە دەرەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان.

**هێڵکاریی ژمارە 1:** ئاستی گشتیی نرخەکان لە عێراق پیشان دەدات (٢٠٢٠-٢٠٢٢)




سەرچاوە: بانکی ناوەندیی عێراق/بەشی ئامار و توێژینەوە (٢٠٢٢)

**2. هۆکارە ناوخۆییەکان**

لە هەرە هۆکارە سەرەکییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان کە بووە هۆی ئەوەی کە ئاستی گشتیی نرخەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرز ببێتەوە، پەیوەست بوو بە بەرزکردنەوە، ئەوە بوو کە بانکی ناوەندیی عێراق لە مانگی ١٢ی ٢٠٢٠ بڕیاری دابەزاندنی بەهای دراوی عێراقی بەرانبەر دراوی ئەمەریکی دا. یەك دۆلاری ئەمەریکیی لە ١١١٦ دینارەوە کرد بە ١٤٤٦ دینار، واتە بە ڕێژەی نزیکەی ٢٠٪ دیناری عێراقی بەهاکەی لەدەست دا[7]. لەم کاتەدا کاتێك هاوردەی شمەك دەکرێت لە دەرەوەی وڵات، ئەگەر نرخ لە دەرەوەی وڵات جێگیریش بێت، بەڵام ئاستی نرخەکان بە دیناری عێراقی بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە بەهای دیناری عێراقی بە ڕێژەی ٢٠٪ بەهاکەی لەدەست داوە بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی. کەواتە ئاستی گشتیی نرخەکان (بە لایەنی کەمەوە بۆ شتومەکەکانی کە لە دەرەوەی وڵات هاوردە دەکرێن بەرز دەبێتەوە)، بەرز دەبێتەوە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا بۆ بانکی ناوەندیی عێراق بڕیاری دا بە دابەزاندنی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی؟ لەدوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەتایبەت لە مانگی ٢ی ٢٠٢٠، کە زۆربەی وڵاتانی پیشەسازی ئابوورییان داخست بە ماوەیەکی کاتی، ئەمەش وای کرد کە نرخی نەوتی خاو دابەزینێکی گەورە تۆمار بکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. نرخی نەوتی خاوی برنت گەیشتە نزمترین ئاستی، دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ (١٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك). ئەم دابەزینە لە مانگەکانی ٣ و ٤-ی ٢٠٢٠-دا ڕووی دا. هەروەک زانراوە کە عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە داهاتی نەوت، هەر دابەزینێک لە نرخی نەوتی خاوی جیهانی دەبێتە هۆی کورتهێنانی بودجە. زانستی ئابووری چەند ڕێگایەك پێشنیار دەکات بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی وڵات، لەوانە: کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت، زیادکردنی باج و ڕسومات، قەرزکردن لە دامەزراوە داراییەکانی جیهان، قەرزی ناوخۆیی، زۆرێك لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو پەنا بۆ زیادکردنی خستنەڕووی دراوی بیانی دەبەن. لە ماوەکانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٩، حکومەتی عێراق زۆربەی ئەم ڕێگایانەی گرتبووە بەر بۆ ڕێگریکردن لە کورتهێنان، چونکە لەدوای ساڵی ٢٠١٤-ەوە نرخی نەوتی خاو لە بازاڕەکانی جیهان دابەزینی گەورەی تۆمار کردبوو. هەر چەندە لە ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩، تا ڕادەیەك نرخەکەی بەرز بووەوە. لەبەر ئەوە لەدوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابەزینی گەورەی یەدەگی دراوی بیانی لە بانکی ناوەندیی عێراق، مەترسیی گەورە لەسەر ئابووریی عێراق دروست بوو. بۆ ئەوەی

ئابووریی عێراق تووشی دارمانی گەورە نەبێت، بانکی ناوەندیی عێراق بە ڕاوێژکردن لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووریی عێراق و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠دا بڕیار درا بە داشکاندنی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی بە ڕێژەی نزیکەی ٢٠٪. ئەم گۆڕانکارییە بووە هۆی خاڵی دوورکەوتنەوەی ئابووریی عێراق لە قەیرانی دارایی[8].

لەم بەشەی سەرەوەدا ئاماژە بەوە درا کە یەکێك لەو هۆکارانەی بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان، ئەوە بوو کە بەهای دراوی عێراقی بە ڕێژەی ٢٠٪ بەهاکەی لەدەست دا بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی.

**پێنجەم: دەرئەنجام و پێشبینیی هەڵئاوسان بۆ ساڵانی داهاتوو**


پێش ئەوەی بڕۆینە ناو وردەکاری و داهاتووی بەرزی ئاستی گشتیی نرخەکان کە لەدوای قۆناغی کۆرۆناوە سەری هەڵداوە، وا باشترە کە شیکارییەکی زانستییانە بۆ هۆکارەکانی بەرزی ئاستی گشتیی نرخەکان بکەین کە لە بەشەکانی سەرەوەدا باسمان کرد. لەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون بۆ زیادبوونی ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەوانیش هۆکاری ناوخۆیی و هۆکاری دەرەکی. بێگومان هۆکارە ناوخۆییەکەش هەر بە هۆی هۆکارە دەرەکییەکەوە بووە کە بریتییە لە لەدەستدانی بەهای دیناری عێراقی. ئاشکرایە کە لەدەستدانی بەهای دیناری عێراقی بە هۆی هۆکارە دەرەکییەکانەوە بوو کە بریتی بوو لە دابەزینی بەهای نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانییەکان. ئەم دابەزینە نزیکەی ٦ ساڵی خایاند (٢٠١٤-٢٠٢٠)، پاشان ساڵی ٢٠٢٠، دیسانەوە نرخی نەوتی خاو بۆ دووەم جار تووشی دارمانی گەورە بوو، کە ئەم هۆکارەش دواجار هۆکاری دەرەکییە و کاریگەریی لەسەر دابەزینی بەهای دیناری عێراقی هەبووە و دواجار بووە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان بکەوێتە ئەستۆی لەدەستدانی بەهای دیناری عێراقی.

کەواتە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەریی گەورەی لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا. لێرەدا پێویستە فۆکەس بخەینە سەر ئەوەی کە داهاتووی بەرزی ئاستی گشتیی نرخەکان بۆ چەند ساڵی داهاتوو چۆن دەبێت.

مادام ڕێژەیەکی بەرچاوی هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان پەیوەستە بە هۆکارە دەرەکییەکان، کەواتە دەبێت شیکاری بۆ هۆکارە دەرەکییەکان بکرێت.


لە بەشەکانی سەرەوەدا شیکاری بۆ هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان کرا، لێرەدا پێویستە باس لە هەوڵەکانی وڵاتانی ئابووری گەشەسەندوو بکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان. ئەم ڕووبەڕووبونەوەیەش بەزۆری لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیاسەتی نەختینەییەوە دەکرێت کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستی پێ کردووە، کە یەدەگی فیدراڵی بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی سوودی بانکی دا لەناوەڕاستی مانگی سێی ٢٠٢٢دا. هەروەها هەریەك لە بانکە ناوەندییەکانی بەریتانیا و ئەورووپا (ناوچەی یۆرۆ) و کەنەدا و چەند وڵاتێکی تر کە لە ڕوانگەی تیۆری ئابوورییەوە لە داهاتوودا کاریگەریی دەبێت لەسەر هێواشکردنەوەی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لەسەر ئاستی جیهان. سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژەی سوودی بانکی چەند جارێک بەرز کراوەتەوە، بەڵام داتاکانی هەڵئاوسان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا و چەندین دەوڵەتی تر ئاماژەیەکی ڕوونی تێدا بەدی دەکرێت کە ڕێژەی هەڵئاوسان هەر لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدایە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەکارهێنانی سیاسەتی نەختینەیی وڵاتانی پیشەسازی کاریگەریی ئەوتۆی نەبووە لەسەر دابەزینی ئاستی گشتیی نرخەکان. ئەم چارتانەی خوارەوە، بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکانمان پیشان دەدات.

**هێڵکاری ژمارە 2:** ئاستی گشتیی نرخەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پیشان دەدات (٢٠٢٠-٢٠٢٢)




بانکی جیهانی: داتاکانی فراژووبوونی نێودەوڵاتی (٢٠٢٢)

**هێڵکاری ژمارە 3:** ئاستی گشتیی نرخەکان لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا پیشان دەدات (٢٠٢٠-٢٠٢٢)




بانکی جیهانی: داتاکانی فراژووبوونی نێودەوڵاتی (٢٠٢٢)

لەم چارتانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی هەڵئاوسان لەسەر ئاستی جیهان لە ڕێژەیەکی بەرزدایە، هەروەک شیکارییشمان کرد ئەم هەڵئاوسانەی کە ئێستا لەسەر ئاستی گشتیی نرخەکان ڕووی داوە، کاریگەریی زۆری دەبێت بۆ مانەوەی نرخەکان لە ئاستێکی بەرزدا لە هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوە بەرزیی ئاستی نرخەکان کە پێشنینی دەکرێت بە لایەنی کەمەوە تا ساڵی ٢٠٢٤ بخایەنێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە نرخی شمەك و خزمەتگوزارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠٢٠، بەڵکوو ئاستی گشتیی نرخەکان هەر لەم ئاستەدا دەمێنێتەوە. لەپاش ئەو شیکارییەی کە لە سەرەوە کراوە، بۆمان دەرکەوت کە ئەم بەرزبوونەوەیە لە ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان بە لایەنی کەمەوە تا ساڵی ٢٠٢٤ بەردەوام دەبێت. خۆ ئەگەر هاتوو داکشانەوەی ئابووری لە وڵاتانی پێسەسازیدا ڕوو بدات، ئەوا کێشەی هەرێمی کوردستان تەنها بەرزیی ئاستی گشتیی نرخەکان نابێت، بەڵکوو کزبوونی چالاکیی ئابوورییشی لێ دەکەوێتەوە و ڕێژەی داهاتی حکومەتیش لە فرۆشتنی نەوتی خاو کەم دەبێتەوە و ڕێژەی بێکارییش لە ئاستێکی بەرزدا دەبێت.

**بۆچی ڕێژەی بەرزی هەڵئاوسان زیانی گەورە بە ئابووریی وڵات دەگەیەنێت؟**

هەروەك لە سەرەتادا باسمان کرد کە هەڵئاوسان بە مانای بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان دێت، کەواتە هەڵئاوسان هەم کاریگەریی لەسەر بەکاربردن دەبێت و لە هەمان کاتدا کاریگەریی لەسەر

پاشەکەوتکردن دەبێت. بە واتایەکی تر: هەر زیادبوونێك لە ئاستی گشتیی نرخەکان، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای کڕینی بەکاربەر، کە ئەمەش زیانی زۆر دەدات لە سەرجەمی خواست لەسەر ئاستی ئابووریی هەمووەکی (Macroeconomic Level). لە لایەکی ترەوە کەمبوونەوەی داهاتی ڕاستەقینەی تاکەکەس، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی پاشەکەوتی تاکەکەس کەم بکات کە ئەمەشیان زیانی گەورە دەدات لە چالاکیی وەبەرهێنان. بەڵام ئەوەی جێی مەترسییە بۆ سەر ئابووری، ئەوەیە کە بەردەوامبوونی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەبەرهێنەران نەتوانن متمانە بە بارودۆخی ئابوورییەکەی بکەن، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر دراوی نیشتمانی. بۆ نموونە: ئاستی گشتیی نرخەکان لە ئابووریی ئەمەریکا بە شێوەیەکی مەترسیدار بەرز بووەتەوە، لە ئەگەری بەردەوامبوونی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، وا لە دەوڵەتانی جیهان دەکات کە یەدەگی نەختینەیان لە دۆلاری ئەمەریکییەوە بۆ دراوێکی تر یان کانزایەکی بەنرخ بگۆڕن، ئەمەش گورزێکی کوشندە دەبێت بۆ ئابووریی ئەمەریکا. لە لایەکی ترەوە، بەردەوامبوونی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان کاریگەریی گەورەی لەسەر لەدەستدانی متمانە هەیە لەلایەن وەبەرهێنەرانی ڕاستەوخۆی بیانی کە ئەم جۆرە لە وەبەرهێنان بەشدارییەکی چالاك دەکات لە کۆی گشتیی بەرهەمی ناوخۆیی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان زیانی بۆ وڵاتانی جیهان هەیە، ئایا هیچ سوودێکی بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان نییە؟

**شەشەم: ئایا ئەم هەڵئاوسانە سوودی بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژەی هەڵئاوسان لەڕادەبەدەر بوو، زیانی گەورە بە کۆی گشتیی کایەکانی ئابووری دەگەیەنێت، بەتایبەت ئەگەر جۆری هەڵئاوسانەکە هەڵئاوسانی لەڕادەبەدەر بێت، بەڵام دەکرێت بوترێت کە لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا هەندێک خاڵی پۆزەتیڤی هەبێت لە هەندێك سێکتەری تایبەتیدا و لە هەندێک وڵاتی دیاریکراودا. پێش ئەوەی باسی بونیادی ئابووریی کوردستان بکەین، دەبێت باسی بونیادی دابەشکاری لە خەرجییەکان و داهاتەکانی وڵاتدا بکەین. خەرجییەکانی وڵات زۆرینەی هەرە زۆری دەڕوات بۆ خەرجیی بەکاربردن و خەرجیی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی وڵات. هەر چەندە ڕێژەکە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە ٨٥٪ی داهاتی وڵات دەچێت بۆ مووچەی دامودەزگاکانی وڵات، بەشێکی تریشی دەچێت

بۆ خەرجییەکانی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت. هەر چی خەرجیی وەبەرهێنانە، ڕێژەکەی زۆر کەمە، کە لە ڕاستیدا خەرجیی وەبەرهێنان پێویستییەکی گەورەیە بۆ بووژاندنەوەی ئابووری. لە لایەکی ترەوە بە شێوەیەکی گشتی خەرجیی بەکاربردن خەرجییەکی بەرهەمدار نییە و هەم لە ڕووی ماددییەوە، هەم لە ڕووی مەعنەوییەوە. لێرەدا توێژەر بۆچی باسی خەرجییە گشتییەکان و داهاتە گشتییەکانی کرد؟

لێرەدا توێژەر باس لەوە دەکات کە نرخی ئەو شتومەکانەی کە توانای هاوردە و هەناردەکردنیان نییە، وەك نرخی خانووبەرە و زەویوزار، هەروەها دەستی کاریش کرێکەی بەرز بووەتەوە لە کەرتی تایبەت بە هۆی زیادبوونی کرێی دەستی کاری حکومەت، لەبەر ئەوە ئەو شتومەکانەی کە قابیلی هاوردەکردنن، هەرزانتر دەکەون بەراورد بە هەمان بەرهەم لە ناوخۆی وڵات، لەبەر ئەوە ئەو بەرهەمانە گەشە ناکەن لە ناوخۆی وڵات، ئەوانیش کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزارن. لە کاتێکدا ئەو کەرتانەی کە قابیلی بازرگانیی دەرەکی نین (هاوردە و هەناردە ناکرێن)، وەک کەرتی زەویوزار و خانووبەرە، نرخەکانیان بەرز دەبێتەوە و هەڵئاوسان دروست دەبێت.

ئایا چی وا دەکات کە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ بەرز بێتەوە لەم دۆخەدا؟ یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، بریتییە لە بەرزبوونەوەی نرخەکانی ئەو شتومەکانە. بۆ نموونە: بەرزبوونەوەی ئاسن لە جیهاندا، بەتایبەت لە ٢ ساڵی ڕابردوودا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەبەرهێنەران زیاتر ڕوو بکەنە بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمە، چونکە لەسەر ئاستی جیهان نرخەکەی بەرز بووەتەوە. دواجار بەرزبوونەوەی نرخ دەبێتە هۆی ئەوەی کە قازانج زیاد بکات. گومانی تێدا نییە کە زیادبوونی قازانج، هانی وەبەرهێنەران دەدات کە بەرهەمهێنانیان زیاد بکەن لە پێناو زیادبوونی قازانجەکانیان. یان بەرزبوونەوەی نرخی چیمەنتۆ لە بازاڕەکانی جیهاندا، وا لە وەبەرهێنی خۆماڵی دەکات کە بەرهەمی چیمەنتۆیان زیاد بکەن، چونکە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان، قازانجەکانیش زیاد دەکەن، بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان بەرهەمیش زیاد بکەی، ئەوا قازانجەکان زیاتر دەبن بۆ وەبەرهێنەران. لەم شیکارییەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە زیادبوونی ئاستی گشتیی نرخەکان لە ئابووریی جیهاندا هەندێك کاریگەریی پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستان، تا ڕادەیەك بەرهەمی هەرێمی کوردستان توانای کێبڕکێکردنی لە ئاستێکی باشتردا دەبێت بەراورد بە پێش ساڵی ٢٠٢٠.

## سیناریۆکان

**سیناریۆی یەکەم:** ئاستی گشتیی نرخەکان بە بەرزی دەمێنێتەوە و ئابووریی گشتی هاوسەنگی وەردەگرێت بە تێپەڕبوونی کات. واتە وەکوو چۆن ئێستا خەڵکی ئاسایی لە وڵاتی خۆمان و تەنانەت لە وڵاتانی پیشەسازییش باسی نزمیی ئاستی نرخەکان دەکەن لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا، ئاوەهاش لە ساڵانی داهاتوودا باسی ئاستی نزمیی نرخەکان لە یەکەم دەیە و دووەم دەیەی سەدەی ٢١ دەکرێت. ئەم سیناریۆیە دەبێتە نزیکترین سیناریۆ لە ڕاستییەوە.

**سیناریۆی دووەم:** بۆ دوورمەودا، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، دەکرێت ئاستی گشتیی نرخەکان دابەزێتەوە بۆ ئاستی پێشووتری خۆی، ئەمەش لە ڕێگەی زیادکردنی بەرهەمدارییەوە کە لە ڕووی ئابوورییەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بڕی تێچوو کە دواجار دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان. هەر چەندە ئەم سیناریۆیە لە ڕووی تیۆرییەوە گونجاوە و قابیلی ڕوودانە، بەڵام ئەزموونی ڕابردوو پێمان دەڵێت کە ئاستی گشتیی نرخەکان دانابەزێت، چونکە وڵاتان هەمیشە خستنەڕووی دراوەکانیان زیاد دەکەن، ئەمەش پێدەچێت ڕێگر بێت لە نزمبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان.

**سیناریۆی سێیەم:** دەکرێت ئاستی گشتیی نرخەکان بگەڕێتەوە بۆ ئاستی جارانی خۆی، چونکە بەرزبوونەوەی نرخ دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خواست، ئەمەش وا دەکات کە بەرهەمهێنەران هەوڵ بدەن ئاستی گشتیی نرخەکان دابەزێنن بە مەبەستی زیادکردنی خواستی گشتی. هەر چەندە ئەم سیناریۆیەش دەکرێت ڕوو بدات، بەڵام لە ڕابردوودا جیهان بە چەندین بارودۆخی ئاوادا ڕۆیشتووە، بەڵام وەبەرهێنەران نەیانتوانیوە ئاستی گشتیی نرخەکان دابەزێنن، چونکە دەکەوتنە زیانەوە لە ڕووی ئابوورییەوە.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

ئەم دۆخە بۆ حکومەتی هەرێم دەرفەتێکی باشە کە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ تا بتوانرێت گەشەی پێ بدرێت، ئەوە بە هۆی ئەوەوە دەبێت کە لە سایەی بەرزیی ئاستی گشتیی نرخەکان لەسەر ئاستی جیهان، دەتوانرێت بەرهەمی ناوخۆ کێبرکێی بەرهەمەکانی دەرەوەی وڵات بکات. هەروەها، مادام ئاستی گشتیی نرخەکان بەرز بووەتەوە، کەواتە ئەو کەسانەی کە لە کاتی نزمیی ئاستی گشتیی نرخەکان لەژێر هێڵی هەژارییەوە بوون، ئێستا زیاتر کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژاری و پێدەچێت ژمارەشیان زیادی کردبێت. پێویستە لەسەر حکومەت کە یارمەتیی ماددییان بدات، بۆ ئەوەی بە لایەنی کەمەوە بتوانرێت ئەو چینەی کۆمەڵگا کە لەژێر هێڵی هەژارییەوەن، ئاستیان بەرز بکرێتەوە بۆ سەروو هێڵی هەژاری.

## دەرئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا لێکۆڵینەوە لە هۆکار و دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان کراوە، دەرکەوتووە کە بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان پەیوەستە بەو بەرزبوونەوەیەی کە ڕووی داوە لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان، بەتایبەت وڵاتانی گەشەسەندوو. کەواتە لێرەدا دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئەو هەڵئاوسانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، چارەسەر دەبێت لەگەڵ چارەسەربوونی کێشەی هەڵئاوسان لە وڵاتانی گەشەسەندووی وەکوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتە گەشەسەندووەکانی تر. هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی ناکۆکییە سیاسی و سەربازییەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیاش، هۆکاریکی ترە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵئاوسان. لەم توێژینەوەیەدا ئەوە ڕوون بووەتەوە کە ئابووریی کوردستان ڕێژەیەکی بەرزی دواکەوتەیی (تبعية، Dependency) تێدایە کە هەرێمی کوردستان و تەنانەت دەوڵەتی عێراقیش ناتوانێت سیاسەتی نەختینەیی و دارایی بەکار بێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵئاوسان. لە لایەکی ترەوە دەتوانرێت ئەم هەڵئاوسانە بکرێتە هەلێک بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان، چونکە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان باشترین دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە تا بتوانێت ڕێژەی بەشداریکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی زیاد بکات، کە ئەمە تاکە دەرفەتە بەدەست هەرێمی کوردستانەوە کە بتوانێت لەو ڕێگەیەوە پشتبەستن بە داهاتی نەوتی خاو کەم بکاتەوە.

## سەرچاوەکان

1) Chaudhary, S & Li X. (2018). Analysis of the determinants of inflation in Nepal.American Journal of Economics, 8(5), 209-212.

2) Husain, A. 2022. "Projected Increase in Acute Food Insecurity due to War in Ukraine." World Food Programme, New York.

3) Kenneth, K. (2003), Iraq: Oil-For-Food Program, International Sanctions, and Illicit Trade. Report for Congress. Washington DC, Congressional Research Service.

4) Jaffe, A. (2007) Iraq's Oil Sector: Past, Present and Future. James A. Baker III Institute for Public Policy and the Japan Petroleum Energy Center. Rice University.

5) Alnasrawi, A. (1994) The economy of Iraq: Oil, wars, destruction of development and prospects, 1950-2010. ABC-CLIO. Digest of Middle East Studies, Volume. 4, no. 2, pages 77–90.

6) Kilian, L. and X. Zhou (2021), "Oil prices, gasoline prices and inflation expectations," manuscript, Federal Reserve Bank of Dallas.

7) Central Bank of Iraq (2022), Statistics & Research Dep./ Financial Market Research Division, Annual Statistical Bulletin. Baghdad. The central bank of Iraq.

8) Ibid.

# سیاسەتی دراو؛ ئامراز و ئامانجەکان



د. ئیدریس ڕەمەزان کۆچەر
پسپۆڕی بواری دارایی و نەختینەیی
وەرگێڕان: بارام سوبحی




**بەرایی**

سیاسەتی دراو بە ئامرازێکی سەرەکی لە ئامرازەکانی سیاسەتی ئابووریی گشتی دادەنرێت. دەوڵەت بۆ کارکردنە سەر ئاستی چالاکیی ئابووری، هاوشانی سیاسەتەکانی دیکەی وەکوو سیاسەتی دارایی و بازرگانی و سیاسەتی کرێ و نرخ بەکاری دەهێنێت، بە مەبەستی کاریگەریدانان لەسەر گۆڕاوەکانی پێکهێنەری ئەم چالاکییە وەکوو وەبەرهێنان، نرخەکان، بەرهەم و داهات. بۆیە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئابووری و ئاڕاستەدانی، دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورە لە سیاسەتڕێژیی هەر وڵاتێك بەجێ بهێڵێت و ڕێڕەوی ئابووری دیاری بکات. سیاسەتی دارایی لە ئێستا و بە هۆی

گۆڕانکارییە جیهانییەکان و بەرەوپێشچوونی زانستی ئابووری و دەرکەوتنی تیۆرییە نوێیەکانی ئابووری، بابەتێکە کە پەیوەستە بە تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە ئابووری-سیاسییەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە چەمکی سیاسەتی دراو و ئامانجەکانی بخرێتە ڕوو و ئامرازەکانی حکومەت لەم چوارچێوەیەدا شی بکرێتەوە.

**چەمکی سیاسەتی دراو**

دەرکەوتنی سیاسەتی دراو وەکوو چەمکێکی تایبەت بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە، کاتێك ڕۆڵەکەی لە پارێزگاریکردن لە خستنەڕووی دراودا سنووردار کرا، بە ڕادەیەك کە سەقامگیریی نرخەکان لەناو ئابووریی نیشتمانیدا مسۆگەر بکات، دۆخەکەش تاوەکوو قەیرانی بێبازاڕیی جیهانی لە (١٩٢٩-١٩٣٣) و دەرکەوتنی بیرۆکەکانی کینزی بەم شێوەیە بەردەوام بوو، کە بۆ بەگەڕخستنی سیاسەتی گشتیی ئابووری لە پێناوی چارەسەرکردنی چەقبەستوویی ئابووری و بەدیهێنانی گەشەی پێویست، داوای پێویستی دەستوەردانی دەوڵەتی دەکرد[1].

سیاسەتی دراوی نەریتی؛ سەرپەرشتی و چاودێریی خستنەڕووی بەکارهێنانی دراو لە ئابووریدا دەکات، هەروەها بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلی دیاریکراو چاودێریی خەرجی دەکات. بەڵام هەر چی سیاسەتی دراوی هاوچەرخە ئارەزووی فراوانکردنی ئەم چەمکە دەکات تاوەکوو سیستمی نەختینەیی ئابووریی نەتەوەیی بەگشتی بگرێتەوە، نەوەکوو تەنها لە ئاستی چاودێریکردنی خستنەڕوو و بەکارهێنانی دراودا بوەستێت.

بە گوێرەی پەرەسەندنی تیۆرییەکانی دراو، چەمکی سیاسەتی دراو لە ڕووی ئەرك و ئامانجەکانیەوە چەندین پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، سیاسەتی دراویش چەندین چەمکی هەیە؛ ئابووریناس کەنت (Kent) بەم جۆرە سیاسەتی دراوی پێناسە کردووە: ئەو ڕێکارانەیە کە دەسەڵاتدارانی دراو بۆ چاودێریکردنی خستنەڕووی دراو و بەدیهێنانی ئامانجە ئابوورییە دیاریکراوەکان بەکاری دەهێنن[2]. هەروەها بەو ڕێکارە دراوی و بانکییانە پێناسە دەکرێت کە ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی قەبارەی پارەی نەختینەیە کە لە ئابووریی نیشتمانیدا دەسووڕێتەوە، ئەو فاکتەرەشە کە بۆ کاریگەریدانان لەسەر قەرز و پارەی نەختینەیی و قەرزکردنی حکومەت ئاراستە دەکرێت، واتە بۆ پێکهاتە و قەبارەی قەرزەکانی حکومەت[3]. هەروەها ئینزینگ (Einzing) بەم جۆرە پێناسەی کردووە: کۆمەڵێك ڕێکار و کردەوەی دراوی و نادراوییە بە ئامانجی نەختینەیی، کە کاریگەرییان لەسەر سیستمی دراو هەیە[4]. هەر چی ئابووریناس جۆهانسنە (Johanson) بەم جۆرە پێناسەی کردووە: ئەو ئامرازەیە کە بانکی ناوەندی بۆ کۆنترۆڵکردنی خستنەڕووی پارە، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی بۆ بەدیهێنانی

ئامانجە گشتییەکانی سیاسەتی ئابووری بەکاری دەهێنێت[5]. هەروەها بەم شێوەیەش پێناسە کراوە: کۆمەڵێك بڕیاری حکومییە لەلایەن بانکی ناوەندییەوە دەردەچێت، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی قەبارەی ئەو دراوەی لە ئابووریدا دەستاودەستی پێ دەکرێت[6]. دەکرێت سیاسەتی دراو بەم جۆرە پێناسە بکرێت: کۆمەڵێك ئامراز و ڕێکار و هۆکارە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە ئابوورییە گەورەکان، لەلایەن دەسەڵاتدارانی دراوەوە پەیڕەو دەکرێت.

## ئامانجەکانی سیاسەتی دراو

سیاسەتی دراو هەوڵی بەدیهێنانی ژمارەیەك ئامانج لە تەواوی بوارەکانی ئابووریدا دەدات، لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاوازە، بە هۆی بارودۆخی ئابووری کە پێویستی بە هاوکاریی حکومەت دەبێت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دراو لە هەر دەوڵەتێکدا، تاوەکوو ئەولەویاتی خۆیان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دابنێن، بە مەبەستی کاریگەریدانان لەسەر خستنەڕووی دراو ئیدی بە زیادکردن یان کەمکردنەوەی بێت، لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجێکی دیاریکراودا[7]، ئەو ئامانجانەش بەسەر سێ ئاستدا دابەش دەکرێن:

### 1. ئامانجە یەکەمینەکانی سیاسەتی دراو

ئەم ئامانجە گۆڕاوەکان دەگرێتەوە کە بانکی ناوەندی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەدات بۆ کاریگەریدانان لەسەر ئامانجە مامناوەندییەکان. کاتێك بڕیاری گۆڕینی تێکڕای گەشەکردنی کۆی پارە دەدرێت، ئەوا پێویستە گۆڕاوی یەدەگی بانکەکان و مەرجەکانی بازاڕی پارە کە لەگەڵ کۆی پارەی ئەو ماوەیەدا دەگونجێت؛ وەربگیرێت. بەم ڕێکارەش ڕایەڵەی ئامرازەکانی سیاسەتی دراو لەگەڵ ئامانجە مامناوەندییەکاندا[8] پێکەوە دەبەسترێنەوە. لە ڕێگەی ئامانجە یەکەمینەکانەوە، دەسەڵاتی نەختینەیی لە بارەی ناوەرۆکی سیاسەتی دراوەوە ئاماژەی ڕوون و خێرا و دیاریکراو بۆ مامەڵەکاران و بۆ بازاڕ دەنێرێت.

ئامانجە یەکەمینەکان لە دوو کۆمەڵە گۆڕاو پێك دێن: کۆمەڵەی یەکەم، یەدەگە دراوییەکان دەگرێتەوە کە کۆی گشتیی یەدەگی بانکەکان و بنەمای دراو لەخۆ دەگرێت، هەروەها یەدەگی سپاردنە تایبەتەکان و یەدەگی قەرزنەکراویش دەگرێتەوە. هەر چی کۆمەڵەی دووەمە، پەیوەستە بە دۆخی بازاڕی دراو و یەدەگی بێبەرانبەر و تێکڕای ڕەسید و ڕێژەی سوودەکانی دیکە لە بازاڕی دراودا لەخۆ دەگرێت.

#### أ- حەوزی یەدەگی نەختینە

بنکەی دراو لە پارەی دەستاودەستکراو و یەدەگی بانکی پێك دێت، پارەی دەستاودەستکراو دراوی بانکی و پارەی یارمەتیدەر و پارەی سپێردراو بە بانك لەخۆ دەگرێت. هەر چی یەدەگی بانکییە، پارەی سپێردراو بە بانك لەلای بانکی ناوەندی و

یەدەگی یاسایی و یەدەگی زیادە و پارەی بەردەست لە خەزێنەکانی بانك لەخۆ دەگرێت. سەبارەت بەو یەدەگانەی بۆ سپاردنی تایبەت بەردەستن، بریتین لە کۆی یەدەگ کە یەدەگی ناچاری لەسەر پارە سپێردراوەکانی حکومەت و پارە سپێردراوەکان لە بانکەکانی دیکە لەخۆ دەگرێت. هەر چی یەدەگی قەرزنەکراوە، یەکسانە بە کۆی یەدەگەکان و کەمکردنەوەی یەدەگی ناچاری[9].

**ب- دۆخی بازاڕی دراو**

ئەم گرووپە یەدەگی ئازاد و ڕێژەی ڕەسیدی بانکی و ڕێژەی سوودی بازاڕی پارە لەخۆ دەگرێت، کە بانکی ناوەندی کۆنترۆڵی دەکات. بەگشتی بە واتای توانای قەرزوەرگرەکان و پێگەی خێرا یان هێواشیانە لە ڕێژەی گەشەی قەرز و ڕادەی ڕێژەی سوودی بەرز یان نزم و مەرجەکانی تری قەرزدان. نرخی سوودی ڕەسیدی بانکی بریتییە لە نرخی سوودی سەر ڕەسیدە قەرزکراوەکان بۆ ماوەیەکی کورت لەنێوان بانکەکاندا. یەدەگی ئازاد بریتییە لە یەدەگی زیادەی بانکەکان لەگەڵ بانکی ناوەندی، بە کەمکردنەوەی ئەو یەدەگانەی کە ئەم بانکانە لە بانکی ناوەندی بە قەرز وەریانگرتووە و پێی دەگوترێت پوختەی قەرز. ئەگەر یەدەگی زیادە زیاتر بێت لە یەدەگی قەرزکراو ئەوا ئەرێنییە، ئەگەر یەدەگی قەرزکراو زیاتر بێت ئەوا نەرێنییە[10].

**2. ئامانجە ناوەندییەکانی سیاسەتی دراو**

مەبەست لێی، ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە نەختینەییەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە کۆتاییەکان. ئەم ئامانجانە وەك نیشاندەرێك تەماشا دەکرێن کە گۆڕانکارییەکانی ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانی ئامانجی کۆتاییە کە پەیوەندیی بە سەقامگیریی دراوەوە هەیە. هەروەها بە گۆڕاوە دراوییەکان دەناسرێت کە لە ڕێگەی دەسەڵاتی دراوەوە دەتوانرێت چاودێری بکرێن. بە شێوەیەکی جێگر پێکەوە گرێ دراون و بە ئامانجە کۆتاییەکان دەخەملێنرێن، وەکوو تێکڕای گەشەکردنی ساڵانەی قەوارەی نەختینە و نرخی سوودەکان. ئامانجە ناوەندییەکان دوو سوودی هەیە، یەکەمیان بریتییە لە گۆڕاوە دراوییەکان کە بانکە ناوەندییەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەریان هەبێت. سیاسەتی دراو لە توانایدایە کاریگەری لەسەر هەڵئاوسانی کۆکراوەی دراو و نرخی ئاڵوگۆڕ و ڕێژەی سوود هەبێت، لە کاتێکدا ناتوانێت ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئاستی نرخ و بەرهەمهێنان و کرێ هەبێت. سوودی دووەمیش بریتییە لە ڕاگەیاندنی ستراتیژی سیاسەتی دراو[11].

**سێ مۆدێلی بنەڕەتی لە ئامانجە ناوەندییەکان هەن، ئەوانیش:**

**أ. ئاستی تێکڕای بنەڕەتیی سوود:** کینزییەکان پێیان باشە کە دەسەڵاتدارانی دراو بۆ ڕێنماییکردنی سیاسەتە دراوییەکان لە ڕێگەی

چەسپاندنی تا کەمترین ئاست، ڕێژەی سوود وەك ئامانجی ناوەندی وەربگرن. گۆڕانکارییەکانی نرخی سوود لە نیشانەی گۆڕانکارییەکانی دیکە زیاتر ئاسانتر دەردەکەون، چونکە دراوناسەکان زۆر گرنگی بە ڕێژەی سوود نادەن، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێژانە بە گۆڕانکارییەکانی خواست لەسەر پارە کاریان تێ دەکرێت. دەشڵێن کاتێك ئێمە گرنگی بە ڕێژەی سوود دەدەین، پێویستە بە ئاستی ڕاستەقینەی خۆیەوە بەسترابێتەوە، بەڵام بە هەمان شێوە خەڵکانێك لە تاکەکەکەس و کارگە و خێزان و پرۆژەکان، لە لایەکەوە لە ڕووی تێچووی قەرزەکانیانەوە بەرانبەر ڕێژەی سوود زۆر هەستیارن، لە لایەکی دیکەوە بە وەرگرتنی قەرەبووی بەکارهێنانی پاشەکەوتەکانیان. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر دەسەڵاتدارانی گشتی گرنگییەکی تایبەت بە هەڵئاوسانی ڕێژەی سوود بدەن. بەڵام کێشەکە لێرەدا لە دیاریکردنی باشترین ئاستدایە بۆ ئەم ڕێژانە، بۆیە پێویستە لەسەر دەسەڵاتداران لەم دۆخەدا لە مەودایەکی زۆر فراوان و لە ئاستێکی مامناوەنددا، پارێزگاری لە گۆڕانکارییەکانی ڕێژەی سوود بکەن بە جۆرێك لەگەڵ هاوسەنگی لە بازاڕەکاندا هاوتا بێت، چونکە لە مەودایەکی بەرفراواندا دەبێتە هۆی ڕوودانی هەڵئاوسانی ڕێژەی سوود، نەوەکوو هەڵئاوسان لە سنوورێکی دیاریکراودا. لەبەر ئەوەی پرۆسەی کەڵەکەبوونی ناهاوسەنگ کە لە ئەنجامدا قۆناغە یەکلەدواییەکەکانی هەڵئاوسان و چەقبەستوویی لێ دەکەوێتەوە، دەبێت دەسەڵاتدارانی دراو گۆڕانکارییەکانی ئەم ڕێژانە لە ناوخۆدا بە بڕێکی ڕێژەیی و لە پەراوێزێکی فراوان و لەدەوری ئاستە مامناوەندەکاندا بهێڵنەوە، کە لەگەڵ هاوسەنگی لە بازاڕەکاندا هاوتا بێت. هەروەها پەراوێزێك بهێڵنەوە، بە مەبەستی دروستکردنی بڕێکی گەورەتر یان کەمتر لەو پارەیەی کە بڕیارە بە هۆی ئامانجی چەندایەتی بۆ حەوزی دراو سنووردار بکرێت[12].

**ب. نرخی خەرجکردن:** نرخی ئاڵوگۆڕی دراو ئاماژەدەرێکی گرنگە بۆ نیشاندانی بارودۆخی ئابووریی هەر وڵاتێك، چونکە ئەم ڕێژەیە دەبێت لە ئاستێکی نزیك لە ئاستی هێزی کڕین بێت. هەروەها سیاسەتی دراو دەتوانێت لە هاوسەنگیی ئابووریدا بەشداری بکات، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی نرخی ئاڵوگۆڕی پارەی نەختینە لەبەرانبەر دراوەکانی دیکەدا. هەروەها هۆکارێکیشە بۆ دابەزاندنی هەڵئاوسان کە ئامانجی کۆتایی سیاسەتی دراوە. سەقامگیریی نرخی ئاڵوگۆڕی دراویش دەبێتە هۆی سەقامگیریی بارودۆخی ئابووریی وڵات لەبەرانبەر دەرەوەدا، هەر لەبەر ئەمەیە هەندێك لە وڵاتەکان بە ئامانجی مکوڕبوونیان لەسەر سەقامگیریی دراوەکەیان[13]، دراوەکانیان بە دراوی بەهێزەوە دەبەستنەوە.

بۆ زانینی ستراتیژیەتی ئابووری و دارایی هەر حکومەتێك، ڕێژەی ئاڵوگۆڕی دراو ڕۆڵێکی

گرنگ دەگیرێت، بۆیە نەخەملاندنی نرخێکی گونجاو بۆ ئاڵوگۆڕی دراو، چەندین دەرەنجامی نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە، لەوانە:

**1.** هەڵئاوسانی گەورەی بازاڕەکانی ئاڵوگۆڕ، بەتایبەتی لە دۆخی کڕین و فرۆشتن و ڕەفتاری نادروست و ناعەقڵانیدا، دەبێتە هۆی بێتوانایی بانکە ناوەندییەکان لە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی نرخی ئاڵوگۆڕکردندا.

**2.** پارێزگاریکردن لە ئاستێکی نزمتری ڕێژەی دراو دەبێتە هاندەری فشارەکانی هەڵئاوسان، دەبێتە هۆی گرتنەبەری سیاسەتێکی ئاسان لە کورتخایەندا، لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای پیشەسازی و هەناردەکاریی وڵات لە درێژخایەندا.

**3.** هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی ئاستێکی بەرزتر لە ڕێژەی دراو، دەبێتە هۆی دروستبوونی فشاری دابەزینی هەڵئاوسان لەسەر تاکەکان، هەروەها دەبێتە هۆی نەمانی هەندێك دامەزراوە کە توانای خۆگونجاندنیان نییە، ئەمەش گەشەکردن خاو دەکاتەوە و دەبێتە هۆی سیاسەتێکی توند کە دەتوانێت ببێتە هۆی شکست.

لەبەر ئەوە ئابوورییە فراوان و جۆراوجۆرەکان کە بە کرانەوەیەکی کەم بەسەر دەرەوەدا دەناسرێنەوە، بە هاوبەشێکی ئابووریی بنەڕەتییەوە پەیوەستن، لە هەموو ئامانجە ناوەندییەکانی سیاسەتی دراودا ناتوانن جەخت بکەنە سەر تێکڕای ئاڵوگۆڕ، چونکە لە دۆخی کڕین و فرۆشتنی دراوێکی دیاریکراودا، ئەگەر لەبەر هۆکارێکی بابەتی ئابووری نەبێت، ئەوا بانکی ناوەندی دەتوانێت لەبەرانبەر زیادەڕۆیی لە دروستکردنی دراوی نیشتمانیدا یەدەگی دراوی قورسی خۆی تەواو بکات، تاوەکوو بتوانرێت لە ناوخۆدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت[14].

**ج. حەوزی دراوی مامناوەند**

بریتییە لە نیشاندەری ئاماری بۆ بڕی پارەی دەستاودەستکراو، ڕەنگدەرەوەی توانای ئابووریناسە داراییە نیشتەجێبووەکانە بۆ خەرجکردن، لەلای دراوناسەکانیش ئامانجی ناوەندی دەسەڵاتی دراوە، ئەمەش بە جێگیرکردنی ڕێژەی گەشەی بارستەی پارە لە ئاستێکدا کە لە ڕێژەی ڕاستەقینەی گەشەی ئابووری نزیکە[15].

لەنێو پاساوەکانی بەکارهێنانی کۆی پارە وەك ئامانجی ناوەندی، ئەمانەی خوارەوە هەن:

**1.** حەوزی دراو سەرنجی بانکە ناوەندییەکان ڕادەکێشێت، چونکە هەژمارکردن و دیاریکردنی لە ئەستۆی ئەوانە.

**2.** جەماوەر دەتوانێت بەئاسانی بیناسێتەوە، بۆیە هەمووان دەتوانن بارستەی دراوەکە بناسنەوە و بیخەمڵێنن.

**3.** ئامانجە کۆتاییەکانی سیاسەتی دراو

ئامانجە کۆتاییەکانی سیاسەتی دراو بەو نیشاندەرانە پێناسە دەکرێن کە وڵاتێك لە چوارچێوەی ئامانجە ئابوورییە گەورەکاندا

هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، بە جۆرێك ستراتیژی سیاسەتی دراو بە دەستنیشانکردنی ئامرازە دراوییەکان دەست پێ دەکات کە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئامانجە سەرەتاییەکان بەکار دەهێنرێت، دواتر کاریگەریی لەسەر ئامانجە مامناوەندییەکان دەبێت تاوەکوو بگاتە ئەو ئامانجە کۆتاییانەی کە لەژێر ڕۆشنایی ئامانجە ئابوورییە گشتییەکاندا بەگشتی دەیکێشێت.

بەگشتی ڕێککەوتنێکی فراوان لەسەر ئامانجە سەرەکی و کۆتاییەکانی سیاسەتی ئابووری بە شێوەیەکی گشتی[16] و سیاسەتی دراو بە شێوەیەکی تایبەت[17] هەن، کە بریتین لە:

أ. بەدەستهێنانی سەقامگیری لە ئاستی گشتیی نرخەکاندا

ب. گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی بەکارهێنان

ج. هاندانی گەشەی ئابووری

د. هاوسەنگیی ترازووی پارەدان

ئەو ئامانجانەش بەم جۆرە ڕوون دەکرێنەوە:

**1. بەدیهێنانی سەقامگیری لە ئاستی گشتیی نرخەکاندا**

بەرزبوونەوەی نرخی دراوی هەموو کاڵاکان بە هەڵئاوسان دەناسرێت، ئێمە بەسادەیی بە بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان ناوزەدی دەکەین. بۆچوونی ئابووریناسان لەسەر هەڵئاوسان زۆر جیاوازە، هەندێکیان بە گەورەترین مەترسیی دەزانن، هەندێکی تریش پێیان وایە هەڵئاوسانێکی کەم لە هەر قۆناغێکی بووژانەوەی ئابووریدا سروشتییە. بەڵام هەڵئاوسان بە هۆی کاریگەرییە جیاوازەکانیەوە بابەتێکی نەخوازراوە، چونکە هەندێك لە خەڵکی لە هەندێکی دیکەیان زیاتر زیانیان پێ دەگات، لە کاتێکدا هەندێکیان دەتوانن داهاتەکانیان لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکاندا بگونجێنن، وەك بازرگانان، کە لەگەڵ زیادبوونی هەڵئاوساندا قازانجیان زیاد دەکات. هەر چی کرێکارانە، لە ڕێگەی سەندیکاکانی کرێکارانەوە دەتوانن پارێزگاری لە ئاستی کرێکانیان بکەن، بەڵام هەندێکی دیکە لەو کەسانەی کە ئاستی داهاتیان دیاریکراوە وەکوو ئەو کەسانەی کە مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، بە هۆی زیادبوونی ڕێژەی هەڵئاوسانەوە داهاتیان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت[18].


**2. بەدیهێنانی ئاستێکی بەرزی بەکارهێنان**

واتە بەدەستهێنان و بەکارهێنانی گونجاوی هەموو سەرچاوە ئابوورییەکانی بەردەست لە کۆمەڵگادا. ئامانجی گەیشتنە بە ئاستێکی بەرزی بەکارخستن. بەکارهێنانی گونجاوی هەموو سەرچاوە ئابوورییەکانی بەردەست لە کۆمەڵگادا، یەکێکە لە گرنگترین ئامانجە کۆتاییەکان کە سیاسەتی دراو کار بۆ بەدیهێنانی دەکات. بەکارنەهێنانی باشترین سەرچاوە ئابوورییەکان، یان پەککەوتنی هەندێك سەرچاوە لە کارکردن، تێچووی

ده‌رفه‌تی به‌دیلی ئه‌م ئابوورییه به‌دوای خۆیدا ده‌هێنێت. لێره‌دا پێویسته ئاماژه به‌وه بکه‌ین که ئامانجی به‌دیهێنانی به‌کارخستنێکی ته‌واو واته ڕێگه‌دان به تێکڕای بێکاریی نزم که له‌نێوان (٣-٥٪)دایه[19]، ئه‌م ڕێژه ڕێگه‌پێدراوه‌ش به چه‌ماوه‌ی فلیپس ناو ده‌برێت و له هێڵکاریی ژماره یه‌کدا ڕوون کراوه‌ته‌وه.

**هێڵکاریی ژماره (١)**

چه‌ماوه‌ی فلیپس (ڕێژه‌ی ڕێگه‌پێدراوی هه‌ڵئاوسان)




**3. هاندانی گه‌شه‌ی ئابووری**

سیاسه‌تی دراو له ڕێگه‌ی کۆنترۆڵکردنی قه‌باره‌ی قه‌رز و تێچووه‌که‌یه‌وه له هاندانی گه‌شه‌ی ئابووریدا به‌شداره، ئه‌مه‌ش به واتای به‌رزبوونه‌وه‌ی به‌رده‌وامی به‌رهه‌می ناوخۆیی ڕاسته‌قینه‌ی وڵات دێت، بانکی ناوه‌ندییش ده‌توانێت گۆڕانکاری له قه‌باره‌ی کۆی یه‌ده‌گی بانکه بازرگانییه‌کان و توانای دروستکردنی قه‌رز و کاریگه‌رییان له‌سه‌ر قه‌باره‌ی قه‌رزی بانکی بکات. سیاسه‌تی فراوانخوازیی دراو ده‌توانێت ڕێژه‌ی سوودی نزم بهێڵێته‌وه، ئه‌مه‌ش ده‌بێته هانده‌ری زیادبوونی خواست له‌سه‌ر قه‌رز و وه‌به‌رهێنان و گه‌شه‌ی ئابووری[20].


**4. هاوسه‌نگکردنه‌وه‌ی ته‌رازووی پاره‌دان**

سیاسه‌تی دراو ده‌توانێت دۆخی ناهاوسه‌نگی له ته‌رازووی پاره‌داندا هاوسه‌نگ بگات. له ئه‌گه‌ری کورتهێناندا، بانکی ناوه‌ندی ڕێژه‌ی داشکاندن به‌رز ده‌کاته‌وه، ئه‌وه‌ش هانی سه‌رمایه‌ی کورتخایه‌ن ده‌دات که به‌ره‌و ناوه‌وه بچێت بۆ هاوسه‌نگکردنه‌وه‌ی ته‌رازووی پاره‌دان یان گواستنه‌وه‌ی بۆ دۆخی سوود و که‌ڵکێکی بێشومار[21].

دەكرێت ئامانجە كۆتاییەكانی سیاسەتی دراو كە بە "چوارگۆشەی جادوویی كالدۆر[22]" دەناسرێت، لە هێڵكاریی ژمارە دوودا پوخت بكرێتەوە، بەم شێوەیە:

**هێڵكاریی ژمارە (2)**

ئامانجە كۆتاییەكانی سیاسەتی دراو




سەرچاوە: قدي عبد المجيد، المدخل إلى السياسات الاقتصادية الكلية - دراسة تحليلية تقييمية، ط١، ديوان المطبوعات الجزائرية، الجزائر، ٢٠٠٣، ص٣٤.

ئەو وێنەیەی سەرەوە دەریدەخات هەر كاتێك لە ناوەند نزیك ببینەوە، ئەوا بارودۆخ باشتر دەبێت، بەڵام كێشەیەك دووچاری داڕێژەران و پلاندانەرانی سیاسەتی ئابووری دەبێتەوە كە پەیوەستە بە پێكدادانی ئامانجەكانی سیاسەتی دراو، چونكە بە نزیكبوونەوە لە ئامانجێك، دەبێتە هۆی دووركەوتنەوە لە ئامانجێكی دیكە، هەر چەندە لە ڕووی پرەنسیپەوە پێكدادان نییە لەنێوان بەكارخستنی تەواو و گەشەی ئابووریدا، بەڵام لێكدژییەكە لەنێوان هاوسەنگكردنی تەرازووی پارەدان و بەگەڕخستنی تەواوەتییە، هەروەها دژایەتییە لەنێوان بێكاری و هەڵئاوساندا، لەنێوان سەقامگیریی نرخەكان و گەشەی ئابووریدا. لەبەر ئەوە گرنگە بۆ پلاندانەرانی سیاسەتی دراو ڕەهەندەكانی ئەو ئامانجانەی دەیانەوێت بەدیی بهێنن، بەهەند بگرن. بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی ئامانجی كۆتایی بۆ سیاسەتی دراو، پێویستە ئەم ئامانجە پێناسە بكرێت و فۆرمێكی ورد هەڵبژێردرێت كە خزمەت بە بارودۆخی ئابووری بكات.

**سێیەم: ئامرازەکانی سیاسەتی دراو**

بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی دراو بە شێوەیەکی نموونەیی ئامانجەکانی سیاسەتی دراو جێبەجێ بکەن، پێویستە ئامرازی نەختینەیی گونجاو هەڵبژێرن. ئامرازەکانی سیاسەتی دراو لەلای دەسەڵاتدارانی دراو لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، ئەوەش بە هۆی سروشت و بارودۆخی دۆخی ئابووریی ئەم دەوڵەتە لەوی تر، هەروەها بە هۆی سروشت و ئامانجە گشتییەکانی سیاسەتی ئابووری کە ئامانجە سیاسییەکانی دراو بەشێکە لێی، ئەولەویاتی جێبەجێکردنی ئەم ئامرازانە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە.

هەر دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە دەسەڵاتدارانی دراو کاتێك سیاسەتێکی دراو لە دەوڵەتێکدا جێبەجێ دەکەن، ئەوا دەبێت ئەولەویاتی ئامانجە سیاسییەکانی دراو دەستنیشان بکەن کە دەتوانن ئەو ئامانجانە بەدی بهێنن، ئەمەش لەسەر بنەمای زانیاریی دەسەڵاتدارانی دراو لە بارەی سیاسەتی گشتیی ئابووریی دەوڵەتەوە دەبێت[23]. ئامرازە سیاسییەکانی دراو بۆ ئامرازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دابەش دەبن، بەم شێوەیە:

**1. ئامرازی چەندایەتی (ناڕاستەوخۆ)**

ئەم ئامرازانە ئامانجیان کاریگەریدانانە لەسەر بڕی قەرزەکە نەك کوالێتییەکەی، واتە کاریگەری لەسەر بڕی یەدەگی نەختینە لە سیستمی بانکی و ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنی ناڕاستەوخۆدا. ئەوەش بە شێوەیەکی بەرفراوان لەو وڵاتانەدا بەکار دەهێنرێت کە خاوەنی سیستمی بانکیی پێشکەوتوون و بازاڕی دارایی و دراوی پێشکەوتوویان هەیە. ئەم ئامرازانە بریتین لە گۆڕینی ڕێژەی داشکاندن و کارکردنی بازاڕی کراوە و گۆڕینی ڕێژەی یەدەگی نەختینەیی یاسایی، کاریگەریی ناڕاستەوخۆ تایبەتمەندیی ئەو ئامرازانەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بڕی پارەی نەختینە نییە. بەو پێیەی بانکی ناوەندی سەرەتا کاریگەریی لەسەر بانکە بازرگانییەکان دەبێت، دواتر بانکە بازرگانییەکان کاریگەرییان لەسەر قەرزەکە دەبێت.

**أ. نرخی دووبارە داشکاندن**

ئەم ئامرازە کۆمەڵێك ڕێکار لەخۆ دەگرێت کە ئامانجیان کاریگەریدانانە لەسەر ئاستی ئەو قەرزەی کە بانکی ناوەندی پێشکەشی بانکەکانی دەکات. گرنگترینی ئەم ڕێکارانەش، ڕێژەی دووبارە داشکاندنە کە بریتییە لە ڕێژەی ئەو سوودەی کە بانکی ناوەندی لەبەرانبەر داشکاندنی قەواڵەکان و کاغەزە داراییەکان یان بەرانبەر ئەو پێشینانەی دەیبەخشێت، لە بانکەکانی وەردەگرێت[24].

سیاسەتی دووبارە داشکاندن کاریگەریی لەسەر قەرزی بانکی هەیە، بە هەمان شێوە کاریگەریی لەسەر خستنەڕووی پارەش هەیە، بە پێی ئەم میکانیزمەی خوارەوە[25]:

- ئەگەر بانکی ناوەندی هەست بەوە بکات کە ڕێژەی پارە لە ئەنجامی فراوانبوونی

زۆری قەرزەکان بۆ ئاستێکی نەخوازراو بەرز بووەتەوە و مەترسی لەسەر سەقامگیریی نرخەکان دروست دەکات، ئەوا بە ئامانجی کەمکردنەوەی کۆی گشتیی ئەو پارەیەی کە لە سووڕاندایە، دەبێت لە گرتنەبەری سیاسەتێکی دراوی بچووککراوەدا پەلە بکات، هەروەها بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی دووبارە داشکاندن، دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە کار بکات، واتە بەرزکردنەوەی تێچووی قەرز یان نەختینەیی کە پێشکەشی بانکە بازرگانییەکانی دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قەرزکردن لە بانکی ناوەندی، ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی نەبوونی یەدەگی پارەی پێویست لە بانکە بازرگانییەکان بە مەبەستی فراوانکردنی قەرزکردن یان قەرزدان.

- بەپێچەوانەوە، ئەگەر بانکی ناوەندی بە ئامانجی زیادکردنی دابینکردنی پارە[26] بۆ بووژاندنەوەی چالاکییە ئابوورییەکان بیەوێت سیاسەتێکی دراوی فراوانخوازی پەیڕەو بکات، ئەوا پەنا دەباتە بەر کەمکردنەوەی ڕێژەی داشکاندنەوە، بێگومان ئەمەش هانی بانکە بازرگانییەکان دەدات بۆ داواکردنی نەختینەیی زیاتر لە بانکی ناوەندییەوە، لە ڕێگەی گواستنەوەی بەشێك لە سەروەت و سامانە داراییەکانیان بۆ پارەی یاسایی بە مەرجێك تێچووی بەدەستهێنانی کەم بێت، بەمەش یەدەگی نەختینەیی خۆی و توانای دروستکردنی قەرز زیاد دەکات.

**ب. بازاڕی ئازادی کراوە**

بانکی ناوەندی وەك فرۆشیار یان کڕیاری کاغەزە داراییەکان و حکومییەکان دەچێتە ناویەوە. بانکە ناوەندییەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر نەختینەی بانکەکان هەبێت، دواتریش بۆ ماوەیەکی کورتخایەن کاریگەرییان لەسەر ڕێژەی سوود هەبێت، لە ڕێگەی کڕین و فرۆشتنی کاغەزە داراییە حکومییەکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کشانەوەی نەختینەی بانکەکان و بەپێچەوانەشەوە. کاتێك ئەرکی بانکی ناوەندی دەبێتە سنووردارکردنی فراوانبوونی ڕێژەی پارە، کە تەریبە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکاندا، ئەوا بانکەکە ئەو کاغەزانە لە بازاڕە دارایی و دراوییەکاندا دەفرۆشێت، ئەم کارەش دەبێتە هۆی ئەوەی کڕیاران ئەو کاغەزانە بە شێوەی نەختینەی شل لە بانکی ناوەندی بکڕن، ئەو کارەش یارمەتیدەرە بۆ هەڵمژین یان کەمکردنەوەی نەختینەی بەرز لە ئابووریدا، یان لە ڕێگەی پارەدان بە چێك کە لە بانکە بازرگانییەکان ڕادەکێشرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی قەبارەی یەدەگی نەختینەی ئەم بانکە بازرگانییانە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا هاتنەناوەوەی بانکی ناوەندی وەك فرۆشیاری کاغەزە داراییەکان، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانای بانکە بازرگانییەکان بۆ پێشکەشکردنی قەرز، ئەمەش بەشدار دەبێت

لە کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان و لە ئەنجامدا سەقامگیریی نرخەکانی لێ دەکەوێتەوە. پێچەوانەکەشی کاتێك ڕوو دەدات کە بانکی ناوەندی بە ئامانجی جووڵاندنی چالاکیی ئابووری سیاسەتێکی دراو بگرێتە بەر، ڕۆڵی کڕیاری بۆند و پشکی دارایی لە بازاڕی دراو و داراییدا بگێڕێت[27].

**ج. ڕێژەی یەدەگی یاسایی**

ئەو ڕێژەیە کە لەلایەن بانکی ناوەندییەوە بەسەر دراوی بانکی بازرگانیدا دەسەپێنرێت، لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە دەبڕێت و لەگەڵ خۆیدا بۆ هەژماری بانکی بازرگانی دەیگوازێتەوە، ئەم ڕێژەیەش بە پێی ئەو بارودۆخە ئابوورییە دیاری دەکرێت کە وڵات پیایدا دەڕوات. ئامانجی ڕاستەوخۆی هێشتنەوەی ئەم وەبەرهێنانانە لە بانکی ناوەندیدا، دڵنیابوونە لە سەلامەتیی پارەی وەبەرهێنەران، چونکە ئەم پارانە بۆ قەرزدان بەو بانکانە بەکار دەهێنرێن کە ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی یان نەبوونی نەختینە دەبنەوە، بە مەبەستی پاراستنی دۆخی داراییان بەباشی، هەروەها دڵنیاکردنەوەی وەبەرهێنەرانە لە پارەکانیان. ئامانجێکی تری لێبڕینی ئەم وەبەرهێنانە وەك یەدەگی یاسایی، بۆ کاریگەریدانانە لەسەر دابینکردنی پارەی بانکە بازرگانییەکان. بە نموونە؛ لە حاڵەتەکانی داکشانی ئابووریدا بانکی ناوەندی هەوڵ دەدات ڕێژەی یەدەگی یاسایی کەم بکاتەوە، تاوەکوو بانکەکان بڕێکی زیاتری وەبەرهێنانیان هەبێت، بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ پێدانی قەرز، پاشان فراوانکردنی دابینکردنی پارە بە مەبەستی ڕزگاربوون لە دۆخی داکشانی ئابووری.

بۆ کەمکردنەوەی تێچووی پارە بۆ قەرزوەرگران، بە دوو شێوە زیادکردنی ڕێژەی پارە بە پێویست دەزانرێت؛ یەکێکیان بە هۆی ئەو کێبڕکێیەوەیە کە لە ئەنجامی زیادکردنی پارەی بانکەکان ڕوو دەدات، کە دەبێتە هاندەری کەمکردنەوەی ڕێژەی سوود تاوەکوو زیاتر سەرنجی قەرزوەرگرەکان ڕابکێشێت. دووەمیان، کەمکردنەوەی تێچووی پارەیە لەسەر بانکە بازرگانییەکان، هەر چەندە چەندین هۆشداری لە بەکارهێنانی ئەم سیاسەتە دەدرێت، ئەم سیاسەتەش لە حاڵەتی هەڵئاوساندا کاریگەرترە وەك لە حاڵەتی داکشانی ئابووریدا، ئەوەش بە هۆی دابەزینی خواستە لەسەر قەرز لە دۆخی داکشاندا. ڕەخنەی ئەوەشی لێ دەگیرێت لە بەدیهێنانی کاریگەریی خوازراودا، ورد و توانای کشانی نییە. هەر چەندە گۆڕینی ڕێژەی یەدەگ، تەنانەت ئەگەر ڕێژەیەکی کەمیش بێت، ڕەنگە کاریگەریی زیاتری لەسەر دابینکردنی پارە هەبێت لەوەی کە لە سەرەتادا پێویستە. هەروەها ئەگەر یەدەگی زیادە لە بانکە بازرگانییەکاندا هەبێت، کاریگەریی ئەم سیاسەتە کۆتایی دێت.

گۆڕینی ڕێژەی یەدەگی یاسایی لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر، ستراتیژی وەبەرهێنان و ستراتیژی دەستکەوتنی پارە و خەملاندنی تێچوونی لەلای بانکە بازرگانییەکان دووچاری شڵەژان دەکات. دواجار ئەم ڕێژەیە ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگیرێت کە جیاوازی لەنێوان بانکە بچووك و گەورەکاندا ناکات، یان لەنێوان ئەوانەی کە یەدەگی زیادەیان هەیە یان یەدەگیان نییە. لە بەرامبەردا یەکێك لە باشییەکانی بەکارهێنانی ڕێژەی یەدەگی یاسایی ئەوەیە کە لەو وڵاتانەدا بەکار دەهێنرێت کە بازاڕی داراییان لاوازە، هەروەها بە خێراییەکەی لە دروستکردنی کاریگەریی خوازراو لەسەر دابینکردنی پارە جیا دەکرێتەوە، ئەمەش بە هۆی کۆنترۆڵی بانکی ناوەندی بەسەریدا بە شێوەیەکی تەواوەتی، بە پێچەوانەی ئامرازەکانی دیکەوە کە پشت بە ڕەفتاری بانکە بازرگانییەکان دەبەستن[28].

**2. ئامرازی جۆری (ڕاستەوخۆ)**

مەبەست لێی چاودێریکردنی ئەو ئاڕاستانەیە کە بانکە بازرگانییەکان قەرز و وەبەرهێنانی جۆراوجۆری تێدا دابەش دەکەن، ئامانج لێی ئاڕاستەکردنی قەرزە بەرەو هەندێك کەرت کە بە گرنگی ستراتیژی دیاریکراو یان بە فراوانبوونی نەخوازراو لە کەرتەکانی تردا دەناسرێنەوە، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕێژەی سوودی تایبەتەوە، وەك ئاسانکردنی مەرجەکانی پرۆژە پیشەسازییە بەرهەمهێنەرەکان بۆ وەرگرتنی قەرز بە بەراورد لەگەڵ ئەو قەرزانەی کە بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە یان بۆ کڕینی قەواڵە بە مەبەستی کڕین و فرۆشتن دەدرێن. ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی ئاڕاستەکردنی ڕەخنە بۆ کەناڵە نوێیەکان، کە باشترکردنی دۆخی ئابووری و بەرزکردنەوەی ڕێژەی گەشەی بەرهەمی نیشتمانیی وڵات لەئەستۆ دەگرن[29].

گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە بانکی ناوەندی بەکاریان دەهێنێت بریتین لە:

**1. ڕێنماییکردنی قەرز**

ئەم سیاسەتە وەك تەواوکەر و پشتیوانی سیاسەتەکانی دیکەی دراوە، لەدەوری ڕێکخستنی ئەو قەرزانە دەسووڕێتەوە کە بۆ کڕینی کاڵای بەکاربەری جۆراوجۆر دەدرێن، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی بڕی پارە و ماوەی گەڕاندنەوە و قەبارەی یەکەم پارەدانیان، بانکی ناوەندی لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت چارەسەر و کۆنترۆڵی کێشە ئابوورییەکانی وەك هەڵئاوسان یان داکشان بکات[30].

**2. کاریگەریی ڕاستەوخۆ**

بانکی ناوەندی قایلبوونی یان ڕەتکردنەوەی دەکاتە مەرج لەسەر ئەو قەرزانەی کە لەلایەن بانکە بازرگانییەکانەوە بە هەندێك کەرت دەدرێن. هەروەها ئەم شێوازە هەندێك ڕێوشوێنی زۆرەملێیانە لەخۆ

دەگرێت کە بەسەر بانکە بازرگانییەکاندا دەسەپێنرێت، لە دۆخی پابەندنەبوونیان بەو یاسا و ڕێنماییانەی کە چالاکیی بازرگانی ڕێك دەخەن[31]. ئەم ڕێوشوێنە ڕاستەوخۆیانە بریتین لە بەکارهێنانی ڕێژەی سوودی جیاواز، یان سەپاندنی ڕێژەی نرخی داشکاندنی هەڵبژێردراو لەسەر کاغەزە داراییەکان، یان بەخشینی مافی ئاڵوگۆڕی ڕێژەی یەدەگی یاسایی جۆرێکی دیاریکراو لە قەرزەکان بە بانکە بازرگانییەکان[32].

**٣. ڕازیکردنی ئەخلاقی**

بانکی ناوەندی هەوڵ دەدات بە بەکارهێنانی میتۆدی ڕازیکردنی ئەخلاقی یان سیاسەتی ڕاشکاوانە کاریگەریی لەسەر بانکە بازرگانییەکان هەبێت، تاوەکوو ئەم سیاسەتانە لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا بگونجێنێت کە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵات و کاریگەریی خۆی بە پێدانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی لە ڕێگەی ئامادەکردنی بڵاوکراوەی خولی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیا جۆراوجۆرەکاندا، بە مەبەستی ڕازیکردنی بانکە بازرگانییەکان و دامەزراوە داراییەکانی تر بۆ پەیڕەوکردن یان پەسەندکردنی سیاسەتێکی دیاریکراو. بەڵام ئەم شێوازە ئەگەر ئامرازەکانی دیکە پاڵپشتیی نەکەن کاریگەریی نابێت، چونکە گۆڕینی ڕەفتاری بانکە بازرگانییەکان و دامەزراوەکانی دیکە لە ڕێگەی هەڕەشەی زارەکی یان پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و ڕێنمایی کارێکی ئاسان نییە. لەمانەی پێشووەوە ڕوون دەبێتەوە کە بانکی ناوەندی پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ئامرازی جۆراوجۆر (ڕاستەوخۆ، چەندایەتی و چۆنایەتی)، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسەتی دراو کە بەشێکە لە سیاسەتی ئابووریی گشتی، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی یەکدەنگی و هاوئاهەنگیی نێوان ئەو ئامرازانەی بەکار دەهێنرێن لە لایەك، گونجانی سیاسەتی دراو لەگەڵ سیاسەتەکانی دیکە لە لایەکی دیکەوە[33].

**جۆرەکانی سیاسەتی دراو[34]:**

**1. سیاسەتی دراوی داکشاو**

ئەم جۆرە لە سیاسەتی دراو مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی هەڵئاوسان دەکات کە دووچاری ئابووریی وڵاتێك دەبێت، بە هۆی سنووردارکردنی دروستکردنی پارە و پاشەکشەی پرۆسەی کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە کاتی داکشانی توانای کڕیندا.

**2. سیاسەتی دراوی فراوانخواز**

ئامانجی ئەم سیاسەتە بریتییە لە چارەسەرکردنی قۆناغەکانی چەقبەستوویی یاخود داکشان کە ئابووریی نیشتمانی پیایدا گوزەر دەکات، واتە ڕەوتی ڕاستەقینە لە ڕەوتی نەختینە زیاترە، بۆیە بانکی ناوەندی بەدوای زیادکردنی پارەدا

دەگەڕێت، بەم جۆرە زیادکردنی خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان زیاد دەبێت، چونکە زیادبوونی دراو دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتی تاك و دامەزراوەکان و لەسەر کڕینی خواستی کاڵای هەمەجۆر هانیان دەدات.

**سیاسەتی دراو و هەرێمی کوردستان**

سیاسەتی دراو لە عێراق  و هەرێمی کوردستان هەمان سیاسەتە، چونکە بە پێی دەستوور هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ، بەڵام عێراق زیاتر لە هەرێم سوودی لەم سیاسەتە و نیشاندەر و ئامرازەکانی بینیوە، بەو پێیەی حکومەتی عێراقی هەرێمی پابەند کردووە بە جێبەجێکردنی بەندەکانی سیاسەتی دراو، بەڵام بە هەمان ئەندازە شایستە داراییە دراوییەکانی بە هەرێم نەبەخشیوە، هەر ئەوەش وای کردووە هەرێم بە بڕێکی گەورە سوود لەم سیاسەتە نەبینێت یان نەبێتە بەشێك لەو سیاسەتە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکییە سیاسییانەی لەنێوان عێراقی فیدراڵ و هەرێمدا هەیە و لێکەوتەی نەرێنیی لەسەر بواری دراو و دارایی هەبووە.

پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم هەندێك ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر تاوەکوو بتوانێت چارەسەری ئەم کێشە هەڵپەسێردراوانە لەنێوان خۆی و حکومەتی عێراقدا بکات، چ ئەو کێشانەی پەیوەستن بە بودجەی هەرێمی کوردستان و پشکی لە داهاتەکانی حکومەتی فیدراڵی یان کێشە سیاسی و ئابووری و دارایی و دراوییەکانەوە. لەو ڕێکار و سیناریۆیانەی کە ئێستا حکومەتی هەرێم دەتوانێت پەیڕەویان بکات، ئەمانەن:

1. چالاککردنی لقی بانکی ناوەندیی عێراقی لە هەریەکە لە هەولێر و لە سلێمانی، ڕاستەوخۆ بەستنەوەیان بە بانکی ناوەندیی عێراقەوە، تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە بتوانێت چارەسەری دواکەوتنی خەرجکردنی شایستەکانی هەرێم لەلای حکومەتی ناوەندی بکات.
2. چالاککردنی ڕۆڵی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە بەغدا لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەندین چالاکییەوە کە تایبەت بن بە گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا (حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم)، ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق.
3. کردنەوەی لقێکی نوێنەرایەتیی حکومەتی فیدراڵی لە هەریەکە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، هەماهەنگی لەنێوان ئەم نوێنەرایەتییانە و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە بەغدا، تاوەکوو پێکەوە بتوانن چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوو لا بکەن.

**4.** بەستنەوەی بانکە حکومییەکان لە هەرێم لەگەڵ بانکی ناوەندی لە عێراقی فیدراڵی، تاوەکوو هاوڵاتییانی هەرێم و ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێم بتوانن سوود لە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانە ببینن کە ئەم بانکانە لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق پێشکەشی هاوڵاتییانی عێراق دەکات.

**5.** بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم لە کاتی دروستکردنی سیاسەتەکانی ئابووری و دارایی و دراوی و بازرگانی لە عێراقی فیدراڵ، تاوەکوو ئەم سیاسەتانە تەنها لە بەرژەوەندیی لایەنێکی دیاریکراو و فەرامۆشکردنی لایەنەکانی دیکە لە دەوڵەتدا نەبن.

**دەرئەنجام**

**1.** سەقامگیریی سیستمی بانکی: بۆ بەگەڕخستنی چالاکیی ئابووری و پاراستنی لە لێکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان؛ بە کارێکی پێویست دادەنرێت، ئەمەش بە هۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە سیستمی بانکی لە ئابووریی هاوچەرخدا دەیگێڕێت.

**2.** لاوازیی ئامرازەکانی سیاسەتی دراو کە لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقییەوە پەیڕەو دەکرێت، بە هۆی:

- سنووردارییی بازاڕی بۆرسە لە عێراق، بەتایبەت بازاڕی بەغدا، بەو پێیەی هێشتا تەواوی مەرجەکانی بازاڕێکی ماماوەندی تێدا نییە کە لە فراوانکردنی بزاوتی دەستاودەستکردنی کاغەزە داراییەکاندا بەشدار بێت، بەو هۆیەوە لە بەکارهێنانی ئامرازە ناڕاستەوخۆکاندا بووەتە بارگرانی لەسەر بانکی ناوەندیی عێراق، بەتایبەتی لە پرۆسەکانی بازاڕی کراوە و نرخی دووبارە داشکێنراودا.

- لاوازیی کاریگەریی ڕێژەی یەدەگی نەختینەی یاسایی لەسەر توانای بانکە بازرگانییەکان بۆ پێدانی قەرز، چونکە بانکە بازرگانییەکان لە عێراق بە هۆی بەرزیی ڕێژەی هەڵئاوسانەوە خاوەنی نەختینەیەکی بەرزن.

**3.** لاوازیی ئەدای بانکە عێراقی و کوردستانییەکان، بە هۆی لاوازیی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری و چاودێری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی باڵای بانکەکان و بەرزیی ڕێژەی قەرزەکان و بەکارنەهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن، ئەمەش بووەتە هۆی دابەزینی ئەدای بانکە عێراقی و کوردستانییەکان.

**4.** لاوازیی کاریگەریی ئامرازەکانی سیاسەتی دراو لەسەر پێوەرەکانی سەقامگیریی بانکەکان، بە هۆی هەڵئاوسانی بڕی بارستەی پارە و تەسکیی سیستمی بانکیی عێراق و سنوورداربوونی بازاڕی دارایی و دراو و بەرزیی ڕێژەی بێکاری، هەموو ئەو ئاستەنگانەش بوونەتە هۆی لاوازیی کاریگەریی ڕێوشوێنەکانی سیاسەتی دراو لەسەر نیشاندەرەکانی سەقامگیریی بانکی.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

1. کارکردن بۆ پەرەپێدانی ڕێسا و ڕێنمایی سەلامەتیی بانکیی پێویست بۆ پشتگیریکردنی سەقامگیریی بانکی، پارێزگاریکردن لە بەردەوامبوونی لەبەرانبەر قەیرانەکاندا.

2. کاراکردنی ئامرازەکانی سیاسەتی دراو کە ئێستا لە عێراق بەکار دەهێنرێت، بە مەبەستی مۆدێرنکردن و پەرەپێدان و زیادکردنی کارایی بازاڕی بۆرسە لە عێراقدا، تاوەکوو لەگەڵ پێشهاتەکانی بازاڕەکانی جیهاندا بگونجێت. هەروەها پەرەپێدانی ڕۆڵی چاودێری و سەرپەرشتیی بانکی ناوەندیی عێراق لەسەر بانکە عێراقییەکان لە ڕووی پابەندبوونیان بە ڕێسا و یاساکان و چالاککردن و کاراکردنی کەرتی بانکی، بۆ خزمەتکردنی بنیاتنانی ژێرخانێکی بانکی کە لەگەڵ گەشەپێدانی بانکە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت.

3. کارکردن بۆ باشترکردنی ئەدای بانکە عێراقییەکان و دۆزینەوەی ڕێگای پێویست بۆ فراوانکردنی بازنەی چالاکییەکانیان، بە مەبەستی دابینکردنی دارایی بۆ پرۆژەکانی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان، هەروەها بەکارهێنانی شێوازی بانکی و تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیاراندا، ئەوەش لە گەشەکردنی پێوەرەکانی سەقامگیریی بانکیدا یارمەتیدەر دەبێت.

4. هاندانی بانکەکان تاوەکوو بۆ پاڵپشتیکردن لە ئاڕاستەکانی سیاسەتی دراو بەرەو بازاڕ بڕۆن، بە مەبەستی دابینکردنی قەرز و دارایی بانکی کە لە حاڵەتی بەئامانجگرتنی بەرهەمی گشتیی ناوخۆیی و چارەسەرکردنی لایەنەکانی بێکاری و چەقبەستوویی ئابووری و فراوانکردنی سیستمی بانکی عێراقدا پێویستن، ئەمەش بەربەستێکە لەبەردەم گواستنەوەی کاریگەرییەکانی سیاسەتی دراودا، کە لە بەهێزکردنی سەقامگیریی بانکی لە وڵاتدا یارمەتیدەر دەبێت.

## سەرچاوەکان


١- البنك الأهلى المصري، النشرة الاقتصادية، المجلد56 ، العدد 4، 2003، ص37.

٢- د. عبد الحسين جليل الغالبي، مصدر سابق، ص171.

٣- للمزيد في ذلك ينظر:

Micheal Burda & Charles Wypolsz, Macroeconomics (Aeurpean Text), 2d. Edition, Oxford University Inc, New York, First Publish, 1997, PP.190-191.

4- Enzing .P,Monetry policy – Ends & Means , (London: Oxford Wyman Publishing ,1964) , P(49-51).

5- L . Ritter , W . Sliber , Money , (London : Basic books , 1973), P.3 .

6- Christopher Ragan ,"Why Monetary Policy Matters-A Canadian Perspective" , September 2004, .PP(1-2). By web:Http://:www.mcgill.ca

٧- عود محمد الكفراوي، السياسة المالية و النقدية في ظل الاقتصاد الإسلامي، ط1، مركز الإسكندرية للكتاب، 2006، ص161.

٨- باري سيجل، مصدر سابق، ص317.

٩- برعي محمد خليل، سويفي عبد الهادي، النقود والبنوك، ط1، مكتبة نهضة الشروق، جامعة القاهرة، 1984، ص61.

١٠- أحمد أبو الفتوح ناقة، نظرية النقود والبنوك والاسواق المالية، ط1، مؤسسة شباب الجامعة، القاهرة، 1998، ص134.

١١- د. وسام ملاك، النقود والسياسات النقدية الداخلية، ط1، دار المنهل اللبناني للطباعة والنشر، لبنان، 2000، ص193.

١٢- د. وسام ملاك، مصدر سابق، ص197.

١٣- قدي عبد المجيد، المدخل الى السياسات الاقتصادية الكلية - دراسة تحليلية تقيمية، ط1، ديوان المطبوعات الجزائرية، الجزائر، 2003، ص75.

١٤- د. وسام ملاك، مصدر سابق، ص205.

١٥- يوسف كمال محمد، السياسة النقدية والمصرفية الاسلامية، ط1، دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، مصر، 1996، ص28.

١٦- نبيل حشاد، استقلالية البنوك المركزية بين التأييد والمعارضة، ط1، اتحاد المصارف العربية، بيروت، 1994، ص50.

17- Freidman, Milton, The ptimum quantity of money and other wssay, London, Macmillan, 1973, p95.

١٨- د. أكرم الحوراني، د. عبد الرزاق حسن حساني النقود والمصارف، ط1، منشورات جامعة دمشق، كلية الاقتصاد، دمشق، 2011، ص219-218.

١٩- د. السيد متولي عبد القادر، اقتصاديات النقود والبنوك، ط1، دار الفكر ناشرون وموزعون، عمان - الاردن، 2010، ص195.

٢٠- أ. د. هيل عجمي جميل الجنابي، رمزي ياسين يسع أرسلان، النقود والمصارف والنظرية النقدية، ط1، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان - الاردن، 2009، ص260.

٢١- أ. د. عبد الحسين جليل الغالبي، مصدر سابق، ص179-178.

٢٢- نیكۆلاس كالدۆر: ئابووریناس و ئه‌كادیمیستی بەریتانی بە بنەچە بولگاری، لە (12/ئایار/1908) لەدایك بووە. لە ڕووی فیكرییەوە سەر بە قوتابخانەی كینزییە لە ئابووریدا، بە یەكێك لە جەمسەرەكانی دادەنرێت، بە چوارگۆشە ئابوورییەكەی بەناوبانگە كە ناوی خۆی هەڵگرتووە (چوارگۆشەی كالدۆر)، كە وێنەیەكی هێڵكارییە بۆ بەڕێوەبردنی ئابوورییەكی دیاریكراو لە ڕێگەی چوار نیشاندەرەوە كە ئامانجە كۆتاییەكانی سیاسەتی دراو لەخۆ دەگرن.

٢٣- نجيب عبد الله الشامسي، القطاع المصرفي والسياسة النقدية في الامارات العربية المتحدة (1998-1946)، ط1، المسار للدراسات والاستشارات والنشر، الامارات العربية المتحدة، 1999، ص272-271.

٢٤- د. زكريا الدوري، د. يسرى السامرائي، مصدر سابق، ص196-194.

٢٥- د. أكرم محمود الحوراني، د. عبد الرزاق حسن حساني, مصدر سابق، ص226-225.

٢٦- د. أكرم محمود الحوراني، د. عبد الرزاق حسن حساني، المصدر نفسه، ص226 227-.

٢٧- صادق راشد الشمري، إدارة المصارف - الواقع والتطبيقات العملية، ط1، دار الصفاء صفاء للنشر والتوزيع، عمان، 2009، ص142-141.

٢٨- د. أكرم حداد، مشهور هذلول، النقود والمصارف (مدخل تحليلي ونظري)، ط2، دار وائل للنشر، عمان - الأردن، 2008، ص189-188.

٢٩- د. عوض فاضل إسماعيل، النقود والبنوك، ط1، مطبعة دار الحكمة للطباعة والنشر، الموصل، 1990، ص-612 613.

٣٠- د. عوض فاضل، مصدر سابق، ص614-613.

٣١- د. عوض فاضل اسماعيل، المصدر نفسه، ص615 .

٣٢- د. عبد المنعم السيد علي، اقتصادات النقود والمصارف في النظم الرأسمالية والاشتراكية والأقطار النامية، ج2، مطبعة جامعة الموصل، 1984، ص290-289.

٣٣- باري سيجل، مصدر سابق، ص275.

٣٤- د. وديع طوروس، الاقتصاد الكلي، ط1، المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان، 2010، 223.

# ئایندەناسی

# تویێژینەوەی وەرگێڕدراو

# کاریگەری جەنگی ئۆکرانیا لەسەر جموجووڵی ئابووریی جیهانی و دیاردەی هەڵئاوسان

نووسەران: داریۆ کالدارا، سارا کۆنلیسک، ماتیۆ ئیاکۆڤیێلۆ و مادی پێن[1]

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد

سەرچاوە: دەستەی پارێزگارانی سیستمی یەدەگی فیدراڵی لە واشنتۆن (The Federal Reserve System)

لینک: The Fed - The Effect of the War in Ukraine on Global Activity and Inflation (federalreserve.gov)



تێبینی: کۆتا نوێکردنەوەی (update) ئەم بابەتە، لە ڕێکەوتی ٢٧ی ئایاری ٢٠٢٢-دا ئەنجام دراوە.

**پوختە**

لەپاش لەشکرکێشیی سوپای ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، مەترسییەکی گەورە لەسەر تێکچوونی هاوسەنگیی جیۆپۆلەتیکیی جیهانی ڕووی داوە. ئەم مەترسییە ڕۆژبەڕۆژ لە هەڵکشاندایە، بە جۆرێک پسپۆڕانی بواری ستراتیژیی سیاسی و جیۆئەمنی، شارەزایانی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، جەمسەرە سەرەکییەکانی بازاڕی جیهانی و لێکۆڵیارانی جیۆئیکۆمۆنی؛ پێشبینی دەکەن جەنگەکە لێکەوتەیەکی گەورەی لەسەر ڕاکێشانی جووڵەی ئابووری و بەرزبوونەوەی دیاردەی هەڵئاوسان هەبێت، لە کاتێکدا ئەم کاریگەرییە نەرێنییە دەرئەنجامێکی توند و مەترسیدار لەسەر هەڵکشانی نادڵنیایی و بێمتمانەیی لە سێکتەری ئابووریی جیهانیدا دروست کردووە(2). وەک نموونەیەک بۆ دروستبوونی ئەم نیگەرانییە جیهانییە، هەروەها نیشاندانی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم قۆناغە، ڕاپۆرتی کۆتایی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی لە بارەی ئایندەی دۆخی ئابووریی جیهان کە لە کۆتایی مانگی نیسانی ٢٠٢٢دا ئەنجامی داوە، پتر لە دوو سەد جار تێچێنی لە بارەی چەمکەکانی "جەنگ و وێرانکاری" لەنێو فەرهەنگەکەیدا بەکار هێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەو کاریگەری و پێشبینییانە لە ئێستادا خەریکە بەدی دێن، بەتایبەت ئەو هەلومەرجە مەترسیدارەی بەسەر ئابووریی ڕووسیا و ئۆکرانیادا هاتووە کە لە ئەنجامی لێکەوتە ڕاستەوخۆکانی جەنگ و ئەو سزا ئابووری و نێودەوڵەتییانەی بەسەر ڕووسیادا سەپێنراوە، بە شێوەیەکی توند و نائاسایی دۆخی ئابوورییان دووچاری شپرزەیی و داکشانی خێرا کردووەتەوە، ساغکردنەوەی بەرهەم و کاڵاکان لە گێژاوێکی بێبازاڕیدان، بۆرسە لۆکاڵی و بازاڕە داراییەکان هەر لە دەستپێکی جەنگەوە لە دۆخێکی ناسەقامگیردایە، بەم چەشنە لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتە سیاسی و ئابوورییانەدا پرسیارێکی سەرەکی دەورووژێت، کە ئایا ناجێگیریی دۆخی جیۆپۆلەتیکی و گرژییە جیۆئەمنییەکان، تا چەند قورسایی لەسەر چالاکییە ئابوورییەکان لە ساڵی ٢٠٢٢ و دواتریشدا جێ دەهێڵن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لەنێو تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین سەرەتا بەرزبوونەوە و هەڵکشانی ئاستی ئەم دواییەی مەترسییە جیۆپۆلۆتیکییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی دوو پێوەر لەسەر بنەمای شیکاریی دەقی و ژمارەیی بخەینە ڕوو، کە یەکەمیان پشتئەستوورە بە خستنەڕووی داتا و زانیاریی ناو ڕۆژنامە جیهانییەکان، هەر چی دووەمیانە لەسەر بنەمای ڕێژەیی قازانج و داهاتی کۆمپانیاکان بونیاد نراوە.

لەم ڕووەوە بە پشتبەستن بە جووڵە سەربازییەکان و پێوەرە ژمارەییەکان، دەتوانین

نموونەیەک لە مۆدێلێکی ئابووریی پاڵپشت بە داتا و زانیارییەکانی ئەم دواییانەی ئابووریی جیهانی بەکار بهێنین، تاکوو بە سوودوەگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو لێکەوتە مەزنەکانی ئەو جموجووڵە لەسەر ناهاوسەنگیی جیۆپۆلەتیکیی جیهانی و مەترسییە سەرەکییەکانی بخەینە ڕوو.

ئەنجامی سەرەکیی توێژینەوەکە ئەوە نیشان دەدات کە پاش هێرشەکانی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، مۆدێلێکی نوێ لە هەڵکشانی چاوەڕوانکراو لە ئاست مەترسیی ناهاوسەنگییە جیۆپۆلەتیکییەکان ڕووی داوە، کە کاریگەرییە مەزنەکەی لەسەر ئابووریی جیهانی (GDP) بۆ ساڵی ٢٠٢٢ چەند هێندەیە بەراورد بە ئابووریی جیهانی لە دۆخی سەقامگیریی دوور لە جەنگدا. هەر بۆیە لەنێو ئەم مۆدێلە نوێیەدا جەنگ و وێرانکاری گوشارێکی فراوانی لەسەر دروستکردنی قەیران و کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی جیهانیی بۆ نزیکەی 1،5% ڕسکاندووە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکانی لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان لەسەر ئاستی جیهان بە گوژمەی 1،3 خاڵ زیاد کردووە، بەم جۆرە لێکەوتە نەرێنییەکانی ئەم مۆدێلە لە مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان لە ڕێگەی داکشانی ڕێژەی بەکاربردن، بەرزبوونەوەی نرخەکان و ئاڵۆزبوون و بێسەروبەریی بازاڕە داراییەکان؛ بە خێراییەکی ڕێژەیی دەبینرێن. وێڕای ئەوە، پاڵپشت بە پێوەرە بنەڕەتییەکانی ئاستی قازانج و داهاتی کۆمپانیا زەبەلاحەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە پێدەچێت لە ئاییندەدا زەبرێکی ئابووریی گەورە و کاریگەر بەر ئابووریی ئەورووپا بکەوێت و زۆرترین مەترسیی هەڵئاوسان و دروستبوونی قەیرانی ئابووری بە مۆدێلی ئەورووپایی دروست ببێت بەتایبەت لەنێو پیشەسازیی بەرهەمهێنانی کاڵا خزمەتگوزارییەکاندا، کە لێکەوتە سەرەکی و ڕاستەوخۆکانی بە زیادبوونی نرخی کاڵاکان دەست پێ بکات.

**پێوانەکردنی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان**


تێگەیشتن لە کاریگەرییە ژمارەییەکانی بەرزبوونەوەی ڕادەی گرژییە جیۆپۆلەتیکییەکان پێویستی بە ئاڵنگارییەکی سەرەکی هەیە کە پەیوەندیی بە پێوانەکردنیانەوە هەیە، لێرەدا یەکەمین پێوەرمان هەڵسەنگاندنەکانی مەترسیی جیۆپۆلەتیکی (کالدارا - یاکۆڤیێلۆیە) (GPR)، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی گەڕان و پشکنین بۆ ئەو بابەتانەی لەنێو ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە کە باس لە ڕووداوە جیۆپۆلەتیکییە نەرێنییەکان و لێکەوتە و مەترسییە پەیوەندیدارەکان دەکات، بەم هۆیەوە ئیندێکسی (GPR) تیشک دەخاتە سەر پشکینین و گەڕان بەدوای ململانێ توندەکانی وەک: (جەنگ، هێرشی تیرۆرستی، بارگرژیی نێوان وڵاتان، ناکۆکیی نێوان کارەکتەرە سیاسییەکان)، یاخود هەموو ئەو بارگرژییانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر

ئاڕاستە و ڕەوتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان جێ بهێڵێت[3]. ئەم پێوەرە لە ساڵی ١٩٠٠ کارا بووە، ئەویش لەسەر بنەمای گەڕانێکی خولی و ئۆتۆماتیکی لەنێو دەقی ڕۆژنامە گرنگەکانی وەک (شیکاگۆ تریبیون، نیویۆرک تایمز، واشنتۆن پۆست)، هەروەها لە ساڵانی ڕابردوودا پێوەرەکە پشتی دەبەست بە حەوت ڕۆژنامەی دیکە لە ئەمەریکا، بەریتانیا و کەنەدا.

وێنەی یەکەم، پێوەرەکانی "GPR" لە ساڵی (١٩٧٠)ەوە نیشان دەدات، کە ڕادەی بەرزبوونەوەی ناو وێنەکە (پێوەرەکە) پەیوەندیدارن بە مەترسی و لێکەوتەی جەنگەکان یان ڕووداوە تیرۆریستییە گەورەکان. شیاوی باسە ئەم پێوەرە لەپاش لەشکرکێشیی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ و مەترسیدار هەڵکشاوە، بە جۆرێک لە ئازاری (٢٠٢٢)ەوە هەڵسەنگاندنی ئەم پێوەرە گەیشتە یەک لە بەرزترین ئاستەکان لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا، کە بەراورد کراوە بە هەڵکشانێکی لوتکەیی هاوشێوە لە قۆناغی جەنگی کەنداو و عێراقدا.

**وێنەی (1)**

پێوەرەکانی مەترسیە جیۆسیاسییەکان




**تێبینی:** ژمارەکان لەسەر بنەمای پێوەرەکانی مەترسیە جیۆپۆلەتیکییەکان (کالدارا – یاکۆڤێلۆ) (GPR)ە کە لە کانوونی دووەمی 1970 تا ئایاری 2022 نیشان دەدات، پێوەرەکە پشت دەبەستێت بە هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی (GPR) کە لە 1970 تا 1984 بونیاد نراوە، تاکوو هەڵسەنگاندنی کۆتایی (GPR) لە ساڵی 1985دا، بەڵام بە سەرنجدان لە وێنەکە، دەردەکەوێت کە بە درێژایی ماوەی نێوان (1985-2019) هەڵسەنگاندنی پێوەرەکە تا ڕادەیەکی بەرچاو ئاسایی بووەتەوە بۆ ئاستێکی مامناوەند کە یەکسانە بە ١٠٠ نمرە.


**سەرچاوە:** ژمێریاریی دەستەی یەدەگی فیدراڵی لەسەر بنەمای "داریۆ کالدارا" و "ماتیۆ ئیاکۆڤێلۆ" (2022)، "پێوانەکردنی مەترسیی جیۆسیاسی"، پێداچوونەوەی ئابووریی ئەمەریکی.

---

لە لایەکی دییەوە دوو لە گرنگترین پێوەرە گشتییەکان کە هەڵسەنگاندنی "GPR"ی لەسەر بونیاد نراوە، بریتین لە پێوەرەکانی لێکەوتەی جەنگ یاخود هەڕەشە جیپۆلەتیکییەکان لەسەر ناوچە و شوێنگەی تر کە ناوچەی ڕاستەوخۆی شەڕ نییە، لەمەوە "GPT" کاری ژمێرەیی بۆ سەرجەم ئەو نیگەرانییانەش دەکات کە پانتایی ناسەقامگیری و کاریگەریی بارگرژی و ململانێکان لەسەر ناوچەی دەرەوەی ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکان جێ دەهێڵێت، یان ئەو شوێنانەی بەناڕاستەوخۆ دەکەونە بەر مەترسی. هەروەها یەکێکی دی لە پێوەرەکان "GPA"ە بۆ دەرخستنی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان، جووڵە کردەییەکانە لەوادەی دەستپێکردنی ڕووداوەکان[4]، وەک لە (وێنەی دووەم - A)دا نیشاندراوە، بەچەشنێک پێوەرەکانی

**وێنەی (٢)**

نیگەرانییە جیۆسیاسییەکانی ئەم دواییە




**تێبینی:** پانێڵی چەپ جووڵەکانی ئەم دواییە لە پێوەرەکانی "GPR" و دوو پێکهاتە لاوەکییەکەیدا دەخاتە ڕوو، پێوەرەکانی هەڕەشە جیۆپۆلەتیکییەکان (GPT) و کردەوە جیۆپۆلەتیکییەکان (GPA) نیشان دەدات. پانێڵی ڕاست پەرەسەندنی پشکی پەیوەندییەکانی داهاتی کۆمپانیا جیهانییەکان دەخاتە ڕوو، کە باس لە نیگەرانییەکان دەکەن سەبارەت بە ململانێی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا. جێگەی باسە هەردوو پانێڵەکە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ تا مانگی ئایاری ٢٠٢٢ دەگرێتەوە.

**سەرچاوە:** ژمێریاریی ئەندامانی دەستەی یەدەگی فیدراڵی، ناسراو بە "دەستەی زیرەکی بازاڕی جیهانی" (S&P)

"GPT" لەنێوان مانگەکانی کانوونی دووەم و ئازاردا بەرزبووەتەوە، بەڵام لەمانگەکانی نیسانو ئایاردا دابەزیوە، ئەم شیکارییەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا دەگونجێت کە دەرئەنجامە توندەکانی جەنگەکە، وەک بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی چەند وڵاتێک یان زیاتر، ڕەنگە تا ئەندازەیەک کەمتر هەستپێ بکرێت. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین هەمان پێوەری "GPR" کە لەپاش جەنگ و داگیرکارییەکانەوە هەڵکشابوو، بە شێوازێکی نەرم و لەسەرخۆ پاشەکشە دەکات.

لەم توێژینەوەیەدا داتا و زانیارییەکانی ناو پێوەرەکانی "GPR" لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنێکی تر و بە پێوەری دووەم کە تایبەتە بە مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان پشتڕاست دەکەینەوە، ئەویش لە ڕێگەی گەڕان بەدوای دۆکیۆمێنت و بەڵگە نووسراوەکانی داهاتی کۆمپانیا زەبەلاح و جیهانییەکان کە لەسەر بنەمای لەشکرکێشەییەکەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بونیاد نراوە[5]. بە پێی ئەم پێوەرە، بۆچوونە نەرێنییەکانی کۆمپانیاکان لە بارەی ململانێکانەوە لە ڕێگەی کۆنفرانسە جیهانییەکان بۆ خستنەڕووی بڕی داهات لە سەرانسەری جیهاندا خراونەتە ڕوو، ئەمەش دەریدەخات ٤٠%ی سەرجەم ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە بڕی داهاتی کۆمپانیاکان لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢دا، ڕاستەوخۆ کاریگەریی ململانێی جەنگەکەیان لەسەر بووە، ئەمەش وەک لە "پانێڵی ڕاست"دا دەردەکەوێت، پێوەرەکانی مەترسیی جیۆپۆلەتیکی لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی داهات و پشکەکان، ڕێژەیەکی داینامیکیی چوونیەک و هاوشێوە لەگەڵ پێوەرەکانی داتا و زانیاریی ناو ڕۆژنامەکان نیشان دەدەن، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پێوەرەکانی "GPR" لەسەر بنەمای زانیاریی ناو ڕۆژنامەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیان بە بڕی قازانج و داهاتی کۆمپانیاکان و سیستمی وەبەرهێنەرانەوە هەیە.

**دیاریکردنی ژمارەی کاریگەرییەکانی مەترسییە "جیۆسیاسییە بەرزەکان" لەسەر بەرهەمی ناوخۆیی (GPD) و دیاردەی هەڵئاوسان**

بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی مێژووییەوە قۆناغەکانی بەرزبوونەوەی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان کە لێکەوتەی نەرێنی و مەترسیداریان هەبووە، تا ئەندازەیەکی بەرچاو پەیوەندیی خراپیان لەسەر چالاکییە ئابوورییە جیهانییەکان جێ هێشتووە[6]، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی جەنگەکان سەرمایەی مرۆیی و فیزیکی لەناو دەبەن، سەرچاوە و ماتەوزەی


بەرهەمهێن دەگۆڕن بۆ بەکارهێنی ناچالاک، جووڵەی بازرگانیی نێودەوڵەتیی کەڵەکەبووی سەرمایە سست دەکەن، ڕیتمی ئابووریی جیهانی تێک دەدەن، وێڕای ئەوەش کات و مەودای جەنگ و دەرئەنجامە نزیک و دوورەکانی ڕووداوە جیۆپۆلەتیکیە نەرێنییەکان ڕەنگە قورسایی زیاتر لەسەر چالاکیە ئابوورییەکان دابنێت، ئەویش بە پاشەکشێ لە بوارەکانی وەبەرهێنان و دامەزراندنی کۆمپانیاکان، کەمکردنەوەی متمانەی بەکاربەران و توندکردنەوە و گرژبوونی بارودۆخی دارایی.

لەم توێژینەوەیەدا خستنەڕووی پێوەرە ژمارەییەکان کە تایبەتن بە مەترسیە جیۆپۆلەتیکییەکان، ڕێگەمان پێ دەدات لە ڕووی چەندایەتییەوە کاریگەرییەکانی بەرزبوونەوەی ئەم دواییەی جەنگ لەسەر چالاکیە ئابوورییە جیهانییەکان دەستنیشان بکەین. بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە مۆدێلێکی خۆپاشکەوتنی ڤێکتەری بە پێکهاتەی "VAR" دەخەملێنین، هەروەها مۆدێلی خەملێنراو بەکار دەهێنین بۆ ژماردن و دیاریکردنی کاریگەرییەکان بە درێژایی ماوەی جەنگ، کە لەم ڕێگەیەوە هەڵکشانی ئەم دواییەی گرژییە جیۆپۆلەتیکییەکان دروستتر نیشان دەدات. مۆدێلەکە پێوەرەکانی (مانگانەی بەرهەمی ناوخۆیی جیهان، ڕێژەی هەڵئاوسانی جیهانی، نرخی پشکەکانی جیهان، نرخی ڕاستەقینەی نەوت، بەهای ڕاستەقینەی دۆلار، نرخی کاڵاکان، ئاستی متمانە و دڵنیایی بەکاربەری جیهانی، پێوەرەکانی هەڕەشە جیۆپۆلەتیکییەکان (GPT) و کردەوە جیۆپۆلەتیکییەکان (GPA) لەخۆ دەگرێت[7]. مۆدێلی "VAR"، داتا و ئاماری مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ تا نیسانی ٢٠٢٢ دەخاتە ڕوو کە تێکڕا لەو ماوەیەدا سێ داکشانی ناچوونیەک لەخۆ دەگرێت[8]، ئێمە گریمانە دەکەین کە گۆڕانکارییەکان لە پێوەرەکانی "GPT" و "GPA"؛ ڕێژەی هەڵئاوسان لە ماوەی مانگێکدا لەگەڵ گۆڕاوە ئابوورییەکانی تردا پێش دەخات، بە جۆرێک کە هەر پەیوەندییەکی هاوچەرخ لەنێوان مەترسیە جیۆپۆلەتیکییەکان و گۆڕاوە داراییەکاندا دروست ببێت، ڕاستەوخۆ گریمانە دەکرێت کە کاریگەریی ئەو مەترسیە جیۆپۆلەتیکیانە لەسەر گۆڕاوە داراییەکان ڕەنگ بداتەوە، بەپێچەوانەشەوە هەر گۆڕاوێکی دارایی لە توانایدایە کاریگەری لەسەر هەموو گۆڕاوەکانی بەجێ بهێڵێت.

وێنەی سێیەم شیکارییەکی مێژوویی ئەنجامە خەملێنراوەکانی "VAR" نیشان دەدات، کە بە تێپەڕبوونی کات کاریگەرییەکان لەسەر بەرهەمی ناوخۆیی لەسەر ئاستی جیهانی و هەڵکشانی

**وێنەی (3)**

کاریگەرییەکانی زیادبوونی ئەم دواییەی مەترسیی جیۆسیاسی




**تێبینی:** ژمارەکان وەڵامدەرەوەی ئەو کاریگەرییانەن کە بە تێپەڕبوونی کات لە بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی (پانێڵی چەپ) و هەڵئاوسانی جیهان (پانێڵی ڕاست) ڕوویان داوە بۆ بەرزبوونەوەی مەترسیە جیۆپۆلەتیکییەکان، کە تێکڕا قەبارەی زیادبوونەکە لەنێوان مانگی کانوونی دووەم و نیسانی 2022دا نیشان دەدات. هێڵە سوورە زەقەکان خەمڵاندنی مامناوەند نیشان دەدات، هێڵە شینە خاڵییەکان ئاماژە بە ئاستەکانی دڵنیایی دەدات کە ڕێژەی ٧٠% دەستنیشان دەکەن، گۆڕاوەکان لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ تا کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ بە لادان لە هێڵی بنەڕەتی لە دۆخی ئارام و دوور لە جەنگ نیشان دراون.


**سەرچاوە:** ژمێریاریی دەستەی یەدەگی فیدراڵی

ڕێژەی هەڵئاوسان و زیادبوونی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییە بەرزەکان لە کانوونی دووەمی (2022)ەوە بە ئەندازەیەکی هەستپێکراو فراوان بووە، بەرزبوونەوەی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان کە تا ئێستا لەمساڵدا بینراون، ئەمەش ڕاکێشانێک لەسەر بەرهەمی ناوخۆیی جیهان دروست دەکات کە بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٢ لێکەوتەی دەبێت، هاوکات بە کەڵەکەبوونی ئەم کاریگەرییەش لێکەوتەیەکی نەرێنی بە گوژمەی ١.٧% لەسەر ئاستی ڕێژەی بەرهەمە جیهانییەکان دەبێت. بە هەمان شێوە بەرزبوونەوەی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان، نرخەکانیش بەرز دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەڵئاوسانی جیهانی بە ڕێژەی ١.٣% تا نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢، بەڵام پاش ئەوە شەپۆلی ئەم کاریگەرییانە

دەست دەکەن بە کەمبوونەوە و پاشەکشە. لەگەڵ ئەوانەشدا، دەکرێت بپرسین مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان چۆن دەگوازرێنەوە بۆ سەر ئاسایشی ئابووریی جیهانی؟ لێرەدا ئێمە بە خەملاندنی پێکهاتەی "VAR" لەگەڵ چەند کەناڵێکی جیاوازدا وەڵامی ئەم پرسیارە وەردەگرین، بەتایبەت لە ڕێگەی "وێنەی چوارەم"

**وێنەی (4)**

میکانیزمی گواستنەوەی مەترسی (جیۆسیاسییە بەرزەکان) لەسەر گۆڕاوە ئابوورییە گەورەکان




**تێبینی:** ژمارەکان زۆرترین کاریگەری لەساڵی یەکەمی بەرزبوونەوەی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکاندا نیشان دەدات، کە قەبارەی زیادبوونەکە لەنێوان مانگی کانوونی دووەم و نیسانی ٢٠٢٢ ڕووی داوە. بۆ هەر گۆڕاوێک، خاڵە سوورەکان خەملاندنی ناوەندی زۆرترین کاریگەری لە ساڵی یەکەمدا نیشان دەدەن. هێڵە شینەکان ئاماژە بە ئاستی دڵنیایی ٧٠% دەکەن. کاریگەرییەکە بە لادان لە هێڵی بنەڕەتیی دوور لە جەنگ بۆ هەموو گۆڕاوەکان جگە لە هەڵئاوسان دەپێورێت.

سەرچاوە: ژمێریاریی دەستەی یەدەگی فیدراڵی


کە نەخشێکی وردتری ئابووریی جیهانی لەبەردەم شۆکێکی مەزن و مەترسیداری جیۆپۆلەتیکی دەخاتە ڕوو، لەم ڕووەوە پێمان دەڵێت کاریگەرییەکانی بەرزبوونەوەی مەترسیە جیۆپۆلەتیکییەکان لە ساڵی ٢٠٢٢-دا پەیوەندییان بە دابەزینی متمانەی بەکاربەران و نرخی پشکەکانەوە هەیە، کە هۆکارگەلێکن و کۆی گشتیی خواستی بەکاربەر لاواز دەکەن. بەهای ئاڵوگۆڕی دۆلار بەرز دەبێتەوە، هاوتەریب لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە بەرزبوونەوەی نادڵنیایی جیهانی و هەستی مەترسیی نەرێنی، تێکڕا دەتوانن ببنە بەربەست لەبەردەم خاوبوونەوەی مەترسییەکان و ڕەخساندنی دۆخی ئارام و سەقامگیری ئابووری لەسەر ئاستی جیهان و مەترسییەکانی سەر سەرمایەی نێودەوڵەتی (فۆربێس و وارنۆک، ٢٠١٢)، بەم پێودانگەش نرخی نەوت و کاڵاکانی تر بەرز دەبنەوە، ئەمەش فشاری داکشان لەسەر چالاکییەکانی جیهان و فشاری هەڵکشان لەسەر دیاردەی هەڵئاوسان دروست دەکات.

**کێبڕکێ و بەرکەوتنە پیشەسازییەکانی نێوان وڵاتان**

سروشتی ناوچەیی زۆرێک لە مەترسیە جیۆپۆلەتیکییەکان ئەوە نیشان دەدات کە ڕەنگە ئەو مەترسیانە کاریگەری نەرێنیی ئابوورییان بە یەکسانی لە سەرانسەری جیهاندا نەبێت. ئێمە بەرکەوتنی وڵاتێک لەسەر بنەمای ململانێکانی ئێستای دەپێوین،

**وێنەی (٥)**

نیگەرانییە جیۆسیاسییەکان لەسەر وڵاتان بە پێی ئاستی داهاتی کۆمپانیاکان لە ساڵی 2022




**تێبینی:** ئەم هێڵکارییە بەرکەوتنی وڵاتان بە جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا نیشان دەدات، کە بە بەکارهێنانی پشکەکان لە داهاتی کۆمپانیاکان کە باس لە جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکەن؛

هەژمار کراوە، بە پشتبەستن بەو وڵاتەی کە بارەگا سەرەکییەکەی کۆمپانیاکەیان تێدایە. پشکی پەیوەندییەکانی داهات بۆ ئەو وڵاتانە حیسابی بۆ دەکرێت کە لانی کەم 10 پەیوەندیی داهاتیان هەیە لەنێوان 1ی ئازاری 2022 و 13ی ئایاری 2022. ئەو وڵاتانەی کە هیچ پەیوەندییەکی داهاتیان نییە یان کەمتر لە 10 پەیوەندیی داهاتیان هەیە، بە ڕەنگی خۆڵەمێشی نیشان دراون. ڕەنگی سپی ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ کۆمپانیایەک باس لە نیگەرانییەکانی پەیوەست بە ململانێکان ناکات، لە کاتێکدا سووری تۆخ ئاماژەیە بۆ لە سەددا سەدی ئەو کۆمپانیایانە کە باس لە نیگەرانییەکانی پەیوەست بە ململانێکان دەکەن.

**سەرچاوە:** ژمێریاریی ئەندامانی دەستەی یەدەگی فیدراڵی، ناسراو بە "دەستەی زیرەکی بازاڕی جیهانی" (S&P)


---

ئەویش لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی پشکی ئەو کۆمپانیایانە کە لە داهاتی چارەکی (quarter) ئەمساڵدا کاریگەریی جەنگی ئۆکرانیایان لەسەرە، ئەویش بە پشتبەستن بەو وڵاتەی کە بارەگا سەرەکییەکەی کۆمپانیاکەیان تێدایە[9]. "وێنەی پێنجەم" بەرکەوتنی وڵاتان لە نەخشەی جیهاندا نیشان دەدات، بە جۆرێک ڕەنگی تۆخ ئاستی بەرکەوتنی بەرزتر نیشان دەدات. وەک دەبینرێت وڵاتانی ئەورووپا، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە لە جەنگ و ململانێکان نزیکن، زۆرترین کاریگەرییان لەسەرە. نزیکەی ٨٠ %ی کۆمپانیاکانی فینلاند و پۆڵەندا کە دوو وڵاتن سنووریان لەگەڵ ڕووسیا یان ئۆکرانیادا هاوبەشە، نیگەرانن لە شەڕەکە. هەر چی ئەڵمانیاشە، وڵاتێکە لە ڕێگەی هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیاوە کاریگەرییەکی زۆری ململانێکانی لەسەرە، ئەم کاریگەرییەش وەک ئەوەی لە ئاستی داهاتی کۆمپانیاکاندا دەردەکەوێت (٧٥%) ە، پاش ئەوەش پێناچێت کاریگەریی ململانێکان لەسەر ناوچەکانی تری جیهان بەو شێوەیە چڕ بێتەوە[10]. بەگشتی ئەم بەڵگانە ئاماژەن بۆ ئەو مەترسییەی کە وڵاتانی ئەورووپا ڕەنگە تا ڕادەیەک زیاتر بەدەست کەوتنی ئابووریی ململانێکانەوە بناڵێنن.

هەروەها ئەگەری زۆرە کاریگەرییە ئابوورییەکان بەهۆی جەنگ و ململانێکانەوە بە پێی جۆری پیشەسازی نایەکسان بن. "وێنەی شەشەم" پشکی ئەو کۆمپانیایانە تۆمار دەکات کە باس لە داگیرکردنی ئۆکرانیا دەکەن لەلایەن ڕووسیاوە لە پەیوەندییەکانی داهاتی چارەکییاندا بە پشتبەستن بە کارکردنیان لە پیەشەسازییە قورسەکاندا.

**وێنەی (6)**

نیگەرانیی کۆمپانیاکان  بە هۆی تێکچوونی هاوسەنگیی جیۆسیاسی لەسەر بەرهەمهێنانی پیشەسازی لە ساڵی 2022




**تێبینی:** ئەم هێڵکارییە پشکی پەیوەندییەکانی داهاتی کۆمپانیاکان نیشان دەدات کە باس لە جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکەن لەنێوان 1ی ئازاری 2022 و 13ی ئایاری 2022، بە پشتبەستن بە پیشەسازیی کارکردنی کۆمپانیاکان و شوێنی جوگرافییان. پۆلێنکردنی پیشەسازی لەسەر بنەمای ستانداردی جیهانیی پۆلێنکردنی پیشەسازی (GICS) دامەزراوە.

**تێبینی:** کۆمپانیا ڕووسی و ئۆکرانییەکان لە ناوچەی یەکێتیی ئەورووپا بێبەشن، هەر بۆیە کۆکردنەوەکان لە "GICS" بەم شێوەیە دەبێت: (ئۆتۆمبێل و پێکهاتەکانی لەخۆ دەگرێت، کاڵای سەرمایە و بەکاربەر، کەلوپەلی بەکاربەر و جلوبەرگ، نیمچەڕێبەر و ئامێری نیمچەڕێبەر، نەرمەکاڵا و خزمەتگوزاری و ڕەقەکاڵا و ئامێری تەکنەلۆژیا، وزە و خۆراک، فرۆشیاری ماددە خۆراکییەکان، خواردن و خواردنەوە و تووتن، کەلوپەلی ناوماڵ، خزمەتگوزاریی بانکی، خزمەتگوزارییە بازرگانی و پیشەییەکان، دارایی هەمەچەشن، ئامێر و خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستی، بیمە، میدیا، کاتبەسەربردن، دەرمانسازی، بایۆتەکنەلۆژیا، زانستی ژیان و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندییەکان).

**سەرچاوە:** ژمێریاریی ئەندامانی دەستەی یەدەگی فیدراڵی، ناسراو بە "دەستەی زیرەکی بازاڕی جیهانی" (S&P)

کاریگەریی ئەم ململانێیەی ئێستا زیاتر لە پیشەسازییەکانی بەرهەمهێنانی کاڵادا چڕ بووەتەوە کە بە پێی زانیارییەکان تەنانەت پێش لەشکرکێشیی ڕووسیاش دووچاری تەنگەنەفەسی ببوو، کە ڕێژەی ڕوودانی نزیکەی ٨٠%ی کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل لە ئەوروپا دەگرێتەوە. لەم نێوەندەدا، ئەو پیشەسازییانەی کە کەمتر کاریگەریی داکشانیان لەسەرە، وەک پیشەسازیی خزمەتگوزارییەکان، کەمتر نیگەرانیی خۆیان لە جەنگەکە دەردەبڕن.

### ئەنجامی سەرنج و لێکدانەوەکان

زیادبوونی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان کە بە هۆی لەشکرکێشیی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا دروست بوون و لە ئایندەدا کاریگەرییەکانی چەند هێندە دەبن، هەر بۆیە بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٢ کاریگەریی نەرێنی و قورسایی خراپی لەسەر بارودۆخی ئابووریی جیهانی دەبێت. ئەم جۆرە کاریگەرییانە لە مۆدێلەکەماندا خەمڵێنراون کە بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆیی و بەرزکردنەوەی هەڵئاوسان بە شێوەیەکی بەرچاو خراونەتە ڕوو، ئەمەش مامەڵەی سیاسەتە دارایی و ئابوورییەکان کە ڕووبەڕووی بانکە ناوەندییەکان دەبێتەوە؛ لە سەرانسەری جیهاندا گرژ و ئاڵۆزتر دەبن، هەر چەندە کاریگەرییەکان گەورە و بەهێزن، بەڵام پێناچێت ئەم کاریگەرییانە ئەوەندە گەورە بن کە بتوانن هەوڵ و تێکۆشانی وڵاتانی جیهان بۆ ڕێکخستنەوە و چالاککردنی سیستمی ئابووریی جیهانی بوەستێنن، بەڵام داهاتووی جەنگەکە زۆر نادیارە و پێشهاتە پێشبینینەکراوەکان لە ململانێکاندا دەتوانێت گۆڕانکاریی زیاتر لە مەترسیی جیۆپۆلەتیکیدا دروست بکات و لێکەوتە لەسەر بوارە ئابوورییەکان زیاتر بکات و کاریگەرییە نەرێنییەکان زیاتر خۆیان نمایش بکەن.

### پەراوێزەکان

1. نووسەرانی ئەم بابەتە، ئەندامانی دەستەی یەدەگی فیدراڵین لە بەشی دارایی نێودەوڵەتی. جێگەی باسە نووسەران بەرپرسیارن لە سەرجەم زانیاری و داتاکانی ناو ناوەرۆکی توێژینەوەکە، لەم ڕووەوە هەر هەڵە و کەموکورییەک هەبێت یان هەر بیروبۆچوونێکی جیاواز لەخۆ بگرێت، ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن و بۆچوونی نووسەرانە و پەیوەندیی نییە بە دەستەی پارێزگارانی یەدەگی فیدراڵییەوە، یان هەر کەس و لایەنێک کە پەیوەندیدار بێت بە دەستەی سیستمی یەدەگی فیدراڵییەوە.
2. بۆ نموونە: سەرنج بدە لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی "جیرۆم پاول"؛ سەرۆکی بانکی فیدراڵی کە لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ٣-٤ی ئایاری ٢٠٢٢ تایبەت بە چالاکییەکانی لیژنەی بازاڕی کراوەی فیدراڵی ئەنجامی دا و تیایدا باسی لە کاریگەری و لێکەوتەکانی جەنگەکە کرد لەسەر جووڵەی ئابووریی جیهانی و ئەوەی خستە ڕوو کە لەشکرکێشیی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بووەتە هۆی زیادبوونی چەندین پێوەری ناهاوسەنگ لە نادڵنیایی ئابووری. بۆ بینینی ناوەرۆکی وتارەکە، بڕوانە: https://www.federalreserve.gov/mediacenter/files/FOMCpresconf20220504.pdf.
3. بۆ وەرگرتنی زانیاریی ورد و زیاتر، بڕوانە: Caldara and Iacoviello (2022).

4. ئیندێکسی "GPT" بەدوای ئەو دەستەواژانەدا دەگەڕێت لەنێو بابەتی ڕۆژنامەکاندا کە پەیوەندییان بە جەنگ، لایەنی سەربازی، ئەتۆمی و هەڕەشەی تیرۆریستییەوە هەیە، هەر چی ئیندێکسی "GPA"ە بەدوای ئەو دەستەواژانەدا دەگەڕێت کە ئاماژە بە سەرەتا، یان پەرەسەندنی جەنگەکان، یان ڕوودانی ڕووداوە تیرۆریستییەکان دەکەن.

5. تا ڕادەیەکی پێویست ئێمە نیگەرانییە جیۆپۆلەتیکییەکانی پەیوەست بە ململانێکان لەسەر بنەمای چەمکەکانی پەیوەست بە جەنگ دەخەینە ڕوو، وەک "جەنگ" یان "لەشکرکێشی" لەگەڵ "ڕووسیا" یان "ئۆکرانیا". بەڵام پێوەرە هاوشێوە و فراوانەکانی نیگەرانییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئاستی کۆمپانیاکان (بە پشتبەستن بەو گەڕانانەی کە مەرج نییە وشەی "ڕووسیا" یان "ئۆکرانیا" لەخۆ بگرن).

6. کالدارا و ئیاکۆڤیێلۆ (2022) نیشان دەدەن کە لە سەرانسەری وڵاتان و بە تێپەڕبوونی کات، مەترسییە جیۆپۆلەتیکییە بەرزەکان پەیوەندییان بە ئەگەری زیاتری کارەساتی ئابووری و کەمبوونەوەی گەشەی چاوەڕوانکراوی بەرهەمی ناوخۆیی هەیە.

7. ئێمە نرخی پشکەکان بە پێوەرەکانی دۆلاری جیهانی (FTSE) دەپێوین، نرخی کاڵاکان بە پێوەرەکانی کاڵای "S&P Goldman Sachs"، متمانە بە پێوەرەکانی دڵنیایی بەکاربەرانی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و گەشەپێدان و نرخی نەوت بە پێوەرەکانی ناوەندی ڕۆژئاوای تەکساس. هەڵئاوسان لە داتای دارایی جیهانییەوە وەرگیراوە. بەرهەمی ناوخۆیی مانگانە لەسەر بنەمای یەکسانیی هێزی کڕین دامەزراوە و بە بەکارهێنانی ئەو میتۆدۆلۆژیایە دروست دەکرێت کە لە کوبا-بۆردا، میکانیک و ڕافۆ (2018)دا باس کراوە.

8. کالدارا و ئیاکۆڤیێلۆ (2022)، مۆدێلی "VAR" لەنێو پێکهاتەی ئابووریی ئەمەریکا، وە پێوەرێکی خەمڵێنراو بۆ سەیرکردنی کاریگەرییە داینامیکییەکانی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان بەکار دێنن. ئێمەش لێرەدا "VAR" وەک مۆدێلێک بۆ ماوەیەکی درێژتر بەکار دێنین (ئێمە لە ساڵی 1970 دەست پێ دەکەین لەبریی 1985)، بەکارهێنانی داتای مانگانە و سەیرکردنی کاریگەرییە جیهانییەکان نەک بەتەنها ئەمەریکییەکان، بە ڕەچاوکردنی بایەخدانی بەرچاو بە دیاردەی هەڵئاوسان.

9. کالدارا و ئیاکۆڤیێلۆ (2022)، نیشانی دەدەن کە مەترسیی جیۆپۆلەتیکیی بەرزی ئاستی کۆمپانیا کە بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شیکاریی هاوشێوە کە لەم تێبینییەدا باس کراوە، هەژمار کراوە تیایدا بەرهێنانی ئاستی کۆمپانیا کەم دەکاتەوە.

10. کارەکانی ئەم دواییەی فریدری تیلی (٢٠٢٢)، تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندی فەزایی پەرەسەندنی ئابووری لە جەنگی ئۆکرانیا. ئەوان "سزای نزیکی" لە گەڕانەوەی پشکەکاندا دیاری دەکەن: تا وڵاتێک لە ئۆکرانیا نزیکتر بێت، دابەزینی بازاڕی پشکەکانی بەراورد بە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگەکە فراوانتر دەبێت.

## سەرچاوەکان

1- Anayi, Lena, Nicholas Bloom, Philip Bunn, Paul Mizen, Gregory Thwaites, and Ivan Yotzov (2022), “The impact of the war in Ukraine on economic uncertainty”, VoxEU.org, 16 April.

2- Caldara, Dario, and Matteo Iacoviello (2022), “Measuring Geopolitical Risk,” American Economic Review, vol. 112 (April), pp. 1194–225.

3- Cuba-Borda, Pablo, Alexander Mechanick, and Andrea Raffo (2018), “Monitoring the World Economy: A Global Conditions Index,” IFDP Notes, Board of Governors of the Federal Reserve System, June 15.

4- Federle, Jonathan, Andre Meier, Gernot Müller, and Victor Sehn (2022), “Proximity to War: The stock market response to the Russian invasion of Ukraine”, CEPR Discussion Paper 17185.

5- Forbes, Kristin J. and Francis E. Warnock (2012), “Capital flow waves: Surges, stops, flight, and retrenchment,” Journal of International Economics, vol 88 (2), pp. 235-251.

# هەڵئاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا لە تورکیا(1)

## داهات، ژیان و هەژاری

وەرگێڕان لە تورکییەوە: ڕەنجە عەبدوڵا



**بەرایی**

لە تورکیا بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسانەوە، ڕۆژانە ڕێژەی بێکاری و هەژاری بەرەو قووڵبوونەوە دەچێت. گۆڤاری ئێمار[2] لە یەکەی توێژینەوەی داهات و ژیان و هەژاری بە مەبەستی ئاشکراکردنی ڕەهەندەکانی ئەم دۆخە کە گۆڕاوە بۆ بازنەیەکی بەتاڵ، کۆمەڵێک داتا و دەرئەنجام بڵاو دەکاتەوە. لەژێر ڕۆشنایی داتاکاندا، ئەو وردەکارییەی لە قۆناغی یەکەمی ڕاپۆرتەکەدا بەدەست هێنراوە؛ دەرکەوتووە بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان لەچاو وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپادا نۆ هێندە زیاترە، هەروەها ڕێژەی هەڵئاوسان لەچاو وڵاتانی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری بەتێکڕا هەشت هێندە زیاترە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەژاران لەبەرامبەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوساندا دەستیان بە خۆراک ڕاناگات. هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی نەیانتوانیوە بە هۆی کۆرۆناوە دەستیان بە خۆراکی تەندروست بگات، بۆ ڕێژەی ٤ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس بەرز بووەتەوە. هەڵئاوسان بەرز دەبێتەوە، قەیرانەکە گەورەتر دەبێت، ئاستی داهاتی تاک دادەبەزێت. لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا براوەی دۆخەکە سەرمایەداران و وەبەرهێنەران بوون و دۆڕاوەکەشی کرێکاران بوو، بۆیە هەژاری بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە، زیاتریش کاریگەریی لەسەر ژنان هەیە. ٣.٧ ملیۆن کەس سەرەڕای ئەوەی کار دەکەن، کەچی هێشتاکوو هەژارن. ناسەقامیگری و ناجێگیریی دۆخی کار، مەترسیی هەژاری بۆ سێ هێندە بەرز دەکاتەوە.


**ڕێژەی هەڵاوسان لە تورکیا بەراورد بە ئەورووپا**

لە تورکیادا زیادبوونی ڕێژەی هەڵئاوسان لە دۆخێکدایە نۆ هێندە لەسەرووی تێکڕای کۆی گشتیی ڕێژەی هەڵئاوسانی وڵاتانی جیهانەوەیە. لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا ڕێژەی هەڵئاوسان لە تەواوی وڵاتانی دونیادا بەرچاو کەوت، بەڵام لە تورکیادا سەرەڕای بوونی پەتای کۆرۆنا و بەرەو خراپ چوونی ئاڕاستەی ئابووریی وڵاتەکە، ڕێگری لە زیادبوونی هەڵئاوسان بووە کارێکی ئەستەم و تەواوی سنوورەکانی تێپەڕاند، ئەمەش توانای کڕین و هەلومەرجی ژیانی هاوڵاتییانی خستە دۆخێکی نالەبارەوە. کاتێک شیکار بۆ ڕێژەی هەڵئاوسان لە وڵاتانی دیکەدا دەکەین، دەبینین ڕێژەی هەڵئاوسان لە مانگی مایسی ٢٠٢٢ لە تورکیا بەراورد بە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا نۆ هێندە زیاترە، لە هەمان کاتدا بەراورد بە وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری؛ ڕێژەکە هەشت هێندە بەرزترە.

ئەم خشتەی خوارەوە، داتا فەرمییەکانی ڕێژەی هەڵئاوسان کە مشتومڕیان لەسەر دەکەین دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا قورسایی دۆخەکە نیشان دەدات: گرووپی توێژینەوەی هەڵاوسان (ENAG)، ڕێژەی هەڵئاوسانی مانگی مایسی بە (١٦٠.٧%) ڕاگەیاند، کە ٢.١ هێندە زیاترە لە ڕێژەی هەڵاوسانی فەرمی.

**خشتەی ژمارە (١)**

بەراوردی ڕێژەی سەدیی هەڵئاوسانی وڵاتان دەخاتە ڕوو




**سەرچاوە:** داتاکانی تایبەت بە ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری، یەکێتیی ئەورووپا و ئەرژەنتین هیی مانگی نیسانی ساڵی (٢٠٢٢)ن، داتای وڵاتەکانی دیکە هیی مانگی مایسی (٢٠٢٢)ن.

---

## ڕێژەی هەڵئاوسان و کاریگەریی لەسەر خۆراک


ڕێژەی زیادبوونی هەڵاوسانی خۆراک زۆر لەسەرووی زیادبوونی ڕێژەی هەڵاوسانی گشتییەوەیە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی تویک[3] کە لە مانگی مایسدا داتاکانی بڵاو کردەوە، هەڵئاوسانی خۆراک ڕێژەکەی (٩١.٦%) بوو. ئەم ڕێژەیە لە مانگی نیسانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا بەتێکڕا بریتی بووە لە (٨.٦%)، لە هەمان کاتدا تێکڕای وڵاتانی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری ڕێژەکە (١١.٥%) بووە. واتە ڕێژەی هەڵاوسانی خۆراک لە تورکیا (١٠.٣)ی ئەوەندەی وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا بووە، لە هەمان کاتدا (٧.٧) ئەوەندەی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری بووە.

بە گوێرەی ئەو هەژمارانەی ناوەندی توێژینەوەی دیسک[٤] لە مانگی نیساندا بۆ ڕێژەی هەڵاوسانی خۆراکی بە گوێرەی ئاستی داهاتی تاک کردووە، وا دەردەکەوێت کە کاریگەریی جیاوازی لەسەر چینوتوێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەجێ هێشتبێت:

ڕێژەی هەڵاوسانی خۆراکی لای خانەنشینان بە ڕێژەی (١١٣.٥%)یە، هەڵاوسانی خۆراک لە دووەم هەژارترین گرووپی داهاتی لە سەددا (٢٠)یە، کە ڕێژەکە دەکاتە (١١٤.٩%). هەڵاوسانی هەژارترین گرووپی داهاتی لە سەددا ٢٠، ڕێژەکەی (١٣١.٦%).

**خشتەی ژمارە (٢)**

بەراوردی ڕێژەی هەڵاوسانی سەدیی خۆراکی دەکات




**سەرچاوە:** داتاکانی وڵاتانی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری هیی مانگی نیسانن، داتاکانی تورکیا هیی مانگی مایسە و لەلایەن دامەزراوەی ئاماری تورکیاوە ئامادە کراوە.

## کۆرۆنا و هەڵاوسان، دۆخێکی دژوار

بەرزبوونەوەی هەڵئاوسانی خۆراک ڕادەی دەستڕاگەیشتنی خەڵکی بە خۆراک قورستر کردووە. لەم دوو ساڵەی دواییدا، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن نە مریشک و نە گۆشتمان لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا خواردووە، ١.٢ ملیۆن کەس بۆ سەر ڕێژە بنەڕەتییەکە زیادی کردووە. بە گوێرەی دەرئەنجامی داتاکانی تویک و ڕاپرسی لەسەر داهات و بارودۆخی ژیان لە ساڵی ٢٠١٩دا، ٢٧.١ ملیۆن کەس واتە ڕێژەی (٣٣.٦%)ی دانیشتووانی تورکیا وتوویانە کە پێداویستییەکانی وەک گۆشت و مریشک و هاوشێوەکانیان لە ماوەی دوو ڕۆژدا بۆ دابین نەکراوە. ئەم ژمارەیە لە ساڵی ٢٠٢١دا، ٤.٦ ملیۆن کەسی بۆ زیاد بووە و ڕێژەکەی بۆ ٣١.٧ ملیۆن کەس زیادی کردووە، واتە (٣٨.٣%)ی دانیشتووانی تورکیا.

**خشتەی ژمارە (٣)**

بەراوردی ڕێژەی هەڵاوسانی خۆراکی و بەکاربردنی خۆراک لەنێوان ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢١)





**سەرچاوە:** تویک

**بەرزبوونەوەی بەردەوامی هەڵئاوسان، قەیرانی گەورەتر و دابەزینی ئاستی داهاتی تاک**

دابەزینی بەردەوامی بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر بە دراوە بیانییەکان، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی هەڵاوساندا، داهاتی دەستی کاری بەرەو دابەزین بردووە. لە کاتێکدا لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، کەمترین ڕێژەی داهاتی مووچەخۆرێک بریتی بووە لە ٤٢٥٣ لیرەی تورکی کە بەرامبەرەکەی بە دۆلار کردوویەتیە ٣١٥ دۆلار و لە هەمان کاتدا بە یۆرۆش ٢٧٨ یۆرۆ بووە، کەچی ئەم ڕێژەیە لە مانگی حوزەیراندا بەرامبەر بە دۆلار بۆ ٢٦٦ دۆلار و بەرامبەر بە یۆرۆ بۆ ٢٥٣ یۆرۆ دابەزیوە. واتە کەمترین داهات بە گوێرەی لیرەی تورکی لە ماوەی پێنج مانگدا بەرامبەر بە دۆلار بڕی ٤٩ دۆلار و بەرامبەر بە یۆرۆ بڕی ٢٥ یۆرۆ، بەهاکەی لەدەست داوە.

### خشتەی ژمارە (٤)

بەراوردکردنی کەمترین داهات بە گوێرەی مانگەکان لەبەرامبەر دۆلار و یۆرۆدا




**سەرچاوە:** بانکی ناوەندیی کۆماری تورکیا، لەلایەن گۆڤاری توێژینەوەوە ئەم داتایانە بە پشتبەستن بە نرخی فرۆشتنی ئاڵوگۆڕی کاریگەر لە بانکی ناوەندیی کۆماری تورکیاوە بەهەند وەرگیراون، داتاکانی داتای سەری مانگەکانە.

---


### پەتای کۆرۆنا، وەبەرهێنەرانی براوە و کرێکارانی دۆڕاوە

پەتای کۆرۆنا و لایەنی ئابووری کە ڕووەو ئاڕاستەیەکی خراپ چوو، بوونە هۆکاری سەرەکیی قووڵبوونەوەی نایەکسانیی چینایەتی. ئەو داهاتەی چینی کرێکاران لە داهاتی نەتەوەیی وەریدەگرن؛ ساڵ بە ساڵ بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، لە کاتێکدا داهاتی چینی سەرمایەداران زیادی کردووە. بە گوێرەی داتاکانی تویک، لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ تا چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢، پارەی هێزی کار کە پێک دێت لە مووچە-کرێ کە بە شێوەی کاش یان بە شێوەی مانگانە دەدرێت و بەشدارییەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن خاوەنکارەکانەوە بە ناوی کارمەندانەوە دەخەوێنرێت، واتە پشکی کار لە بەهای زیادکراودا بە ڕێژەی (٧.٣) خاڵ کەمی کردووە، لە (%٣٨.٨) بۆ (%٣١.٥) پاشەکشەی کردووە.

هەر لەو ماوەیەدا و ئەو پارەیەی دراوە بە فەرمانبەر و مووچەخۆران و پشکی سەرمایە لە بەهای زیادکراودا بە لێبڕینی باجی بەرهەمهێنان و یارمەتییەکان، بە ڕێژەی (٦.٨) خاڵ زیادی کردووە، واتە لە ( ٤٠.٨ %) بۆ (٤٧.٦%) زیادی کردووە. داتاکان دەریدەخەن کە براوەی قۆناغی پەتاکە وەبەرهێنەران بووە، دۆڕاویش کرێکاران بووە. ئەم دۆخە هەژاریی قووڵتر و نایەکسانیی زیاتر کردووەتەوە.

**خشتەی ژمارە (٥)**

دابەشبوونی داهات بە گوێرەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی




**سەرچاوە:** تویک

## بەرزبوونەوەی بەردەوامی هەژاری و کاریگەریی لەسەر ژنان

کاتێک لە داتا فەرمییەکانی تورکیا لە بارەی هەژارییەوە دەڕوانین، دەبینین لەگەڵ دەستپێکردنی پەتای کۆرۆنادا ڕێژەکە بە نزیکەی نیوملیۆن (٢.٥%) بەرز بووەتەوە، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٩ ڕێژەکە (١٧.٢) ملیۆن واتە (٢٠.٨%) بووە، کەچی ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٢١دا بووەتە (١٧.٦) ملیۆن کەس، واتە ڕێژەکە بۆ (٢١.٣%) بەرز بووەتەوە.

کاتێک لە ڕوانگەی جێندەرییەوە شیکردنەوە و بەراوردکاری بۆ ئەم داتایانە دەکەین، دیسانەوە

وەهای نیشان دەدات کە ژنان زیاتر بەر کاریگەرییەکانی هەژاری کەوتوون. هەژاری لە پیاواندا (٨.٥) ملیۆن کەسە و بە ڕێژەی سەدی (%٢٠.٨) دەکات، کەچی لە ژناندا ٩ ملیۆن کەسە و بە ڕێژەی سەدی (%٢١.٨) دەکات.

**خشتەی ژمارە (٦)**

| ژنان | | پیاوان | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| رێژەی گۆڕان | ژمارە | رێژەی گۆڕان | ژمارە | رێژەی گۆڕان | ژمارە | ١٠٠٠ کەس |
| ٢,٤ | ٨,٨٣٤ ملیۆن | ٢,٦ | ٨,٣٧٣ ملیۆن | ٢,٥ | ١٧,٢٠٧ ملیۆن | ٢٠١٩ |
| | ٩,٠٤٤ ملیۆن | | ٨,٥٩٢ ملیۆن | | ١٧,٦٣٦ ملیۆن | ٢٠٢١ |

**سەرچاوە:** ئەم داتایانە لەلایەن گۆڤاری توێژینەوەوە دوای هەژماری ورد لە تویکەوە وەرگیراون.

### ٣.٧ ملیۆن خەڵکی هەژار

ژمارەی ئەو کەسانەی هەژارن، سەرەڕای ئەوەی کار دەکەن و خاوەنی داهاتێکن، بۆ ٣.٧ ملیۆن کەس بەرز بووەتەوە کە دەکاتە ڕێژەی (%١٣.٦). کاتێک بە گوێرەی ڕەگەز لە داتاکانی هەژاری دەڕوانین، دەبینین پیاوانی کارکەر لە ژنانی کارکەر بە ڕێژەیەکی زیاتر هەژارن. ژمارەی پیاوانی ئیشکەری هەژار، ٢.٨ ملیۆن کەسە کە ڕێژەی (%١٤.٨)ی پیاوان پێک دێنێت، هەر چی ژمارەی ژنانی ئیشکەری هەژارە، ٨٨٢ هەزار کەسە و ڕێژەی (%١٠.٦)ی ژنان پێک دێنێت. ئەگەرچی کاتێک بە شێوەیەکی گشتی سەیری داتاکانی هەژاری دەکەین، ڕێژەی ژنانی هەژار لە پیاوانی هەژار زیاترە، بەڵام کە بابەتەکە دێتە سەر کەسی هەژاری ئیشکەر، دەبینین ڕێژەی پیاوانی هەژاری ئیشکەر لە ڕێژەی ژنانی ئیشکەر زیاترە، هۆکاری ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە پیاوان لە بواری کارکردنی دەرەوەی ماڵدا لەچاو ژناندا ڕێژەیەکی زیاتریان کار دەکەن.

**خشتەی ژمارە (٧)**

هەژارانی ئیشکەر بۆ ساڵی ٢٠٢١ نیشان دەدات




**سەرچاوە:** ئەم داتایانە لەلایەن گۆڤاری توێژینەوەوە دوای هەژماری ورد لە تویکەوە وەرگیراون.


---

**ناسەقامیگریی دۆخی کار و بەرزبوونەوەی مەترسیی هەژاری**

ناسەقامگیری و ناجێگیریی کار، مەترسیی هەژاری لای ئیشکەران بۆ سێ هێندە بەرز دەکاتەوە. بە پێی جۆرەکانی گرێبەست لە تورکیا، مەترسیی هەژاری بۆ ئەو کەسانەی کە کارێکی کاتییان هەیە، زۆر زیاترە لەوانەی کە بەهەمیشەیی کار دەکەن. لە کاتێکدا مەترسیی هەژاری لەسەر ئەو کەسانەی کە لە کارێکدا بە شێوەی هەمیشەیی کار دەکەن؛ ڕێژەکەی (٨.٣%)ە، کەچی بۆ ئەو کەسانەی کە لە کارێکی کاتی و گرێبەستێکدا کار دەکەن؛ مەترسیی ڕێژەی هەژارییەکەیان بۆ سێ هێندە بەرز دەبێتەوە و دەبێتە (٢٢.٩%). تێکڕای ڕێژەی مەترسیی هەژاری بۆ ئەوانەی کە بەهەمیشەیی لە یەکێک لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپادا کار دەکەن، بریتییە لە (٥.٥%)، بەڵام بۆ ئەوانەی بە شێوەی کاتی لە شوێنێکدا کار دەکەن، دیسانەوە لە یەکێک لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا کە تێکڕای وەرگیراوە، ڕێژەکە بریتییە لە (١٥%). هەر لەبەر ئەمەش، کاتێک خەبات دژی هەژاری دەکرێت، داواکاری و درووشمی "کاری سەقامگیر و جێگیر" بەرز دەکرێتەوە.

**خشتەی ژمارە (٨)**

ڕێژەی سەدیی مەترسی لەسەر هەژاری بە گوێرەی جۆرەکانی گرێبەست لە ساڵی 2020-دا ڕووندەکاتەوە




**سەرچاوە:** وڵاتانی ئەورووپی (٢٠٢٠) فەڕەنسا و ئەڵمانیا نەخراونەتە نێو شیکارییەکەوە، بە هۆی پچڕانی و دابڕانی کاتەوە.

---

### هێڵی برسێتی و هەژاری

• هێڵی هەژاری ٦٠١٧ لیرەی تورکییە و کەمترین مووچەی ئێستاش سەرووی ١٧٦٤ (١٠٠ دۆلار) لیرەیە.

• ڕێژەی هەڵئاوسان لە پێداویستییەکانی چێشتخانەدا لە ئێستادا مانگانە بە ڕێژەی (١٣%) زیاد دەکات، لە کۆتا دوازدە مانگدا بە ڕێژەی (١٠٧%) زیادی کردووە.

• پڕکردنەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەکان زۆر قورس بووە. هێڵی هەژاری، ١٩٦٠٧ لیرەیە بۆ هەر خێزانێک!

• ئیشکەرێکی سەڵت تێچووی ژیانی مانگانەی گەیشتووە بە ٧٨٣٦ لیرەی تورکی.

لەگەڵ زیادبوونی تێچووی بەرهەمهێنان و دابینکردندا و کاریگەریی خستنەڕوو لە پێناو پاراستنی هێزی کڕیندا کە هەموو ڕۆژێک ڕوو لە دابەزینە، بە هۆکاری کاریگەریی داواکاریی پێشوەختە لەسەر شتومەکەکان، لەپێش هەموویەوە پێداویستییەکانی وەک خۆراک، ناتوانرێت ڕێگری لە بەرزبوونەوەی نرخەکان بکرێت. جگە لەوەش، کەمکردنەوەی باجی زیادە لەسەر خۆراکە سەرەکییەکان و هەندێک پێداویستیی سەرەتایی لە بازاڕدا، کە هاوسەنگیی نرخەکانیان لە ئەنجامی کەمیی ڕێژەی سوود و فراوانبوونی قەرزەکانەوە تێک چووە، داشکاندن لە باجەکانیش لەچاو بەرزبوونەوەی نرخەکاندا دوا کەوتووە، هەروەها ئەمەش بۆخۆی بووەتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی باج.

نە هەڵاوسان خاو دەبێتەوە و نە هێزی کڕینیش بەرز دەبێتەوە. سەرەڕای هەوڵی پاراستنی پارەی خەوتووی بانک بە هۆی زیادبوونی مەترسی لەسەر سەبەتەی دراو، نرخی لیرەی تورکی لەبەرامبەر دراوەکانی دیکە بەردەوام دادەبەزێت. لەو کاتەوەی دەست بە بەکارهێنانی دراوی نوێی لیرەی تورکی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٩)وە تاوەکوو مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٢٢ کراوە، بە گوێرەی داتاکانی بانکی ناوەندی دەستاوەدەستکردنی پارەی کاغەزی لەدوای دراوی کاغەزی پێنج لیرەییەوە؛ دراوی کاغەزی دوو سەد لیرە و سەد لیرەیی بووە، ئەمەش وەک یەکێک لە بەڵگەکانی لەدەستدانی بەهای لیرەی تورکی قبووڵ دەکرێت.

بە گوێرەی داتا فەرمییەکانی مانگی نیسان، پێوانەی بەرهەمهێنەری نرخ لە بواری کشتوکاڵ (١١٨.٥%) و پێوانەی بەرهەمهێنەری نرخی دەرەوەی وڵات وەک ئەوەی لە مانگی ڕابردوودا خەمڵێنرابوو، دیسانەوە کەمبوونەوەی نرخی خۆراک لە مانگەکانی هاویندا بە ئەگەرێکی زۆر لاواز ئاماژەی بۆ دەکرێت.

کرێکار، فەرمانبەر، خانەنشینان، خوێندکار و چینی دووکاندار؛ ناتوانن هەناسە بدەن، لەبەر ئەوەی هەڵاوسانی بەرز یەکێکە لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم گەشەی بەهێزی بەردەوام، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بەردەوامی ڕێژەی بێکاری. بە هۆی بەرزبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی هەڵاوسانەوە و دابەزینی توانای کڕین بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانە لەلای هاوڵاتییان، ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی کەیسی بەدواداچوون لەلایەن پۆلیسەوە کە ئەمەش لە زمانی بەڕێوەبەری مارکێتەکانەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت.

| شێوازی نوێی بەکاربردنی خۆراک<br>خشتەی یەکەم: هێڵی هەژاری و برسێتی بۆ خێزانێکی چوار کەسی بە گوێرەی "لیرە-مانگانە" | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کانوونی یەکەمی | مایسی ٢٠٢١ | نیسانی ٢٠٢٢ | مایسی ٢٠٢٢ |
| بەکاربردنی خۆراک لەلایەن | ١٢٤٩,٣٤ | ٨٧٥,٥٦ | ١٦٠٩,٠٢ | ١٨١٠,٢٢ |
| بەکاربردنی خۆراک لەلایەن | ٩٦٠,٨٣ | ٦٨٨,١٣ | ١٢٧٦,١٠ | ١٤٥٣,٧١ |
| بەکاربردنی خۆراکی بۆ | ١٢٣٢,٤٦ | ٨٦٣,٧٦ | ١٥٨٨,٤٠ | ١٧٨٧,٧٢ |
| بەکاربردنی خۆراکی بۆ | ٦٥٥,٢٢ | ٤٦٩,٢٢ | ٨٥٠,١١ | ٩٦٦,٢٠ |
| هێڵی برسێتی | ٤٠٩٧,٨٥ | ٢٨٩٦ | ٥٣٢٣,٦٤ | ٦٠١٧,٨٥ |
| هێڵی هەژاری | ١٣٣٤٨,٠٠ | ٩٤٣٤,٩٢ | ١٧٣٤٠,٤٧ | ١٩٦٠٢,١٤ |

ڕەنگە بڕی بەکاربردنی خۆراک، بە هۆی بازنەییبوونیەوە لە کۆی گشتیدا ئەنجامی جیاواز بەدەستەوە بدات.

**ئەنجامی توێژینەوەیەکی تورک-ئیش لە مایسی ٢٠٢٢:**

• خێزانێکی چوار کەسی بۆ بەدەستهێنانی بڕی خۆراکی پێویست، تەندروست و گونجاو، مانگانە پێویستیان بە (٦٠١٧.٨٥ لیرەیە)، واتە ئەمەش هێڵی برسێتییە.

• بۆ دیاریکردنی هێڵی هەژاری، دەبێت لەگەڵ بڕی پێویستی خۆراکدا پێداویستییەکانی وەک: پۆشاک، نشینگە (کرێ، کارەبا، ئاو، سووتەمەنی)، هاتوچۆ، پەروەردە و خوێندن، تەندروستی و پێداویستییە هاوشێوەکانی دیکە بۆ دیاریکردنی هێڵی هەژاری بە گوێرەی مانگانە هەژمار بکرێت، بەم گوێرەیەش کۆی گشتیی خەرجیی ئەمانە بریتییە لە (١٩٦٠٢.١٤)، واتە هێڵی هەژاریی ئەو بڕەیە.

• خەرجییەکانی تاکێکی سەڵت (تێچووی ژیان) بۆ (٧٨٣٦.٤٦) لیرە بەرز بووەتەوە.

لە چوارچێوەی پەیڕەویکردنی پارێزگاری لە بڕی پارەی خەوتووی بانک (نرخی دراوی نیشتمانی)، لەلایەن گەنجینەی داراییەوە بڕی (١٦.٢) ملیار لیرە خراوەتە سەر هەژماری خاوەن هەژمارەکان، لێرەدا بڕی لێخۆشبوون لە باجەکان بۆ (١٠.٢) ملیار بەرز بووەتەوە. بە هۆی ئەم پێشهاتەوە، لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢دا نزیکەی ٥٠ ملیار لیرە کورتهێنان لە بودجەدا هەبوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماردا، پێدانی سوودی قەرزی ناوخۆیی لە سەرەکی (سەرمایە) زیاتر بوو. کۆی گشتیی سەرمایەی ئەو قەرزە ناوخۆییەی لەلایەن گەنجینەی داراییەوە دەبێت بدرێت، بڕەکەی ١.٥ ترلیۆنە. کەچی بڕی دانی سوودەکەی، ٢ ترلیۆنی ڕێک بوو. لاوازی لە هێزی کڕیندا و ئەم قەرزانەی لە داهاتوودا دەگەڕێنەوە سەر هاوڵاتییان، نیگەرانیی دەستەبەرکردنی داهاتی مانگانەی لە داهاتوودا خوڵقاندووە.

بە گوێرەی داتا فەرمییەکان، تێچووی کەرتی بیناسازی (١٠٢%) زیادی کردووە، نرخی نشینگەکانیش بە ڕێژەی (٩٦%) زیادی کردووە. نرخی پێداویستییەکانی بونیادنان لە کەرتی بیناسازیدا، بە ڕێژەی (٣١١) زیادی کردووە. لە ئەنجامی زیادبوونی هەڵاوسان بە شێوەیەکی خێرا، تێچووی ژیانیش بەخێرایی لەگەڵیدا بەرز دەبێتەوە. بۆ پێشبینی، دەکرێت لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢دا پشکی مووچەخۆران لە داهاتی گشتی کەمترین ئاست تۆمار بکات.

بە گوێرەی ئەو داتا بنەڕەتییانەی کە تورک-ئیش لە مانگی مایسدا و لە گۆڕانکارییەکانی هەڵاوسانی چێشتخانەدا وەریگرتووە، بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو:

• کەمترین ڕێژەی خەرجی بۆ خێزانێکی چوار کەسی لە ئەنقەرە لە پەیوەندیدا بە پڕکردنەوەی پێداویستییە خۆراکییەکانەوە، بەراورد بە مانگی پێشوو بە بڕی (١٣%) زیادی کردووە.

• کۆی گشتیی ئەو زیادبوونانەی لە دوازدە مانگی ڕابردوودا هەبووە، بریتییە لە (١٠٧.٧٦%).

• گۆڕانکارییەکە لە ماوەی پێنج مانگدا بە ڕێژەی (٤٦.٨٥%) بەرەو زیادبوون چووە.

بە گوێرەی حساباتەکانی تورک ئیش کە نرخی کاڵا و شتومەکانی ڕاستەخۆ لە بازاڕەوە وەرگرتووە، ئەو گۆڕانکارییەی لە بەرهەمە خۆراکییەکان تا مانگی مایسی ٢٠٢٢ بەدی کراوە، بە پێی

| خشتەی دووەم: گۆڕانکاری لە خەرجییەکانی خۆراکدا (بە گوێرەی شێوازی نوێی بەکاربردنی خۆراکی) | | | |
|---|---|---|---|
| | کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ | نیسانی ٢٠٢٢ | مایسی ٢٠٢٢ |
| ڕێژەی سەدیی گۆڕانکاری بەراورد بە مانگی پێشوو | ٢٤,٩٢ | ٨,٠٢ | ١٣,٠٤ |
| ڕێژەی سەدیی گۆڕانکاری لە ماوەی پێنج مانگدا | ٣٠,٠٩ | ٢٩,٠١ | ٤٦,٨٥ |
| ڕێژەی سەدیی گۆڕانکاری لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا، واتە لە مایسی (٢٠٢١)ەوە تاوەکوو مایسی ٢٠٢٢ | ٥٥,٧٤ | ٨٥,٠٢ | ١٠٧,٧٦ |

گرووپەکانی خەرجییەکان بەم شێوەیە بووە:

**• گرووپی شیر، ماست و پەنیر**

ئەو کەموکوڕییەی لە نرخ و بەهای بەرهەمەکانی شیرەمەنیدا لە دوو مانگی ڕابردوودا تێبینی کراوە، بە بەرزکردنەوەی نرخی شیری خاو ڕاست کراوەتەوە. لەگەڵ خاوبوونەوەی ڕێژەی بەرزبوونەوەی نرخی شیردا، کەچی بە ڕێژەی (١٠%) لە مارکێتەکاندا بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی. بە هەمان شێوە، پەنیر بە ڕێژەی (١٠%)

بەرزبوونەوە لە نرخەکەیدا ڕووی داوە. هەر چی ماستیشە، ڕێژەی گۆڕانکاری لە نرخەکەیدا بریتییە لە (٢٤%). بە گوێرەی داتا فەرمییەکان، بەرهەمهێنانی شیری خاو بە ڕێژەی (١.٣%) لە ساڵی ٢٠٢١-دا کەم بووەتەوە. بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و بوونی ڕێژەیەکی زۆری پەنابەران لە وڵاتدا، هەروەها بەردەوامی لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تێچووی بەرهەمهێنان و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی ڕێژەی شیر، وا پێشبینی دەکرێت لە مانگەکانی هاوینی ساڵی ٢٠٢٢؛ ڕێژەی شیر و بەرهەمە شیرەمەنییەکان بەرزبوونەوەی زیاتر لە نرخدا بەخۆیانەوە ببینن.

**• گرووپی گۆشت، مریشک، ماسی، پاقلەمەنییەکان و بەرهەمەکانی ڕۆنی ڕووەکی**

لە مانگی مایسدا بەرزبوونەوە لە نرخی گۆشتی گوێرەکە، بەرخ، مریشک و ماسی و تەواوی گۆشتەمەنییەکانی دیکەدا ڕووی داوە. بە هۆی وەرزی قەدەغەی ڕاوەماسییەوە، فرەچەشنی لە خستنەڕووی جۆرەکانی ماسی و ڕێژەی ماسی لە بازاڕدا کەم بوویەوە، بەم هۆیەوە بەرزبوونەوە بە ڕێژەی (٣٠%) لە نرخی ماسیدا ڕووی دا. یەک کیلۆ مریشک بۆ ٤٠ لیرە بەرز بووەتەوە. لە پەیوەندیدا بە پاقلەمەنییەکانەوە، نرخی نیسکی سوور وەک خۆی مایەوە، بەڵام نرخی فاسۆلیا و ڕۆنە ڕووەکییەکان بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی.

**• گرووپی نان و دانەوێڵە**

وەک ئەوەی لە مانگی نیساندا پێشبینیمان کردبوو، لەدوای جەژنی ڕەمەزانەوە بۆ دووەم جار بەرزبوونەوە لە نرخی ناندا ڕووی دا بە شێوەیەک بۆ هەر ٢٠٠ گرامێک بەرانبەر بە سێ لیرە جێگیر کرا. بەتەواوی بەرزبوونەوە لە نرخی مەعکەرۆنی، برنج، ساوەر، ئارد و سمیتی هاڕاودا ڕووی دا. لەم گرووپەدا زۆرترین بەرزبوونەوە لە نرخی مەعکەرۆنیدا بوو کە ڕێژەکەی بریتییە لە (١٤%)، برنجیش بە ڕێژەی (١٢%) بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، سمیتی هاڕاویش (١١%) بوو. دووکاندار و فرۆشیارەکان بۆ ئەوەی کاڵاکانیان بفرۆشن، دەستیان بە فرۆشتنی نیوسەموون و نیوسمیت کردووە. بەو پێیەی وڵاتانی گەورەی هەناردەکاری گەنم لە جیهاندا دابینکردنی گەنمیان کەم کردووەتەوە و لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی لە تورکیاشدا هیچ بەرهەمێکی گەنمی بۆ دابینکردنی بەکارهێنانی ناوخۆ و هەناردەکردنی بەرهەمی گەنمی بۆ دەرەوەی تورکیا، واتە هەم بە هۆکاری ناوخۆیی و هەم بە هۆکاری دەرەکی، بەرزبوونەوەی نرخ لە گەنم و بەرهەمە خۆراکییەکانی پەیوەست بە گەنمەوە لە مانگەکانی هاویندا وەک حاڵەتێکی حەتمی سەیر دەکرێت.

**• گرووپی سەوزە و میوە**

لەگەڵ گەرمبوونی کەشوهەوادا، لە بازاڕەکاندا نرخی سەوزەکانی وەک مەعدەنووس، جەرجیر، کاهوو و کەلەرم، گەڵا سەوزەکانی وەک سپێناخ؛ نرخەکانیان دابەزینی بەخۆوە بینی. پەتاتە کە زۆر بەکار دەهێنرێت، هێشتاکوو لەسەروو ١٠ لیرەوە دەفرۆشرێت. لۆبیا کیلۆی ٣٠ لیرەیە، فاسۆلیا ٢٥ لیرە، پاقلە ٢٠، لە عەرەبانە و دەستگێڕەکاندا گونجاوترین نرخ بەزالیایە کە بە ١٥ لیرە فرۆشراوە. نرخی پیاز بۆ (٨.٥) بەرز بووەتەوە. نرخی سەوزەکانی وەک کولەکە، باینجان و بیبەر دابەزی، تەماتە وەک خۆی ماوەتەوە. جگە لە زیادبوونی تێچووی بەرهەمهێنان بە هۆی سەرماکانی مانگی ئازارەوە، کۆی بەرهەمی ساڵانەی میوە کەمی کردووە و لە دووکانەکاندا بە نرخێکی بەرز دەفرۆشرێن. شلیک، قەیسی و قۆخی لووس لە ٢٥ لیرەوە دەفرۆشرێن، هەڵووژەترشە و گێلاس لەسەرووی ٣٥ لیرەوە دەفرۆشرێن. لەو میوە بەهارییانەشی کە دەستخستنیان ئاسانە وەک چواڵە، نرخی کیلۆیەک ٢٠ لیرەیە، هەنگی دونیا ١٥ لیرە و مۆزی خۆماڵیی تورکی بە ٢٠-٢٢ لیرە فرۆشراوە. تێکڕای فرۆشتنی کیلۆی سەوزە، (١٢.٥) لیرەیە. تێکڕای فرۆشتنی کیلۆیەک میوە، (١٨.٣) لیرەیە. واتە بە کۆی گشتی لە ٢٠ جۆری سەوزە و ٥ جۆری میوەدا، گۆڕانکاری لە نرخدا ڕووی داوە. بەگشتی بۆ تێکڕای کیلۆیەک میوە و سەوزە (١٣.٤٦) لیرە بووە، لە کاتێکدا پێشتر نیوەی ئەو نرخە بووە.

**• گرووپی بەرهەمە ڕۆنییەکان**

ڕۆنی گوڵەبەڕۆژە، ڕۆنی زەیتوون و کەرە، نرخیان زیادی کردووە. یەک کیلۆ ڕۆنی گوڵەبەڕۆژە تاوەکوو (٥٦.٥٠) لیرە بەرز بووەتەوە. لە ماوەی ئەم مانگی کۆتاییەدا، نرخی کەرە کە بە ڕێژەی (٢٥%) زیادی کردبوو، ڕیکۆردێکی نوێی تۆمار کرد، ئەمەش بووە هۆکاری زیادکردنی نرخی شیری خاو، چونکە فشاری کردووەتە سەر نرخەکانی دیکە. لە هەندێک لە مارکێتەکاندا ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگری لە دزینی ڕۆنی شلدا گیراوەتە بەر و تا ئێستاش بەردەوامە.

**• کۆتا گرووپی ماددە خۆراکییەکانی دیکە**

لە شیرینییە جۆراوجۆرەکاندا، لە ماوەی دوازدە مانگی ڕابردوودا بە گوێرەی جیاوازیی براندەکان کەمبوونەوەیان تێبینی کراوە. جیاوازیی نرخ لەنێوان شەکری سپی و جۆرەکانی دیکەی شەکری گۆڕاودا دروست بووە. ئەم مانگە لەگەڵ خستنەڕووی نرخی نوێی چا، تێکڕای نرخی کیلۆیەک چای ڕەش (٥٠%) بەرزبوونەوەی نرخی بەخۆیەوە بینی. لە ئەنجامدا فرۆشتنی چا بە پاکەت لێرە و لەوێ بەتێکڕا نرخەکەی لە (٦٠.٥٠) لیرە

دیاری کراوە. ئیخلامور لە ماوەی مانگێکدا (١٨%) نرخەکەی بەرز بووەتەوە. ئەگەرچی بەرزبوونەوەی نرخی زەیتوونی ڕەش و مرەبا و دۆشاو لەچاو گرووپەکانی دیکەدا کەمترە، بەڵام لەم مانگەدا نرخی زەیتوونی زەرد بە ڕێژەی (٢٣%) بەرز بووەتەوە و نرخی دۆشاوی ترێش بە ڕێژەی (١٥%) زیادی کردووە. هەنگوینیش بۆ ماوەی سێ مانگ نرخی دابەزیبوو، بەڵام لەم مانگەی کۆتاییدا نرخەکەی بە ڕێژەی (٣٠%) بەرز بووەتەوە. نرخی خوێ و جۆرەکانی دیکەی بەهارات دابەزیوە.

پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە بڕی ئەو خەرجییانەی کە ئاشکرا دەکرێن لە ئاستی کرێدا نییە، بەڵکوو هاوتای کۆی داهاتە کە پێویستە بخرێتە ناوماڵەوە. بەڵام لە وڵاتی تورکیادا ڕێژەی بەگەڕخستنی توانا و بەتایبەت لە ژناندا، تا بڵێی لە ئاستێکی کەمدایە. لەو کەسانەی کە کاری کرێگرتە دەکەن و بڕی داهاتی خێزان و ماڵ دابین دەکەن، بەزۆری ژمارەیان یەک کەسە. بڕی ئەو کرێیەی مانگانە کەسێک بەدەستی دەهێنێت لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر بەشیان نەکات و نەتوانێت بڕی ئەو داهاتەی بەدەستی دەهێنن پێداویستییەکان پڕ بکاتەوە، ئەو بڕە خەرجییانەی کە دەبێ بۆ "بژێویی مرۆڤ"ی هەر کەسێک هەبێت، کورت دەهێنێت و پێداویستییەکان دابین ناکات. بە گوێرەی ئەو

خشتەی سێیەم: پێوانەی هێڵی برسێتیی تورک-ئیش

| | | کانوونی دووەم | شوبات | ئادار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلوول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانوونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێوانە | ٢٠٢١ | ١٠٠ | ١٠٢,٨ | ١٠٤,٩ | ١٠٨,١ | ١٠٨,٨ | ١١٠,٥ | ١١٢,٥ | ١١٨,١ | ١١٨,٣ | ١١٨,٨ | ١٢٣,٢ | ١٥٣,٩ |
| | ٢٠٢١ | ١٥٩,٦ | ١٧١,٠ | ١٨٥,١ | ١٩٩,٩ | ٢٢٦,٠٢ | | | | | | | |
| ڕێژەی سەدی بە گوێرەی مانگی پێشووتر | | کانوونی دووەم | شوبات | ئادار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلوول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانوونی یەکەم |
| | ٢٠٢١ | ١,١٩ | ٢,٧٦ | ٢,١٠ | ٢,٩٨ | ٠,٦٧ | ١,٥٤ | ١,٧٩ | ٥,٠١ | ٠,١٧ | ٠,٤١ | ٣,٧١ | ٢٤,٩٢ |
| | ٢٠٢٢ | ٣,٧١ | ٧,١٢ | ٨,٢٤ | ٨,٠٢ | ١٣,٠٤ | | | | | | | |

هەژمارانەی لەلایەن کۆنفیدراسیۆنەکەمانەوە کراوە، کۆی گشتی لە ئاستی کرێی کاردا نییە، بەڵکوو هاوتای کۆی داهاتەکانە کە دەبێت بخرێتە نێو ماڵەوە.

ئەم توێژینەوەیە یەکەم جارە بڵاو بکرێتەوە و لەلایەن تورک-ئیشەوە ئەنجام دراوە. هەر توێژینەوەیەک لەمەودوا لەم بوارەدا ئەنجام بدرێت، ئەوا ئەم توێژینەوەیە دەبێتە نموونەی پێشەنگ بۆی.

لە توێژینەوەکەماندا بۆ دیاریکردنی هێڵی هەژاری و برسێتی، نرخی ئەو ماددە خۆراکییانەی کە بۆ حساباتەکامان لەلایەن کۆنفیدراسیۆنەکەمانەوە لە بازاڕ، مارکێت و دەستگێڕ و دووکانەکاندا وەرگیراوە، نەتوانراوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام دیاری بکرێت. وەک ئەو توێژینەوانەی دیکە کە ئەنجام دراون، لێرەدا ئەو داتایانە وەرگیراون کە تویک خستوونیەتە ڕوو، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی پێشهاتەکان و پێوانەکردن، چاودێریی بڵاوکردنەوەی داتا فەرمییەکانی پەیوەست بە هەڵاوسانەوە دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە دیدگایەکی سەربەخۆیانەی هەیە.

کۆنفیدراسیۆنەکەمان لە کۆتایی هەموو مانگێکدا بە نزیکەی هەفتەیەک پێش تویک، بە گوێرەی حیساباتەکانی خۆی، داتاکانی بۆ ڕای گشتی خستووەتە ڕوو. لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە هەڵگری کوالێتیی "نیشانەدەرێکی پێشەنگ"ە کە ڕەنگدانەوەی کردەی بەرزبوونەوەیە لە نرخەکانی بەکاربەردا.

## پەراوێزەکان

١- ئەم وەرگێڕانە بەرهەمی لێکدان و کۆکردنەوەی دوو توێژینەوەی جیاوازە لەسەر بابەتەکانی هەژاری و ناسەقامگیریی بارودۆخی ئابووریی تورکیایە. توێژینەوەی یەکەم جگە لەو پێشنیارانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی ئابووریی تورکیا خراونەتە ڕوو، بەتەواوی وەرگێڕدراوە و توێژینەوەی دووەم بە دەستکارییەوە و لە پێناو دووبارەنەبوونەوەی زانیارییەکاندا ئەوەی ناپێویست بووە وەرەگێڕاوە.

٢- گۆڤاری توێژینەوەی کار

٣- دامەزراوەی ئاماریی تورکیا (Türk İstatistik Kurumu)

٤- ناوەندی توێژینەوەی کۆنفیدراسیۆنی شۆڕشگێڕی سەندیکاکانی کرێکارانی تورکیا.

## سەرچاوەکان

1. Gelir, YaŞam Ve Yoksunluk, GENEL-İŞ Emek AraŞtırma Dairesi, Bu AraŞtırma DİSK/Genel-İŞ AraŞtırma Dairesi Tarafından HazırlanmıŞ Ve Haziran 2022 Tarihinde Kamuoyuna SunulmuŞtur. AraŞtırma Emar Kaynak Gösterilerek Kullanılabilir.

توێژینەوەیەکە لە لایەن دیسکی گۆڤاری توێژینەوەی کارەوە ئامادە کراوە و لە حوزەیرانی ٢٠٢٢ بۆ ڕای گشتی خراوەتە ڕوو. لایەنی بڵاوکاری توێژینەوەکە، سەندیکای کرێکارانی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تورکیایە. ئەم ڕێکخراوە لە ٢٢ی نیسانی ١٩٦٢ دامەزراوە و عەبدوڵا باشتورک لە یەکەمین کۆبوونەوەی گشتیدا لە ١٥-١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢ وەک سەرۆک دیاری کراوە و لە ئێستادا ڕەمزی چاڵشکان بەڕێوەبەری گشتییە و شوکرەت سێڤگەنەر سکرتێری گشتییە.

2. Türk-IŞ Haber Bülteni, Açlik Ve Yoksulluk Siniri, 27 Mayıs 2022, www.turkis.org.tr.

توێژینەوەیەکە لەلایەن فیدراسیۆنی سەندیکای کرێکارانی تورکیاوە لە ٢٧ی مایسی ٢٠٢٢ بڵاو کراوەتەوە. ئەم فیدراسیۆنە یەکێکە لە چوار ناوەندە گەورەکەی کرێکارانی تورکیا و بە تورک-ئیش ناسراوە. لە ساڵی ١٩٥٢ دامەزراوە و کۆنترینی هەرچوار ناوەندەکەیە، وەرزانە لە بارەی بارودۆخی ئابووریی تورکیاوە ڕاپۆرتی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

# ئایندەی ئابووریی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢-دا

## لەنێوان هەڵئاوسان و چارەنووسی وزەی ناوەکی

وەرگێڕان و ئامادەکردن: موجاهید وەهاب




**ئایندەی ئابووریی ئێران لە ساڵی ١٤٠١: هەڵئاوسان کەم دەبێتەوە؟**

بەهای هەڵئاوسانی خاڵ بە خاڵ (Point-to-point Inflation)، لە کۆتا مانگی هاوینی ساڵی ٢٠٢١ کە یەکەم مانگی دەستبەکاربوونی کابینەی سێزدەیەمی حکومەتە، ٤٣,٧٪ ڕاگەیەنرا. بە پێی ڕاپۆرتی سەنتەری ئاماری ئێران، بەهای هەڵئاوسانی خاڵ بە خاڵ لە کۆتایی ساڵی ١٤٠٠ (زستانی ٢٠٢٢) گەیشتە ٣٤,٧٪ کە ئاماژە بۆ کەمبوونەوەی ٩٪ی خێرایی بەهای هەڵئاوسان لەم ماوەیەدا دەکات. بەهای هەڵئاوسانی مانگانەش لەم شەش مانگەدا، لە ٣,٩٪ تا ١,٣٪ جووڵاوە. بە پێی ڕاپۆرتی سەنتەری ئاماری ئێران، بەهای

هەڵئاوسان لە کۆتا مانگی هاوین تا کۆتا مانگی زستانی ساڵی ١٤٠٠ (٢٠٢٢)، بەتێکڕایی بە کەمبوونەوەی ڕێژەی ٥,٦٪ گەیشتووەتە ٤٠,٢٪..

ڕاپۆرتە مانگانەکانی سەنتەری ئاماری ئێران، ئاماژە بەوە دەکەن کە کابینەی سێزدەیەمی حکومەت لە کۆنترۆڵکردنی خێرایی هەڵئاوسانی خۆراکی لەم شەش مانگەدا زیاتر سەرکەوتوو بووە. بەهای هەڵئاوسانی خاڵ بە خاڵی "خواردن و خواردنەوەکان"، لە کۆتا مانگی هاوین ٦٢,٦٪ بووە کە لە کۆتا مانگی زستان بۆ ڕێژەی ٤٠,٨٪ دابەزیوە. دابەزینی ٢١,٨٪ی خێرایی هەڵئاوسانی خۆراکی، لەو ڕوانگەیەوە کە خەرجییە خۆراکییەکان بەشێکی گەورە لە کۆی خەرجیی چینی کەم داهات بە خۆیەوە تەرخان دەکات و کاریگەریی زیاتری لەسەر بەهای هەڵئاوسان لە چینی کەم داهات دەبێت، گرنگییەکی تایبەتی لای داڕێژەرانی سیاسەت دەبێت.

هەر چەندە پرۆسەی هەڵئاوسانی مانگانەی ئەم چینە لەم شەش مانگەدا جووڵانی هەبووە و پرۆسەیەکی دابەزینی جێگیری تێنەپەڕاندووە، ئەمەش سەختییەکانی کۆنترۆڵکردنی هەڵئاوسانی خۆراکی نیشان دەدات.

**کەمینی هەڵئاوسانی خۆراکی**

خاڵێکی سەرنجڕاکێش لەسەر ئەم بابەتە کە دەتوانین لە شیکاری ڕاپۆرتە مانگانەکانی وەزارەتی هاریکاری،کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتی ببینین، لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی گشتیی هەڵئاوسانی خۆراکی لە نیوەی دووەمی ساڵدا ڕووی لە نزمبوونەوە بووە، بەڵام ڕێژەی ئەو کاڵایانەی کە زیاتر سەرف کراون و نرخیان لە "سەروو سنووری قەیران" زیادی کردووە، لە سەرەتای ئەم ماوەیە تا کۆتایی زیادی کردووە.

"سنووری قەیران" لەم ڕاپۆرتانەدا، زیادبوونی مانگانەی زیاد لە ٢٪ی نرخ یان گەشەی زیاد لە ٢٤٪ی ساڵانەی کاڵاکانە.

لە کۆتا مانگی هاوین، وەزارەتی هاریکاری، کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتی (وزارت تعاون، کار و رفاه اجتماعی) لە ڕاپۆرتی گۆڕانکاریی نرخی کاڵا دیاریکراوەکان کە کاڵا گرانەکان لەخۆ دەگرێت، ژمارەی ئەو کاڵایانەی کە لە سنووری قەیران زیاترن، بە ٧٥٪ ڕاگەیاند. ئەم ڕێژەیە لە دووەم مانگی زستان بۆ ٨٧,٥٪ بەرز بووەوە.

بە بەراوردکردن لەنێوان هەردوو ڕاپۆرتەکەی سەنتەری ئامار و وەزارەتی هاریکاری، بەم واتایە دێت کە لەم ماوە دیاریکراوەدا نرخی کاڵا زۆر سەرفکراوەکان لە ماڵان وەك خۆی و بە خێراییەکی زیاتر زیادی کردووە، بەڵام کەمبوونەوەی خێرایی زیادبوونی نرخی کاڵا خۆراکییەکان لە کۆتاییدا تێکڕای هەڵئاوسانی خۆراکی بە پرۆسەیەکی هێواشتر لە جاران زیاد کردووە.

زیادبوونی بەرچاوی نرخی جیهانیی خۆراك دوای قەیرانی کۆرۆنا و پێشهاتەکانی هێرشی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا و نەبوونی بڕیارێك لەسەر وەستان یان بەردەوامبوون

لە دراوی پەسەندکراو، دابینکردنی بودجە بۆ هاوردەکردنی کاڵا سەرەکییەکان دەتوانێت بە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە هەژمار بکرێت.

لەگەڵ دابەزینی خێرایی نرخی هەڵئاوسان، ئابووریی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢دا بە هەمان شێوە دەستەویەخەی هەڵئاوسان دەبێت. بە زیادبوونی ئەگەری لابردنی بودجەی دیاریکراو بۆ هاوردەکردنی کاڵا سەرەکییەکان، بەرزبوونەوەی نرخی جیهانیی کاڵاکان، گۆڕانی بەهای دۆلار لە بودجەی ٢٠٢٢ و لە هەمووی گرنگتر کورتهێنانی بەرچاوی بودجە، لە هۆکارە گرنگە نیگەرانکەرەکان بۆ بەردەوامیی هەڵئاوسانی زۆر لە ئابووری ئێرانن. هەر چەندە ئەگەر گەیشتن بە ڕێککەوتن لە گفتوگۆکانی ڤیەننا کەمبوونەوەی چاوەڕوانییەکانی هەڵئاوسان بەدوای خۆیدا دێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەرچاوڕوونییەکی ئومێدبەخش لە زیادبوونی داهاتی ئاڵوگۆڕی دراویی حکومەت و کۆنترۆڵی بەهای دراوی دەبێت کە دەتوانێت دەستی حکومەت بۆ کۆنترۆڵی نرخی هەڵئاوسان بکاتەوە.

**سیاسەتی سیستماتیکی**

ئەو ساڵانەی کە هاوکاتی گۆڕینی کابینەکانی حکومەت بوون لە ئێران، بەتایبەت لەو خولانەی کە کابینەی نوێ بە ڕێکارێکی جیاواز لە کابینەی پێشوو دێتە سەر کار، نادڵنیاییەکی نوێ بۆ دۆخ و چالاکوانانی ئابووری لەگەڵ خۆی دەهێنێت. ساڵی (٢٠٢١)یش لەم نەریتە هەمیشەییە دەرباز نەبوو. چەند مانگێك دوای هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی وەزیرەکان و کابینەی نوێ، بە ڕۆژەکان و هەفتەکانی چاوەڕوانی هەژمار دەکران و ڕێکاری کابینەی نوێ بۆ کەشی ئابووری، نادڵنیایی زیاتری دەبەخشییەوە.

دروستکردنی سیستم و کەمپە جۆراوجۆرەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخ لە بازاڕ، جەختکردنەوە لەسەر چاودێری و گەڕانەکان و هاتنەناوەوەی هێزە چەکدار و میلیشیاکان بۆ بابەتی کۆنترۆڵی بازاڕ، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کابینەی سێزدەیەم لە ڕووبەڕووبوونەوەی بازاڕ و ئابووری بوو.

هەر چەندە زیاد لە چوار دەیەی ڕابوردوو هیچ کات ئابووریی ئێران لەم پرۆسەیە ڕزگاری نەبووە، بەڵام لە هەر خولێکدا بە پێویستییە نائابوورییەکان و بیروباوەڕی دەوڵەتمەدارەکان، سیاسەتەکانی چاودێری و دەستووری و بگرەوبەردەکان بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

بە سەرنجدان لەو بەرنامانەی کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢١دا لە کارنامەی وەزیرانی ئاشتی و کشتوکاڵ بووە و لە هەمووی گرنگتر لە جەختلێکردنەوەکانی ئیبراهیم ڕەئیسی و جێگری یەکەمیدا دەیبینین، دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کە وەرزێکی تر لە پێکدادانی سەرپێچی-چاودێری لە ئابووریی

ئێران هاتووەتە کایەوە کە هاوەدەنگ لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکان، ڕەنگوبۆیەکی نوێی لە ڕەگەزی کۆنترۆڵی زیرەك یان بنیاتنانی سیستمی بڵاوکردنەوە و چاودێری بەخۆیەوە گرتووە.

ئەم خولە نوێیە، تایبەتمەندییەکی تری هەیە کە ئەویش جەختکردنەوە لەسەر خۆبژێوی و پشتیوانیکردنی بەرهەمی نێوخۆیی. ئەم چەمکانە هەر چەند ڕوویەکی سەرنجڕاکێشیان هەیە، بەڵام لە کرداردا دەبێتە هۆی ناکاری، فشار لەسەر سەرچاوەکان و قۆرخکاری کە لە ئەنجامدا هیچ سوودێکی بۆ ئابووریی نەتەوەیی نابێت.

**دۆلاری ٤٢٠٠ تمەنی، چارەسەری کاتی و ناتەواو**

بەشێکی بەرچاو لە وێنەی گشتیی ئابووریی ئێران لە ساڵی ٢٠٢١دا، بریتیی بوو لە نادڵنیایی و سەرلێشێواویی حکومەت لەسەر گرنگترین سیاسەتە ئابوورییەکان. سەردێڕی ئەم سەرلێشێواوییەش لە بابەتی سیاسەتڕێژی، بڕیاردان لەسەر سیاسەتی دراوی پەسەندکراو بوو کە بووە چارەسەرێکی بەرێکەری ئابووریی ئێران و تەنانەت کۆتایی ٢٠٢١ی هەتاوی بۆ چارەسەری ئەم برینە بەس نەبوو و هەڵپەسێردراوی لەسەر ئەم سیاسەتە و بەرنامەکانی دوای ئەو بۆ ٢٠٢٢ شۆڕ بووەوە.

دراوی پەسەندکراو لە سەرەتای یەکەم مانگی زستان لا نەبرا و لەگەڵ ئەوەی بودجەی هەشت ملیار دۆلاریی پەیوەست بە تایبەتکردنی دۆلاری ٤٢٠٠ تمەنی تەواو بووە و دەورە شەش مانگییەکەی تێپەڕیبوو، کابینەی سێزدەیەم بە وەرگرتنی مۆڵەت لە ئەنجوومەنی باڵای سەرۆکایەتییەکان و دڵنیایی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەردەوامن لە درێژەپێدانی ئەم سیاسەتە.

تەنانەت لابردنی ئەم دراوە لە بودجەی ساڵی داهاتوو، خاڵی کۆتایی سیاسەتی دۆلاری ٤٢٠٠ تمەنی نەبووە و لە کۆتاییدا ئەندامانی پەرلەمان ٢٥٠ هەزار ملیار تمەن سەرچاوەی دارایی بۆ هاوردەکردنی کاڵا سەرەکییەکان، گەنم، دەرمان و کەرەستەی پزیشکییان لە پرۆژەیاسای بودجە گونجاندووە. بەڵام سیاسەتی لابردن و بەرنامەکانی قەرەبوویان ڕادەستی حکومەت کرد، تا بتوانن خۆیان لە پێشهاتەکانی بێبەری بکەن.

نوێنەرەکان مەرجی جێگیربوونی نرخی ئەم کاڵایانەیان لە کۆتا مانگی هاوینی ٢٠٢١ بۆ پرۆژەیاساکە زیاد کرد، تا دیسان بیرەوەریی تاڵی جێگیربوونی نرخەکان لە خولی حەوتەمی پەرلەمان زیندوو بێتەوە. سیاسەتێك هەر چەند کە نەیتوانی نرخەکان بە جێگیری بهێڵێتەوە، بەڵام زیانی گەورەی لەسەر پرۆسەی گەشەی بوارەکانی ئاو، کارەبا و وزە بەجێ هێشت.

ئێستاکە سەرچاوەکانی دراوی پەسەندکراو بە ژمارەی گۆڕاو بۆ ڕیاڵ لە بودجەدا جێی خۆش کردووە. حکومەت ناچار کراوە ئەگەر ئامانجی لابردنی دراوی تایبەتمەندکراوی بۆ

هاوردەکردنی ئەم کاڵایانە بخاتە کارنامەیەوە، پەرجوویەك بکات و نرخەکان لە ئاستی نیوساڵی یەکەمی ڕابردوو ڕابگرێت و ڕێگاکانی پشتیوانیی دوای لابردنیش لە ئەستۆی حکومەتە. ئەم وێنە نادیارە، گەورەترین نیگەرانیی ئابووریی ئێران لە ساڵی داهاتووە.

لە وتەکانی سەرەتای موحسین ڕەزایی جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئابووری و کاربەدەستانی تری حکومەت، ئەوە دەخوێنرێتەوە کە بەرنامەی قەرەبووی حکومەت تەنیا هەمان کارتی پاڵپشتیکردنی دارایی (کارت بن/کۆپن)، یان کارتی ئەلکترۆنییە، تا لە ڕێگەی ئەو کارتەوە بەکارهێنەران بتوانن یارمەتیی حکومیی[1] دیاریکراو بەکار بهێنن.

لەم نێوەندەدا لەوانەیە حکومەت ناچار بێت لە ئەنجامدا دوای تێپەڕینی ١٢ ساڵ بەسەر دەرکردنی یاسای ئامانجدارکردنی یارمەتییەکان (هدفمندی یارانەها)[2]، چارەنووسی ئەو گرووپ و خێزانانە ڕوون بکاتەوە کە یارمەتییە داراییەکانی حکومەت دەیانگرێتەوە.

ئەم ناڕوونییە لە چارەنووسی بەرنامەکانی قەرەبووی حکومەت و هەواڵە بڵاوکراوەکان لەسەر بەرزبوونەوەی ٥٠-٧٠٪ی نرخی مریشك، هێلکە، بەرزبوونەوەی ٣٠٪ی نرخی شیرەمەنی و کاڵاکانی تری پەیوەست بە دراوی پەسەندکراو لە ساڵی داهاتوو، بە مۆتەکەی سەرەکیی ئابووریی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢دا هەژمار دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەدا کە لە کۆتا مانگەکانی ساڵی ٢٠٢١دا ئەوەی وتراوە و بیستراوە تەنیا لە بارەی چارەنووسی بەکاربەرانە و بەنزیکەیی نە لەنێو حکومەت و نە لەنێو پەرلەمان هیچ کەس لە بارەی چارەنووسی بەهەمهێنەران لەدوای لابردنی دراوی پەسەندکراو قسەی نەکردووە. ئەوەی کە ئەوان چۆن سەرمایەی لەگەڕیان دوای بازدانی نرخی کاڵا سەرەکییەکان دابین دەکەن؟ گۆڕانکاری لە نرخ، ئاڵوگۆڕی دراو لە دیاریکردنی باج و گومرك لە ٤٢٠٠ تمەن بۆ ٢٣٠٠٠ تمەن، نرخی هاوردە گرانتر لە جاران دەکات. بەرزبوونەوەی حەقدەست و هەڵئاوسانی گشتی، نزیکەی ٣٥٪ی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمە ناوخۆییەکان و فەرمانی جێگیرکردنی نرخەکان یان غەرامەکردنی وەبەرهێنەران بەو شێوەی کە لە کۆتا هەفتەکانی ساڵی ٢٠٢١دا زیادی کردبوو، دەبێتە هۆی زیان و مایەپووچبوونیان.

**نەخۆشییەکی هەمیشەیی**

ئەوەی بەردەوام چالاکوانانی ئابووری لە ساڵی ٢٠٢٢ بە نیگەرانی لەسەر دۆخی ئابووری دەهێڵێتەوە، دۆخی کورتهێنانی بودجەیە. هەر چەند بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانی و چانسی فرۆشتنی زیاتری نەوت و غاز، هیوای زیادبوونی داهاتی لەم بوارەدا زیاتر لە ساڵانی پێشوو بەرز ڕاگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بودجەی ساڵی داهاتوو هەم لە ڕووی داهات و هەم لە ڕووی خەرجییەوە لەژێر فشارە.

بە شێوەی باو و مێژوویی، کورتهێنانی بودجە و شێوازەکانی پڕکردنەوەی ئەم کورتهێنانە کاریگەریی لەسەر کۆی دۆخی ئابووریی ئێران دەبێت و دەبێتە هۆی گەشەی سیولە و نەختینەیی کە لە کۆتاییدا کڵپەی هەڵئاوسان بەرز دەکاتەوە.

وردبوونەوە لە پرۆسەی گەشەی نەختینەیی لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢دا، دەریدەخات کە لەگەڵ بانگەشە زۆرەکان، حکومەت لەسەر کۆنترۆڵی گەشەی گۆڕاوە دراوییەکان (متغیرهای پولی) و دانانی هێڵی سوور بۆ ئەم گۆڕاوانە، بە هەمان شێوەی پێشوو گەشەی نەختینەیی و گۆڕاوەکانی تری دراو کەم و زۆر وەك خۆی بووە.

نەختینەیی لە ١٠ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢١دا نزیکەی ٢٩,٥٪ گەشەی کردووە کە لەگەڵ گەشەی درێژمەودای ئەم گۆڕاوە دراوییە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، هەروەها گەشەی خاڵ بە خاڵی نەختینەیی لە هیچ مانگێك لەو ١٠ مانگەی ساڵی ٢٠٢١ کەمتر لە ٣٨,٨٪ نەبووە، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە جێگیربوونی گەشەی نەختینەیی لە ژمارەکانی سەرەوە، بەردەوام بە کێشەیەکی گەورە بۆ ئابووریی ئێران دێتە هەژمار.

**لەرزۆك وەکوو ئابووریی گشتی**

ئابووریی ئێران لە ساڵی ٢٠٢١دا هەروەك پێشتر لە زۆربەی پێشبینییەکانی ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو سندووقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی جیهانی ئاماژەی پێ درابوو، لە لوتکەی کاریگەریی سزاکان تێپەڕی کە ئەم تێپەڕبوونە لە سزاکان بە دابەزاندنی قەیرانەکانی کۆرۆنا لە ئێران و کاریگەریی خێرایی ڤاکسینکردن لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١، بە وتەی بانکی ناوەندی گەشەی ٤,١٪ی بەخۆوە بینی. ناوەندی ئاماری ئێران نرخی گەشەی ئابووریی نۆ مانگەی ساڵی ٢٠٢١ی بە ٥,١٪ خەمڵاندبوو.

لە هەردوو ڕاپۆرتی گەشەی گشتیی بەرهەمی ناوخۆیی ئێران ڕۆڵی دوو بەش سەرنجڕاکێشە، بەشی نەوت و غاز کە بە شلکردنی سزاکانی ئەمەریکا و بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر بۆ فرۆشتنی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان هاتە کایەوە. هەروەها گەڕانەوەی بەشی خزمەتگوزاری کە بە تێپەڕبوونی ئێران لە کۆڤید-١٩ و سووکتربوونی قەیرانی کۆرۆنا، توانیی گیانێك بە ئابووریی نیوەگیانبووی ئێران ببەخشێت.

لەگەڵ ئەمەشدا بەشی کشتوکاڵ لە هەردوو ڕاپۆرتەکەی ناوەندی ئامار و بانکی ناوەندی لە گەشەی ٩ مانگی، ڕۆڵی سالبی هەبووە کە زیاتر لە هەر شتێکی تر بە هۆی کاریگەرییە نەرێنییەکانی وشکەساڵی لەسەر هێڵی دابەزین مایەوە.

هەروەها ڕۆڵی بەشی پیشەسازی لە سێ وەرزی سەرەتای ٢٠٢١ جیاواز بوو، کارەبا بڕانەکانی هاوین و قەیرانی کارەبا و غاز

بەردەوام ڕێگرییەکی بەردەم پێشکەوتنی دۆخی ئەم بەشە بوو.

بە تێڕامان لە وەرز بە وەرزی ڕۆڵی بەشە جیاوازەکان لە هەردوو ڕاپۆرتەکەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆڵی بەشی نەوت و کاریگەرییەکانی لەسەر زۆربوونی ڕێژەی بەرهەمی ناوخۆیی نەیتوانیوە کاریگەرییەکی بەردەوام بێت و وەرز بە وەرز ئەم کاریگەرییە گۆڕانکاریی تێدا ڕووی داوە، مانەوەی کاریگەریی بەشی نەوت و غاز پێویستی بە وەبەرهێنان، گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و گەشەی بەرهەم و هەناردەی ئەم بەشەیە.

هەر چەند جیاوازی لە خەمڵاندنەکانی هەردوو ناوەندەکە لە ڕۆڵی بەشە جیاوازەکانی ئابووری، تا ئاستێك بە حاڵەتێکی ئاسایی هەژمار دەکرێت، بەڵام جیاوازیی هەڵسەنگاندنی ناوەندی ئامار و بانکی ناوەندی لە نرخی دروستکردنی سەرمایەیەکی گشتیی جێگیر لەم ٩ مانگەدا، کەمێك سەیرە.

ناوەندی ئاماری ئێران نرخی گەشەی دروستکردنی سەرمایەی گشتیی جێگیر لە ٩ مانگی ساڵی ٢٠٢١ی بە ٤,٩٪ ڕاگەیاندووە، بەڵام نرخی گەشەی دروستکردنی سەرمایەی گشتیی جێگیر لە کۆتایی پاییزی ٢٠٢١دا بە هەمان شێوە سالبە. بانکی ناوەندی ئەم ڕێژەیەی بە ٥,٢٪ خەمڵاندووە.

ئەگەر خەمڵاندنەکەی بانکی ناوەندی بە ستاندارد وەربگرین، بە هەمان شێوە گرفتی نێگەتیڤبوونی وەبەرهێنان لە ئابووریی ئێران بۆ سێیەمین ساڵی لەسەریەك بەردەوام بووە.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتن و پێشبینیی پەیوەست بە ڕێکخراوی بەرنامە و بودجە، ماوەیەك پێش ئێستا لە ڕاپۆرتێکدا بە ئاماژەدان بەوەی کە گەشەی وەبەرهێنان لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٩ (١-)٪ بووە، هۆکاری سەرەکیی کەمبوونەوەی وەبەرهێنان لە ئابووریی ئێران بۆ ناجێگیری لە کەشی ئابووریی گشتی دەگەڕێنێتەوە و هۆکارەکانی تێکدانی جێگیریی ئەم کەشە بۆ گەشەی زۆری نەختینەیی و هەڵئاوسانی مەترسیدار، ناجێگیریی نرخی دراو و ناکارامەیی سیاسەتی دراو دەگەڕێنێتەوە.

لە دیدی ئەم ڕاپۆرتەوە، بە کەمبوونەوەی وەبەرهێنان ئابووریی ئێران کەوتووەتە نێو تەڵەی گەشەی نزم، کە پێشهاتەکانی ئەم دۆخە کەمبوونەوەی داهاتی تاك، زۆربوونی هەژاری و بێکاری، لاوازبوونی توانای حکومەت و کەمبوونەوەی داهاتی گشتی دەبێت.

بە سالب مانەوەی نرخی گەشەی وەبەرهێنان لە کۆتا وەرزی ساڵی ١٤٠٠ (٢٠٢٢) کە هێشتا ڕانەگەیەنراوە، دەتوانێت بە ئاستەنگێکی جددی بۆ باشترکردنی دۆخی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی لە ساڵی داهاتوودا دابنرێت.

ڕاستی ئەوەیە کە ئابووریی ئێران لە حاڵێکدا پێی ناوەتە ساڵ و سەدەی نوێوە کە لە لیستی درێژی ئاڵنگارییەکانی هیچ

کەم نەبووەتەوە و بە هەمان شێوە قەیرانە گەورەکان ڕێی جووڵەی چالاکوانانی ئابووریی گرتووە. چالاکوانانی ئابووری هەر وا چاوەڕێی کەمبوونەوەی یەك بە یەکی ئەو نادڵنیاییە زۆرانەن کە لە ساڵانی دواییدا بوونەتە هۆی ناجێگیریی دۆخی ئابووریی گشتی. بەبێ یەکلاییکردنەوەی ئەم ناڕوونییانە، ناتوانرێت چاوەڕێ بکرێت تا یاریزانانی ئابووری بە دڵنیابوون لە داهاتوو، چالاکییە ئابوورییەکانیان دەست پێ بکەنەوە یان تەنانەت پێشی بخەن و بە وەبەرهێنان ئابووریی ئێران بەجووڵە بخەنەوە.

ئابووریی ئێران لە خاڵێکی تەمومژاویدا چاوەڕێیە تا بەخێرایی دۆخی کار و کاسبی بۆ بەرژەوەندیی گەشە و ئاسانکاریی چالاکییە ئابوورییەکان بگۆڕێت و لەوانەیە ئەمە کۆتا هەل بۆ ئەم گۆڕانکارییە بێت.

**داهاتووی ئابووری لە دوو سیناریۆدا**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ژووری ئێران، داهاتووی ئابووری و بازرگانیی لە دوو سیناریۆدا لێك داوەتەوە. سیناریۆی یەکەم باسی هەلومەرجی بازرگانی و ئابووریی ئێران لە ئەگەری بەئەنجامگەیشتنی بەرجام دەکات و سیناریۆی دووەم ئابووریی وڵات بێ بەرجام لێك دەداتەوە. ئەم ڕاپۆرتە وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ لە هەردوو سیناریۆکەدا دەداتەوە: یەکەم ئەوەی دەبێت ڕێکاری بازرگانیی ئێران دەبێ چی بێت؟ دووەمیان، کامە کاڵا و کەرەستە دەبێت بە سەرەکی دابنرێن؟ سێیەمیش، کام وڵاتانە دەبێت لە ئەولەویەتی گەشەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئێران دابنرێن؟

**سیناریۆی یەکەم: ڕێککەوتنی سیاسی و گەڕانەوەی هەردوو لا بۆ بەرجام**

بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی ئەم ڕاپۆرتە، پێشبینی دەکرێت کە تەنانەت لە باشترین حاڵەت و لە گەڕانەوەی هەردوو لا بۆ بەرجام، ڕێککەوتنێکی گشتی و کراوەی بەرچاو لە ئاڵوگۆڕە ئابووری و بازرگانییەکان لە ئێران بەدی ناکرێت. زیندووکردنەوە یان نەکردنەوەی بەرجام، تەواوکەری پەیوەندیی ئێران لەگەڵ ئەمەریکا و ئەورووپا لە ماوەیەکی کورت و مامناوەندا دەبێت. لە ئەگەری زیندووکردنەوەی بەرجام، ڕێکاری گیردان بە ئێران لە ئەمەریکا و ئەورووپا دەست پێ دەکاتەوە و بابەتی گۆڕینی هەندێك لە خاڵەکانی بەرجام، بابەتە ناوچەیی و مووشەکییەکان دەچێتە بەرنامەی کاری ئەورووپا و ئەمەریکا. لەم بارەدا، کرانەوەی جددی لە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا بەدی ناکرێت و لە هەمان کاتدا ئاستەنگی جددی دێتە سەر ڕێی هاریکاریی ئێران و ئەورووپا، وەکوو ترس لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی ترەمپ و وێناکردنی نەرێنیی حکومەتی نوێ. بۆیە شارەزایان پێیان وایە لە باشترین حاڵەتدا تەنیا ڕێککەوتنێکی

دیاریکراو و کاتی لە بارەی بابەتی ناوەکییەوە دەبێت و تەنیا کار بۆ فرۆشتنی نەوت و گواستنەوەی داهاتە نەوتییەکان بۆ ناوخۆی ئێران دەکات، بەڵام مۆرکی نادڵنیایی و مەترسیداربوونی ئابووریی ئێران لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی ناگۆڕێت. بۆیە لەم کاتەدا ناتوانین بینەری ڕێککەوتنی درێژمەودای دەرەکی و وەبەرهێنانی دیار لەلایەن کۆمپانیا گەورە و ناودارە نێودەوڵەتییەکان بین. لەم دۆخەدا ئێران لە پێگەی هەڵبژاردندا دەبێت و ئامانجدارکردنی بازرگانیی دەرەکیی ئێران دەتوانێت لە "هەنگاوی مانەوە" بەرەو "هەنگاوی پێشکەوتن" بگۆڕێت. ئەم گۆڕانکارییە ئاڵۆزیی دارِشتنی سیاسەتە بازرگانییە دەرەکییەکان زیاتر دەکات. چێوەی پێشنیاریی ئەم ڕاپۆرتە، لەم بەشەدا لەسەر بنەمای دوو ئامانجی گەشەی بەردەوام و بەرزکردنەوەی پێگەی ئێران؛ لە زنجیرەی بەها جیهانییەکانە. سەرنجدان لەم خاڵە پێویستە کە لە ئەگەری هاتنەدیی ئەم سیناریۆیە، ئازادکردنی سەرچاوە داراییە بلۆککراوەکانی ئێران و هەروەها فرۆشتنی نەوتی وڵات، نەختینەییەکی باش دەخاتە نێو دەستی بەڕێوەبەرانی وڵات. هەڵەیەکی ستراتیژی لەم هەلومەرجەدا، هاوردەکردنی بێسنووری کاڵای بەکاربەر و بابەتی خۆشگوزەرانی و شوێنکەوتنی سیاسەتە پۆپۆلیستییە ناجێگیرەکان و دروستکردنی گەشەیەکی هەژارانە و کاتی لە بواری سیستمی بڕیاردانی ئابووریی وڵاتە. ئەم بابەتە هەم لە لایەنی تیۆری و هەم پراکتیکیی مێژووی وڵاتەوە، دەبێتە هۆی بەرکەوتنی زیانی جددی بە ئابووریی وڵات.

ئەو کاڵایانەی لەم سیناریۆیەدا ئەولەویەتیان هەیە: بە سەرنجدان لەوەی کە لەم هەلومەرجەدا سنووردارکردنی بازرگانی لەگەڵ ئێران کەم دەبێتەوە، بۆیە ئەولەویەتەکان لەجیاتیی ئەوەی لەسەر بنەمای مانەوە دابڕێژرێن، بەسەر بنەمای تێبینییەکانی پەیوەست بە پێشکەوتنەوە ڕێك دەخرێن. ئامانجدارکردنی بازرگانی لەم سیناریۆیەدا، بەهێزکردنی پیشەسازیی تەکنەلۆژی و بەدەستهێنانی پێگەی باشترە لە ئاستی جیهاندا.

ئەو لایەنە بازرگانییانەی لەم سیناریۆیەدا ئەولەویەتیان هەیە: لەو ڕووەوە کە ئەولەویەتی کاڵا لەم سیناریۆیەدا لەسەر بنەمای هاوردەی تەکنەلۆژیای وەبەرهێنانە، بە پێی ئەوە وڵاتانێك دەبێت بکەونە ئەولەویەتی بازرگانی لەگەڵ ئێران کە توانای دابینکردنی ئەم تەکنەلۆژییە پێویستانە لە پیشەسازییە دیاریکراوەکانیاندا هەبێت. هەر چەندە لەم سیناریۆیەدا وا دانراوە کە ئەمەریکا گەڕابێتەوە بۆ بەرجام و سزاکان لا براون، بەڵام لەوانەیە زۆر خۆشبینانە بێت ئەگەر وای دابنێین کە ئەمەریکا و ئێران پەیوەندییەکی ئابووریی بەرفراوان دروست

دەکەن. بۆیە پێویستە وڵاتانی جگە لە ئەمەریکا کە توانای دابینکردنی تەکنەلۆژیا پێویستەکانی ئێرانی بەرەو پێشکەوتن هەبێت، بکەونە ئەولەویەتەوە، وەکوو چین، هیند و هەندێك لە وڵاتە ئەوروپییەکان. لەنێو وڵاتانی ئاسیایی، چین بە گرنگترین هاوبەشی بازرگانیی ئێران هەژمار دەکرێت. بەستنی پەیوەندی لەگەڵ چین، جگە لەوەی یەکێکە لە جەمسەرەکانی ئابووریی دنیا، بەڵکوو وەکوو وڵاتی سەنتەری زنجیرەی بەهاکانی ئۆراسیا، دەرفەت و وزەیەکی باش بۆ ئابووریی ئێران وەکوو وڵاتێکی پێشکەوتنخواز لەگەڵ خۆی دەهێنێت. هەروەها وڵاتی هیند یەکێکە لە ئەولەویەتەکان بۆ هاریکاری. زۆربەی شارەزایان ئەم وڵاتە بە ئەژدیهای خەوتوو یان چینی داهاتوو ناو دەبەن. ئەم وڵاتە دووەمین هاوبەشی بازرگانیی ئێران لە ئاسیایە. لە ناوچەی چابەهار لەگەڵ ئێران هاوکارییەکی باشی هەیە و بە دووەمین کڕیاری نەوت هەژمار دەکرێت. ئەم وڵاتە تایبەتمەندیی دیاری هەیە کە گرنگیی ئەو وڵاتە لای ئێران زیاد دەکات. ئەو کاڵا و پیشەسازییانەی کە هیند جەخت دەکاتەوە سەریان، بە جۆرێك لە تەواوکەری کاڵا و پیشەسازییەکانی وەبەرهێنان لە ئابووریی ئێران هەژمار دەکرێن (پێچەوانەی ناوچەی ئۆراسیا) و ئەمەش دەبێتە هۆکار تا دەرفەتێکی باشتر بۆ زیادکردنی پەیوەندیی بازرگانی لەنێوان هەردوو وڵاتدا دروست ببێت. لەنێوان وڵاتانی ئەورووپی، ئەڵمانیا بە سەنتەری زنجیرەی بەهای ئەورووپا دادەنرێت و بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ئەورووپی، خاوەن ئاستێکی بەرزتری تەکنەلۆژیای پیشەسازیی بەرهەمهێنانە. ئابوورییەکی گەورەتر و هەمەچەشنەتری هەیە و لە لایەنی سیاسییشەوە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری وەك بەریتانیا؛ سەربەخۆییەکی باشتری لەبەرانبەر ئەمەریکا هەیە، بۆیە ئەڵمانیا لە ئەولەویەتی یەکەمی ئابووریی ئێران دادەنرێت.

کۆریای باشوور لە ڕیزبەندیی دواتر دێت، بەتایبەت کە بە درێژایی مێژوو پیشەسازیی ئێران ئەزموونێکی باشی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی پیشەسازیی هاوردەکراو لە کۆریای باشوور هەیە. هەروەها ژاپۆن وەکوو وڵاتێکی هەناردەکاری تەکنەلۆژیا، لە لایەنی تەکنیکییەوە تواناییەکی باشی بۆ دابینکردنی تەکنەلۆژیای پێویستی ئێران هەیە، بەڵام هەم بە هۆکاری سیاسی و هەم بە هۆکاری پێشینەی ئابووریی سنووردار لەگەڵ ئێران، لە ڕیزبەندیی دوای کۆریای باشوور دێت. هەڵبەت بە هۆکاری پابەندبوونی تەواوی ئەم دوو وڵاتە بە سیاسەتەکانی ئەمەریکا، گرێدانی پێویستییە تەکنەلۆژییە سەرەکییەکانی وڵات بە ئابووریی ئەم دوو وڵاتەوە بۆ ئێران لە ڕووی ئاسایشی ئابوورییەوە هەستیاریی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆیە دەبێت دروستکردنی چەندێتیی هاوبەشە ئابوورییەکان لەسەر بوارەکانی هاوکاری

لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە بە شێوەی تایبەت سەرنجی لەسەر دابنرێت و هەم بە شێوەی تایبەت لە ڕێککەوتنە دوولایەنەکان (لە لایەنی سزا تاکلایەنەکانی ئەمەریکا) جەخت لەسەر گرەنتیی جێبەجێکردنی خاڵەکان لەلایەن لایەنی بەرانبەر بکرێتەوە. هەروەها بازاڕی کاڵاکانی ئێران بەئاسانی نەخرێتە ژێر دەستی کۆمپانیاکانی ئەم دوو وڵاتە.

هەوڵدان بۆ وەبەرهێنانی هاوبەش لەم سیناریۆیە، گرنگییەکی زۆری هەیە. وەبەرهێنانی هاوبەش جیا لە سوودی ئابووری و گواستنەوەی زانست، دەتوانێت ڕێگەیەك بێت بۆ پاراستنی ئێران لەبەرانبەر ئەگەری دووبارە جێبەجێکردنی سزاکان لە داهاتوودا، لەبەر ئەوەی لە ئەگەری وەبەرهێنانی زۆری وڵاتانی تر لە ئێران، وڵاتانی وەبەرهێنەریش دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم دووبارە سەپاندنی سزاکان لەلایەن ئەمەریکاوە. هەروەها پێویستە سەرنج بدرێت هەر چەند ئەولەویەتی ئێران لەم سیناریۆیەدا هاوردەکردنی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان و بەهێزکردنی بەرهەمی ناوخۆیە، بەڵام ئەم سیناریۆیە بە باشترین هەل بۆ گەشەپێدانی بازنەی هاوبەشە بازرگانییەکانی وڵات هەژمار دەکرێت. بە وتەی چالاکوانانی ئابووری، بەتەنیا تەرکیزکردنە سەر بازاڕەکانی وڵاتانی دراوسێ بۆ بازرگانیی ئێران مەترسیدارە و گۆڕانکاریی سیاسی و سروشتی و... هتد، هەناردەکردنی ئێران دەخاتە ژێر کاریگەرییەکی زۆرەوە. هەر چەند هاوکات لەگەڵ سزا ئابوورییەکان، لیستی بازاڕە ئامانجەکانی ئێران کەم و کەمتر بووەتەوە، تا ئەوەی کە لە ساڵانی دواییدا تەنیا تەرکیز لەسەر ١٥ وڵاتی دراوسێ و دوو وڵاتی هیند و چین وەکوو بەرنامەی ئەمینداره بازرگانییەکان بووە. بۆ ئەم مەبەستە، ڕێکخراوی گەشەپێدانی بازرگانیی ئێران ڕایگەیاندووە لە ئەگەری کرانەوەکان لە سیناریۆ خۆشبینانەکاندا، وڵاتانی ئەفەریقی، ئەورووپی، ئەمەریکای باشوور، ئۆراسیایی، ئەندەنوسیا و ڤێتنام بۆ لیستی بازاڕەکانی ئامتنجی ئێران (١٥ وڵاتی دراوسێ لەگەڵ هیند و چین) زیاد دەکرێن.

**سیناریۆی دووەم: زیادبوونی سزا نێودەوڵەتییەکان و فشاری سزاکان**

لە ئەگەری زیندوونەکردنەوەی بەرجام، دوو بژاردە دەبێت: یەکەم، ئێران لەسەر بنەمای سیاسەتی سڵپێکردنەوەی شەرعیەتپێدراوی وزەی ناوەکی (بازدارندگی مشروع هستەای)، سیاسەتی هەڵاتنی ناوەکیی سفر دەگرێتە بەر. لەم حاڵەتەدا ئێران بە ئەگەری زۆرەوە ڕووبەڕووی سزای نوێی ئەنجوومەنی ئاسایش و یەکێتیی ئەورووپا دەبێتەوە و دوو بژاردەی ڕێکاری سەربازی و گفتوگۆی لەبەردەم دەبێت. بەڵام حاڵەتی دووەم ئەوەیە کە ئێران بەفەرمی لە بەرجام بکشێتەوە، بەڵام لە کرداردا بەرنامەی ناوەکیی خۆی کەم تا زۆر لە ئاستی بەرجام بهێڵێتەوە.

بەم ڕێکارە، هەم سەرنجەکان لەسەر بەرنامەی ناوەکیی خۆی کەم دەکاتەوە، هەم بە دەرچوون لە بەرجام بواری داڕشتنی داواکاریی نوێ لەلایەن ئەمەریکاوە لەناو دەبات. ئەم ڕێکارە لەسەر بنەمای ڕوانگەی ڕەتکردنەوەی دانوستان لەگەڵ ئەمەریکایە. لە هەردوو بژاردەکەدا، ئێران دەبێت بۆ فشاری سزاکان خۆی ئامادە بکات.

لەم حاڵەتەدا بە ئەگەری زۆر دیسان سزاکانی ئەمەریکا لەلایەن بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتگیری دەکرێن. هەڵبەت بەم جیاوازییە سەرەکییەوە کە سزاکانی سەرەتای دەیەی ۱۳۹۰ (۲۰۱۱-۲۰۲۱) یەکسەر دوابەدوای گەڕێکی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی نەوت و هاتنی داهاتێکی زۆری نەوت بۆ حکومەت بوو کە بە شێوەی سروشتی توانای ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی سزاکانی زیاد دەکرد، بەڵام لە ئێستادا ئابووریی ئێران لە ڕووی داهاتەوە لە دۆخێکی باشدا نییە و هەندێك قەیرانی وەك کۆرۆنا، هەڵئاوسان و بێکاری فشارێکی زۆریان خستووەتە سەر دارایی وڵات. لەگەڵ ئەوەشدا لۆژیکییە کە لایەنی بەرانبەر لەسەر بنەمای ئەزموونی گەڕی پێشووتری سزاکان، ئەم جارەیان کاریگەرتر بێتە مەیدان. بەگشتی لۆژیکی سزاکانی ئەمەریکا، هەوڵدانە بۆ دابڕانی دارایی و بازرگانی بە ئامانجی لێدان لە بەرهەمی ناوخۆیی و ئابووریی ئێران. سزاکان بە کەمکردنەوەی هەناردەی نەوت و گرفت لە گواستنەوەی دارایی دەرەکی، بیمە و گواستنەوە، لە یەك کاتدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی دراوی وڵات، کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی وڵات و کەمبوونەوەی توانای هاوردەکردن بەتایبەت کاڵا نێوەندگیر و وەبەرهێنەرییەکان کاریگەریی لەسەر کۆی ئابووریی وڵات دەبێت.

لە ئەگەری نەبوونی بەرنامەیەکی کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی سزاکان، کاروباری ئابووری و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی بەردەوامی نرخی دراو، نرخی هەڵئاوسان، نرخی بێکاری و کورتهێنانی بودجە و سالببوونی نرخی گەشەی ئابووری و لە ئەنجامدا کەمبوونەوەی دیاری ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانیی خەڵك. پێویستە کە داڕێژەرانی سیاسەتی نێوخۆیی بە شێوەیەکی زانستی و لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی دیاریکراو، هەنگاوە پێویستەکان لە ئەگەری هاتنەدیی ئەم سیناریۆیە دیاری بکەن و بە مەبەستی زیاتر بەرگەگرتنی ئابووریی وڵات، ڕێکاری پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی سزاکان لە بواری بازرگانیی کاڵا و پێویستییەکان لە ئەگەر هاتنەدیی ئەم سیناریۆیە بگرێتە بەر.

ئەو کاڵایانەی لەم سیناریۆیەدا ئەولەویەتیان هەیە: لەسەر بنەمای گەڕی پێشووی سزاکان، ئامانجی کورتمەودای لایەنی سزادەر لە ئەگەری سەپاندنی سزاکان، دروستکردنی گرژیی سیاسی لە ڕێی دانانی

فشار لەسەر هەردوو گرووپی بەکاربەر و هێزی کارە. لە ئەگەری گەڕانەوەی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی هەنگاوەکان بۆ جێگیر ڕاگرتنی نرخی دراو و پاڵپشتیی بەرهەمهێنان، لە مانگەکانی دوای سزا نوێیەکان بە دابارینی کاریگەرییە دراوی و سزاکان لە بازاڕی کاڵادا و هەروەها زیادبوونی خەرجییەکانی بەرهەمهێنان، ڕووبەڕووی دوو شەپۆلی وێرانکەری زیادبوونی نرخی هەڵئاوسان (کەمبوونەوەی توانای کڕینی بەشێکی زۆر لە خەڵکی) و بێکاریی فراوان (بە هۆی داخستنی کارگەکان یان ئاڵوگۆڕکردنی هێزی کاری یەکە بەرهەمهێنەرەکان) دەبینەوە.

زیادبوونی هەژاریی ڕەها لە ئەنجامی زیادبوونی ئاستی گشتیی نرخەکان، زیادبوونی نایەکسانییەکان، کەمبوونەوەی بەرچاوی متمانەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، دەربڕینی نارەزایی گشتی و زیادبوونی گەندەڵی و تاوان؛ لە پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی ئەم شۆکانە دەبن. بەم شێوەیە بە شێوەیەکی لۆژیکی هەر جۆرە بەرنامەدارِشتنێك بۆ زیادکردنی خۆڕاگری و بەرگەگرتنی ئابووریی ئێران لە کورتمەودادا دەبێت دوو لایەنی پێویستییە سەرەکییەکانی بەکاربەران و بەرهەمهێنەران بۆ گەرەنتیکردنی لانی کەمی (مینیمەمی) بژێویی خەڵکی و پاراستنی بناغەی بەرهەمی ناوخۆیی لەبەرچاو بگیرێت. سروشتی پشتبەستن بە هاوردەیی ئەم دوو لایەنە لە ئابووریی ئێراندا، گرنگیی بوونی بەرنامەیەکی بازرگانیی تۆکمە لە مانگەکانی داهاتوودا بەرجەستە دەکات.

دابینکردنی کاڵا سەرەکییەکان: دابینکردنی کاڵا سەرەکی و پێویستەکان کاریگەریی زۆری لە خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی هەیە و ئەم جۆرە کاڵایانە دەبێت تا قۆناغی گەیشتنەدەستی بەکاربەر توانای چاودێری و کۆنترۆڵکردنی هەبێت. چاوەڕوان دەکرێت گەڕانەوەی سزاکان ئەم جار فراوانتر لە گەڕی پێش بەرجام بێت. هەر چەندە زۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان هاوردەکراو نین و لەژێر کاریگەریی سزاکان نابێت، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ناوەستێت و بەشێك لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان هەنارده دەکرێن، بەڵام هەبوونی گرفت لە دابینکردنی دارایی و پێدانی پارە، کڕینی گەرەنتیکراوی بەرهەمەکان لە دۆخی سزاکان تووشی گرفت دەکات.

دابینکردنی تەکنەلۆژیای هاوردەکراو لە پیشەسازیی کارەبا: لە ئێستادا بۆ دروستکردنی ئامێرەکانی پیشەسازیی کارەبا، پێویستمان بە کەرەستەی خاوی هاوردەکراو هەیە. لە کاتی گەمارۆکان، بوونی بەربەست لە دابینکردنی مەوادی پێویستی ئەم پیشەسازییە، دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخەکان و کەمبوونەوەی توانای کێبڕکێ کە دواتر نرخی کۆتایی بەرهەمەکانی پیشەسازیی کارەبا، بەتایبەت ئەو بەرهەمانەی زۆر بەکار دەبرێن و بەرهەمە هاوردەکراوەکان زیاد دەبێت، ئەمەش لە کۆتاییدا کاریگەریی لەسەر نرخی کۆتایی کارەبا

دەبێت. بە گەڕانەوەی دووبارەی گەمارۆکان و دابیننەکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ ئەم بەشە، ڕووداوی کوژانەوەی کارەبا بە هۆی سنووردداربوونی تۆڕی گواستنەوەی کارەبا لە ساڵانی داهاتوو زیاتر دەبێت. لە کاتی هەڵگرتنی بەرجام، دابینکردنی پارچە و ئامێر و کەرەستە پێویستەکان بۆ دابینکردنی کارەبا و هەروەها پارچەی یەدەگی ئامێرە وردەکان کە بەزۆری هاوردەکراون کە لە ئێستادا لە ناوخۆ بەرهەم ناهێنرێن، تووشی گرفت و ئاڵنگاری دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئامادەیی زنجیرەی دابینکەری کارەبا وەکوو توانای وێستگەکان و کەمبوونەوەی توانای متمانەپێکراویان بەتایبەت لە مانگەکانی هاوین.

دابینکردنی دەرمانی پێویست: لە گەڕی پێشووی سزاکان، میکانیزمەکە بە شێوەیەك داڕێژرابوو کە نەك بەتەنها ئەو بابەتانەی کە بەڕاشکاوانە ناویان هاتبوو وەکوو پیشەسازیی بەرگری و ناوەکی، بەڵکوو پێداویستییە گرنگەکانی تری وڵات وەك دەرمانیش سنووردار کرابوو. ئەزموونی ساڵی ٢٠٢٠ و گرفتەکان لەم بوارەدا وەکوو کێشەی پارەدانی ڤاکسینی کۆرۆنا بە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و هەروەها قەیرانی کەمیی ئەنسۆلین لە وڵاتدا، بەڕوونی گرنگی و ئەگەری پێشهاتە کۆمەڵایەتییەکان لەم بوارەدا دەخاتە ڕوو.

هاوردەکردنی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان و کاڵا نێوەندگیرە پێویستەکانی ئابووریی وڵات: هەر چەندە باس لە گرنگیی هاوردەکردنی تەکنەلۆژیا لە پیشەسازیی کارەبا وەکوو پرسێکی ستراتیژیی کورتەوەدا کرا، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە لە ئەگەری هاتنەدیی سیناریۆی گەمارۆی هەمەلایەنە، ئەزموون پێمان دەڵێت کە ئابووریی ئێران لە کەناڵی دابینکردنی دۆلار بۆ بازاڕ دەکەوێتە ژێر فشارێکی زۆرەوە و بۆیە لە کاتێکدا هەنگاوی پێشگیری نەگیرێتە بەر، یەکەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بۆ دابینکردنی تەکنەلۆژیا و هەروەها کاڵا نێوەندگیرەکان (کالاهای واسطەای) ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە. ئەزموونی پێشووتر پێمان دەڵێت ئەگەر لەم دۆخەدا ڕێکخستنێکی تایبەت نەکرێت، دەبێتە هۆی ئیفلاسی فراوانی یەکە بەرهەمهێنەرەکان. بۆیە حکومەت دەبێت چەند هەنگاوێك بۆ هاوردەکردنی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان وەکوو تەرخانکردنی دراو، گفتوگۆ لە ئاستی سەرەوە بۆ دابینکردنی تەکنەلۆژیای پێویستی بەرهەمهێنەران، دابینکردنی دارایی و ئاسانکاریی ئاڵوگۆڕی دراو لەنێوان وڵاتان بۆ کەمکردنەوەی ئاڵوگۆڕی بەرهەمهێنەران... هتد؛ لەئەستۆ بگرێت.

ئەو لایەنە بازرگانییانەی کە لەم سیناریۆیە ئەولەویەتیان هەیە: ئەزموون نیشانی دەدات کە ئێران لە دۆخی گەمارۆدا دەتوانێت لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراوی وڵاتان کە لە ڕووی سیاسییەوە لەگەڵ ئێران پەیوەندییەکی

بەهێزیان هەیە و ئەویش بە شێوەی سنووردار، بازرگانی بکات. ئەو وڵاتانەی کە پێشوەختە دەخرێنە ئەم دەستەوە، بریتین لە چین، ئۆراسیا (بەتایبەت ڕووسیا)، تورکیا، عێراق، ئەفغانستان، عومان، قەتەر، سووریا و ڤەنزوێلا. لەم نێوەندەدا بازرگانی لەگەڵ ڤەنزوێلا بە هۆکاری مەودای جوگرافیی زۆر، هەم زۆر گران دەکەوێت و هەم بەئاسانی لەلایەن ئەمەریکاوە شوێنپێی هەڵدەگیرێت و بۆیە ڕیسکێکی زۆری هەیە. عوممان و قەتەریش هەر چەند پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئێران هەیە، بە هەمان شێوە تا ئاستێکی زۆر لەژێر کاریگەریی ئەمەریکادان و ئەزموونی گەڕی پێشووی گەمارۆکان نیشان دەدان کە تەنانەت بە شێوەی نافەرمی و بەدزییەوە مەیلیان بۆ بازدان بەسەر گەمارۆکانی ئەمەریکا نییە.

لە کۆتاییدا چەند بژاردەیەکی وەکوو چین، ئۆراسیا، تورکیا، عێراق، ئەفغانستان و سووریا و ئەو وڵاتانەی کە ئەگەری هەنگاونانیان بۆ بازرگانیی نافەرمی لەگەڵ ئێراندا هەیە دەمێننەوە کە ڕێژەی هاریکاریی بازرگانییان بەتوندی لەژێر کاریگەریی ئیرادەی سەرۆکەکانی ئەو وڵاتانە، هاتنەدەرەوەی ئێران لە بەرجام و توانای کۆکردنەوەی ئەمەریکا لە ئاستی نێودەوڵەتی لەسەر سزاکانی سەر ئێران دەبێت. بە شێوەیەکی تایبەت هەڵویستی چین گرنگییەکی زۆری بۆ ئابووریی ئێران هەیە، هەم بە هۆکاری ئەوەی گرنگترین کڕیاری نەوتی ئێرانە و بە شێوەیەك بە گرنگترین کەناڵی داهاتی ئێران هەژمار دەکرێت و هەم بەشی سەرەکیی هاوردەکردنی ئێران لەو وڵاتەوەیە کە ڕێژەی زۆری وابەستەبوونی ئابووریی ئێران بە چینەوە نیشان دەدات. هەروەها بە هۆی توانای زۆری تەکنەلۆژیی ئابووریی چین، ئەم وڵاتە بەتەنیا دەتوانێت هەموو کاڵا پێویستەکانی ئێران لە دۆخی گەمارۆ کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، لە ناوخۆیدا دابین بکات. بۆیە ئێران ئەم هەلەی لەبەردەمە کە تەکنەلۆژیا پێویستەکانی خۆی لە چینەوە دابین بکات. دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە لە وەها دۆخێکدا ئێران لە گفتوگۆ بازرگانییەکاندا توانای بەکارهێنانی کارتی زۆری نابێت کە ئەمەش وا دەکات خەرجیی چەند بەرانبەر و قبووڵنەکراو بخاتە سەر ئێران، کە ئەم پرۆسەیە لە درێژمەودادا ناتوانرێت درێژەی پێ بدرێت.

## پەراوێزەکان

(١) بریتییە لەو یارمەتییە داراییانەی کە حکومەت دیداتە پیشە و دامەزراوە و هەروەها دانیشتووانی وڵات، بە ئامانجی برەودان بە سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و بەتایبەتی کەرتی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان.

(٢) ئەم سیاسەتە بۆ یەکەم جار لە کابینەی دووەمی مەحموود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆککۆماری ئێران، و لە ساڵی 2010-دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

## سەرچاوەکان

1. آرش حسن نیا (28/3/2022)، "اقتصاد ایران در سال ۱۴۰۱؛ آیا تورم پایین می‌آید؟"، https://www.bbc.com/persian/iran-features-60904430.
2. روزنامه دنیای اقتصاد، "آینده اقتصاد در 2 سناریو"، سال نوزدهم، شماره 5260، چهارشنبه، 8/9/2021، ص5.

# خوێندنەوەیەك لە بارەی ڕەوشی ناوەندەکانی هزر لە جیهاندا

**عومەر فەلاق** خوێندکاری دکتۆرا، بەشی یاسای گشتی، کۆلێژی یاسا - زانکۆی جەزائیر

**وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: یاسین عزەم**

**سەرچاوە:** پەیمانگای عێراقی بۆ گفتوگۆ "المعهد العراقي للحوار"

**لینک:** https://hewariraq.blogspot.com/2021/12/blog-post_14.html?m=1



## پوختە

لەم پەیپەرەی بەردەست، ئەو دۆخە دەخەینە ڕوو کە ناوەندەکانی هزر لەسەر ئاستی جیهان درکی پێ دەکەن، ئەویش لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو چەمکانەی کە پەیوەندییان پێیەوە هەیە. دوای ئەوە باس لە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو ئەرکە ستراتیژیانە دەکەین کە بەم ناوەندانە سپێردراون. سەنتەرەکانی هزر بە هۆکاری گرنگییان لە ڕەسمی سیاسەتی گشتی لە لایەك و بەشداریی چالاك لە دروستکردنی بڕیاری ستراتیژی و پێشبینیکردنی داهاتووی وڵاتان لە لایەکی دیکەوە، ئەوەش دوای باوەڕهێنان بە زۆرێك لە وڵاتانی دونیا بە پێویستی پشتبەستن بە سەنتەرەکانی هزر بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامێکی باشتر تا هاوکارییان بکات لە بڕیاری ڕاست و دروستدا، لەبەر ئەوە پەنامان برد بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە. هاوکات کۆمەڵێك نموونە پیشکەش دەکەین لەسەر سەنتەرە پیشکەوتووەکانی هزر بۆ ئەوەی چاوی لێ بکرێت لەلایەن بڕیاربەدەستانی وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی گرنگی و کاریگەرییەکانی سەنتەرەکانی هزر لە جیهاندا.


.....................................

**کلیلەوشەکان:** سەنتەرەکانی هزر، لێکۆڵینەوە، پێشبینیکردن، بڕیاردان، داڕێژەری سیاسەت.

.....................................

## پێشەکی

سەنتەرەکانی هزر لەسەر ئاستی جیهان ڕۆڵێکی باڵا و پیشکەوتوویان هەیە لە سەرپەرشتیکردن و پێشەنگیی سیاسەتی جیهانی دەکەن، بە هۆکاری ئەوەی ئامرازێکی سەرەکییە لە بەرهەمهێنانی چەندین پرۆژەی ستراتیژی، هاوکات بەشێکی دانەبڕاو لە دیمەنی سیاسی و گەشەپێدان لەسەر ئاستی جیهان، سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە، بە جۆرێك بوون بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان کە یارمەتیی بڕیاربەدەستان دەدات بۆ ئەوەی چوارچێوەی ئاڕاستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان داڕێژن، ئەوەش لە ڕێگەی بەشداریکردنی لێکۆڵینەوە زانستییەکان کە بۆ خزمەتی پرسە کۆمەڵایەتییەکانە، بە پێشکەشکردنی بیرۆکەی جێگرەوە و بژاردەکان، ئەوەش کاریگەریی دەبێت لە پشتگیریکردنی پرۆسەی بڕیاردان و داڕشتنی سیاسەتی گشتی[1].

سەنتەرەکانی هزر وا پێناسە دەکرێن کە کۆمەڵێك دامەزراوەن هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئاڕاستەکراو بۆ بڕیاربەدەستان، ئەم توێژینەوانە هەڵگری کۆمەڵێك ئاڕاستە و ڕاسپاردەی تایبەت بە بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتین، بۆ ئەوەی بڕیاربەدەستان بتوانن سیاسەتێکی دروست داڕێژن سەبارەت بە دۆخی سیاسەتی گشتی، هەروەها بەوەش پێناسە دەکرێن کە بریتین لە

ناوەندی بەرهەمهێنان یان ئیدارەدانی زانستیی لێکۆڵینەوە، کە تایبەتن بە بوارەکانی زانستی و هزری، بەوەش دەتوانن خزمەتی دروستکردن یان بەرەوپێشبردن و باشترکردنی سیاسەتی گشتی و بەعەقڵانیکردنی بڕیارەکانی بونیادنانی دیدگای داهاتوو بۆ کۆمەڵگا یان دەوڵەت.

هەندێك کەس هەوڵ دەدەن جیاوازی بکەن لەنێوان ناوەندە کانی هزر و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، ئەو هەوڵەشیان لەوەوە سەچاوە دەگرێت کە پێیان وایە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە جگە لە بواری ئەکادیمی و بێلایەنیی تەواو، هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە لە دەرەوەی ئەوە، بەڵام ناوەندەکانی هزر ئامانجی ستراتیژییان هەیە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ ڕۆچوون و دەستوەردان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسەتی گشتیدا[2].

لەم وتارەی بەردەستدا، بارودۆخی حەقیقەتی ناوەندەکانی هزر دەخەینە ڕوو، چ ئەوانەی لە شێوەی دەستە و دامەزراوەن، یان ئەوانەی کە لە شێوەی ناوەندی زانستی و لێکۆڵینەوەن، چ گشتی بێت یان تایبەتی، کە هەڵدەستن بە پێدانی بەرچاوڕوونی و پرس و ڕا و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی بۆ بریاربەدەستان، باسی هەموویان دەکەین بە شێوەیەکی ڕیزبەندی لەسەر ئاستی جیهان و دواتریش لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی.

گرنگیی لێکۆڵینەوە لە ناوەندەکانی هزر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە وەك کانگایەکی زانیاریی زیندوو و چالاك وایە لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکاندا، ئیتر ئەو دامەزراوەیە سەربەخۆ بێت و سەر بە هیچ دەزگایەکی دیکە نەبێت، یان بەشێك بێت لە زانکۆ یان دامەزراوەیەکی دیاریکراو، بە جۆرێك بڕیاربەدەستانی سیاسەتی دەرەوە پێویستیان بەوە هەیە بڕیارێکی ڕاست و دروست بدەن، ئەوەش پشت دەبەستێت بە زانینی ڕاستییەکان و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان، بە جۆرێك ڕوون و پێشکەوتوو بێت لە بەردەمیدا، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ئەڵقەیەکی پێکەوەبەستن هەبێت لەنێوان سەنتەرەکانی هزر و دامەزراوە حکومییە فەرمییەکان، بۆ ئەوەی بتوانن لێکۆڵینەوەیەکی پتەو و متمانەپێکراو بەدەست بهێنن لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی کە دەتوانن بەدەستیان بگات کە لای ناوەندەکانی هزر هەن.

بەدڵنیاییەوە لەژێر سێبەری گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان و ئەو گۆڕاوانەی کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەخۆیانەوە بینیوە لە ئەمڕۆدا، سەنتەرەکانی هزر جێگەیەکی دیار و گرنگیان هەیە لە کرداری بڕیاری سیاسیدا، ئەوە جگە لە ڕۆڵ و گرنگی لە ئامادەکردن و کۆکردنەوەی بیروڕا و زانیاری دەربارەی داهاتووی بارودۆخی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەوە خۆی دەبینێتەوە لەسەر ئیرادەی سیاسی و بەتایبەتی سروشتی ڕژێمی سیاسیی بەرکاری دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی[3].

بەو پێیە گرنگیی لێکۆڵینەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕۆڵەی کە سەنتەرەکانی هزر دەیگێڕن لە بەعەقڵانیکردنی سیاسەتی گشتی و بەشداریکردن لە داڕشتنی بڕیارە ستراتیژییەکان، بەتایبەتی لەژێر سێبەری ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەنێوان وڵاتانی جیهان و پەیوەندییە جیهانییەکاندا هاتووەتە ئاراوە.

بارودۆخی سەنتەرەکانی هزر لە جیهاندا، ڕامانەکێشێت بۆ پرسیارکردن دەربارەی پێگەی ئەم ناوەندانە لە ڕژێمی سیاسیی هەر وڵاتێکدا: ئەم ناوەندانە لە چ دۆخێکدا دەژین لە ئەمڕۆدا؟ تا چ ڕادەیەك وڵاتانی دونیا پشتی پێ دەبەستن لە ڕەسمی چوارچێوەی سیاسەتی گشتی و دروستکردنی بڕیارە ستراتیژییەکاندا؟

لەسەر بنەمای ئەم کێشەیە، بڕیارمان دا بابەتی لێکۆڵینەوەکە دابەش بکەین بۆ دوو تەوەر؛ لە تەوەری یەکەمدا باس لە چوارچێوەی چەمکی وابەستە بە سەنتەرەکانی هزر دەکەین، لە تەوەری دووەمیشدا دەچینە سەر ئەو ئەرکە ستراتیژیانەی کە بۆ ناوەندەکانی هزر دیاری کراون.

تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی چەمکەکانی ناوەندەکانی هزر

لە ڕاستیدا ناتوانین لەسەر چەمکێکی ڕوونی ناوەندەکانی هزر بدوێین، تەنها لەو ڕێگەیەوە نەبێت کە بتوانین جیای بکەینەوە لە ڕێی چەند پێوەرێك لە دامودەزگا زانستی و لێکۆڵینەوەییەکانی تر. بۆ ئەوەی مافی تەواوی بابەتەکە بدەین، سەرەتا پێویستە باسی هەندێك چەمکی بنچینەیی بکەین کە پەیوەندیی بەم جۆرە ناوەندانەوە هەیە، هەروەها دروستبوون و بەرەوپێشچوونی ئەم ناوەندانە لە ڕێی خوێندنەوەیەکی مێژوویی تایبەت بەم بابەتەوە، پاشان باسی ڕێگاکانی هاوکاریکردنی ئەم جۆرە ناوەندانە و شێوازی پۆلێنکردنی دەکەین، لە کۆتاییشدا گرنگیی ناوەندەکانی هزر و بۆچوون پیشان دەدەین لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتاندا.

**یەکەم: چەمکی ناوەندەکانی هزر**

بە گەڕانەوە بۆ چەمکی ناوەندەکانی هزر، جەیمس مکگان (James McGann) پێی وایە بریتییە لە "چەند دەزگایەکی سەربەخۆ بۆ توێژینەوە کە کاتی خۆی تەرخان دەکات بۆ ئەو بابەتانەی تایبەتن بۆ بەرژەوەندیی گشتی و هەڵسەنگاندنیان"، هەروەها فیلیپا شیرنگتۆن (p.Sherringtolnf) وا پێناسەی دەکات کە بریتییە لە "چەند ڕێکخراوێکی تا ڕادەیەك سەربەخۆ کە کاریان توێژینەوەیە بە شێوازێکی فراوان لە بەرژەوەندیخوازی، ئامانجی یەکەمیان بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانە بە پێی توانا بە مەبەستی ئامادەکردنی سیاسییەکان بۆ کاروبارە گشتییەکان".

لە سەروبەندی ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەم، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاماژە بەم ناوەندانە دەکرا وەك ژوورێك یان

ناوەندێکی ئارام کە زانایانی بواری بەرگری و پلاندانەرە سەربازییەکان تیایدا کۆ دەبوونەوە بۆ وتووێژکردن دەربارەی کاروبارە ستراتیژییەکانی جەنگ، بۆیە ئەم ناوەندانە وەك دەزگایەکی سەربەخۆی ناحیزبی تەماشا دەکران کە هەڵدەستن بە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە چەند بوارێکی جیاوازدا، بە ئامانجی چاکسازی لە سیاسەتی گشتیی دەوڵەتدا و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و زانیاریی گشتی، هەروەها دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەتی گشتی، ئەمەش بە تیشکخستنەسەر گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتە جیاواز و گرنگەکان، ئەم دامودەزگایانەش چەند دامودەزگایەکی قازانجنەویست بوون کە پشتیان بە کۆمەڵێك میکانیزم دەبەست بە مەبەستی دانانی کاریگەری لەسەر بڕیاربەدەستان[4].

هەروەك چۆن پڕۆژەی ناوەندەکانی هزر و لێکۆڵینەوەی جیهانی بەوە دەناسرێن کە: ئەم ناوەندانە کۆمەڵێك دامودەزگان کە هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون وەك پاڵپشتییەك بۆ بڕیاربەدەستان، کە ئەم لێکۆڵینەوانە چەند ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنێك لەخۆ دەگرێت دەربارەی بابەتگەلێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، بە ئامانجی ئەوەی بڕیاربەدەستان و هاونیشتمانیان سیاسەتێکی وا دابڕێژن کە چارەسەر بێت بۆ کێشە سیاسییە گشتییەکان، هەروەها هەندێك جار دەکرێت ئەم دامودەزگایانە پاشکۆی چەند حیزبێکی سیاسی یان حکومی یان کۆمەڵێکی بەرژەوەندیخواز یان کۆمپانیایەکی تایبەت بن، یان هەر سەر بە ناوەندێکی ناحکومی و سەربەخۆ بن[5].

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەدا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم جۆرە ناوەندانە وەك دەزگایەکی حکومی و ناحکومی گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەربارەی ئەو بابەتانەی گرنگن و شایەنی وتووێژن لەناو ڕای گشتیدا، لەناو ئەم دامودەزگایانەدا کۆمەڵێك ئامراز و هۆکاری دیاریکراو بەکار دەهێنرێت لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامی داواکراو و دروستکردنی کاریگەری لەسەر بڕیاربەدەستانی دەوڵەت، بۆ ئەوەی لە کارەکانیان و نەخشاندنی سیاسەتی گشتیدا پشت بە ئەمان ببەستن، چونکە بڕیارە ستراتیژییەکان لە دەوڵەتدا پەیوەست نییە بە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەك وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بەڵکوو ئەو جۆرە بڕیارانە لە کۆمەڵێك دامودەزگای دروستکردنی بڕیارەوە دەردەچن کە سەرپەرشتیی ئایندەی وڵات دەکەن لەژێر ڕاسپاردە و داواکاریی دەسەڵاتدارانی وڵاتەوە.

قسەکردن لەسەر چەمکی ناوەندەکانی هزر، وامان لێ دەکات پرسیار بکەین لەسەر دروستبوون و بەرەوپێشچوونی ئەم ناوەندانە بە درێژایی مێژوو هەتا ئەمڕۆ، لەبەر ئەوە بەکورتی باسی مێژووی دەرکەوتن و پێشکەوتنی ناوەندەکانی هزر دەکەین لە جیهاندا.

**دووەم: دروستبوون و پێشکەوتنی ناوەندەکانی هزر لە جیهاندا**

کاتێك بەدواداچوون بۆ ڕێڕەوی مێژوویی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی دەکەین، تێبینی ئەوە دەکەین کە توێژەران ڕایان جیاوازە لە دیاریکردنی سەرەتای دروستبوونیان، هەندێکیان مێژووی دروستبوونی دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی پەیمانگای بەرگریی شانشینی لە بەریتانیا لە ساڵی 1831، هەندێکی تریان مێژووی دروستبوونی وابەستە دەکەن بە دامەزراندنی "کۆمەڵەی فابی بەریتانی"، کە تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوە دەربارەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی لە ساڵی 1884، بە لەبەرچاوگرتنی سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم جۆرە ناوەندانە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژمارەیەکی زۆر لە ناوەندەکانی هزر بڵاو بوونەوە، ئەوە بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیمانگای کارینگی بۆ ئاشتەوایی نێودەوڵەتی لە ساڵی 1910 دامەزرا، پاشان پەیمانگای برۆکنگەر لە ساڵی 1916دا و پەیمانگای هۆڤەر لە ساڵی 1918دا و دامەزراوەی سەدە لە ساڵی 1919دا و نووسینگەی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری لە ساڵی 1920 و پەیمانگای لوب لە ساڵی 1920دا دامەزران. بەڵام لە بەریتانیا پەیمانگای شاهانە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە ساڵی 1920دا دامەزرا و لە فەرەنساش پەیمانگای فەرەنسی بۆ پەیوەندیی نێودەوڵەتی لە ساڵی 1979دا دامەزرا و لە ئەڵمانیا ئەکادیمیای ئەڵمانی بۆ ئاشتی لە ساڵی 1931 دامەزرا. شەپۆلی دامەزراندنی ئەم جۆرە ناوەندانە لە هەڵکشاندا بوو، بەتایبەت لە ساڵەکانی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوە بوو لەو کاتەدا لە ئەمەریکا پەیمانگای "ئینتەرپرایز" لە ساڵی 1943 دامەزرا، دەزگای ڕاند لە ساڵی 1945 و پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی 1948 و ناوەندی چارەسەری ناکۆکییەکان لە ساڵی 1956دا دامەزران، لە لەندەنیش ناوەندی لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە ساڵی 1958 و لە سویدیش پەیمانگای ستۆکهۆڵم بۆ لێکۆڵینەوەی ئاشتی لە ساڵی 1966 دامەزرا، بەم جۆرە دیاردەی دامەزراندنی ئەم جۆرە ناوەندانە بەردەوام بوو لە ڕۆژئاواوە و لەوێشەوە بۆ هەموو جیهان، هەتا گەیشتە لوتکە لە ساڵی 1996، بە ڕێژەیەك لە هەر ساڵێکدا 150 ناوەند دادەمەزرا.

وڵاتە عەرەبییەکانیش لە ماوەی شەش دەیەی ڕابردوودا چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ یان پاشکۆی زانکۆکانیان دروست کرد، کە کاریگەریی ئەم ناوەندانە بریتییە لە چالاکیی لێکۆڵینەوە لە بواری زانست و زانیارییە هەمەجۆرەکاندا، هەروەها ناوەندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی عەرەبی کە سەر بە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبییە، لە ساڵی 1952دا دامەزراوە

کە بە یەکەم ناوەندی لێکۆڵینەوە دادەنرێت لە جیهانی عەرەبیدا، بەدوای ئەمیشدا ناوەندی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە هات کە لە ساڵی 1956دا لە قاهیرە دامەزرا. هەر لەدوای ئەم دووانەشەوە، ناوەندی ئەهرام بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیژی لە ساڵی 1968دا دامەزرا، پاشان ناوەندی لێکۆڵینەوەی یەکێتیی عەرەب لە ساڵی 1975دا و ناوەندی گەشەی عەرەبی لە تەرابلوس لە ساڵی 1976دا دامەزران[6].

ئەوەی پێویستە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە زۆربەی ناوەندەکانی هزر لە ئەنجامی چەند ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی دەوڵەتێك یان گۆڕانکارییەکی لەناکاو بەسەر شێوازی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی ڕژێمێکدا هاتووە و دروست بوون، یان بە هۆی پرسێکی گرنگەوە کە پێویستی بە چارەسەر بووە دروست بوون، بۆیە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو و بەربڵاوییەکی دیاری ئەم ناوەندانە لە جیهاندا دەبینین، لەم ڕووەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیهانی پێشکەوتوو پێشتر درکی بەوە کردووە کە زانست و زانیاری چەمکی گرنگی هەموو چاخێکە، بۆیە بەرهەمهێنانی توانست و وزەی زانستی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەتەنها پسپۆڕیی زانکۆکان نییە، بەڵکوو سەدەها و هەزارەها ناوەندی لێکۆڵینەوە و دەزگای توێژینەوەی زانستی هەن کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوە دەبرێن، چونکە دەوڵەت وای دەبینێت چالاکیی ئەم جۆرە ناوەندانە دەبێتە هۆی ئەوەی جڵەوی دەسەڵات بە شێوەیەکی باش بەڕێوە ببرێت، ئەم ناوەندانەش لەبەر گرنگییان زۆر جار لەلایەن گەورەبەرپرسانی پێشووی وڵات و شارەزایانی وڵاتەوە سەرپەرشتی دەکرێن و تەنها ئامانجیشیان لەم کارە؛ بەرەوپێشچوونی خۆیان و وڵاتیانە بەرەو ئایندەیەکی باش[7].

لەم ساڵانەی دواییدا هەندێك ناوەندی هزری دامەزران بە چەند شێوازێکی جیاواز، هەر چەندە لە شێوازی کار و ئامانجی داواکراویاندا لە یەکتر دەچوون، بەڵام بە پێی هەندێك پێودانگ لە چەند ڕوویەکەوە جیاواز بوون کە دەتوانین بەم شێوانەی خوارەوە باسیان بکەین.

**سێیەم: پۆلێنکردنی ناوەندەکانی هزر**

پۆلێنکردنی ناوەندەکانی هزر بە پێی چەند پێوەرێك دیاری دەکرێت، وەك ئەمانەی خوارەوە:

**أ. لە ڕووی پاڵپشتیی داراییەوە:** ناوەندەکانی هزر دابەش دەبن بۆ چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی حکومی، وەك پەیمانگای بانکی نێودەوڵەتی و فەرمانگەکانی شانشینی لێکۆڵینەوەی کۆنگرێس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و فەرمانگەکانی شانشینی یەکگرتوو بۆ لێکۆڵینەوەی ئەمنی سەر بە یەکێتیی ئەورووپا و چەندانی دیکەش، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی سەر بە زانکۆکان بێت یان پشت بە کەسانی ئەکادیمی ببەستێت لە کارەکانیدا وەك پەیمانگای

هۆڤەر سەر بە زانکۆی ستانفۆرد، هەروەها ناوەندی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و ناوەندی بیلێڤەر بۆ زانست و کاروباری نێودەوڵەتی کە هەردووکیان سەر بە زانکۆی هارڤاردن، هەروەها چەند ناوەندێکی تایبەتی لێکۆڵینەوە پەیوەست بێت بە پێشکەشکردنی سوودی گشتی یان بۆ سوودگەیاندن بێت بۆ ئەو لایەنانەی دایانمەزراندووە وەك کۆمپانیاکان[8]، تەنها وەك ئاماژەیەك: دەزگاکانی لێکۆڵینەوە و زانکۆ عەرەبییەکان ڕووبەڕووی کەمیی کۆمەکی دارایی بوونەتەوە بە جۆرێك ناگاتە 1٪ لە بودجەی گشتی، ئەمەش کاری کردووەتە سەر ئاستی بارمەتیدانی زانستی و ڕێژەی بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتە زانستییە عەرەبییەکان، بە بەراورد بەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی دەزگا ئەکادیمییە جیهانییەکان بڵاوی دەکەنەوە[9].

**ب. لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە:** ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە ڕووی لایەنگریی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە دابەش دەبن بۆ چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی لیبراڵی، چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیی پارێزگار (محافظة): دینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و چەپڕەو، جۆری سێیەمیش پۆلێن دەکرێت لە جۆری ناوەندی لێکۆڵینەوە سەربەخۆکان لە ڕووی هزرەوە.

**ج. لە ڕووی سەربەخۆییەوە:** لە نموونەکانی ئەم جۆرە، چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی نیمچەسەربەخۆ و کۆمەڵێك ناوەندی سەر بە زانکۆکان و کۆمەڵێك ناوەندی حیزبین، وەك: دەزگای کۆنرادا دینارۆ لە ئەڵمانیا و ناوەندی لێکۆڵینەوەی سیاسی لە فەڕەنسا.

**د. لە ڕووی پەیوەندی بە حکومەتەوە:** دابەش دەبن بۆ: ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی حکومی، واتە پەیوەستن بە حکومەتەوە لە ڕووی ئیداری و داراییەوە، هەروەها چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی نیمچەحکومی، واتە سەربەخۆن لە ڕووی ئیدارییەوە، بەڵام لە ڕووی داراییەوە لەلایەن حکومەتەوە پاڵپشتی دەکرێن، هەروەها چەند ناوەندێکی دیکەی لێکۆڵینەوە کە بەتەواوی سەربەخۆن، لە ڕووی ئیداری و داراییەوە سەر بە حکومەت نین و پشت بە خۆیان دەبەستن لە بەڕێوەبردنی کارەکانیان.

**هـ. لە ڕووی پسپۆڕییەوە:** هەندێك ناوەندی تایبەتمەند هەن لە بوارێکی زانستیی دیاریکراودا کار دەکەن، وەك دامەزراوەی ڕاندی ئەمەریکی کە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا کار لەسەر ئەو بابەتانە دەکەن کە سروشتێکی سەربازی و هەواڵگری و ستراتیژییان هەیە، هەروەها نووسینگەی ژمێریاریی گشتیی سەر بە کۆنگرێسی ئەمەریکی.

**و. لە ڕووی چوارچێوەی جوگرافییەوە:** ئەمەش دابەش دەبن بۆ چەند ناوەندێك کە پەیوەستن بە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو،

وەك دەوڵەتێك یان كیشوەرێك، نموونەش وەك ناوەندی لێكۆڵینەوەكانی بەسرە و بەنداوی عەرەبی، یان پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی خوارووی[10].

لەدوای پیشاندانی چەمكی ناوەندەكانی هزر و لێكۆڵینەوە لە ڕێی پێناسەكردن و سەرەتای دروستبوونی و گرنگترین پێودانگەكانی هەڵسەنگاندنی، هەوڵ دەدەین شرۆڤەی كار و ستراتیژی ئەم ناوەندانە بكەین و چەند نموونەیەكیش لەسەر ئاستی جیهانی پیشان بدەین.

**تەوەرەی دووەم:**

**ئەركی ستراتیژیی ناوەندەكانی هزر**

توانست و لێهاتوویی لێكۆڵەران و شارەزایانی ناوەندەكانی هزر و لێكۆڵینەوە و ڕێگاكانی لێكۆڵینەوەی زانستی بە پێی پێوەری پرۆگرامە تایبەتە نێودەوڵەتییەكان لە بواری لێكۆڵینەوە و توێژینەوەدا، هەروەها ڕێكخستنی كۆنفرانس و كۆڕبەند و ڕۆژانی خوێندن و سیمیناری هزری، هەموو ئەمانە لە ڕێگەی ئەم جۆرە ناوەندانەوە بوون بە شێوەیەكی ستراتیژیی وا، سەرەتا بە دەركردنی بڵاوكراوە زانستییەكان و توێژینەوە شیكارییەكان بۆ ئایندە و لێكۆڵینەوەی زانستیی بەدەست هاتووە.

هەر چەندە كاری تایبەتیی ئەم جۆرە ناوەندانە وەك یەك نین و جیاوازن، بەڵام هەموویان ئامانجیان هاوبەشە و بریتییە لە بەشداریكردن بە شێوەیەكی كارا و چالاك لە بنیاتنان و وێناكردنی سیاسەتی گشتی و دروستكردنی بڕیاری ستراتیژی بە شێوەیەك بێت خزمەتی بەرژەوەندیی ستراتیجیی دەوڵەت لە كاتێكی نزیك یان ناوەند یان دووردا بێت.

بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ورد و بەڕوونی لەو ڕۆڵانە بگەین كە ناوەندەكانی هزر دەیگێڕن، پێویستە سەرەتا باسی ئەو ئامراز و هۆكارانە بكەین كە ئەم ناوەندانە پشتی پێ دەبەستن، ئەمەش بۆ جیاكردنەوە و تێگەیشتن لە فەلسەفەی كاریانە، پاشان باسی بابەتی بەشداریی ناوەندەكانی هزر دەكەین لە نەخشاندنی سیاسەتی گشتی و دروستكردنی بڕیاردا، لە كۆتاییشدا باسی حاڵی ناوەندەكانی هزری عەرەبی دەكەین وەك نموونە.

**یەكەم:** ئامراز و هۆكارەكانی كاریگەریی ناوەندەكانی هزر

ناوەندەكانی هزر ڕۆڵێكی زیندوو دەگێڕن لە گۆڕەپانی سیاسیدا لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییش، ئەو كارانەش كە ئەم ناوەندانە ئەنجامی دەدەن كەموێنەن، ئەویش لە بەدەستخستنی لێكۆڵینەوە بۆ خزمەتی سیاسەتی گشتی و ڕاوێژكردن و سەربەخۆبوون لە حكومەت و حیزبە سیاسییەكان. هەروەك دەردەكەوێت ئەم ناوەندانەش كۆمەڵێك ڕۆڵی زیندووی تر دەگێڕن، لەوانەش: نێوەندگیرییە لەنێوان دەوڵەت و كۆمەڵگا، دروستكردنی متمانە لە دامودەزگا گشتییەكاندا، دیاریكردن و ڕوونكردنەوە و هەڵسەنگاندنی بژاردە

سیاسییەکان، گۆڕینی بیرۆکە و کێشەی پێشنیارکراو بۆ بابەتی سیاسی، پێشکەشکردنی پێشنیارەکان و بەرنامەکان، شرۆڤەکردنی بابەت و ڕووداوە سیاسییەکان لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئاسانکاری بۆ تێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە بابەتە سیاسییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا، دروستکردنی کۆڕبەندە هزری و زانستییەکان، فەراهەمکردن و زیادکردن و ناساندنی کەسایەتییەکان لە بوارەکانی یاسادانان و دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردندا[11].

دەتوانین گرنگترین شێوازەکان و ڕێگاکان و هۆکارەکانی کاریگەریی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لەم خاڵانەدا کۆ بکەینەوە:

**أ. چالاکییە زانستییەکان:** ئەم جۆرە چالاکییانە لە بەستنی کۆنگرە و سیمینار و ووۆرکشۆپدا خۆی دەبینێتەوە دەربارەی چەند بابەتێك کە جێی گرنگیی بەرپرسان و بڕیاربەدەستان بێت، لەم چوارچێوەیەدا پەیمانگای نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە جەزائیر (INESG)، زنجیرەیەك کۆنگرە و دیداری زانستیی ئەنجام دا کە بووە هۆی ئەوەی پێگەیەکی نایاب پەیدا بکات لە بواری چالاکییە هزرییەکاندا لەنێو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە جەزائیر[12]، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ئەم پەیمانگایە هەڵدەستێت بە کاری شرۆڤەکردن و لێکۆڵینەوە بۆ ئایندە کە تایبەتە بە بابەتە ستراتیژییە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش بە ڕاوێژکردن لەگەڵ کەرتەکانی تر و دەزگا پەیوەندیدارەکاندا، بە ئامانجی دەرخستنی هۆکارەکان و پەیوەندییە کاریگەرە یەکلاکەرەوەکان لە بواری کاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تێگەیشتن لێیان و شرۆڤەکردنیان. ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەم پەیمانگایە بە دەقی یاسایی سەربەخۆیە لە کارەکانیدا، هەروەها لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایانەی دەیگرێتە بەر بۆ ئاراستەکردنی و داڕشتنەوەی ئەنجامەکانی[13].

**ب. کۆڕبەندە لیکۆڵینەوەییەکان و دیدارە داخراوەکان:** ئەمیش دەچێتە چوارچێوەی چالاکییە لێکۆڵینەوەییە کاراکان، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی لەنێوان گەورەبەرپرسان و بڕیاربەدەستان لەگەڵ گرووپێك لە شارەزایانی ڕاسپێردراو بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی دیاریکراو پەیوەستە بە چەند پرسێکی دیاریکراو یان ئامادەکردنی چەند سیاسەتێکی گشتی.

**ج. دەزگاکانی ڕاگەیاندن:** دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی ئاسایی میوانداریی شارەزایان و لێکۆڵەران دەکات کە لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە کار دەکەن بۆ ئاگاداربوون لە ڕاوبۆچوونیان و شرۆڤەی زانستی یان مژارەکانی ڕۆژ (پرسە هەنووکەییەکان)، یان تەنگژە سیاسییەکان یان ئەو سیاسەتانەی حکومەت کە جێی مشتومڕن لەلای شەقام و ڕای گشتی، لێرەوە هەندێك جار ڕای شارەزایان ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ لە دروستکردن و داڕشتنەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵوێستەکان و ئاراستەکانی ڕای گشتی.

**د. بەشداریکردن لە چالاکیی گشتیدا:** شارەزایانی ناوەندەکانی هزر بانگهێشت دەکرێن بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوە و سیمینار و چالاکییە گشتییەکاندا، زۆر جاریش بەشداریکردنی ئەم شارەزا و لێکۆڵەرانە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕاوبۆچوون و پێشنیارە زانستی و سیاسییەکان ببێتە جێی بایەخ، لەم چوارچێوەیەشدا هەندێك جار ڕێككەوتنی هاریکاری و هاوبەش ئەنجام دەدن لەگەڵ دامودەزگاکانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە پێناو بەرەوپێشبردن و پەرەدان بە کاری لێکۆڵینەوە.

**هـ. پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و پەیوەندیی کەسێتی لەگەڵ بڕیاربەدەستاندا:** ئەمەش ئاسانکاری بۆ توانای شارەزایان دەکات کە کاریگەری لەسەر کاربەدەستان دروست بکەن و قایلیان بکەن و زانیاری و زانستەکانیان لە خزمەتی پێویستی و داواکارییەکانی بەرپرسان و کاربەدەستاندا بێت، ئەوەش بەزۆری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەیبینین.

**و. بڵاوکراوەی زانستی و دانراوە زانستییەکان:** ئەو بەرهەمە بنەڕەتییانەیە کە ئامانجی ناوەندەکانی هزر و لێکۆڵینەوەیە، هەروەها بە شێوەیەکی مامناوەند یان دوورمەودا کاریگەریی هەیە بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە و کتێب و دانراوە زانستییەکان[14].

ناوەندەکانی هزر پشت بە کۆمەڵێك هۆکار و ئامراز دەبەستێت، لە پێناو بەدەستهێنانی چەند ئەنجامێکی کرداری کە یارمەتیدەر بێت لە کێشانی وێنەی ڕێڕەوی دەسەڵات و دیاریکردنی بژاردەکانی بەردەستی لە پێناو دەرکردنی بڕیارە ستراتیژییەکاندا، بەڵام ئەم هۆکار و ئامرازانەش کە باسمان کرد، دەکەوێتە ژێر گرەوی باشییەکەوە لە ڕووی کوالێتییەوە و تا چەندیش سەربەخۆییان پێوە دیارە، واتە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە جیهاندا پشت دەبەستێت بە چەند پێوەرێك پەیوەستە بە باشیی جۆری ئەو هۆکار و ئامرازانەی باسمان کرد، لێرەوە سروشت و کاریگەریی بەشداریی ناوەندەکان لە نەخشاندنی سیاسەتی گشتی و دەرکردنی بڕیارەکاندا دەردەکەوێت.

**دووەم:** بەشداریکردنی ناوەندەکانی هزر لە نەخشاندنی سیاسەتی گشتی و پرۆسەی بڕیارداندا

زانکۆی پەنسیلڤانیا بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی هزر، پشت بە کۆمەڵێك پێوەری نێودەوڵەتی دەبەستێت بە پێی ڕاپۆرتی "Global go to think tank In-dex Report"، ئەمەش ڕاپۆرتێکی ساڵانەیە، ڕیزبەندیی ناوەندەکانی هزر لەخۆ دەگرێت و پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێك پێوەر کە پەیوەندییان بەم بابەتانەوە هەیە: کۆمەڵێك پێوەر کە پەیوەندییان بە هەمان ناوەندەوە هەیە، چالاکیی ئەم ناوەندانە و ئەو بوارانەی بابەتی تێدا بڵاو دەکەنەوە، توانای ئەم ناوەندانە لەسەر بڕیاردان و دروستکردنی

بڕیار، بەشداریکردنیان بە شێوەیەکی کارا لە بواری ئەکادیمی، توانای ئەم ناوەندانە لە پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگەدا[15].

بۆیە بەشداریکردنی ناوەندەکانی هزر لە دروستکردنی بڕیاردا پێویستە بە پێی کۆمەڵێك پێوەر بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت، بەڵام دوای ناسینی گرنگترین ئەم پێوەرانە، پێویستە تیشك بخرێتە سەر گرنگترین وێنەی بەشداریکردنی ناوەندەکانی هزر کە دەتوانێرێت کورت بکرێتەوە بەم شێوەیە:

**أ. بیرکردنەوە لە حکومەت و پاڵپشتیکردنی بڕیاربەدەستان:** شارەزایانی ناوەندەکانی هزر بە پشتبەستن بە توێژینەوەکانیان، بیرۆکەی نوێ و دیدگای تازە پێشکەش دەکەن، ئەمەش ئەو کارەیە ڕێنوێنیی سیاسەتی گشتی دەکات، بۆیە پیاوانی دەوڵەت و بڕیاربەدەستان پێویستیان بە کەسانێکە کە بەرچاوڕوونییان پێ بدەن و سیاسەتەکانیان بۆ ڕوون بکەنەوە و کێشەکانیان بە شێوەیەکی ورد و زانستی بۆ جیا بکەنەوە، ئەمەش بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و شیکاریی قووڵ و بەرنامەدار دەربارەی کێشە و بابەتە هەنووکەییەکان کە ڕووبەڕووی سیاسەتی گشتی دەبنەوە و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە و ڕێنموونی بە بڕیاربەدەستان دەربارەی کارە لەپێشینە و پێشهاتە لەناکاو و بەپەلەکان، لە ڕێی توێژینەوەی زانستی و پراکتیکیی مەیدانیی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونەوە[16].

لەم سۆنگەیەوە "جەیمس ماکجین" کە شارەزایە لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە سیاسییەکان، ئەوەی دووپات کردەوە کە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە تەنها بۆ زیادکردنی زانیاری نین، بەڵکوو پشتیان پێ دەبەسترێت لە پێناو بڕیاردان و ئەجێندای سیاسیدا، هەروەها گرنگیی ئەم ناوەندانە زیاتر دەردەکەوێت کاتێك خوێندنەوە بۆ پێشهاتە نێودەوڵەتییەکان دەکەین و زانینی کاریگەریی ئەو پێشهاتانە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، بۆ نموونە: دوای ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001، زۆربەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەمەریکا دەستیان کرد بە کارکردن لەسەر دروستکردنی بیرۆکە و خوێندنەوەی دروست بۆ دۆخەکە کە بتوانێت پێداچوونەوە بە پەیوەندیی نێوان ڕۆژئاوا و جیهانی ئیسلامی بکات و گەشەی بداتێ.

هەروەها گرنگیی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی زیاتر دەردەکەوێت کاتێك تێڕوانینێکی ئایدۆلۆژیی جێگیر و ڕوونی بۆ سەرۆکی ئەمەریکا دادەنا، ئەوە بوو دەزگای "ئەمێریکان ئینتەرپرایز" ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە زۆربەی دۆسییەکان و لەوانەش دۆسیەی جەنگ دژی عێراق. لە ڕاستیدا بیرۆکەی جەنگ دژی عێراق لە ساڵی 2002 کە جۆرج بۆشی کوڕ پێی هەستا، لە بنچینەدا کۆپییەکی پێشکەوتوو بوو لە ڕاپۆرتێکی لێکۆڵینەوە کە پێشتر تیمێك لە توێژەرە پارێزگارە نوێیەکان ئامادەیان کردبوو

و ئەوانیش: (ڕامسفێڵد، ڕیچارد بێڵ، وۆڵفریتز، ڤایث) بوون لە کۆتایی سەردەمی بۆشی باوکدا بوو لە ساڵی 1992، پاشان لە ساڵی 2002دا جارێکی دیکە ڕاپۆرتەکە سەرلەنوێ دارێژرایەوە لە دەزگای لێکۆڵینەوە و هزر کە بە ناوی دەزگای پڕۆژەی سەدەی ئەمەریکی بوو بە ناونیشانی "بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا"، بەمەش دوای دە ساڵ بوو بە ستراتیژی فەرمیی دەوڵەت، تەنانەت دۆسیەی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە ساڵی 2011دا، ئەم ناوەندانە ڕۆڵی گرنگیان تیایدا هەبوو، بە شێوەیەك گونجاوترین دیدگا و پلانیان دانا بۆ پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا، کە باشترین بەرژەوەندیی گونجاوی بۆ ئەمەریکا لەخۆ گرتبوو لە ناوچەکەدا، بۆ نموونە: دەبینین شارەزایانی دەزگای "Rand" هەستان بە پاڵپشتی و هاندانی چارەسەرە ئەمنییە نیشتمانییەکان، لە لایەکی ترەوە پەیمانگای بڕۆکینگز یەکێکە لە گرنگترین ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەمەریکی، کۆمەڵێك پێشنیازی خستە ڕوو بۆ چارەسەری کێشەی عێراق، ئەویش لە ڕێگەی بانگهێشتکردنی لایەنە عێراقییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکانیان، هەروەها هاوکارییشی پێشکەشی وڵاتانی دراوسێی عێراق کرد بۆ هەمان مەبەست، هەروەها ناوەندی "کارینگی" داوای کرد هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێتەوە و عێراقیش لەژێر دەسەڵاتی ئێران دەربهێنرێت[17].

**ب. پێشکەشکردنی خوێندنەوەی دروست و ڕێنمایی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەربارەی سیاسەتە گشتییەکان:** ڕوونکردنەوە بۆ ڕای گشتی کە پەیوەستە بە سیاسەتە گشتییەکان، بۆ ئەوەی بوار بدرێت خەڵك لێی تێبگەن، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە یارمەتی لە ئامادەکردنی ئەجێندای سیاسیدا بدرێت و پاڵپشتی لە بەرەوپێشچوونی ژیانی مەعریفی لە ناوەندی گشتیدا بکرێت، هەروەك چۆن ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و بیروڕا وەك ئامرازێك بەکار بهێنرێت وەك کەناڵێکی پەیوەندی لەنێوان بڕیاربەدەستان و تاکەکانی کۆمەڵگادا کە لە ڕێی ئەم کەناڵەوە بڕیاربەدەستان پەیامی سیاسی بنێرن بۆ هاوڵاتیان، هەروەك هەندێك لایەن ئەم ناوەندانە بەکار دێنن وەك ناوەندێك بۆ وتووێژکردن دەربارەی پرسە مشتومڕئامێز و تەنگژە سیاسییەکان[18].

وەك نموونەیەك بۆ ئەمەی باسمان کرد، دەزگای "Rand" ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە سیاسەتی گشتیی ئەمەریکادا، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە چالاکییەکانی دامەزراوەی ئەمەریکیی پەیوەست بە دەرکردنی کتێب و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە و بەستنی کۆڕ و یارمەتیدانی پاڵێوراوان بۆ سەرۆکایەتیکردن لە هەڵبژاردنەکان و بەستنی کۆنگرەی زانستی و لێکۆڵینەوەی شرۆڤەکاری دەربارەی پرسە هەنووکەییەکان لە شەقامی ئەمەریکی و ڕای گشتیی ئەمەریکیدا، نموونەش بۆ ئەمە،

گرنگیدان بە بابەتی مەترسیی ئیسلامی بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001، کۆمەڵێك کتێب و لێکۆڵینەوە دەرکراون هۆشداری لە هزری ئیسلامی دەدەن، ئەمە جگە لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی پێشنیازکراو دەربارەی تێگەیشتن لە کاروباری چین و جەنگ لە ئەفغانستان و بابەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بە چەند قۆناغێك[19].

**ج. بەکارهێنانی دیبلۆماسیەتی ئەکادیمی، بە ناردنی شارەزایان و ئەکادیمییەکان لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە ڕێی وەزارەتی دەرەوە و بەدەر لە وەزارەتیش:** بۆ زانینی ئاسۆی ڕێککەوتن یان بۆ بەشداریکردن لە نێوەندگیری یان بۆ دانوستان دەربارەی کێشەیەکی سیاسیی دیاریکراو، بە شێوەیەکی فەرمی یان نافەرمی دەبێت. هەندێك جاریش داوا لەم ئەکادیمیایانە دەکرێت بەشداری بکەن لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە تازەترین زانیاری و پێشنیاری سیاسی[20].

وەك پەیڕەوێك بۆ ئەوەی باسمان کرد، حیزبی شیوعیی چینی ڕایگەیاند لە سەرەتای ساڵی نوێی (2015)وە ئامانجیان ئەوەیە کە پەرە بدەن بە 50 تا 100 دەزگای لێکۆڵینەوەی چینی هەتا ساڵی 2020، هەروەك چۆن حیزبی شیوعیی چینی داوا دەکات بەتایبەت ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کێشەکان و سیاسەتە ستراتیژییەکان بەرەوپێشەوە ببرێن، هەروەك چۆن چین لە ئێستادا کار بۆ ئەوە دەکات بە شێوەیەکی فراوان بۆ کردنەوەی ناوەندەکانی هزر لە دەرەوەی وڵاتی چین لە پێناو پاڵپشتییەك بۆ هاریکاریی نێودەوڵەتی[21].

**د. سیاسەتی دەرگای سووڕاوە لەنێو دیپلۆماتکاران و بەرپرسان یان دەسەڵاتدارانی دەوڵەت:** هەروەها لەنێوان شارەزایان و پسپۆڕانی ناوەندەکانی هزر، ئەمەش لە ڕێی دەستاودەستکردنی دەسەڵات[22].

لەم چوارچێوەیەشدا بۆ نموونە تێبینیی ئەوە دەکەین ناوەندەکانی هزری ئەمەریکی لە گرنگترین شوێنی بڕیاردان دادەنرێن، بۆیە دەبینین زۆربەی فەرمانبەرانی ئەم ناوەندانە بەشدارن لە کابینەی حکومەتی ئەمەریکا، هەروەك چۆن هەندێك لە فەرمانبەرانی حکومەت ڕوو دەکەنە ئەم ناوەندانە بۆ کارکردن، بۆ نموونە: شارەزایەکی وەك "مارتن ئینك" کە بەڕێوەبەری ناوەندی "سابانە" بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەیمانگای برۆکینگز، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو[23].

**هـ. سەرپەرشتیی ئایندە بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی:** بەتایبەت لەگەڵ دەرکەوتنی زانستی ئایندەناسی لە جیهانی ڕۆژئاوا، کە ئەنجامەکانی بوون بە داواکاریی بنچینەیی لە پلانی ستراتیژیی وڵاتانی پێشکەوتوو[24].

**بۆ نموونە:** ناوەندەکانی هزری ئەورووپی بە چەند ئامانجێکدا دەناسرێنەوە کە پەیوەستن

بە دروستکردن و یەکخستنی ئەورووپا، بۆیە ناوەندەکانی هزری ئەورووپی بریتین لە چەند دامودەزگایەکی ئامادەکراو بۆ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك یارمەتیدەر بێت لە پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسەتە گشتییەکانی یەکێتیی ئەورووپا، بەتایبەت لە چوارچێوەی پرەنسیپە یەکگرتووەکانی کۆمەڵگەی ئەورووپیدا، هەروەك دەبینین کۆمپانیای "کیشوەرمان ئەورووپایە" (Notre Europe) کە کۆمپانیایەکی هزرییە و بارەگاکەی لە پاریسە و "جاك دیلور" دایمەزراندووە و گرنگی دەدات بە بابەتی فراوانکردنی یەکێتیی ئەورووپا بۆ 25 وڵاتی ئەندام، لەو چوارچێوەیەدا دوای لە تیمی لێکۆڵینەوەی دەرەکی کرد، ئەوانەی کە لێپرساون بە شیکردنەوە و سەرپەرشتیکردن و کار دەکەن لە ناوەندە هزرییەکانی یەکێتیی ئەورووپا و تایبەتمەندن بە لایەنی ئەورووپییەوە، داوای کرد گرنگی بدەن بە بابەتی بونیادنانی یەکێتیی ئەورووپی، جگە لەوەش ناوەندە هزرییەکانی ئەورووپیی ڕاسپارد بە کارکردن بۆ کاریگەریدانان لەسەر هزری ئەورووپی لە دەرەوەی سنووری یەکێتیی ئەورووپا، بە جۆرێك ئەو دامەزراوە هزرییانە لەگەڵ ئەوەی دامەزراوەی نیشتمانین، بەڵام بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی بابەتەکانی تایبەت بە وڵاتانی ناو یەکێتیی ئەورووپایە. بۆیە زۆربەی جار وا دەبینرێت پەیمانگا و ناوەندەکانی تایبەت بە بابەتی سیاسی لەناو چوارچێوەی ئەورووپا، ئەو ناوەندە هزرییە ئەورووپییانەن کە سنووری یەکێتیی ئەورووپایان بەزاندووە[25].

**سێیەم:** چاوپیاخشاندنێك بە بارودۆخی ناوەندەکانی هزری عەرەبی

ناوەندەکانی هزری عەرەبی زۆربەیان یان سەر بە حکومەتن یان سەر بە زانکۆ عەرەبییەکانن، بەڵام لەم دواییانەدا ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە کە سەر بە کەرتی تایبەتن، تا ڕادەیەك ڕۆڵیان دەرکەوت، لە لایەکی ترەوە ناوەندەکانی هزری سەر بە زانکۆکان و شارەزا ئەکادیمییەکان لە جیهانی عەرەبیدا زیاتر جێی متمانەن لەلای دەوڵەت و کاربەدەستان بە بەراورد بە ناوەندەکانی سەر بە زانکۆکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، هەروەك چۆن گەشەسەندنی دیاردەی هاوبەشی لەنێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی لە وڵاتانی عەرەبی یارمەتیدەر بوو لە پاڵپشتیکردنی ڕۆڵی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و دەزگاکانی بیروڕا بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێی ئەو هاوبەشییەی هەبوو لەنێوان دەوڵەت و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی تایبەت وەك یەکێك بە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی[26].

وڵاتانی عەرەبی لە ماوەی شەش دەیەی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لە ناوەندی هزریی سەربەخۆ یان وەك پاشکۆی زانکۆکان دروست کرد، کە کاری ئەم ناوەندانە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە زانستە جۆراوجۆرەکان،

بۆیە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی عەرەبیی سەر بە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی کە لە ساڵی 1952دا دامەزراوە، بە یەکەم ناوەندی لێکۆڵینەوە دادەنرێت لە جیهانی عەرەبیدا، پاش ئەمەش ناوەندی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە قاهیرە لە ساڵی 1956دا دامەزرا، دوای ئەم دووانەش ناوەندی ئەهرام بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیژی لە ساڵی 1968دا دامەزرا، پاشان ناوەندی لێکۆڵینەوەی یەکێتیی عەرەبی لە ساڵی 1975 و ناوەندی گەشەپێدانی عەرەبی لە تەرابلوس لە ساڵی 1976دا دامەزران[27].

هەروەك نموونەیەك بۆ بارودۆخی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی عەرەبی، لە ساڵی 2003دا بەرەوپێشچوونێکی ستوونی و ئاسۆیی دەبینین لە دروستبوونی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە عێراقدا، "دکتۆر عەبدولەتیف ئیرواء فەخری" پێی وایە کە پێش ساڵی 2003 ناوەندەکانی هزر و لێکۆڵینەوە ژمارەیان زۆر نەبوو و ڕۆڵیشیان لاواز بوو، بەڵام لەدوای ساڵی 2003، کۆمەڵێك ناوەندی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندی بواری زانستی و مرۆیی لە زۆر شوێندا دروست بوون، ئەویش بە دەستپێشخەریی حکومەت یان تاکەکەسی یان پارتەکان بوو.

هەر بە ڕای دکتۆر عەبدولەتیف فەخری، لە ئەنجامی بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ سەر بارودۆخی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە عێراق، تێبینیی دوو خاڵی گرنگ دەکرێت، یەکەمیان: ئەوەیە کە هەندێك لەم ناوەندانە نوێن و زۆر گەشەیان نەکردووە و تا ئێستاش پێویستیان بە پاڵپشتییە بۆ ئەوەی ئاستەنگەکانی بەردەمیان نەهێڵرێت، بەڵام دووەمیان: ئەو جۆرانەن کە ئاستیان زۆر لە خوارەوەیە لە ڕووی بەرهەمی زانستی و ڕۆڵیانەوە پێویستە هاوکاری بکرێن لە بواری نەخشەڕێژیی سیاسەتی گشتی بێت یان لە بواری بڕیاردان بێت[28].

ئەگەر سەرنجێك لە بارودۆخی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە جەزائیر بدەین، دەبینین پاڵپشتی بۆ ناوەندەکان لاوازە و ڕۆڵیان دیاری کراوە کە لە بنچینەدا ڕۆڵی ئەم ناوەندانە بریتییە لە دروستکردنی بڕیار و نەخشەڕێژیی سیاسەتی گشتی و شرۆڤەکردنی، بۆیە دەبینین ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە جەزائیر لە دەرەوەی پۆلێنی زانکۆی پەنسیلڤانیای باوەڕپێکراودان لە ساڵی (2006)ەوە، لەبەر ئەوە پێویستە سەرلەنوێ ئەم ناوەندانە بنیات بنرێنەوە و بواری ئەوەیان پێ بدرێت بتوانن بە شێوەیەکی کارا چالاك ببنەوە، چونکە جەزائیر (و وڵاتانی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی)، خاوەن توانایەکی مرۆیی و ماددیی گەورەیە، لە توانایدایە لە پێشەنگی پۆلێنی ناوەندەکاندا بێت لە بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ستراتیژیدا، چونکە جەزائیر خاوەنی زیاتر لە سەد دامەزراوەی زانکۆیی و زیاتر لە یەك ملیۆن خوێندکاری زانکۆیە، ئەمە جگە لە هەزارەها مامۆستای زانکۆ و توێژەری ئەکادیمی.

لە کۆتاییدا دەڵێین بەشداریکردنی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی و دروستکردنی بڕیاردا بەتەنها بەس نییە، بەڵکوو پێویستە ئەو شێواز و گۆڕانکارییەی تێدا بکرێت کە پێشتر باسمان کرد، هەروەها ئەو بەشداریکردنەی ئەم ناوەندانە لە داڕشتنی سیاسەتی گشتیی دروستکردنی بڕیاردا پێویستی بە کۆمەڵێك هۆکار و ئامرازە تا بگات بە ئەنجامی ڕاست و دروست، بۆیە باشترین ناوەندەکانی هزر لە جیهاندا وەك ناوەندێکن بۆ دروستکردنی بڕیاری ستراتیژیی دەوڵەت، هەروەها کاریان سەرپەرشتیی ئایندەی دەوڵەتە و بە شێوەیەکی کارا و چالاك و بەشداری دەکەن لە ڕێنوێنیکردنی سیاسەتی گشتیدا لە کۆمەڵێك بواری جیاوازدا، بۆیە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەم ناوەندانە دەبەستن و گرنگییان پێ دەدەن.

بە پێچەوانەی وڵاتانی ترەوە کە مەودایەکی دوور و پەیوەندییەکی پچڕاو بەدی دەکرێت لەنێوان بڕیاربەدەستان و شارەزایانی ناوەندی هزر، ئەمەش وای کردووە بارودۆخ تووشی ئاستەنگ ببێت و ئایندە ڕوون نەبێت و بڕیارەکان لە زۆربەی کاتدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناتەندروست بدرێن.

**کۆتایی**

لەبەر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ناوەندەکانی هزر بەشێکی گرنگن لە مەیدانی زانستی و لێکۆڵینەوە، بە جۆرێك لە توانایدایە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان ببێتەوە بە شێوەیەکی زانستی، جگە لەوەش پەیوەندییەکی بیروڕاگۆڕینەوە لەنێوان کاربەدەستان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە دامەزراوە، ئەم پەیوەندییانەش زۆر گرنگ و بەبایەخن بۆ ئەوەی سیاسەتێکی دروست بنیاد بنرێت و لە توانایدا بێت جێبەجێ بکرێت لە ڕێگەی بڕیارە گونجاو و ستراتیژییەکانەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە شێوازی کاری ناوەندەکانی هزر شێوازی ڕاوێژکاری باڵی بەسەردا کێشاوە، بە جۆرێك ئەم ڕاوێژەی ناوەندەکە دەیدات بە لایەنی پەیوەندیدار، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم پێوەی پابەند نابن و ناچار ناکرێن جێبەجێی بکەن، ئەوە لە کاتێکدایە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕاوێژ و ڕاسپاردەکانی ناوەندەکانی هزری لایەنی پەیوەندیدار ناچار دەکرێت پێوەی پابەند بێت بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدات.

**دەرئەنجام**

**یەکەم:** ناوەندەکانی هزر بە پێی ئەو بارودۆخەی کە تیایدایە؛ پێگە و گرنگییەکەی لە گۆڕانکاریدایە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکا یان چین و وڵاتانی ئەورووپا، بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگی بە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە دەدرێت، چ لە ڕووی ڕێکخستنی یان ئەو ئامانجە ستراتیژییەی کە لە پێناویدا دروست بووە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم هیچ گرنگییەك بەم ناوەندانە

نادەن، بە جۆرێك ئەو لێكۆڵینەوانەی كە لەلایەن ناوەندەكانەوە پێشكەش دەكرێن و پەیویستن بە بڕیارە ستراتیژییەكان، بە هیچ شێوەیەك گوێی لێ ناگیرێت، ئەوەش دەبێتە مایەی دواكەوتوویی ئەو وڵاتانە لە تەواوی بوارەكاندا، بەتایبەتی لە بواری ئایندەسازی بۆ داهاتووی دەوڵەت.

**دووەم:** پشتبەستنی وڵاتانی پیشكەوتوو بەم جۆرە ناوەندانە، وای كردووە لە تەواوی بوارەكاندا بەتایبەتی لە بواری بڕیارە ستراتیژییەكاندا پیشبڕكێ بكات و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت، ئەگەرچی ئەو بڕیارانە تایبەت بێت بە بارودۆخی ناوخۆیی یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆ نموونە: لە ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ناوەندەكانی هزر و لێكۆڵینەوە بوونەتە بناغەیەكی گرنگ بۆ بونیادنانی سیاسەتێكی گشتی لەلایەن كاربەدەستانەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر ئەو بنەمایە بڕیارە ستراتیژییەكان بدەن، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەتایبەتییش وڵاتانی عەرەبی، بۆشاییەكی گەورە هەیە لەنێوان كاربەدەستان و بڕیاربەدەستانی وڵات لەگەڵ ناوەندەكانی لێكۆڵینەوە.

**سێیەم:** لە كۆتاییشدا ئەوە دەبینرێت كە گومان لەوەدا نییە كێشەیەكی گەورە هەیە لەو ئاڵنگارییانەی كە ڕووبەڕووی وڵاتانی عەرەبی دەبێتەوە سەبارەت بە پشتبەستنیان بە ناوەندەكانی هزر و ئایندەسازی، گومانیش لەوەدا نییە ناوەندەكانی لێكۆڵینەوەش ئەركێكی گرنگیان لەسەر شانە و گرەوێكی گەورەیان لە بەردەمدایە لەم قۆناغەدا، بیركردنەوە شێوەیەكی قووڵ و تێگەیشتن و شیكردنەوە بە شێوەیەكی ستراتیژی پێویستییەكە دەبێت جێبەجێ بكرێت بۆ ئەوەی سیاسەتێكی دروست لە خزمەتی گشتی پیادە بكرێت، ئەوە جگە لە بونیادنانی تێگەیشتنێكی دروست لە بڕیاری ستراتیژیدا.

## ڕاسپاردەكان

بابەتی یەكەم، پێویستە جارێكی دیكە چاو بخشێنرێتەوە بە گرنگی و پێگەی ناوەندەكانی هزر و لێكۆڵینەوە بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی، ئەوەش نایەتە دی بەبێ ئیرادەیەكی سیاسیی ڕاستەقینە لەلایەن كاربەدەستان و بڕیاربەدەستانی وڵاتەوە، دەبێت بڕوایان پێ بهێنرێت كە پێویستە پشت ببەسترێت بە بەكارهێنانی ڕێگای زانستی و بیركردنەوەی قووڵ بۆ ئەوەی داهاتوویەكی باش بونیاد بنرێت.

بابەتی دووەمیش پەیوەستە بە پێویستیی دابەشكردنی بوارەكان و هەمەڕەنگیی ئەو بابەتانەی كە ناوەندەكانی هزر كاری لەسەر دەكەن، ئەوە جگە لە پشتبەستن بە ناوەندە تایبەتمەندەكان و هەریەكە و لە بواری دیاریكراوی خۆیدا، سەرباری ئەوەش پێویستە چوارچێوەیەكی یاسایی بۆ دامەزراوە سیاسی و سەربازی و ئابووری و ڕاگەیاندنەكان دروست بكرێت بەوەی كە ناچاریان بكات بە دامەزراندنی ناوەندی هزری بۆ ئەوەی بەشداری بكات لە بڕیارە چاوەڕوانكراوە ستراتیژییە گونجاوەكانیاندا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

**1. المؤلفات والكتب:**

- سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، دور مراكز الفكر والرأي في عملية صنع القرار السياسي الخارجي، دراسة صادرة عن مركز البيان للدراسات والتخطيط، سنة 2016.

2. المقالات العلمية:

- المجلة الجزائرية للدراسات السياسية، رزايقية حنان، دور مراكز الفكر في صنع السياسة الخارجية الأمريكية: الحرب على العراق نموذجا، صادرة عن المدرسة الوطنية العليا للعلوم السياسية، المجلد الرابع، العدد الأول.

- مجلة الفكر، ساعد رشيد، تأثير مراكز البحث والتفكير (Think Tank ) على توجهات التفكير الاستراتيجي الأمريكي اتجاه الصين، صادرة عن جامعة بسكرة – الجزائر، العدد 13، فيفري 2016.

- مجلة دفاتر السياسة والقانون، الخزندار سامي الخزندار والأسعد طارق، دور مراكز الفكر والدراسات في البحث العلمي وصنع السياسات العامة، مجلة دفاتر السياسة والقانون، صادرة عن جامعة ورقلة، العدد السادس، جانفي 2022.

- مجلة الأبحاث القانونية والسياسية، بلخير سلمى بلخير وشرفي محمود، واقع مراكز الفكر والدراسات في الجزائر بين الضرورة الاستراتيجية ورهانات المستقبل، صادرة عن جامعة سطيف 2، المجلد الثاني، العدد الثاني، سنة 2020.

- المجلة الجزائرية للدراسات السياسية، بورياح سلمى، مراكز الأبحاث وآليات تأثيرها على صنع السياسات العامة، صادرة عن المدرسة الوطنية العليا للعلوم السياسية، المجلد الثالث، العدد الثاني.

- المجلة السياسية والدولية، فخري عبد اللطيف إرواء، دور مراكز الأبحاث والفكر في صنع القرار السياسي ورسم السياسات العامة في العراق، صادرة عن كلية العلوم السياسية جامعة المستنصرية، العراق.

- مجلة جيل العلوم الإنسانية والاجتماعية، البرق لطيفة عمر، دور المراكز البحثية في إثراء المعرفة والبحث العلمي: دراسة ميدانية على عينة من أعضاء هيئة التدريس بكلية الآداب جامعة سرت، صادرة عن مركز جيل البحث العلمي، العام السابع، العدد 67، سبتمبر 2020.

3. دراسات وأبحاث علمية:

- مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، تقييم مراكز الدراسات والبحوث العربية والدولية 2019-2018.

4. النصوص القانونية:

- الجزائر، المرسوم رقم 398-84 المؤرخ في 24/12/1984، المتضمن إنشاء المعهد الوطني للدراسات الاستراتيجية الشاملة، الصادر بالجريدة الرسمية عدد 71، المؤرخة في 30/12/1984.

- الجزائر، المرسوم الرئاسي رقم 93–39 المؤرخ في 26 جانفي 1993، يضبط مهام المعهد الوطني للدراسات الاستراتيجية الشاملة ويحدد تنظيمه وعمله، الصادر بالجريدة الرسمية عدد 6، المؤرخة في 31/01/1993.

5. المواقع الإلكترونية:

- السيقلي محمود محمد، دور مراكز الفكر والبحث في صنع القرار: واقع مراكز الفكر العربية، مقال منشور سنة 2019 بموقع العلوم القانونية الإلكتروني: marocdroit.com ، تاريخ الاطلاع على الموقع 02/11/2021/20:00م.

- رجب علاء ابراهيم، دور المراكز البحثية الأمريكية في عملية صنع القرار السياسي: دراسة حالة مؤسسة "راند" الأمريكية، دراسة منشورة بالموقع الإلكتروني للمركز العربي للبحوث والدراسات: http://www.acrseg.org/40792، تاريخ نشر الدراسة: الجمعة 22 جويلية 2018/04:34 ص، تاريخ الاطلاع على الموقع 11 نوفمبر 2021/15:43م.

- رجب علاء ابراهيم، دور المراكز البحثية الأمريكية في عملية صنع القرار السياسي: دراسة حالة مؤسسة "راند" الأمريكية، دراسة منشورة بالموقع الإلكتروني للمركز العربي للبحوث والدراسات: http://www.acrseg.org/40792، تاريخ نشر الدراسة: الجمعة 22 جويلية 2018/04:34ص، تاريخ الاطلاع على الموقع 11 نوفمبر 2021/15:43م.

6. المراجع الأجنبية:

**B. Articles :**

Alice Ekman, Les Think Tanks Chinois : ambitions et contradictions, Institut Français des Relations Internationales, Politique étrangère, 2017.

**C. Etudes :**

Stephen BOUCHER, L'Europe et ses Think Tanks : un potentiel inaccompli, une analyse des think tanks spécialistes de l'Europe au sein de l'Union Européenne élargie, octobre 2004, Etudes et recherches n° 35, Etude publiée sur le site http://www.notre-europe.asso.fr

١. مجلة الأبحاث القانونية والسياسية، بلخير سلمى وشرفي محمود، واقع مراكز الفكر والدراسات في الجزائر بين الضرورة الاستراتيجية ورهانات المستقبل، صادرة عن جامعة سطيف 2، المجلد الثاني، العدد الثاني، سنة 2020، ص 216.

٢. سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، دور مراكز الفكر والرأي في عملية صنع القرار السياسي الخارجي، دراسة صادرة عن مركز البيان للدراسات والتخطيط، سنة 2016، ص 4، الدراسة منشورة بالموقع الإلكتروني للمركز: www.bayancenter.org، تاريخ الاطلاع على الموقع: 14/11/2021/15:50م.

٣. سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، نفس المرجع، ص 9 و12.

٤. المجلة الجزائرية للدراسات السياسية، رزايقية حنان، دور مراكز الفكر في صنع السياسة الخارجية الأمريكية: الحرب على العراق نموذجا، صادرة عن المدرسة الوطنية العليا للعلوم السياسية، المجلد الرابع، العدد الأول، ص268.

٥. بلخير سلمى وشرفي محمود، المرجع السابق، ص218.

٦. مجلة جيل العلوم الإنسانية والاجتماعية، البرق لطيفة عمر، دور المراكز البحثية في إثراء المعرفة والبحث العلمي: دراسة ميدانية على عينة من أعضاء هيئة التدريس بكلية الآداب جامعة سرت، صادرة عن مركز جيل البحث العلمي، العام السابع، العدد 67، سبتمبر 2020، ص54.

٧. المجلة السياسية والدولية، فخري عبد اللطيف إرواء، دور مراكز الأبحاث والفكر في صنع القرار السياسي ورسم السياسات العامة في العراق، صادرة عن كلية العلوم السياسية جامعة المستنصرية، العراق، ص27.

٨. البرق لطيفة عمر، مرجع سابق، ص55.

٩. المجلة الجزائرية للدراسات السياسية، بورياح سلمى، مراكز الأبحاث وآليات تأثيرها على صنع السياسات العامة، صادرة عن المدرسة الوطنية العليا للعلوم السياسية، المجلد الثالث، العدد الثاني، ص133.

١٠. البرق لطيفة عمر، مرجع سابق، ص56.

١١. سلمى بورياح، المرجع السابق، ص136.

١٢. تم تأسيسه في الجزائر سنة 1984 بموجب المرسوم رقم 398-84، المؤرخ في 24 ديسمبر 1984، الصادر بالجريدة الرسمية عدد 71، المؤرخة في 30/12/1984، وتم تنظيمه إداريا ووظيفيا في الجزائر بموجب المرسوم الرئاسي رقم 93–39 المؤرخ في 26 جانفي 1993، الصادر بالجريدة الرسمية عدد 6، المؤرخة في 31/01/1993.

١٣. أنظر نص المادة 2 و4 من المرسوم الرئاسي رقم 93–39 المؤرخ في 26 جانفي 1993، نفس المرجع.

١٤. مجلة دفاتر السياسة والقانون، الخزندار سامي والأسعد طارق، دور مراكز الفكر والدراسات في البحث العلمي وصنع السياسات العامة، صادرة عن جامعة ورقلة، العدد السادس، جانفي 2012، ص19.

١٥. مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، تقييم مراكز الدراسات والبحوث العربية والدولية 2019-2018، ص7.

١٦. السيقلي محمود محمد، دور مراكز الفكر والبحث في صنع القرار: واقع مراكز الفكر العربية، مقال منشور سنة 2019 بموقع العلوم القانونية الإلكتروني: www.marocdroit.com ، ص11، تاريخ الاطلاع على الموقع 02/11/2021/20:00م.

١٧. مجلة الفكر، ساعد رشيد، تأثير مراكز البحث والتفكير (Think Tank ) على توجهات التفكير الإستراتيجي الأمريكي اتجاه الصين، صادرة عن جامعة بسكرة – الجزائر، العدد 13، فيفري 2016، ص389.

١٨. محمود محمد السيقلي، مرجع سابق، ص12.

١٩. رجب علاء ابراهيم، دور المراكز البحثية الأمريكية في عملية صنع القرار السياسي: دراسة حالة مؤسسة "راند" الأمريكية، دراسة منشورة بالموقع الإلكتروني للمركز العربي للبحوث والدراسات: http://www.acrseg.org/40792، تاريخ نشر الدراسة: الجمعة 22 جويلية 2018/04:34ص، تاريخ الاطلاع على الموقع 11 نوفمبر 2021/15:43م.

٢٠. السيقلي محمود محمد، المرجع السابق، ص12.

21. Alice Ekman, Les Think Tanks Chinois : ambitions et contradictions, Institut Français des Relations Internationales, Politique étrangère, 2017, p 146.

٢٢. السيقلي محمود محمد، المرجع السابق، ص12.

٢٣. رزايقية حنان، المرجع السابق، ص273 وما بعدها.

٢٤. السيقلي محمود محمد، مرجع سابق، ص13.

25. Stephen BOUCHER, L'Europe et ses Think Tanks: un potentiel inaccompli, une analyse des Think Tanks spécialistes de l'Europe au sein de l'Union Européenne élargie, octobre 2004, page 4, 7 et 10, Etudes et recherches n° 35, Etude publiée sur le site http://www.notre-europe.asso.fr

٢٦. الخزندار سامي والأسعد طارق، المرجع السابق، ص17.

٢٧. البرق لطيفة عمر، المرجع السابق، ص 54 و55.

٢٨. فخري عبد اللطيف إرواء، المرجع السابق، ص37.

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی

# لاوازیی سیستمی دارایی و نەبوونی بانکی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان

## مەترسی، ئاستەنگ و چارەسەرەکان

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد



### بەرایی

هەرێمی کوردستان بە هۆی ئەوەی خاوەنی دەوڵەت نییە و سەر بە حکومەتی فیدراڵیی عێراقە، نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی بانکی ناوەندی، ئەمەش وای لە هەرێمی کوردستان کردووە لەژێر کاریگەریی بڕیارەکانی بانکی ناوەندیی عێراق و دۆخە ئابووری و داراییەکەی بەغداددا بێت. ئەم دۆخە هەروەها ڕووبەڕووی چەندین کێشەی ئابووری و دارایی کردووەتەوە و لە کاتی

## پرۆفایلی بەشدارانی ڕاپۆرت:



### پرۆفیسۆر د. یونس عەلی ئەحمەد

ساڵی ١٩٧٩ لە کەرکووک لەدایک بووە.

ماستەر لە ئابووری لە ساڵی ٢٠٠٤، لە زانکۆی سلێمانی.

دکتۆرا لە ئابووری ساڵی ٢٠١٤، لە زانکۆی پۆترا - مالیزیا

بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕاوێژکاری

لە ئێستادا مامۆستایە لە بەشی ئابووری، کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری/ زانکۆی سلێمانی



### د. دلاوەر مەهدی هادی

لە ساڵی ١٩٨٢ هەڵەبجە لەدایک بووە

ماستەر لە دارایی و بانک

دکتۆرا لە بواری دارایی

پسپۆڕی بواری دارایی و بازاڕە داراییەکان

سەرۆکبەشی ژمێریاری لە زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆژیا

---

قەیرانەکانیشدا زیاتر نەبوونی بانکی ناوەندیی پێوە دیارە. بە پێی بۆچوونی پسپۆڕانی ئابووری و دارایی، جگە لە نەبوونی بانکی ناوەندی، نەبوونی سیستمێکی ئابووری و دارایی تۆکمە، ڕوون و ستراتیژی؛ وای کردووە کێشەکان بۆ هەرێمی کوردستان قورس و ئاڵۆزتر بن. سەرهەڵدانی شەڕی داعش، نزمبوونەوەی نرخی نەوت، ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغداد و دواجاریش سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا؛ هەرێمی کوردستانی خستە بەردەم چەند تاقیکردنەوەیەکی قورس و ئەم تاقیکردنەوەیەش کاریگەرییە خراپەکانی نەبوونی سیستمێکی دارایی بەهێزی لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەرخست.

### کێشە داراییەکانی هەرێم

لەدوای بڕینی بەشەبودجەی هەرێم لەلایەن بەغداد و هەناردەکردنی نەوت بە شێوەی سەربەخۆ لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن هەرێمەوە، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی قورس بووەوە و سەرهەڵدانی

داعش و دواتریش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هێندەی دیکە دۆخی ئابووری و دارایی هەرێمی قورستر کرد. پسپۆڕان ڕەخنە لە سیاسەتی دارایی حکومەتی هەرێم دەگرن و چەند چارەسەرێکیش بۆ قەیران و ئاڵنگارییەکانی بەردەمی دەخەنە ڕوو.

د. یونس عەلی ئەحمەد؛ پسپۆڕی بواری دارایی، لە بارەی گرنگترین کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت: یەکەم کێشە لە عەقڵیەتی بەڕێوەبردنی داهات، لە دەرامەت و دەستهاتی هەرێمی کوردستاندایە زیاتر لەوەی لە کەمیی داهاتدا بێت. دووەم کێشە، شێوازی خەرجکردنی داهاتەکانە. واتە هەم بەڕێوەبردنی داهاتەکە کێشەی تێدایە، هەم خەرجکردنەکەی. بۆیە دەبینین هەرێمی کوردستان بەردەوام لە کورتهێناندایە. هەرێمی کوردستان داهاتی زۆرە، بەتایبەت داهاتی نەوت، بەڵام پەرشوبڵاوی و نارێکی هەیە لە کۆکردنەوەی داهات و خەرجکردنەکەی، بۆیە تەنانەت نەتوانراوە سوودی زۆر لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت وەربگیردرێت. ئەم کێشانە کاریگەریی ڕاستەوخۆشیان هەبووە لەسەر بودجە کە لە داهاتی گشتی و خەرجیی گشتی پێک دێت، بەتایبەت کە هەموو داهاتەکان نایەنەوە گەنجینەی گشتی، وەک هەمیشە حکومەت ئاماژەی پێ دەکات. بەگشتی خەرجی لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەنێوان خەرجیی وەبەرهێنان و خەرجیی بەکاربردندا دابەش دەبێت. هەندێک توێژینەوە ئەوەی دیاری کردووە کە پێویستە خەرجیی وەبەرهێنان ٧٠٪ بێت و خەرجیی بەکاربردن ٣٠٪ بێت، بەڵام لە وڵاتی ئێمە خەرجیی وەبەرهێنان (٣٠٪)یش کەمترە و خەرجیی بەکاربردن ٧٠٪ زیاترە، ئەمەش بە هۆی زۆریی ژمارەی مووچەخۆران، بەتایبەت ئەو مووچەخۆرانەی کە شایستە نین. یەکێک لەو کێشانەش کە ئابوورییە نەوتییەکان پێوەی دەناڵێنن ئەوەیە ئابوورییەکە یەکلایەنەیە، ئەمەش وای لێ دەکات داهاتەکەشی یەکلایەنە بێت، واتە لەگەڵ گۆڕینی نرخی نەوت، داهاتیش دەگۆڕێت و بەپێچەوانەشەوە. ئەم ئابوورییە یەک سەرچاوەیە کێشە بۆ دارایی دروست دەکات.

## چارەسەر بۆ سیستمی دارایی؛ پلان و نەخشەڕێگا

د. یونس عەلی ئەحمەد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە سیستمی دارایی دەڵێت، بۆ ئەوەی سیاسەتی دارایی سەرکەوتوو بێت، پێویستە بەڕێوەبردن و ئیرادەیەکی باش هەبێت. لە هەرێمی کوردستان حکومەت خۆیشی دان بەوەدا دەنێت کە بەڕێوەبردنەکە زۆر گونجاو نییە و کەموکورتیی زۆری تێدایە، بۆ نموونە لە ئامادەکردنی پرۆژەیاساکاندا گرنگی بە بۆچوون و توێژینەوەی کەسانی ئەکادیمیی بواری دارایی نادرێت. لە کۆنفرانسەکاندا بۆچوونی ئەکادیمییەکان وەردەگیرێت، بەڵام

لە سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتدا جێگایان ناکرێتەوە و پیادە ناکرێن. بۆیە دەتوانین بڵێین حکومەتی هەرێم لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە لاواز بووە و لە ڕووی ئیرادەشەوە لاواز بووە و گەندەڵی و کێشەکان لە زیادبووندان. بودجە بابەتێکی زۆر گرنگە لەم بوارەدا، چونکە بودجە واتە دید و تێڕوانینی دارایی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی حکومەت لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات. کاتێکیش حکومەت بودجەی نییە، ناتوانیت بڵێیت بەڕێوەبردن و ئیرادەیەکی باشی هەیە و لە ڕووی داراییەوە سەرکەوتوو بووە. هەنگاوەکان بۆ باشکردن زۆر لاواز و سەرەتایین، ئەگەر بەم جۆرە بەردەوام بێت؛ کێشە داراییەکان گەورەتر دەبن. بۆ نموونە؛ وەرگرتنی قەرزی دەرەکی قورستر دەکات، چونکە وڵات، کۆمپانیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگای زانیاری و ڕاپۆرتەکانەوە تەماشای ڕەوشی نێوخۆیی دەکەن. حکومەتی هەرێمیش تا ئێستا وێبسایتێکی فەرمیی نییە بۆ پەخشکردنی زانیارییەکان لە هەموو کەرتەکان، ئەمەش وەها دەکات نەتوانێت دیدێکی نێودەوڵەتیی دروست بکات بۆ وەبەرهێنان و ئابووری. بۆیە چارەسەر، دانانی پلان و نەخشەڕێگایە. ئێمە وەزارەتی پلاندانانمان هەیە، پلانی کورتخایەن، مامناوەند و درێژخایەنمان هەیە. لە پلاندا زۆر گرنگە حکومەت پلانێکی گشتگیری هەبێت لەسەر ئاستی هەموو سێکتەر، دامودەزگا و دەستەکان. هەروەها پێشبینییەکی تەندروست بکرێت کە داهات و خەرجییەکانی ساڵی ئایندە چەندە؟ ئەو ئاستەنگ و کەموکوڕییانە چین دەکرێت ڕوو بدەن؟ دەبێت لە پلاندا ئاماژە بە هەموو سیناریۆکان بدرێت. پلان بە شێوەی تەدریجی جێبەجێ بکرێت. حکومەت نابێت تەنها وەک ژمێریارێک بیر بکاتەوە و تەنها بیری لای ئەوە بێت چەند پارە کۆ بکاتەوە و چەندی دەست بکەوێت، بەڵکوو دەبێت بیری لای ئەوە بێت دەرئەنجام و کاریگەریی کۆکردنەوەی ئەو داهاتە چی دەبێت. بۆ نموونە: زۆر جار حکومەت بەبێ لێکۆڵینەوە باجێکی زۆر لەسەر کۆمپانیا و هاوڵاتییان دادەنێت، کە دەبێتە هۆی لاوازی، وەستان و داڕمانی بازاڕ، کە ئەمەش بە زیان بۆ خەڵک و حکومەتیش دەشکێتەوە. بۆیە دانانی باجی نوێ و کۆکردنەوەی هەر سەرچاوەیەکی داهاتی نوێ لە ئاو، کارەبا، تاپۆ و هەموو سەرچاوەکانی دیکە، دەبێت لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە بێت و ئەگەرە ئەرێنی و نەرێنییەکان لەبەرچاو بگیردرێن. حکومەت تا ئێستا نەیتوانیوە سوود لە کەسانی ئەکادیمی و ناوەندە زانستییەکان وەربگرێت و زۆر جار بڕیارە سیاسییەکان زاڵترن.

د. دلاوەر مەهفی هادی؛ پسپۆڕی بواری دارایی و بازاڕە داراییەکان، باس لە نەبوونی سیستمی دارایی دەکات و لە بارەی کێشە داراییەکان و سیستمی دارایی هەرێمەوە

دەڵێت: بەگشتی لە عێراق و بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان سیستمی داراییمان نییە، کە بنەڕەتترین کەرت و جومگەی پێشکەوتنی ئابووری و ژیانە. هەروەک لە کوردستاندا سیستمی ئابووری دانەمەزراوە، ئەمەش وای کردووە پێشکەوتنی هەموو بوارەکان دوا بخات و ئیفلیجی بکات، ناسەقامگیری بخاتە نێو کەرتی بزنس، تایبەت و خوێندن. لە بوونی سیستمێکی دارایی باشدا کۆمپانیاکان دەتوانن قەرز بکەن، وەبەرهێنانیان پێش بخەن، پڕۆژەی نوێیان هەبێت و خەڵکێکی زیاتریش بخەنە سەر کار. لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا و لەنێو ئەو هەموو تەنگەژە و ململانێ سیاسییەدا، هیچ ئومێدێک لەئارادا نییە سیستمی دارایی و ئابووری دابمەزرێت، کە ئەمەش هەڕەشەیەکی زۆر زۆر خراپە. ئیرادەی سیاسی و حکومەت دەتوانێت سیستمێکی بەهێز دروست بکات و نەبوونی ئەم ئیرادەیەشە تا ئێستا نەیهێشتووە دروست ببێت. بەرژەوەندی کەسی، ململانێی سیاسی، ململانێی نێوان حزبەکان و نێو خودی حزبەکان؛ لە هۆکارە دیارەکانی نەبوونی ئەو ئیرادەیەن کە وای کردووە هیچ بیرێک لە ئایندەی ئەم وڵاتە نەکرێتەوە. ئەگەر ئەوانەی خاوەن بڕیارن و لە حکومەتدا دەسەڵاتیان هەیە؛ ئیرادەیان هەبێت، زۆر بەئاسانی دەتوانرێت سیستمێکی دارایی زۆر بەهێز دروست بکرێت.

**کاریگەریی سیاسەتی دارایی عێراق لەسەر هەرێم**

سیستمی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان لەژێر کاریگەریی سیستمە ئابووری و داراییەکەی عێراقدایە و هەر بڕیارێک لەلایەن دامەزراوە ئابووری و داراییەکانی عێراقەوە بدرێت، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت و هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەئاسانی خۆی لەم کاریگەرییانە ڕزگار بکات.

د. یونس عەلی ئەحمەد کاریگەرییەکانی دۆخی دارایی عێراق و بڕیارەکانی بەغداد لەسەر هەرێمی کوردستان ڕوون دەکاتەوە و پێی وایە سیاسەتی دارایی عێراق کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سیاسەتی دارایی هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە؛ کاتێک عێراق لەگەڵ ئۆپێکدا کۆ دەبێتەوە و لەسەر بڕ و نرخی نەوت ڕێک دەکەوێت، کاریگەریی دەبێت لەسەر بڕ، نرخ و داهاتی نەوتی هەرێم و گرێبەست و کۆمپانیاکانیش کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن. کاتێک حکومەتی عێراقی قەرز دەکات بۆ بووژاندنەوە یان هەر بوارێکی دیکە، هەم پشکی هەرێمی کوردستانی تێدایە و هەم نرخی سوودی (سوو) ئەو قەرزەش کاریگەریی دەبێت لەسەر ئابووریی هەرێم. کاتێک حکومەتی عێراق گۆڕانکاری لە نرخی دراودا دەکات، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەرێمیش دەبێت، بەتایبەت کە

ئابوورییەکەی عێراق لە هیی هەرێم گەورەترە، ئەم کاریگەرییەش ئاساییە، بە مەرجێک پاشکۆیەتی ڕوو نەدات و بە زیان بشکێتەوە. زۆر جار ستراتیژ و دارایی عێراق بە شێوازێکە، بۆ نموونە لە بواری باج گۆڕانکاری دەکات، حکومەتی هەرێم تەنها سوود لەو برگانەی گۆڕانکارییەکە وەردەگرێت کە داهاتی پێ زۆر دەکات، بەڵام سوود لەو برگانە وەرناگرێت یان نایەوێت سوود لەو برگانە وەربگرێت خەڵک تێیدا سوودمەند دەبن. بۆ نموونە؛ لەسەر هێڵەکانی گواستنەوەی ئینتەرنێت، کاتێک نرخی باج دەگۆڕێت لە عێراق، دەبێت بیر لە هەردوو بواری باج و خزمەتگوزارییش بکەیتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تەنها ئەو بەشەی بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت کە پەیوەندیی بە باجەکەوە هەیە. ئەمە لە بواری خانەنشینی، بودجە و پلەبەرزکردنەوەش بە هەمان شێوەیە و کاتێک حکومەتی عێراق ڕێنمایی بۆ دەرکردووە و ستراتیژی دارایی بۆ داناوە؛ لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت، چونکە پێیان وایە داهاتەکەیان کەم دەکاتەوە.

**هەڕەشەکانی نەبوونی بانکی ناوەندی**

هەرێمی کوردستان بە هۆی ئەوەی بەشێکە لە عێراق، ناتوانێت ببێتە خاوەنی بانکی ناوەندی، بەڵام دەکرێت لقەکانی بانکی ناوەندی لە هەرێمی کوردستاندا هەبن، ئەم دۆخەی هەرێم وەهای کردووە، سیاسەت، بڕیار، ڕێنمایی و سەرجەم هەنگاوەکانی بانکی ناوەندی عێراق کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بکەنە سەر هەرێمی کوردستان و بانکەکانی. نەبوونی بانکی ناوەندی وای کردووە هەرێمی کوردستان نەتوانێت وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان قەرز بکات.

د. دلاوەر مەهدی هادی دۆخ و ڕێگرییەکانی بەردەم گەشەکردنی بانک لە هەرێم باس دەکات و دەڵێت دیارترین دامەزراوەی نێو سیستمی دارایی بانکە، بەداخەوە بانکەکانی هەرێمی کوردستان وەک نووسینگەی گۆڕینەوەی دراو و قاسەیەک مامەڵە دەکەن کە تەنانەت خەڵک دڵنیایی ئەوەی نییە پارەکانی ببات و لەو قاسەیەدا دایبنێت، ئەمە جگە لەوەی لە ترانزەکشنەکانی بانکی ئیفلیجین و هیچمان بەدەستەوە نییە. لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانیش هەرێمێکە لەنێو وڵاتێکی فیدراڵیدا و سەربەخۆیی و سەروەریی نییە، دەبێت ملکەچی هەموو بڕیارێک ببێت کە لە بانکی ناوەندیی عێراقییەوە دێت.

د. یونس عەلی ئەحمەد سەبارەت بە ئەرکەکانی بانکی ناوەندی دەڵێت: ئەرکەکانی بانکی ناوەندی و بانکی ناوەندی عێراق زۆرن، گرنگترینیان بریتییە لە: دەرکردنی پارە، مامەڵەکردن لەگەڵ بانکەکان، تەسفیەکردنی

مامەڵەی حکومەت و دەوڵەت لە وەرگرتن و دانەوەی پارە وەک قەرز، سەنەد و چەک. کاتێک شوێنێک بانکی ناوەندیی نەبێت، بێبەش دەبێت لە مامەڵە نەختینەیی و داراییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و ئەو ئەرکانەی بانکی ناوەندی دەتوانێت ئەنجامیان بدات. واتە ناتوانێت پارە دەربکات، خستنەڕووی پارە ڕێک بخات، مامەڵە بازرگانی و نەختینەییەکان پێکەوە ڕێک بخات. ئێستا کە هەرێمی کوردستان نییەتی، بێبەشە لە سەرجەم ئەو مامەڵانە. جاران بانکی ناوەندیی عێراق چوار لقی هەبوو، بەسرە، موسڵ، هەولێر و سلێمانی، واتە سێ لقی لەو ناوچانە بووە کە کوردیان لێیە، بەڵام لقەکان کارا نەبوون و دواتر لقی هەولێر کارا کرا بە شێوەیەکی سنووردار کە ناتوانێت هەموو ئەرکێک ئەنجام بدات. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین لە هەر شوێنێک بانکی ناوەندی هەبوو، چالاکییە ئابووری، دارایی و نەختینەییەکان لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوە زۆر فراوانتر و گەورەتر دەبن و کەلێنی نەختینەیی تا ئاستێکی زۆر پڕ دەبێتەوە. یەکێکی دیکە لە خراپییەکانی نەبوونی بانکی ناوەندی ئەوەیە متمانەی نێودەوڵەتیت نابێت، واتە کاتێک بانکی ناوەندیت هەبێت و بتەوێت قەرز لە کۆمپانیا یان وڵاتێک وەربگریت؛ ئاسانتر پێت دەدرێت، یان بازرگانەکانی هەرێمەکەت دەتوانن پەیوەست بن بە بانکی ناوەندییەوە و نرخی دراویان ئاسانتر و هەرزانتر بۆ بگۆڕێتەوە.

بۆ نموونە: لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو بانکی ناوەندی بە جۆرێک نرخی دیناری عێراقیی بۆ بازرگانەکان دەگۆڕییەوە کە سوودی لێ ببینن، هەر بۆیە هەندێک جار نرخی شتومەک لە دەرەوەی وڵات زۆر گران بوو، بەڵام چونکە دراوەکەیان بە هەرزان بۆ گۆڕدراوەتەوە، شتومەکەکان بۆ بازرگانەکان و دواتریش خەڵک هەرزانتر دەکەوت. واتە بانکی ناوەندی متمانە بۆ حکومەت دروست دەکات و سوودیشی بۆ بازرگان و هاوڵاتییانیش هەیە.

**هەرێمی کوردستان چی بکات؟**

د. یونس عەلی ئەحمەد سەبارەت بەو هەنگاوانەی پێویستە هەرێم بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی نەبوونی بانکی ناوەندی بیانگرێتە بەر، ئاماژە بەوە دەکات هەرێمی کوردستان دەبێت بە شێوەیەک سیاسەتەکەی دابڕێژێتەوە یەک بگرێتەوە لەگەڵ سیاسەت و بنەماکانی بانکی ناوەندیی عێراق، ئەگەرنا بە شێوەیەکی نەرێنی دەشکێتەوە بەسەر هەرێمدا، چونکە هەرێم لەژێر چەتری دەوڵەتی عێراقدایە. ئەمە مانای پاشکۆیەتی نییە، بەڵکوو بوونی هەماهەنگییە. دەکرێت حکومەتی هەرێم ببێتە خاوەن بودجەیەکی باش لە کاتی خۆیدا، کە لەسەر بنەمایەکی زانستی ئامادە کرابێت، بەم جۆرەش داهات و خەرجییەکان ڕوون و دیاریکراو دەبن. گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتەکەی، واتە سیاسەتە نەختینەیی، بازرگانی و داراییەکەی

پەیوەست بکات بەیەکەوە. لە ئێستادا ئەوەی هەیە؛ دژبەیەکی ئەم سیاسەتانەیە لەگەڵ یەکدا، کە ئەمیش دیسان بەشێک لە هۆکارەکەی نەبوونی بانکی ناوەندییە. دەکرێت بە ڕێگای دیپلۆماسی، پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ئابووری و بازرگانییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دروست بکرێت، تاکوو مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکەن، ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت، تاکوو سوودمەند بین لە ڕێنمایی و بڕیارەکانیان.

**قەرز، هەنگاوە مەترسیدارەکە**

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە هۆی نەبوونی بانکی ناوەندییەوە ناتوانێت وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ قەرز بکات، بەڵام هێشتا چەند ڕێگایەکی هەیە بۆ قەرزکردن و بڕێکی زۆری قەرزی نێوخۆیشی لەسەرە. لەگەڵ ئەوەی قەرز وەک هەنگاوێکی ناچاری چاوی لێ دەکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستان پەنای بۆ قەرزی نێوخۆیی و دەرەکییش بردووە.

د. یونس عەلی ئەحمەد دەڵێت: بە شێوەیەکی گشتیی قەرزی دەرەکی لە ئابووریدا پێی دەوترێت سەرچاوەیەکی مەترسیدار، ناچاری و سووتێنەر، پێی دەوترێت سەرچاوەیەکی داهاتی نائاسایی لە کاتی نائاساییدا. واتە ئەگەر ناچار نەبیت، نابێت پەنای بۆ ببەیت. ئەمەریکا سەرەڕای قەیرانی دارایی (٢٠٠٧-٢٠٠٨)، پەنای نەبرد بۆ قەرز، چونکە دەیزانی گرفتی گەورەی بۆ دروست دەکات. عێراق لە ساڵی (١٩٥٩)ەوە قەرزدارە و تا ئێستا قەرزەکانی لەسەر لا نەچووە، هەر چەندە دوای ٢٠٠٣ لە بەشێک لە قەرزەکانی خۆش بوون و کەمکردنەوەیان بۆ کرد. ئەو لایەنانەی قەرز دەدەن بە وڵاتانی دواکەوتوو، مەرجەکانیان زۆر زۆر قورسە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە. هەرێمی کوردستان کە دەوڵەت نییە، ناچارە قەرز لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکات کە مەرجیان قورسە. هەندێک جاریش مەرجی چاکسازییان هەیە، چاکسازی خۆی باشە، بەڵام چاکسازی لە کورتمەودادا خراپە. بۆ نموونە؛ دەڵێن پارەی پشتیوانیی سووتەمەنی لا ببەن، بۆیە نرخی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان زیاد دەکات، یان دەڵێن پشتیوانیی خۆراک و بەشەخۆراکی مانگانە لا ببەن، ئەمانە لە درێژخایەندا سوودیان دەبێت، بەڵام لە کورتخایەندا گوزەرانی خەڵک بەرەو خراپی دەبات. واتە گرفتی هەرێم لەوەدا نییە قەرزی دەست دەکەوێت یان نا، بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن ئەو قەرزانە دەداتەوە. ناشزانرێت ئەو پارەیەی هەرێم قەرزی کردووە بۆچی قەرزی کردووە، بڕی قەرزەکە چەندە، مەرجەکانی چین و شێوازی سووەکەی چەندە؟ بۆیە وا باشترە حکومەتی هەرێم سوود لە داهاتی نەوت ببینێت کە نرخەکەی بەرز بووەتەوە، داهات فرەجۆر بکرێت، چاکسازی بکرێت، نەک پەنا بباتە بەر قەرزکردن کە ڕوون نییە. قەرز کەڵەکە دەبێت و کەم وڵات

هەیە سوودی لێ ببینێت، مەگەر بوارێکی وەک ستراتیژی و وەبەرهێنان و دڵنیاش بیت سوودی لێ دەبینیت، بەتایبەت کە سەرچاوەی دانەوەی قەرزەکەت نەوت بێت کە بەردەوام لە گۆڕاندایە.

د. یونس عەلی ئەحمەد لەم قۆناغەدا قەرزکردن بۆ هەرێمی کوردستان ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە پێویستە لەبریی قەرز؛ ئابووریی نێوخۆ فراوانتر و بەهێزتر بکرێت و پشت بە خۆ ببەسترێت. ئەگەریش قەرز کرا، دەبێت لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت لە ڕووی بڕی قەرز، کات، بڕی سوود، مەرجەکان، زیانەکان و تواناکان. واتە دەبێت ئابووریی کوردستان لەوە دەربچێت پینە بکرێت.

د. دلاوەر مەهدی هادی بەم جۆرە باس لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم هەرێم بۆ قەرزکردن دەکات: هەرێم ئەندامی ئای ئێم ئێف و بانکی نێودەوڵەتی نییە، هەر ئەمەش وای کردووە نەتوانێت قەرزی دەرەکی بکات و وەک دەوڵەت مامەڵە بکات. کاتێک هەرێم بیەوێت قەرزی دەرەکی بکات، لەبەردەم ئاڵنگارییەکی گەورەدا خۆی دەبینێتەوە و زۆر زۆر زەحمەت دەبێت بۆی. لێرەدا بوونی سیستمی دارایی و بازاڕێکی تۆکمە و متمانەپێکراوی کاغەزە داراییەکان زۆر پێویستە. بۆ نموونە؛ هەر کات حکومەت و شارەوانی بیانەوێت؛ دەتوانن لەوێ گرێبەست بکەن و چەندیان بوێت قەرز بکەن، واتە قەرزی نێوخۆیی لەبریی قەرزی دەرەکی کە ناتوانیت بیکەیت، ئەمەش لە ڕێگای خستنەبازاڕی قەواڵە داراییەکان.

## نادڵنیایی بەرانبەر بانک

ناسەقامگیریی دۆخی دارایی و ئابووری، مایەپووچبوونی چەندین بانک و نەگەڕاندنەوەی پارەی لەدەستچووی هاوڵاتییان لەو بانکانەدا، وای کردووە هاوڵاتییان و بەتایبەت بازرگانان کەمترین متمانەیان بە بانکەکان هەبێت و ئامادە نەبن زۆربەی یان هەموو پارەکانیان لە بانکەکاندا دابنێن.

د. دلاوەر مەهدی هادی متمانەی خەڵک بە بانک بە هۆکارێکی گرنگ و سەرەکیی گەشەکردنی بانک و کۆمەڵگا ناو دەبات و دەڵێت: بانک ژیانی کۆمەڵگا و سەرجەم چینوتوێژەکان ئاسانتر دەکات. حکومەتیش لە دروستکردنی متمانەی خەڵک بە بانکەکان، ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێت. بۆ نموونە؛ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان تا ئاستێکی زۆر حکومەت گەرەنتیی ئەو پارەیە دەکات کە خەڵک لە بانکدا دایناناوە، ئەمەش بۆ نموونە بەوەی کە پێویستە هەر بانکێک ٢٠٪ی سەرمایەکەی لە بانکی ناوەندیدا دابنێت، تاکوو بەهەڵەدا نەچن و هەنگاوی مەترسیدار نەنێن و بەو پارەی خەڵک لای داناون؛ سەرکێشیی گەورە نەکەن. بەم جۆرە خەڵک دڵنیاییان هەیە سەبارەت بە پارە دانراوەکانیان و لە حاڵەتی مایەپووچبوونی بانکەکەش، حکومەت تا ئاستێکی زۆر گەرەنتیی پارەکەت

ده‌كات. پێم وایه‌ پێویسته‌ حكومه‌ت ڕۆڵی سه‌ره‌كیی هه‌بێت و له‌ په‌رله‌مانیش لیژنه‌یه‌ک دابمه‌زرێت، به‌بێ هیچ ده‌ستوه‌ردانێكی سیاسی و حزبی و به‌ شێوه‌یه‌كی تۆكمه‌، یاسای بانک و سیستمی دارایی ڕێک بخرێت. ئه‌گه‌ریش ئیراده‌یه‌ک هه‌بێت ئه‌م كاره‌ ئاسانه‌، به‌ڵام به‌م دۆخه‌ سیاسییه‌وه‌ و له‌ ئێستادا زه‌حمه‌ته‌.

د. یونس عه‌لی ئه‌حمه‌د له‌ باره‌ی كێشه‌ داراییه‌كانی ئێستا و نه‌بوونی متمانه‌ به‌ بانكه‌كان ده‌ڵێت: هه‌رێمی كوردستان كێشه‌ی دارایی زۆری هه‌یه‌، سه‌رچاوه‌ی په‌یداكردنی داهاته‌كانی زۆر نین، عه‌قڵیه‌تی به‌ڕێوه‌بردن و خه‌رجكردنی داهاته‌كان ئه‌كادیمی و ته‌ندروست نییه‌، به‌ هۆی نه‌بوونی بودجه‌ ستراتیژی دارایی ڕوون نییه‌، هه‌میشه‌ له‌ژێر كاریگه‌ریی ستراتیژی دارایی عێراقدایه‌ و به‌شداریش نییه‌ له‌ داڕشتنی ئه‌م ستراتیژه‌دا. نه‌بوونی بانكی ناوه‌ندی گرفتی زۆری بۆ دروست كردووه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر هه‌یبووایه‌، ئابوورییه‌كه‌ی پێشكه‌وتووتر و بۆرسه‌كه‌ی فراوانتر ده‌بوو. بانكه‌ بازرگانییه‌كانمان زۆربه‌ی كات په‌یوه‌ستن به‌ بانكی ناوه‌ندیی عێراقه‌وه‌. پرۆسه‌ی بانكی له‌ عێراق و هه‌رێمیش گرفتی زۆری هه‌یه‌. به‌ پێی ڕاپۆرته‌كان، ٨٩٪ی خه‌ڵكی عێراق مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ بانكه‌كاندا ناكه‌ن، واته‌ پاره‌ و سامانه‌كانیان له‌ ماڵه‌وه‌ هه‌ڵده‌گرن و نایخه‌نه‌ بازاڕه‌كانه‌وه‌ كه‌ ئه‌مه‌ گرفتی گه‌وره‌ بۆ بانكه‌كان دروست ده‌كات، واته‌ متمانه‌ی بانكی زۆر كه‌مه‌. بانكه‌كانیش نوێگه‌ری ناكه‌ن و له‌ دۆخه‌ ته‌قلیدییه‌كه‌دان. زۆریش گرنگه‌ بانكه‌كان له‌ لۆكاڵییه‌وه‌ ده‌ربچن و ببنه‌ نێوده‌وڵه‌تی، تاكوو مامه‌ڵه‌ بازرگانی و وه‌به‌رهێنانییه‌كانیان گه‌وره‌تر و فراوانتر بكه‌ن و له‌گه‌ڵ بانكه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌كان په‌یوه‌ندیی باشتر دروست بكه‌ن، ده‌بێت هۆشیاریی بانكی زیاتر بكرێت و به‌ به‌ متمانه‌دروستكردن وا بكه‌ن خه‌ڵک پاره‌كانیان له‌ بانكه‌كان دابنێن و به‌ كه‌مكردنه‌وه‌ی ڕۆتین و ئاسانكارییش هانی وه‌به‌رهێنان بدرێت.

**بانكی نیشتمان**

ماوه‌ی چه‌ند ساڵێكه‌ حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان كار بۆ دروستكردنی "بانكی نیشتمان" ده‌كات و له‌ ئێستاشدا كاره‌كانی دروستكردنی بانكه‌كه‌ و سه‌رپێخستنی له‌ كۆتا قۆناغیدایه‌. به‌ پێی ڕاگه‌یه‌نراوه‌ فه‌رمییه‌كانی كابینه‌ی نۆیه‌می حكومه‌تی هه‌رێم، یه‌كێک له‌ ئامانجه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی حكومه‌تی ئێستا ته‌واوكردنی كاره‌كانی ئه‌م بانكه‌یه‌.

مه‌ولوود سابیر؛ به‌ڕێوه‌به‌ری گشتیی بانكه‌ بازرگانییه‌كان، به‌م جۆره‌ ورده‌كارییه‌كانی بانكی نیشتمان بۆ فه‌رمانگه‌ی میدیا و زانیاریی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان خستووته‌ ڕوو: بانكی نیشتمان بانكێكی حكومییه‌، له‌سه‌ر فه‌رمانی سه‌رۆكی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان، به‌ هاوكاریی وه‌زیری دارایی و ئابووریی حكومه‌تی هه‌رێمی

کوردستان دادەمەزرێت. ئەو بانکە کار دەکات بۆ ڕێکخستنەوەی بانکە حکومییەکان و بانکە بازرگانییەکان کە لە ئێستادا ژمارەیان ٩٤ بانکە. هەوڵ دەدات ئەو بانکە هەموو ئەو کارگێڕییانەی کە لە بانکە حکومییەکاندا هەیە، ڕێک بخاتەوە. هەروەها ئەو کردارە بانکییە تەقلیدییانەی کە لە ئێستادا لە بانکەکان پەیڕەو دەکرێت، دەیەوێت نەمێنێت و بەڵکوو ببێتە بانکێکی مۆدێرن شانبەشانی بانکەکانی دیکە وەکوو بانکە تایبەتەکان (ئەهلی) و ئەو بانکانەی کە بەستراونەتەوە بە سیستمی ئەلیکترۆنی. هەوڵ دەدەین بە زووترین کات ئەو بانکە ببەستینەوە بە بانکی ناوەندیی عێراقی و پاشان بە بانکەکانی دەرەوە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو کردارە بانکییانەی کە بانکە پێشکەوتووەکان ئەنجامی دەدەن، ئێمەش لە بانکی نیشتمان ئەنجامی بدەین. هەموو هەوڵەکان لە وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەیە کە ئێمە بتوانین ببینە خاوەن بانکێکی خۆماڵی، کوردستانی، حکومی، بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە کردارە بانکییەکان بدەین و هۆکارێکیشە بۆ زیادکردنی داهات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە بە دروستکردنی ئەو بانکە، هەموو حەواڵە دەرەکییەکان لە ڕێگەی بانکە تایبەتەکان دەکرێت و بە گەڕانەوەی ئەو حەواڵانە؛ داهاتێکی باش بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

**سەرمایەی بانکی نیشتمان**

سەبارەت بە سەرمایەی بانکی نیشتمان، مەولوود سابیر دەڵێت: سەرمایەی ئەو بانکە ٢٥٠ ملیار دینارە. لەو بڕە، ٢٥ ملیاری بە نەقد لە هەژمێرێکی تایبەت لە بانکی ناوەندیی عێراقی لە لقی هەرێمی کوردستان دانراوە، ٢٢٥ ملیار عەقاراتی بانکە بازرگانییەکانە و خۆشبەختانەش ئەوە هەموو ڕێکارەکانی تەواو بووە. واتە ئێمە هەموو سەرمایەکەمان تەواو کردووە و لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نووسراو کراوە بۆ بانکی ناوەندیی عێراقی بۆ ئەوەی ڕێکاری پێویست بگرنە بەر بۆ تەواوکردنی ئەو بانکە، چونکە هەر چی سەرمایەی ئەو بانکە هەیە کە ٢٥٠ ملیار دینارە، هەمووی تەواو بووە. ئێمە چاوەڕێی بەغداین. هەر چی ڕێکار بووە کە تایبەت بووە بە هەرێمی کوردستان، ئێمە هەموومان تەواو کردووە. هیچ کارێک لەسەر هەرێمی کوردستان نەماوە و ئێمە هەموومان تەواو کردووە. ئێمە پارێزەرمان هەیە بۆ ئەوەی ئەو کارە تەواو بکات و من چەند جارێک قسەم لەگەڵ کردووە، ئەویش لەسەر هێڵە و تەنیا ئەوە ماوە کە ئاماژە بدرێت بۆ ئەوەی ڕێکارە یاساییەکان تەواو بکرێن.

**بانکی نیشتمان، جێگرەوەی بانکی ناوەندی یان بانکەکانی هەرێم؟**

مەولوود سابیر لە بارەی ئەوەی ئایا بانکی نیشتمان دەبێتە جێگرەوەی لقەکانی بانکی ناوەندیی عێراق یان بانکەکانی

هەرێم، دەڵێت: بانکی ناوەندی ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە تایبەتە بە بەغدا و پەیوەندیی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە، واتە بانکی ناوەندیی عێراقی لقی هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە؛ بانکی ناوەندیی هەرێم لە سلێمانی، ئەوە پەیوەندیی بە بانکە بازرگانییەکانەوە نییە. ئێمە لە هەرێمی کوردستان ٩٤ بانکمان هەیە، هەر (٩٤)یان سەر بە بانکە بازرگانییەکانن، واتە لە ڕووی کارگێڕی و حسابییەوە سەر بە بانکە بازرگانییەکانن. بێگومان ئێمە وەکوو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو بانکە کە دادەمەزرێت، دەبێتە جێگرەوەی هەموو بانکەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بانکە تایبەتەکانیش ئیشوکاری خۆیان دەکەن. ئەو بانکە لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقی فیدراڵ ڕێگە و مۆڵەتی کارکردنی پێ دەدرێت، کەواتە بانکی نیشتمان لەمەودوا دەبێتە ئەندام لە بانکی ناوەندیی عێراق. دیارە بانکی ناوەندیی عێراقی ساڵانە کۆبوونەوەیان هەیە و تێیدا دەستپێشخەرییان هەیە، یەکێك لەو دەستپێشخەرییانەش پێدانی پارەیە بەو بانکانەی کە سەر بە بانکی ناوەندین، بۆ ئەوەی وەك پێشینە بە هاوڵاتییانی بدەن، لەوانەش: پێشینەی فەرمانبەران، پێشینەی خانووبەرە، پێشینەی کشتوکاڵی و پێشینەی پیشەسازی، قەرزی نیشتەجێکردن؛ کە ئەوانە هەمووی لەخۆ دەگرێت، بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین کە بە زووترین کات ئەو بانکە تەواو بێت بۆ ئەوەی بتوانین سولفەیەك وەربگرین لە بانکی ناوەندیی عێراقی بە پێی ئەو ڕێنماییانەی هەیانە، بۆ ئەوەی لە کوردستان بتوانین پێشینەکان بکەینەوە و بە هۆیەوە هاوڵاتییان سوودمەند بن. ئێمە دەمانەوێت وەک چۆن بانکە تایبەتەکان بەستراونەتەوە بە بانکە جیهانییەکان، بانکی نیشتمانیش ببەسترێتەوە بە بانکە جیهانییەکان.

**دڵنیایی خەڵک بە بانکی نیشتمان**

سەبارەت بە دڵنیایی خەڵک بە بانکی نیشتمان و هەوڵەکانی حکومەت بۆ دروستکردنی ئەو متمانەیە، مەولوود سابیر ئاماژە بەوە دەکات: ئاستی دڵنیایی لەم بانکە ١٠٠٪ دەبێت، وەکوو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد سەرمایەکەی ٢٥٠ ملیار دینارە، کە خودی قەبارەی ئەو سەرمایەیە دڵنیاییە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوە ١٠٠٪ پشتیوانیی لێ دەکات کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ کار و پڕۆسەیەکی لەم شێوەیە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان مەبەستیەتی کە ئەو بانکە دابمەزرێت، چونکە بەردەوام دڵنیایی لە بانکی حکومی زیاترە وەک لە بانکی تایبەت، ئەگەر بێینە سەر واقیعی کارکردن. لێرەوە داوا لە هاوڵاتییان دەکەین لەمەودوا کاتێك ئەم بانکە دەکرێتەوە و دەستبەکار دەبێت، پارەکانیان لەو بانکە دابنێن، چونکە پارەکانیان مسۆگەر و پارێزراو

دەبێت و لەمەودوا هەوڵ دەدەین هیچ کارێکی نەختینەیی لە بانکەکان ڕانەگیرێت، بەڵکوو هەر نەختینەیەك کە لە بانکەکاندا هەبێت؛ وەك خۆی بە هاوڵاتییان بدرێتەوە. ئێمە لەدوای تەواوبوون و دەستبەکاربوونی بانکی نیشتمان، کار و هەنگاوی دووەممان بریتی دەبێت لە بەسیستمکردن و بەئەلیکترۆنیکردنی سیستمی بانکی. ئاشکرایە ئێمە لە هەرێمی کوردستان خاوەنی بەڕێوەبەرایەتیی تەکنەلۆژیای بانکەکانین، کە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢٢ بانك بەو سیستمە بەستراونەتەوە، بۆیە کاری دووەمی ئێمە بریتی دەبێت لە بەستنەوەی ئەو بانکانەی بە سیستم کراون بە بەغداوە، چونکە بەستنەوەی ئەو سیستمە بە بەغدا، واتە بەستنەوەی بە سیستمی هەموو جیهان، هاوکات دەمانەوێت بانکی نیشتمان ببێتە بانکێکی ئەلیکترۆنی، ئەوکات دەکرێت کارت بە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بدرێت و لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەکاری بهێنن و سوودی لێ وەربگرن.

**لەنێوان "بانکی نیشتمان" و بانکی ناوەندیدا**

مەولوود سابیر ئاماژە بەوە دەکات حکومەتی بەغداد ڕەزامەندیی تەواوی لەسەر دامەزراندنی بانکەکە دەربڕیوە و دەڵێت: حکومەتی عێراقی فیدراڵ ڕەزامەندیی لەسەر کردنەوەی بانکی نیشتمان داوە و زۆریش ڕژدە لە تەواوکردنی ڕێکارەکان و دەستبەکاربوونی بانکەکە. ڕێکارەکان ئەوەی کە لە سەرەتادا بۆ ئێمەیان دانابوو زوو تەواومان کرد، بەڵام هەندێک مەرجی دیکەشیان لەسەر ئێمە دانا ئەوانیشمان تەواو کرد. ئێستا هیچ ڕێکارێک نەماوە کە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ نەکرابێت بۆ دامەزراندنی ئەو بانکە. ئێمە چاوەڕێ دەکەین دامەزراندنەکە تەواو بێت و دوای ئەوە ئێمە هەیکەلی ڕێکخستنی ئەو بانکە لەلای خۆمانەوە دادەمەزرێنین و دەستبەکار دەبین.

د. یونس عەلی ئەحمەد ڕەتی دەکاتەوە لە ئابووریدا شتێک هەبێت بە ناوی بانکی نیشتمان و دەڵێت: شتێکمان نییە بە ناوی بانکی نیشتمانی، ئەوەی هەیە لە هەموو وڵاتێکدا پێی دەوترێت بانکی ناوەندی، بانکی بازرگانی، بانکی تایبەتمەند و بانکی ئیسلامی. ئەوەی بانکی ناوەندییە هیی حکومەتە و بەڕێوەبردنەکەشی لەلایەن حکومەتەوەیە، ئەرکی سەرەکیی ئەم بانکە بەڕێوەبردنی خستنەڕووی نەختینەی وڵات، ئاڕاستەکردن و ڕێکخستنی ئابووری، چارەسەرکردنی هەڵئاوسان و چەند شتێکی دیکەیە. بانکی ئیسلامییش ڕوونە کە بە سوود مامەڵە ناکات، بانکی بازرگانییش ئامانجە سەرەکییەکەی قازانجە، بەڵام پەیوەستە بە بانکی مەرکەزییەوە لە ڕووی نەختینەوە و بڕێک لە پارە لە بانکی ناوەندی دابنێن بۆ

دڵنیایی پارەی ئەو هاوڵاتییانەی لە بانکە بازرگانییەکەن. بانکی تایبەتمەندیش هەیە کە ئامانجی سەرەکیی گەشەکردنی ئابوورییە کە هەیە پیشەسازییە، هەیە کشتوکاڵییە یان بواری دیکە. ئامانجی ئەم بانکە یارمەتیدانی ئەو پرۆژانەیە کە قازانجی نیشتمانییان زۆرە، بەڵام توانایان نییە قەرزەکانیان بدەنەوە لە کاتی خۆیدا، بەڵام پرۆژەکانیان ماوەدرێژە.

**سیناریۆ و پێشنیارەکان**

پسپۆڕانی بواری دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکانیش چەندین جار هۆشدارییان لە بارەی ئابووریی هەرێم و دۆخە داراییەکەیەوە داوە و چەند سیناریۆیەکیشیان خستووەتە ڕوو. د. یونس عەلی ئەحمەد سەبارەت بە سیناریۆکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە بواری بانک دەڵێت: سەرەتا پێویستە هەرێمی کوردستان لە هەموو ئاستەکان بانکە بازرگانییەکانی چالاک بکات، بایەخ بە بانکە ئیسلامییەکان بدات، چونکە لە ئێستادا لە پەرەسەندندان. وەزارەتی دارایی لە هەندێک وڵات تا ئاستێک و بە ڕێژەیی شوێنگرەوەی کارەکانی بانکی ناوەندییە، بۆیە لەسەر دراوی هەندێک وڵات واژۆی وەزیری دارایی یان وەزارەتی داراییش هەیە، واتە چالاککردنی وەزارەتی دارایی دەبێتە شوێنگرەوەیەکی کاتی بۆ کارەکانی بانکی ناوەندی، بەڵام هەرگیز جێگرەوەی نییە، تەنها ئەوەیە دەکرێت وەک سیناریۆیەک چاوی لێ بکرێت. هەرێمی کوردستان تاکوو شەفاف بێت، گەندەڵی کەم بکاتەوە، داهات ڕوونتر بکات و سیاسەتی دارایی دیارتر بێت، تا ئاستێک دەتوانێت وا بکات کاریگەرییە خراپەکانی نەبوونی بانکی ناوەندی کەم بنەوە. دەتوانێت لەژێر چەتری سیاسەتی بانکی ناوەندیی عێراق کار بکات بە سوودوەرگرتن لەو خاڵانەی کە خزمەتی هەرێم دەکەن.

خراپترین سیناریۆ بۆ نەبوونی بانکی ناوەندی ئەوەیە کە بڕیار و سیاسەتی نەختینەیی و دارایی هەرێم بگەڕێتەوە بۆ ناوەند، بەبێ ڕەچاوکردنی دۆخ و ژینگەی کارکردنی هەرێمی کوردستان، چونکە کە وەبەرهێنەرێکی بیانی کار دەکات لە بۆرسەدا، بۆرسەش پەیوەستە بە دامەزراوە نەختینەیی و داراییەکانەوە کە بانکی ناوەندی یەکێکە لەوانە و متمانەیەکی زۆر دروست دەکات، بەڵام کاتێک بانکی ناوەندی و بۆرسەیەکی چالاکت نەبێت، ئەو کاتە وەبەرهێنەرانی بیانی ناتوانن سوودمەند بن لەو ئۆفەرانەی کە لە کوردستاندا هەن و هەرێمیش ناتوانێت سوود لە وەبەرهێنی بیانی وەربگرێت، کە ئەمەش خاوبوونەوە و لاوازیی ئابووری بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ناچارە چاوەڕێی بڕیارەکانی بانکی ناوەندی بێت.

ئایندەناسی


# کتێبی ئایندەناسی

کتێبە ئایندەییەکان

### خوێندنەوەی کتێبی:

# بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟

## ڕاستییەکان لە بارەی درۆکردن و سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە




**زانا کەریم**



ناونیشانی کتێب:
**بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟**
ڕاستییەکان لە بارەی درۆکردن و سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە
نووسەر: **جۆن ج. مێرشایمەر**
وەرگێڕ: **پ. د. غانم ئەلنەجاڕ**
بڵاوکار: **ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەبیات - کوەیت**
ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠١٦
ژمارەی لاپەڕە: ١٨٣

**بەرایی**

درۆکردن وەک ڕەفتارێکی مرۆیی و لەسەر ئاستی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، لەناو هەموو جڤاتێکدا وەک ڕەفتارێکی ناشرین و بێزراو وێنا دەکرێت و هەر لە سەرەتای سەرەتاکانیشەوە وەک هەر بابەتێکی تر جێگای تێڕامان و قسەلەسەرکردن بووە. لە کایەی سیاسەتدا (policy)، پەیوەندیی نێوان سیاسەت و درۆ پەیوەندییەکی مشتومڕئامێزە و هەندێک سیاسەت وەک کردەیەکی پڕ درۆ و فڕوفێڵاوی دەبینن و لەم سۆنگەیەشەوە خۆیان دوورەپەرێز دەگرن لە سیاسەت (سیاسەت چ وەک کردە و چالاکی و چ وەک کایەیەکی مەعریفییش)، هەندێکیش وەک چالاکییەکی مرۆیی جوامێرانە و هونەری فەرمانڕەوایی لێی دەڕوانن و پێیان وایە درۆکردن لە کایەی سیاسەتدا وەک هەر کایەیەکی تری مرۆیی لە سنوورێکدا ڕێگەپێدراوە و دەکرێت لە سیاسەتیشدا "درۆی سپی" و "درۆی ستراتیژی" و "درۆی جوامێرانە" بکرێت[1]. بەڵام ئەوەی قسەی لەسەر نەکراوە و وەک بابەتێکی دەست بۆ نەبراو ماوەتەوە، درۆکردنە لە جڤاتی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتاندا، واتە درۆکردنی دەوڵەتان و دەوڵەتمەداران لەگەڵ یەکتریدا. لێرەوە گرنگیی ئەم بابەتە و بایەخی ئەم کتێبەی "مێر شایمەر" دەردەکەوێت، کە هەوڵێکە بە ئاقاری تیۆریزەکردنی درۆ و درۆکردن لە کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و داڕشتنی چوارچێوەیەکی بیردۆزییە بۆ تێڕامان لەم بابەتە.

"بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ ڕاستییەکان لە بارەی درۆکردن و سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە[2]"، ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشی یەکێک لە کتێبەکانی بیریاری ئەمەریکایی "جۆن ج. مێرشایمەر"ە و هەوڵێکی ئەم بیریارەیە لە پێناو قسەکردن لە بارەی درۆکردنەوە لە کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. چاپی یەکەمی کتێبەکە ساڵی 2011 لەلایەن چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆردەوە و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە. لەلایەن پرۆفیسۆر دکتۆر غانم ئەلنەجار؛ مامۆستای زانستە ڕامیارییەکان لە زانکۆی کوەیتیشەوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و ساڵی 2016 لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەبیاتی وڵاتی کوەیتەوە و لە دووتوێی 183 لاپەڕەدا بڵاو کراوەتەوە[3].

نووسەری کتێبەکە، پرۆفیسۆر جۆن ج. مێرشایمەر، ساڵی 1947 لە نیویۆرک لەدایک بووە، چل ساڵە مامۆســتای زانستە ڕامیارییەکانە لە زانکۆی شیکاگۆ و بیریارێکی چالاک و کلیلی کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتییە. خاوەنی چەندین وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبی گرنگە، لەوانە: مەرگەساتی سیاسەتی زلهێزەکان، لۆبی ئیسرائیلی و سیاسەتی دەرەکیی وڵاتە یەکگرتووەکان؛ بە هاوبەشی لەگەڵ ستیڤن واڵت. مێرشایمەر سەر بە قوتابخانەی ڕیاڵگەرایی (Realism)ە و لەنێو ئەم قوتابخانەیـــەشدا لەسەر تەوژمی ڕیاڵگەرای هێرشبەر (Offensive Realism) دێتە ئەژمار.

**درۆکردن لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا**

پێشتر ئاماژەمان بەوە دا کە درۆکردن لە کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بابەتێکی دەستلێنەدراوە و ئەم هەوڵەی "مێرشایمەر" بە سەرەتایەک دادەنرێت لەو بوارەدا. نووسەر لە کتێبێکی تەنکەڵەدا و بە شێوازێکی ڕوون و ڕەوان هەوڵی داڕشتنی چوارچێوەیەکی شیکاری دەدات، لە پێناو تیۆریزەکردنی بابەتی درۆ لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و چەند بیروبۆچوونێکی بیردۆزی لە بارەی لایەنە بنەڕەتییەکانی بابەتەکەوە سەرڕێ دەخات. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کەسێکی ئەکادیمییە و لە ناوەندێکی ئەکادیمیدا کار دەکات، کەچی شێوازی نووسینی بە جۆرێک ڕەوانە، هەموو خوێنەرێکی کایەکە و دەرەوەی کایەکەش وەکوو یەک لێی تێدەگەن و کارلێکی لەگەڵدا دەکەن.

دەستپێکی ئەم هەوڵەی مێرشایمەر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی 2003، جەنگی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرانبەر عێراق و درۆکانی ئەمەریکا لە پێناو ڕەوایەتیدان بەو جەنگەدا دەکاتە دەروازەی باسەکەی. نووسەر پێی وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەنجەتەکانی داگیرکردنی عێراقی لەسەر بناغەی درۆ بونیاد نابوو.

بابەتی کتێبەکە و ناوەرۆکەکەشی سەرنجڕاکێشە و ڕەنگە هۆکاری ئەم سەرنجڕاکێشییەش ئەو تێڕوانین و تەرزەبۆچوونانە بن کە نووسەر لە بارەی درۆکردنەوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەیخاتە ڕوو: مێرشایمەر بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە وا سەرکردەکان هەندێک جار هەنجەتی ستراتیژییان هەیە بۆ ئەوەی درۆ بکەن، هەم لەگەڵ دەوڵەتانی تر و هەم لەگەڵ گەلەکەی خۆشیاندا، واتە درۆی نێودەوڵەتی هەمیشە کارێکی هەڵە نییە، بەڵکوو زۆر جار دەرەنجامی بەرچاوڕوونیی سەرکردەکانە و هەندێک جاریش درۆکردن پێویستە، نەک هەر ئەمە، بەڵکوو لە هەندێک بارودۆخدا درۆکردن کارێکی فەزیلەتمەندانەیە (virtuous)[٤].

یەکێکی تر لە ئەنجامگیرییە وروووژێنەرەکانی مێرشایمەر ئەوەیە کە پێی وایە دەوڵەتمەداران و دیپلۆماتکاران کەمترین درۆ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، هەر چەندە سەرەتا وا دەردەکەوێت کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا درۆکردن ڕەفتارێکی ئاسایی دەوڵەتانە لەگەڵ یەکتریدا، کەچی کاتێک لە بابەتەکە دەکۆڵیتەوە، بۆت ڕوون دەبێتەوە کە بەو شێوەیە نییە و ڕێژەی درۆکردنی دەوڵەتان لەگەڵ یەکتریدا زۆر کەمە[5].

**پرسیارە سەرەکییەکان**

گیروگاز (إشكالية)ی سەرەکیی کتێبەکەی مێرشایمەر درۆی نێودەوڵەتییە، واتە درۆ لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و سێرەی شرۆڤەکانیشی چوار پرسیاری سەرەکی دەگرێتەوە:

1. جۆری ئەو درۆ نێودەوڵەتییانە چین کە سەرکردەکان دەیانکەن؟

2. بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ ئەو هەنجەتە لۆژیکی و ستراتیژییانە چین کە لەپشت هەر جۆرێک لە جۆرەکانی درۆکردنەوە وەستاون؟ بەدیاریکراوی، ئەو سوودە

چاوەڕوانکراوانەی درۆکردن چین، کە پاڵ بە سەرکردەکانەوە دەنێن بۆ وەها ڕەفتارێکی ناشرین؟

3. ئەو بارودۆخانە چین کە وا دەکەن جۆرێکی درۆ ئەگەری کردنی زیاتر یان کەمتر بێت؟

4. تێچووە شاراوەکانی درۆکردن چین و تا چەند کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی دەوڵەت دادەنێن؟ بە دەربڕینێکی تر: لایەنە نەرێنییەکانی درۆی نێودەوڵەتی چین؟

**وەڵامە گریمانەییەکان**

لەنێو ئەو گریمانانەدا کە مێرشایمەر لە کتێبەکەیدا و لە وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکاندا دەیخاتە ڕوو، پێنج گریمانەیان گریمانەی سەرەکین و لە خوارەوە بەپوختی دەیانخەینە ڕوو:

1. درۆی نێودەوڵەتی جۆری زۆرە، بەڵام گرنگترینیان درۆی نێوان دەوڵەتان و ئەو درۆیانەیە کە سەرکردەکان لەگەڵ گەلانی خۆیاندا دەیانکەن.

2. بەزۆری سەرکردەکان کاتێک درۆی نێودەوڵەتی دەکەن، لەبەر ئەوە نییە کە وا لاواز یان گەندەڵن، بەڵکوو هۆکاری ستراتیژی و لۆژیکی لەپشت درۆکردنەکەیانەوە هەیە.




3. مەیلی سەرکردەکان بۆ درۆکردن لەگەڵ گەلانی خۆیاندا زیاترە وەک لەوەی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا دەیکەن. واتە ئەوەندەی درۆ لەگەڵ گەلی خۆیاندا دەکەن، ئەوەندە لەگەڵ دەوڵەتانی تردا نایکەن، ئەمەش بەتایبەتی لە دەوڵەتە دیموکراسییەکانی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەردەکەوێت.

4. مەترسیدارترین جۆری درۆی نێودەوڵەتی ئەو جۆرە درۆیانەن کە سەرکردەکان لەگەڵ گەلی خۆیاندا دەیانکەن.

5. لەبەر ئەوەی ئەمەریکا دەوڵەتێکی خاوەن هێزێکی بێشومارە و تەڤلیهەڤی سەراپای جیهان بووە، بەزۆری سەرکردەکانی ڕووبەڕووی هەڵوێستی سەخت دەبنەوە و درۆکردن لەگەڵ دەوڵەتانی تر و لەگەڵ گەلی خۆیشیاندا پاڵنەری بەهێزی دەبێت.

## پەیکەری کتێبەکە

کتێبەکە لە نۆ بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ ناساندن و پێناسەکردنی چەمکی درۆکردن، لەبەشی دووەمدا جۆرەکانی درۆی نێودەوڵەتی خراونەتە ڕوو، هەروەها جیاوازی کراوە لەنێوان درۆی ستراتیژی و درۆی کەسیدا و سێرە لەسەر درۆی ستراتیژی گیراوەتەوە و پێنج جۆر درۆی ستراتیژی لە یەکتر جیا کراونەتەوە. هەریەکە لە بەشی سێیەم و چوارەم و پێنجەم شەشەم و حەوتەم تەرخان کراوە بۆ باسکردنی جۆرێکی درۆی ستراتیژی و لە هەر بەشێکدا جگە لە باسکردن و ناساندنی جۆری درۆکە، وەڵامی دوو پرسیاری سەرەکییش دەداتەوە: "بۆچی و لە چ کاتێکدا هەر جۆرێک لەم جۆرانەی درۆ دەکرێن؟". بەشی هەشتەم تەرخان کراوە بۆ لایەنی نەرێنی و ئەو زیانانەی کە لە هەر جۆرێکی درۆوە پەیدا دەبن. لە بەشی نۆیەم و کۆتاییدا کورتەتاوتوێیەکی واتای ئەم مشتومڕانە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکیی ئەمەریکا و سەبارەت بە خودی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی گشتی کراوە.

## درۆکردن چییە؟

هەنگاوی سەرەتا و گرنگی هەر باس و توێژینەوەیەک، پێناسەکردنی چەمکە سەرەکییەکانی باس یاخود توێژینەوەکەیە و بەبێ ئەم پێناسەکردنە؛ خوێنەر تووشی پەرتەوازەیی هزری و ڕێلێتێکچوون دەبێت. لەم سۆنگەیەوە، مێرشایمەر بەشی یەکەمی کتێبەکەی تەرخان دەکات بۆ پێناسەکردنی چەمکی سەرەکیی کتێبەکەی کە چەمکی درۆکردنە و پاشان جیاکردنەوەی چەمکەکە لەو چەمکانەی کە لە واتادا لێوەی نزیکن.

لە سەرەتاوە مێرشایمەر جیاوازی دەکات لەنێوان درۆکردن[6] و پێکهێنان[7] و پەردەپۆشکردن[8]دا و هەرسێکیشیان لەژێر ناوی فریوداندا[9] کۆ دەکاتەوە، واتە فریودان لە سێ بەش پێک دێت، ئەوانیش: درۆکردن و پێکهێنان و پەردەپۆشکردنە، هەروەها فریودان پێچەوانەی ڕاستگۆیی و ڕاستبێژییە[10]. نووسەر هەریەکێک لەو چەمکانە پێناسە دەکات و جیاوازیی نێوانیشیان دەخاتە ڕوو. کاتێک دێتە سەر باسی چەمکی کلیلی کتێبەکەی کە درۆکردنە، مێرشایمەر بەم جۆرە پێناسەی درۆکردنمان بۆ دەکات: "درۆکردن بریتییە لەوەی کاتێک کەسێک قسەیەک دەکات، دەزانێت قسەکەی ڕاست نییە یان گومانی لە ڕاستیی قسەکەی هەیە، بەڵام ئومێدی وایە کەسانی تر بە ڕاستی بزانن. درۆ کردارێکی ئەرێنییە، بە ئامانجی خەڵەتاندن یان فریودانی گوێگرانێکی دیاریکراو داڕێژراوە. درۆکـــردن دەکرێت بریتی بێت

لە دروستکردنی چەند ڕاستییەک کە کەسەکە دەزانێت هەڵەیە (درۆیە)، یان ئینکارکردنی چەند ڕاستییەک کە کەسەکە دەزانێت ڕاستە. جگە لەمە، درۆکردن تەنها پەیوەست نییە بە ڕاستێتیی[11] چەند ڕاستییەکەی دیاریکراوەوە، بەڵکوو درۆکردن دەکرێت بریتی بێت لە ڕێکخستنێکی ناڕاستانەی چەند ڕاستییەک بە مەبەستی وتنی بەسەرهاتێک یان چیرۆکێکی خەیاڵی. بەدیاریکراوی، کەسێک درۆ دەکات کاتێک چەند ڕاستییەک بەکار دەهێنێت -تەنانەت ڕاستییە دروستەکانیش-، تاکوو ئەوە بگەیەنێت کە وا شتێک ڕاستە، لە کاتێکدا دەزانێت کە وا ئەو شتە ڕاست نییە. لەم جۆرە حاڵەتانەدا درۆکار بەمەبەست گوێگر بەرەو ئەنجامگیرییەکی هەڵە دەبات، بەبێ ئەوەی بەڕاشکاوی ئاماژە بەو ئەنجامگیرییە هەڵەیە بکات[12]".

## جۆرەکانی درۆی نێودەوڵەتی

لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا سەرکردەکان دەتوانن حەوت جۆر درۆ بکەن، واتە حەوت جۆر درۆی نێودەوڵەتی هەیە و هەر جۆرێکیشان ئامانجێکی دیاریکراوی لە پشتەوەیە. بە گوێرەی مێرشایمەر، پێنج جۆری یەکەمیان درۆی ستراتیژین و ئامانج لە کردنیان بەدیهێنانی بەرژەوەندیی نەتەوەییە، هەر چی دوو جۆرەکەی کۆتاییشە (شەشەم و حەوتەم)؛ درۆی خۆپەرستانەن و ئامانج لە کردنیان بەدیهێنانی بەرژەوەندیی کەسێکی دیاریکراو یان کۆمەڵە کەسێکە. بۆیە ئەم دوو جۆرە درۆیە هیچ بەهایەکی ستراتیژییان نییە و نووسەر لە بارەیانەوە نادوێت، بەڵام پێنج جۆری یەکەمیان بەدرێژی باس دەکات و بۆ هەر جۆرێکیشیان بەشێکی کتێبەکەی بۆ تەرخان دەکات. ئێمەش لە خوارەوە هەر حەوت جۆرەکە بەکورتی دەناسێنین و دەیانخەینە ڕوو:

**1. درۆی نێوان دەوڵەتان (Lying between states)**

درۆی نێوان دەوڵەتان یاخود درۆکردنی دەوڵەتێک لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا، ئەو درۆیەیە کە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی دەوڵەتانی تر دەکرێت، بە ئامانجی بەدیهێنانی زاڵبوونی ستراتیژی بۆ دەوڵەتی درۆکەر یان ڕێگریکردن لە باشبوونی بارودۆخی دەوڵەتی بەرانبەر لەسەر حسابی دەوڵەتی درۆکەر. ئەم جۆرە درۆیە عادەتەن ئاڕاستەی دەوڵەتانی نەیار دەکرێت، بەڵام هەندێک جار دەوڵەتان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیشیاندا دەیانکەن.

**2. وروووژاندنی ترس (fear mongering)**

ئەم جۆرە درۆیە سەرکردەکان لەگەڵ گەلانی خۆیاندا دەیکەن، تایبەت بە پرسێکی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەکی و لە بارەی هەڕەشەیەکی دەرەکییەوە کە ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە. ئەم جۆرە درۆیە لە ڕەوشێکدا دەکرێت کە وا سەرکردەکان باوەڕیان وایە گەلەکانیان وەکوو پێویست بایەخ بەو هەڕەشەیە نادەن و لە ڕێگەی ئەم جۆرە درۆیەوە پاڵ بە گەلەکانیانەوە دەنێن، تاکوو شێلگیرانە هەڕەشەکە وەربگرن و ڕووبەڕووی ببنەوە.



3. **پەردەپۆشکردنی ستراتیژی (strate-gic cover-ups)**

بریتییە لەو جۆرە درۆیەی کە بە ئامانجی شاردنەوەی سیاسەتێکی شکستخواردوو یان پەردەپۆشکردنی سیاسەتێکی جێگەی مشتومڕ لە گەل، یان هەندێک جار لە دەوڵەتانی تریش دەکرێت.

4. **دروستکردنی ئەفسانەی نەتەوەیی (nationalist myths)**

ئەو جۆرە درۆیەیە کە سەرکردەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ گەلانی خۆیاندا دەیکەن لە بارەی ڕابردووی دەوڵەتەکەیانەوە. تیایدا جۆرە چیرۆکێک دەهۆننەوە کە وا "ئێمە" هەمیشە لەسەر حەقین و "ئەوان"یش هەمیشە لەسەر ناحەقن. دەستەبژێر بەم کارە هەڵدەستێت لە ڕێگای نکۆڵیکردن لەو کارانەی کە دەوڵەتەکەیان یان کۆمەڵە نەژادییەکەیان لە ڕاستیدا ئەنجامیان داوە، یان لە ڕێگەی بانگەشەی ئەنجامدانی کردەوەگەلێکەوە کە دەوڵەت یان نەژادەکەیان لە ڕاستیدا ئەنجامیان نەداوە.

5. **درۆی لیبراڵییانە (Liberal lies)**

درۆی لیبراڵییانە ئەو جۆرە درۆیەیە کە بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی ڕەفتارێک دەکرێت، ڕەفتارێک کە دژبەرە لەگەڵ کۆپێکهاتی (منظومة) ئەو پرەنسیپانەی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرتاسەری جیهاندا ناسراون و دانیان پێدا نراوە و بڕبڕەی پشتی یاسای نێودەوڵەتین.

6. **ئیمپریالیزمی کۆمەڵایەتی (social imperialism)**

ئەو جۆرە درۆیەیە کە سەرکردەکان لە بارەی دەوڵەتانی ترەوە دەیکەن، بە ئامانجی پەرەپێدانی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان، یان بۆ بەرژەوەندیی چینێکی کۆمەڵایەتی، یان دەستە و تاقمێکی دیاریکراو، ئەمەش لە پێناو لابردنی سەرنجی گەل لەسەر گرفت یان پرسگەلێکی جێگەی مشتومڕ لە ناوخۆدا بۆ بەرژەوەندیی توێژێکی بچووکی کۆمەڵگا نەک بەرژەوەندیی گشتی.

7. **پەردەپۆشکردنی ناجوامێرانە (ig-noble cover-ups)**[١٣]

ئەو جۆرە درۆیەیە کە سەرکردەکان لە بارەی سەرنەکەوتن و سیاسەتە شکستخواردووەکانیانەوە دەیکەن، لە پێناو بەرژەوەندیی کەسیی خۆیاندا و ئامانجی سەرەکیشییان لەم بارەدا پاراستنی خۆیان و هاوڕێیانیانە لە سزایەک کە شایانیانە (well deserved)[١٤].

## لێکەوتەکانی درۆی نێودەوڵەتی

بە ڕای مێرشایمەر، هەر جۆرە درۆیەکی نێودەوڵەتی؛ لێکەوتە و پاشهاتی خۆی هەیە و هەندێک جار زیان بە سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتەکە دەگەیەنێت، هەروەها هەر جۆرە درۆیەکیش لەم درۆیانە کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەرەی ناوخۆیی دادەنێت. مێرشایمەر بەشی هەشتەمی کتێبەکەی تەرخان دەکات بۆ لێکەوتە و لایەنە نەرێنییەکانی درۆی نێودەوڵەتی لەسەر دەوڵەتی درۆکەر.

بەشی نۆیەم و کۆتاییش تەرخان دەکات بۆ قسەکردن بەکورتی لەسەر واتای ئەم مشتومڕانە، بۆ سیاسەتی دەرەکیی ئەمەریکا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی گشتی.

## پەراوێزەکان

(١) بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و درۆکردن هەروەها مافی درۆکردن لە سیاسەتدا، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:

د. محمد المصباحي، هل يمكن الكلام عن الحق في الكذب في المجال السياسي، مجلة عالم الفكر، العدد 1/المجلد 38 (الكويت: 2009)، ص ص 234-209.

(2) John J. Mearsheimer, Why Leaders Lie? The Truth about Lying and International Politics (New York: Oxford University Press, 2011).

(٣) بۆ ئەم ڕانانە، سوودمان لە دەقی ئینگلیزیی کتێبەکەش وەرگرتووە و لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەدا بەراوردمان کردووە، بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە کۆت (إقتباس)مان لە کتێبەکە وەرگرتووە، هەر چەندە دەقە عەرەبییەکە لە چاپی ساڵی (2013) ەوە وەرگێڕدراوە.

(٤) جون جي. ميرشيمر، لماذا يكذب القادة؟ ت: أ. د. غانم النجار (الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون الآداب، 2016)، ص16.

(٥) المصدر نفسه، ص ص17-16.

(٦) الكذب: Lying

(٧) لە دەقە ئینگلیزییەکەدا وشەی "spinning" بەکار هێنراوە و وەرگێڕی عەرەبیی کتێبەکەش وشەی "spinning"ی بە "التلفيق" وەرگێڕاوە. مامۆستا گیوی موکریانی لەبەرانبەر وشەی "التلفيق"ی عەرەبیدا، وشەی "پێکهێنان"ی بەکار هێناوە و ئێمەش لەومان وەرگرتووە و بەکارمان هێناوە. مەبەستی مێرشایمەر لە پێکهێنان (التلفيق - spinning)، گێڕانەوە و باسکردنی ڕووداوێکە کە وا کەسی قسەکەر سێرە لەسەر چەند لایەنێکی ڕووداوەکە دەگرێت و بە شێوەیەک پێکیانەوە دەبەستێت کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، لە هەمان کاتدا ئەو لایەنانەی ڕووداوەکە پشتگوێ دەخات کە خزمەت بە خۆی ناکات. کاتێک کەسێک ڕووداوێک "پێک دەهێنێت"، هەموو لایەنەکانی ڕووداوەکە ناخاتە ڕوو، بەڵکوو دەیشێوێنێت و تەنها چەند لایەنێکی باس دەکات. بە واتایەکی تر: ڕووداو و بەسەرهاتەکە درۆ نییە، بەڵکوو شێوێنراوە. واتە "پێکهێنان" جۆرێکە لە موبالەغە و شێواندن. هەروەها پێمان وایە دەکرێت لەبەرانبەر وشەی "التلفيق"دا، وشەی "چاوبەستی"ش بەکار بهێنرێت. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بەم شێوەیەی خوارەوە واتای وشەی چاوبەستیی لێک دەداتەوە: (چاوبەستی: هەڵفریوان و هەڵخەڵەتاندنی مەردووم). بڕوانە:

- گیوی موکریانی، فەرهەنگی نۆبەرە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2017)، لا146.
- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2017)، لا166.

(٨) التكتم؛ الإخفاء: concealment

(٩) الخديعة: deception

(١٠) الصدق: telling truth

(١١) صدق: Truthfulness

(١٢) جون جي. ميرشيمر، مصدر سبق ذكره، ص48.

(١٣) التغطيات الشنيعة: ignoble cover-ups

(١٤) مستحق: well deserved

ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

چەمکناسیی ئایندەیی

# مێژووی جێگرەوە

(Allohistory – alternatehistory بەدیل)

ئامادەکردن: هەردی مەهدی میکە



مێژووی جێگرەوە؛ دووبارە ڕانان و خوێندنەوەی مێژووە، لە دیدگایەکی نوێوە کە ڕێگە دەدات بە ئاڵوگۆڕی ئەو ڕووداوانە و دانانی ڕووداوی دیکە کە دەکرا لە مێژووی ڕابردوودا ڕوویان دابایە، بە واتایەکی دی: ڕوانین و پێداچوونەوە بۆ سیناریۆی بەدیل و جێگرەوە بۆ ڕابردوو.

لە ئینگلیزیدا کورتکراوەی "AH"، یاخود "althist"، یان "alternatehistory" و لە عەرەبیدا "تاریخ البدیل" و لە فارسییشدا "تاریخ بدیل" و "تاریخ جایگزین"، بۆ مێژووی جێگرەوە بەکار دێت.

مێژووی جێگرەوە ڕووداوگەلێکە کە لە هیچ سەردەمێکدا ڕوویان نەداوە، سوودی ئەم جۆرە دیدگایە بۆ مێژوو، هەروەک نووسەرانێکی وەک مارسیناک باوەڕیان وایە ئەم ڕووداوە خەیاڵبۆکراوانە بەگشتی بەرەو دنیایەکی باشترمان ئاڕاستە دەکەن و بەنزیکەیی ڕۆڵێکی وەک شارە نموونەییەکان یان شارانی خودا لە دنیای فەلسەفە و مێژوودا دەبینن، چونکە شار و کۆمارە نموونەییەکان یان شارەکانی خودا کە وێنا کراون، نموونەی بەرزیی باشترین ژیان وێنا دەکەن کە هیچ کات مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەیبینیون. مێژووی جێگرەوە شێوەیەکی جیاوازە لە ڕوانین بۆ ڕابردوو، دیدگایەکی دیکەی ناباوە، تەکنیکێکی نوێیە بۆ خستنەڕووی مێژووی ڕووداو و شوێن و دیاردە و کەسایەتییەکان، ئەم ڕوانینە نزیکەی سەدەیەک لە تەمەنی خۆی لە نووسینەوەی مێژوودا تێپەڕاندووە و قۆناغەکانی پەرەپێدانی خۆی بڕیوە. بەڵام وەک ڕەگەزێکی سەربەخۆ تا ساڵانی نەوەدەکان تا ڕادەیەک چوارچێوە و سنووری کاری و پۆلێنەکانی ناڕوون بوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥دا سێ کەس لە چالاکانی ئەدەبی کە هۆگری مێژووی جێگرەوە بوون بە ناوەکانی سیلڤەر (Steven H. Silver)، لیپەر (Eve-lyn Leeper) و پسپۆڕێک بە ناوی شمونک (Robert B. Schmunk)، دامەزراوەیەکیان بە ناوی خەڵاتی سایدوایز (Sidewise Awards) دامەزراند. ئەم دەزگایە بە باوەڕی شنایدەر-مایرسون (Schneider-Mayerson) مێژووی جێگرەوە بە ڕەگەزێکی ئەدەبی پۆلێن دەکات. دەزگاکە هەر ساڵێک کتێبێک و چیرۆکێکی کورت بە مەرجێک لە چوارچێوەی مێژووی جێگرەوەدا کاری کردبێت؛ خەڵات دەکات و بەرهەمانێکی ئەو بوارەش دەناسێنێت. هەروەها هەر لەم بوارەدا ماڵپەڕی "www.uchronia.net"ی دامەزراندووە، کە یەکێکە لە گەورەترین ئەرشیڤەکانی بواری مێژووی جێگرەوە. جگە لەمەش، ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژینەوەی لەم بوارەدا لە گۆڤاری "تیۆرە و مێژوو" لە ساڵی ٢٠٠٢دا وەشاند، "ڕۆزنفیلد"یش بە توێژینەوەیەک بەرهەمانێکی لە بارەی مێژووی جێگرەوەوە باس کردووە.

ئەگەرچی نموونەی زۆر لەم جۆرە دیدگایە لە نووسینەوەی مێژوودا کەمن، بەڵام هەن. ئەم دیدگایە لە پۆلێنبەندیی بوارەکاندا بە کایەیەک دادەنرێت لەنێوان ئەدەب و مێژوودا و زۆر تەکنیک و میتۆدیان لە یەکەوە نزیکە و بگرە تێکەڵیشە.

ئەدەبی مێژووی بەدیلیش بریتییە لە پێکهاتەیەک کە لە ئاوێتەکردنی تایبەتی

خه‌یاڵی ئه‌ده‌بی، خه‌یاڵی زانستی و خه‌یاڵی مێژوویی چنراوه. مێژووی جێگره‌وه به‌وه پێناسه کراوه که نووسینه‌وه‌ی چیرۆک یان نووسینه‌وه‌ی ڕووداوه مێژووییه‌کانه به شێوازێکی جیاواز له‌وه‌ی که له‌ کەتواردا ڕوویان داوه، یان بریتییه له مێژووی ده‌رکپێکراو که له بازنه‌ی زانراو و به‌دیهیاته‌وه ده‌مانگوازێته‌وه بۆ بازنه‌ی نه‌زانراو و گریمانه‌کان، به‌مه‌ش ده‌رگا ده‌کاته‌وه بۆ هۆگرانی مێژوو به‌وه‌ی که خه‌یاڵی له ڕه‌وتی ڕووداوه‌کانی مێژوودا بجووڵێنن به جۆرێک په‌ی ببه‌ن به گێڕانه‌وه‌ی جیاواز له‌و گێڕانه‌وه باوانه‌ی له سه‌رده‌مه‌کانی پێشوودا ڕوویان داوه و گێڕدراونه‌ته‌وه، هاوتا له‌گه‌ڵ په‌یبردن به جۆرێک له چاره‌سازیی جددی و ئه‌قڵانی له نووسینه‌وه‌ی ئه‌م مێژووه جێگره‌وه (به‌دیله)دا.

بیرۆکه‌ی مێژووی جێگره‌وه پشت به گریمانه‌گه‌لێک ده‌به‌ستێت که له ڕووداوێکی دیاریکراوی ڕابردوودا ڕوویان نه‌داوه، یان ڕوویان داوه به شێوازێکی جیاوازتر، وه‌ک ئه‌وه‌ی گریمانه‌ی ڕوودانی جه‌نگێک ده‌که‌ین له ڕووداوێکی مێژووییدا که لایه‌نێکی دیاریکراو تێیدا سه‌ر بکه‌وێت و به‌م خه‌یاڵکردنه و گریمانه‌کردنه‌ی سه‌رکه‌وتنه، گێڕانه‌وه‌ی ڕووداوه‌که پێچه‌وانه‌وه ده‌بێته‌وه، هێزێک له واقیعدا شکستی خواردووه، به‌ڵام له مێژووی جێگره‌وه‌دا به سه‌رکه‌وتوو له‌قه‌ڵه‌م ده‌درێت و لێکه‌وته‌کانی ئه‌م سه‌رکه‌وتنه‌ش له داهاتووی ئه‌و ڕووداوه‌دا ڕوون ده‌کرێته‌وه و ده‌گێڕدرێته‌وه.

مێژووی جێگره‌وه هه‌وڵێکه بۆ په‌ره‌پێدانی هۆشیاریی مێژوویی به شێوه‌یه‌کی داهێنه‌رانه، ئه‌مه‌ش نه‌ک له ڕوانگه‌ی زانیارییه مێژووییه‌کانه‌وه یان وه‌ستان له‌سه‌ر هه‌قیقه‌ته مێژووییه‌کان به‌ته‌نها، به‌ڵکوو له ڕوانگه‌ی توانا و ده‌ستشکان به‌سه‌ر ئاینده و ئاسۆی ڕووداوه‌کانه‌وه، چونکه ئه‌گه‌ر ڕووداوگه‌لێکی کتوپڕ له داهاتوودا ڕوو بده‌ن و پێشبینییان بۆ بکه‌ین، ئه‌وا توانایه‌کی زیاترمان له‌سه‌ر ئاڕاسته‌کردنی ڕه‌وتی ڕووداوه دیاریکراوه‌کان ده‌داتێ، هه‌روه‌ک ئه‌وه‌ی چۆنێتی مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ جه‌نگی سێیه‌می جیهانیدا گریمانه بکرێت. بۆ نموونه؛ نووسه‌ران ده‌توانن پێشبینیی ئه‌وه بکه‌ن له‌و جه‌نگه نوێیه‌دا گه‌ر ڕووسیا بچێته نێو ئۆکرانیاوه، یان پێشبینیی ئه‌وه‌ش بکرێت که ڕه‌نگه سیبریا له ئه‌وسه‌ری ڕۆژهه‌ڵاتی ڕووسیاوه جیا ببێته‌وه، ئه‌مه‌ش کارێکه که بیرمه‌ند و ستراتیژیسته‌کان پێشبینیی ده‌که‌ن، وه‌ک ئه‌و نووسینه‌ی جۆرج فریدمان له باره‌ی ئاماژه‌کانی ده‌یه‌ی ئاینده‌وه نووسیی و له کۆمپانیای ستراتفۆر بڵاوی کرده‌وه.

هه‌نووکه له هه‌ندێک له ناوه‌نده ئه‌کادیمییه‌کاندا، چیتر مێژووی جێگره‌وه ته‌نها خه‌یاڵێکی زانستی نییه، به‌ڵکوو بوارێکی لێکۆڵینه‌وه زانستییه‌کانه و سه‌ربه‌خۆییه‌کیشی وه‌رگرتووه، به‌رهه‌می ئه‌م جۆره لێکۆڵینه‌وانه‌ش ته‌نها له لێکۆڵینه‌وه مێژووییه‌کاندا نابینرێت، به‌ڵکوو په‌لی بۆ دنیای زانستی فه‌له‌کناسی، فیزیا، ئه‌ده‌ب، سینه‌ما و هونه‌ر و... هتد کێشاوه. به‌شێکی کاره ته‌رخانکراوه‌کان بۆ جه‌نگی ئه‌ستێره‌کان له سینه‌مادا و دۆزینه‌وه زانستییه‌کان له ده‌زگا فه‌له‌کناسییه‌کان و لاپه‌ڕه ئه‌لیکترۆنی و سایته‌کان نموونه‌ی ئه‌و

کایانەن کە پشتیان بە مێژووی جێگرەوە بەستووە، ئەم بوارانەی ئاماژەیان بۆ کرا، پشت بەو گریمانانە دەبەستن و ئەو ڕووداوانە دەگێڕنەوە کە ڕوویان نەداوە و لەسەر ئەوە ڕووداوەکان دەچننەوە کە چی دەبوو ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەی ئێستا لە دنیادا هەیە؛ ڕووی دابایە؟ ئەمەش بۆ ئەوەیە مرۆڤ وێنای ئەو جیهانە بکات و ئەو دەرئەنجامە مەزنانە ببینێت کە ڕەنگ بوو لە میانەی ململانێ و جەنگ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕووی دابووایە.

بەشێکی زۆری توێژینەوە ئایندەییەکان پشت بەو مێژووە جێگرەوە دەبەستن، چ بە نووسینەوە یاخود لانی کەم بە ئامادەیی ئەو بەدیلە مێژووییانە لە زەینیاندا کە ئەم بوارە دەیانداتێ بۆ ئەوەی جیهانی ئایندەیی لەسەر بینا بکەن. لەسەر ئەم بنەمایە؛ نەخشەی جیهان، جۆری سیستمەکان، شیرازە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکان و... هتد جۆرێکی دی وێنا دەکەنەوە، یاخود بۆ چارەسەری پەشێوییەکی هەرێمایەتی وێنای ئایندەیەک دەکەن و تێیدا کارەکتەرە هەرێمییەکان پێچەوانە دەکەنەوە یان جێگرەوەیان بۆ دادەنێن و گریمانە دەکەن بەوەی ئەگەر ئەو نێوچەیە بەم شێوەیە بەڕێوە ببرێت؛ باشتر دەبێت و ئارام دەبێتەوە.

جیاکەرەوەیەک کە مێژووی جێگرەوە سوودی لێ وەردەگرێت، بریتییە لە نەخشەکان کە ڕێگائاسانکەرن بۆ وێناکردنی ئەو جیهانە جیاوازەی بیری لێ دەکرێتەوە و ئاسانتر دەمانگەیەنن بە جیهانی گریمانەکراو، بە جۆرێک لەگەڵ کرۆکی ئەو گریمانە و گێڕانەوە جێگرەوەدا بگونجێت کە کاری لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە؛ سنوورە سیاسییەکان و نەخشەی سیاسیی وڵاتان جۆرێکی دیکە وێنا دەکەنەوە و دەستکاری سنوورەکان دەکرێت و بچووک و فراوان دەکرێن و گریمانەیەکی سیاسی یان ئەمنی یاخود کۆمەڵایەتیی پێ دادەڕێژن. نموونەیەکی دیکە ئەو نەخشە سیاسییانەن کە پەیتاپەیتا لە کتێب و سایتەکاندا دادەبەزێنرێن و تێیدا سنووری وڵاتان دەستکاری کراون و وڵاتان پارچەپارچە دەکرێن و وڵاتی نوێش گریمانە دەکرێت بۆ نەخشەڕێی ئاینده، هەروەک زۆر جار نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێک دەدرێتەوە و بۆ نموونە کوردستان و فەڵەستین و هەرێمی سوننەی عێراق وەک دەوڵەتێک نیشان دراون و عێراق و ئێران و تورکیاش تێیدا بچووک کراونەتەوە یاخود هەڵوەشێنراونەتەوە.

یاخود بۆ نموونە یەکێک لە هۆگرانی مێژوو، گریمانەی ئاگربەستێکی لە ساڵی ١٩٤١دا لەنێوان بەریتانیا و ئەڵمانیای نازیدا کردووە و جیهانی پاش ئەو ئاگربەستەی ڕێک پێچەوانە کردووەتەوە جیاواز لەوەی کە ئێستا دەیبینین، لەو مێژووە بەدیلەدا ئەڵمانیا بەسەر یەکێتیی سۆڤێتدا سەر دەکەوێت.

### سەرچاوەکان

- مرتضی نورائی و زهره رضایی (1399)، تاریخ جایگزین و کارکرد آن در همگاني سازي تاريخ، مجله تاریخ نگری و تاریخ نگاری.
- سليمان محمد الخطيبى الكعبى (2018)، موسوعة استشراف المستقبل، القنديل للطباعة و النشر، دبى.
- شبكه النبا المعلوماتيه (2020)، "التاريخ البديل"، https://annabaa.org/arabic/historic/25193.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















English
کوردی
العربية


گۆڤاری
ئێرانناسی
کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی،
گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center for Future Studies
ڕاڤانی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان



گۆڤاری
ئێرانناسی


گۆڤاری
ئێرانناسی
مافی نەتەوەیی کورد
لە سیستمی سیاسیی ئێراندا


Center for Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطن
الفرص و المعوقات
نیسان 2020


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة محكمة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاڤانی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناناوەندێتی، چارەنووسی دیلەکانی داعش



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گروپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
www.centerfs.org


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة محكمة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019






ئایندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠

ئایندەناسی

ئایندەناسی
پۆست کۆرۆنا

ئایندەناسی

ئایندەناسی
کورد و هاوسێکانی لە سەردەمی بایدندا

ئایندەناسی
پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا

ئایندەناسی
لە پۆلەکانەوە تا پشت لاپتۆپەکان

ئایندەناسی

ئایندەناسی

ئایندەناسی

ئایندەناسی

CFS

Center for Future Studies

**گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات**

**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات**



# ئایندەناسی

**ژمارە (١٤) ساڵی سێیەم، ئەیلولی ٢٠٢٢**

SCAN ME